حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان – بەشی کوردی

# بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردیدا
# بە نموونەی شاعیران"ئەسیری و ئەحمەد موختار جاف"

## نامەیەکە


## سەردار فایەق مەجید


پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی
بە دەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

## سەرپەرشت

## پ.د. فازیل مەجید مەحمود

(٢٧١٩)ی کوردی (٢٠١٩)ی زایینی

ئەم نامەیە بەسەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو: پ.د. فازیل مەجید مەحمود
سەرپەرشت
ڕۆژ : / / ٢٠١٩

بەپێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.ی.د. کاروان عومەر قادر
سەرۆکی بەشی زمانی کوردی
ڕۆژ: / / ٢٠١٩

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا بەپلەی (                              ) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.**

**ناو: پ.ی.د. طاهر محمد علی**
**ئەندام**
**ڕۆژ:   /   / ٢٠١٩**

**ناو: پ. د. محمد دلێر ئەمین محمد**
**سەرۆکی لیژنە**
**ڕۆژ:   /   / ٢٠١٩**

**ناو: پ.ی.د.عدنان عبدالرحمن طه**
**ئەندام**
**ڕۆژ:   /   / ٢٠١٩**

**ناو: پ.ی.د.هەژار ئەحمەد عەبدولغەفور**
**ئەندام**
**ڕۆژ:   /   / ٢٠١٩**

**ناو: پ.ی.د. سامان جلال عزیز**
**ئەندام**
**ڕۆژ:   /   / ٢٠١٩**

**ناو: پ.د. فازیل مەجید مەحمود**
**ئەندام و سەرپەرشت**
**ڕۆژ:   /   / ٢٠١٩**

**لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەند کرا.**

**ناو: پ.د. عبدالقادر حمەأمین محمد**
**ڕاگری کۆلێژی زمان**
**ڕۆژ:   /   / ٢٠١٩**

# پێشکەشە بە:

- باوک و دایکی میهرەبانم، کەمنیان بەم ڕۆژە گەیاند
- هاوسەری ژیانم
- جگەرگۆشەکانم ( ئەحمەد، کانی، ئانیا )
- خوشک و براکانم
- دۆست و هاوڕێ خۆشەویستەکانم

# سوپاس و پێزانین:

- سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ مامۆستای گەورەو بەڕێزم (پ. د. فازیل مەجید مەحمود)، کە بە دڵسۆزی و لێبوردەییەوە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ و بە بیر و سەرنج و تێبینییە زانستییەکانی ڕێنمایی کردووم و بەردەوام هاوکارم بووە.
- سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ مامۆستایانی بەڕێز و ئازیزم (پ.د. عبدالقادر حمه امین)،(پ.د. دڵشاد عەلی محمد)، (پ.د. محمد دلێر ئەمین محمد)، (پ.د. محمد احمد سعید)، (پ.ی.د. طاهر محمد علی)، کە بەپێدانی زانیاری و لە دابینکردنی سەرچاوە هاوکارییان کردووم.
- سوپاس و پێزانینم بۆ مامۆستایانی بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی.
- سوپاس و پێزانینم بۆ هەردوو برای ئازیز و دڵسۆزم (م.سالار فایەق مەجید)، (پ.ی.د. دیار فایەق مەجید)، کە بە وەرگێڕان و دابینکردنی سەرچاوە و سەرنجەکانیان هاوکارییان کردووم.
- سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەو هاوڕێ و مامۆستا بەڕێزانەی کە لەم نامەیەدا هاوکاریان کردووم.
- سوپاس و پێزانینم بۆ فەرمانبەرانی (کتێبخانەی کۆلێژی زمان)، کە هەموو کات دەرگایان والابوو بۆ پێدانی سەرچاوە.
- سوپاس و پێزانینم بۆ کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سلێمانی، کە هەمیشە هاوکارییان کردووم.

# ناوەڕۆک


| بابەت | |
| --- | --- |
| پێشەکی | ١-٣ |
| بەشی یەکەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری | ٤-٦٦ |
| پاری یەکەم: زاراوە و چەمک و پێناسەی ڕووناکبیری | ٤-٢٢ |
| پاری دووەم: مێژوو و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری | ٢٢-٤١ |
| پاری سێیەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکیدا | ٤٢-٦٦ |
| یەکەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی عەرەبیدا | ٤٢-٥٠ |
| دووەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی فارسیدا | ٥٠-٦٠ |
| سێیەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی تورکیدا | ٦٠-٦٦ |
| بەشی دووەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردیدا | ٦٧-١٦٢ |
| پاری یەکەم: کاریگەری بزوتنەوەکانی ڕووناکبیری تورک و فارس و عەرەب لەسەر ئەدەبی کوردی | ٦٨-٨٢ |
| پاری دووەم: خەسڵەتەکانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردیدا | ٨٣-٩٥ |
| پاری سێیەم: قۆناغەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردیدا | ٩٦-١٦٢ |
| دەروازەیەکی تیۆری | ٩٦-٩٩ |
| یەکەم: هەوڵە ڕووناکبیریەکانی سەدەی حەڤدەهەم | ٩٩-١٠٤ |

| | |
|---|---|
| دووەم: هەوڵە ڕووناکبیرییەکانی سەدەی نۆزدەیەم | ١٠٥-١١٧ |
| سێیەم: هەوڵە ڕووناکبیرییەکانی سەدەی بیستەم | ١١٨-١٦٢ |
| بەشی سێیەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردیدا بە نموونەی شاعیران (ئەسیری و ئەحمەد موختار جاف) | ١٦٣-٢١٩ |
| دەروازە | ١٦٤ |
| پاری یەکەم: کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمی ئەسیری | ١٦٥-١٦٨ |
| پاری دووەم: ڕۆڵی شیعری ئەسیری لە بزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردیدا | ١٦٩-١٩٣ |
| پاری سێیەم: کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمی ئەحمەد موختار جاف | ١٩٣-١٩٦ |
| پاری چوارەم: ڕۆڵی شیعری ئەحمەد موختار جاف لە بزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردیدا | ١٩٧-٢١٩ |
| ئەنجام | ٢٢٢٠-٢٢٢ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٢٣-٢٣٦ |
| کورتەی باسەکە بە زمانی عەرەبی | ٢٣٧-٢٣٨ |
| کورتەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی | ٢٣٩-٢٤٠ |

## پێشەکی

ڕووناکبیری بزوتنەوەیەکی فیکری هەمەلایەن بوو، شۆڕشێکی کلتوری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی و ڕووناکبیری بوو، کە سەرچاوەکەی زانست و پێشکەوتن و ئازادی بووە. ئەم بزوتنەوەیە لە هەوڵی بەردەوامدا بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا، کە پشت ئەستوور بووە بە عەقڵ و عەقڵانیەتەوە. دەستنیشان کردن و ناسینەوەی ئەم بزوتنەوەیە لە مێژووی نەتەوەکەماندا کارێکی دژوار و ئاڵۆزە، بەڵام ئەوەی یارمەتیدەرە بۆ دەستنیشان کردنی مێژووی ئەم بزووتنەوەیە، (دەقە شیعری) یەکانن، کە بە هەوڵ و ماندووبوونی شاعیرانی ڕووناکبیری کورد بەرهەم هاتووە. ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەیە کە ئەو کەرەستە و لێکەوتانەی کە ئێستا لە بەردەستی لێکۆڵەر و نووسەراندایە بۆ دەستنیشانکردنی مێژووی بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە کۆمەڵگای کورددیدا بەزۆری شیعر و دەقە شیعرییەکانن، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان بە دەقە شیعریەکان بەستووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئێمە بەشێکی زۆر لە شیعری شاعیران وەربگرین و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، بەڵکو مەبەستمانە تەنها دەقە دیار و بەرجەستەکان بەکارببەین، کە خەسڵەت و تایبەتمەندی بزوتنەوەی ڕووناکبیری قۆناغە جیاوازەکانی نەتەوەکەمان دەخەردەخەن.

### هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ئەگەرچی لەنێو لێکۆڵینەوە ئەدەبی و فیکری و ڕەخنەییەکانی کورددیدا تاڕادەیەک ئاوڕ لەم بابەتە دراوەتەوەو لێکۆڵینەوە لەبارەی بزوتنەوەی ڕووناکبیریەوە ئەنجامدراوە، بەڵام چەندین لایەن و کەلێنی دیکەی ماوەو پێویستیان بەلێکۆڵینەوەو ناساندن هەیە، بەتایبەت لایەنی کاریگەری بزوتنەوەی ڕووناکبیری عەرەبی و فارسی و تورکی، زیاتر لەسەر شاعیران و ڕووناکبیرانی کورد، ئەمە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زانستی هەیە، هەوڵمانداوە ئەم کارە بگرینە ئەستۆ، گومانی تێدانیە هەر لێکۆڵینەوە و باسێک پێویستی بە سنوورێک هەیە، تا دووربێت لەهەڵەی زانستی و دوورنەکەوێتەوە لە ئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەمان، بۆیە (بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کورددیدا

بە نموونەی شاعیران "ئەسیری و ئەحمەد موختار جاف" بوو بە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان.

## گیروگرفتەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە

لە نووسینی هەر بابەتێکی لەم چەشنە، لە دوو ئاستەدا دووچاری گیروگرفت دەبین. لە ئاستی یەکەمدا ڕوون نەبوونی قۆناغەکانی مێژووی دەستپێکردنی بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەوروپاو ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ئاستی دووەمدا ئاڵۆزی قۆناغەکانی دەستپێکی هەوڵە ڕووناکبیریەکان لە شیعری کوردیدا، لەگەڵ ئەوشدا مەودایەکی فراوان لە ناوەڕۆکی پەیامی ڕووناکبیری ئەوروپی و کوردیدا هەبووە، ئەمە وایکرد نەتوانین بە ئاسانی خەسڵەت و ئەدگارەکانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردی دەستنیشان بکەین.

## میتۆدی لێکۆڵینەوەکە

میتۆدی وەسفی شیکاریمان پەیڕەو کردووە. بۆ خستنەڕووی لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکە سوودمان لە میتۆدی وەسفی وەرگرتووە و لەپێناو کارکردن لەسەر دەقی شیعرەکانیش بۆ میتۆدی شیکاری گەڕاوینەتەوە، بۆ ئەوەی لایەنە تیۆرییەکەی لەناو دەقەکاندا پراکتیزە بکەین.

## سنووری لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەپێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا کە لەژێر ناونیشانی بزوتنەوەی ڕووناکبیریدایە، بەسەر سێ پاردا دابەشکراوە، لەپاری یەکەمدا زاراوە و چەمک و پێناسەی بزوتنەوەی ڕووناکبیری ڕوونکراوەتەوە، لەپاری دووەمدا مێژوو و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری ئەوروپیمان دەستنیشان کردووە، لە پاری سێیەمدا سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکیدا ڕوونکراوەتەوە.

لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەدا، کە بریتییە لە (بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردیدا)، ئەم بەشەش دابەشکراوە بەسەر سێ پاردا، لەگەڵ دەروازەیەک. لە پاری یەکەمدا کاریگەری بزوتنەوە ڕووناکبیریەکانی تورک و فارس و عەرەب خراوەتەبەر تیشکی لێکۆڵینەوە، لەپاری دووەمدا خەسڵەتی ڕووناکبیری لە شیعری کوردیدا دەستنیشان کراوە. لەپاری سێیەمدا هەوڵە ڕووناکبیریەکانی سەدەی حەڤدەهەم و نۆزدەهەم و بیستەم خراوەتەڕوو.

بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکە کە لەژێر ناویشانی (بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردیدا بە نموونەی شاعیران (ئەسیری و ئەحمەد موختار جاف) دایە، لە دەروازەیەک و چوار پار پێکهاتووە، لەپاری یەکەمدا ژیان و بەرهەمی ئەسیری خراوەتە بەرباس و خواست، لەپاری دووەمدا ڕۆڵی شیعری ئەسیری لە بزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردیدا ڕوونکراوەتەوە، لەپاری سێیەمدا باسمان لە ژیان و بەرهەمی ئەحمەد موختار جاف کردووە، لەپاری چوارەمدا ڕۆڵی شیعری ئەحمەد موختارمان لە بزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردیدا دەستنیشان کردووە، لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا گەیشتوین بەچەند دەرئەنجامێک بەکورتی و پوختی خستوومانەتەڕوو.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودمان لەچەندین سەرچاوەی کۆن و نوێ وەرگرتووە، لە کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و سەرچاوەی ئەلکترۆنی و گۆڤار و نامەی زانکۆیی و دیوانی شاعیران. لەکۆتای لێکۆڵینەوەکەدا بەشێوەیەکی زانستی ڕیزمانکردوون.

گومانی تێدانیە کە هیچ لێکۆڵینەوەو نووسینێک بێکەم و کورتی نییە، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمەش بەدەر نیە لە کەموکورتی، هیوادارین بەم لێکۆڵینەوەیە زانیارییەکی نوێمان خستبێتە سەر فەرهەنگی ئەدەبی و رەخنەی کوردیمان.

## بەشی یەکەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری

پاری یەکەم: زاراوە و چەمک و پێناسەی بزوتنەوەی ڕووناکبیری

پاری دووەم: مێژوو و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری ئەوروپی

پاری سێیەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکیدا:

یەکەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی عەرەبیدا

دووەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی فارسیدا

سێیەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی تورکیدا

## پاری یەکەم : زاراوە و چەمک و پێناسەی بزوتنەوەی ڕووناکبیری

بزوتنەوەی ڕووناکبیری وەک جولانەوەیەکی فیکری و ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی و ڕەخنەیی و سیاسی و فەلسەفی توانی ئاسۆیەکی نوێ لەجیهانی بیرکردنەوە و مەعریفەدا، لەسەر بنەمای بڕوابوون بەعەقڵ و بەهاکانی زانست و ئازادی و پێشکەوتن بهێنێتەکایەوە، لە پێناو بەدیهێنانی یەکسانی و مافەکانی تاک و مافی مرۆڤ لە دژی خورافات و بیری دواکەوتوو و ستەم و چەوساندنەوە.

### یەکەم: زاراوەی ڕووناکبیری:

ڕووناکبیری وەکو زاراوە لە زمانی عەرەبیدا التنویر ((لەڕووی واتای زمانەوانییەوە لای (ابن منظور) هاتووە: بریتییە لە کازیوەی بەرەبەیان و پرشنگدانەوە))[1]، واتا ئەو دەمەی خۆر لە هەڵهاتندا دەبێت، هەروەها بەواتای ((ڕووناکردنەوە و درەوشانەوە))[2] دێت.

ڕووناکبیری وەکو زاراوەیەک بەکاردەهێنرێت بۆ واتایەکی دیاریکراو، بەجۆرێک لەنێو کۆمەڵگادا واتاکەی ڕوون و ئاشکرایە، بەواتایەکی تر ((زاراوەی ڕووناکبیری تێڕوانینی جیاواز هەڵناگرێت، بەڵکو واتایەکی دیاریکراوی هەیە، کە ئەتوانرێت لەدوو تێڕوانینی سەرەکیدا کۆبکرێتەوە، ئەوانیش: تێڕوانینی ئایینی، کەمەبەست لێی (ڕووناکی خودا)یە. هەروەها تێڕوانینێکی فەلسەفی کە مەبەست لێی (ڕووناکی عەقڵ)ە))[3]. واتای ئەم زاراوەیە لەزمانی لاتینیدا بەرامبەر ((بەڕووناکیی باوەڕ "ئیمان")[4] بەکارهێنراوە.

زاراوەی ڕووناکبیری لە زمانە ئەوروپییەکاندا دەستەواژەی جیاوازی بۆ بەکارهێنراوە، لەوانە((لە زمانی فەرەنسیدا (Lumiere)، لە ئینگلیزیدا (Enlightenment)، و

---

[1]- عبدالعزيز بن التويجري ، مفهوم التنوير في التصور الاسلامي، منشورات المنظمة الاسلامية للتربية والعلوم والثقافة- في ايسيسكو، الرباط – المملكة المغربية، ط٢، ٢٠١٥م ، ص١١.

[2]- المعجم الوسيط ، مجمع اللغة العربية ، القاهره –مصر ،مكتبة الشروق الدولية ،ط٤، ٢٠٠٤م، ص٩٦٢ .

[3]- الزواوي بغوره ، ما بعد الحداثة والتنوير ،موقف الانطولوجيا التأريخية –دراسة نقدية- ، دار الطبعة للطباعة والنشر ، بيروت ، ط١، ٢٠٠٩،ص٧١-٧٢.

[4]- بول هازار، الفكر الاوروبي في القرن الثامن عشر، من مونتيسكو الى ليسنج ، ترجمة: محمد غلاب ، مراجعة :ابراهيم مدكور، دار الحداثة ،بيروت – لبنان ،ط٢، ١٩٨٥،ص٤٣.

**لە ئیتاڵیدا (ILLumismo)،و لە ئەڵمانیدا (Aufklarung)، و لە ئیسپانیدا (ILustracion)، بۆ بەکارهاتووە))[1]. لە زمانی عەرەبیشدا هەردوو زاراوەی (الاستنارة و التنویر)ی بۆ بەکارهاتووە، لەلای فارسیش زاراوەی (ڕۆشنگەری) و لە زمانی کوردیشدا هەردوو زاراوەی (ڕووناکبیری و ڕوشنگەری) بۆ بەکاردەهێنرێت، بەڵام زاراوەی ڕۆشنگەری زیاتر لە زمانی فارسییەوە نزیکترە وەک لە زمانی کوردی، چونکە ڕاستە وشەی (ڕۆشن) لەهەندێ بەشە دیالێکتی زمانی کوردیدا بەرامبەر بە واتای (ڕووناک) بەکاردێت، بەڵام لەڕاستیدا وشەی (ڕووناک) پەسەند و گونجاوترە، هەروەها تاڕادەیەکی فراوان لەبواری نووسینی ئەکادیمیدا ڕووناکبیری بووە بە زاراوەیەکی جێگیر و لەنێو نووسەراندا پشتی پێدەبەسترێت.**

**زاراوەی ڕووناکبیری ئاماژە بۆ جۆرێک لەبیرکردنەوە و تێڕامان دەکات، ((کە پشت بەستووە بە عەقڵ و عەقڵانییەت، یان بڵێین ڕۆشنایی خۆی لەعەقڵەوە وەردەگرێت. لەسەر چەند بەهایەک ڕادەوەستێت، وەک ئازادی و دادپەروەری لە بری خورافات و زوڵم و ستەمگەری))[2].**

**زاراوەکە لە کتێبە ئاینییەکاندا، کۆمەڵێک ئاماژەی بۆ کراوە، هەروەک لە کتێبی گەشتی درووستبوون (سفر التكوین)دا هاتووە: (({ثم وجد الله ان النور حسن، وفصل بین النور والظلمات}. واتا پەروەردگار ڕووناکی بە جوانی دروستکردووە و جیای کردۆتەوە لە تاریکی، خودای مەزن خۆی خوڵقێنەری ڕووناکییە، بۆیە پیرۆزترین سیفەتەکانی خۆی لە ڕووناکیدا بینیوەتەوە. هەر لەبەرئەوەیە خودای مەزن لە تەوراتدا خۆی بە (ڕووناکی هەتا هەتایی ئەبەدی) ناو دەبات))[3]، واتا بریتییە لە نور و ڕووناکییەک کە هەمیشەییە و بێکۆتاییە. دواتریش، کە ئینجیل هات هەمان وێنەی دووبارەکردەوە.**

---

[1]- بیار-ایف بوروبیر، أوروبا التنویر، ترجمة :د.محمد علي قلد،ط١،دارالكتب / بنغازي-لیبیا، ٢٠٠٦،ص١٩.

[2]- کۆمەڵێک نوسەر، ڕۆشنگەری سەردەمی ئەقڵانیەت، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠١٧، ل٥.

[3] - هاشم صالح ، مدخل الی التنویر الاوروبي ، دار الطلیعة للطباعة والنشر ،بیروت- لبنان ،ط١، ٢٠٠٥م، ص١٣٩.

**کاتێک "مەسیح" دەربارەی خۆی دەڵێت: ((من ڕووناکی جیهانم ئەوەی شوێنم بکەوێت، هەرگیز بەڕێگە تاریکییەکانی ژیاندا ناڕوات، بەڵکو ڕووناکی ژیانی دەست دەکەوێت))[١].**

**لە قورئانی پیرۆزدا، سورەتێک بەناوی (النور)ەوە هاتووە، هەروەک چۆن لە چەندین ئایەتی پیرۆزیشدا ئاماژە بۆ ئەم زاراوەیە کراوە، وەکو: (({الله نور السموات والارض}، واتا: خودا ڕووناکی زەوی و ئاسمانەکانە، هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا ئاماژەی بۆ کراوە {قد جاءكم من الله نور وكتاب مبين} واتا: لەلایەن خوداوە ڕووناکی و قورئانێکی ڕوون و ئاشکراتان بۆ هاتووە. لە ئایەتێکی دیکەدا خوای گەورە دەفەرموێت: {وأشرقت الارض بنور ربها} واتا: بە ڕووناکی خودا زەوی ڕووناک بووەوە))[٢].**

**هەروەک ئاشکرایە لە قورئانی پیرۆزدا وشەی ڕووناکی مەبەست لێی بەرچاو ڕوونی و نیشاندانی ڕێڕەوی ڕێگای ژیانی مرۆڤە، بۆئەوەی لە تاریکییەکانی نەزانین ڕزگاری بکات، چونکە ڕووناکی دەبێتە هۆی بەخشینی ((زانیاری و دەرخستنی ڕاستی و ئەو بەڵگانەی کە گومان دەڕەوێننەوە و دڵنیایی لە ئیمان بە دوای خۆیاندا دەهێنن و ڕاڕایی و دوو دڵی و بیروباوەڕی نادرووست ناهێڵێت))[٣]، ڕووناکبیریش بە ئاگاهاتنەوەیە لەبێ توانایی و تێنەگەیشتن.**

**پەیوەندی نێوان مەعریفە و ڕووناکی، پەیوەندیەکی کۆنە ((دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەفلاتۆن، کە مەعریفەو ڕووناکی پەیوەست بوون بەیەکەوە، ئەفلاتۆن ئەم پەیوەندییە بەهۆی "ئەفسانەی ئەشکەوت"ەوە ڕوونکردووەتەوە. ئاینی مەسیحی ڕووناکی و خودای پێکەوە گرێداوە، لە ئایینی ئیسلامیشدا هەر بەهەمان شێوە هاتووە))[٤]، بەوەی خودا سەرچاوەی ڕووناکی و مەعریفە و زانستەکانە.**

---

**١- ئینجیل، مەتی، بەشی هەشتەیەم، ئایەتی چل و سێ .**

**٢- قورئانی پیرۆز، (سورەتی نور ئایەتی سی وپێنج )، (سورەتی مائدە ئایەتی پانزە )، (سورەتی الزمر ئایەتی شەست و نۆ).**

**٣- معجم الفاظ القران الكريم، ج٦، معجم اللغة العربية ،القاهرة، الهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية، ١٩٩٦م، ص١٧٢.**

**٤- الزواوي بغوره، ما بعد الحداثة والتنوير،ص٧٢.**

له سەردەمی نوێدا ((فەیلەسووفەکان باسیان لە ڕووناکی سروشت کردووە و گرێیانداوە بە ڕووناکی عەقڵەوە، هەروەکو "دیکارت" ڕوونیکردۆتەوە و دواتریش شوێنکەوتوانی دیکارتیش بە گشتی پەیڕەویان کردووە))[1].

هاشم صالح لە کتێبی (مدخل الی التنویر الاوروبی)دا "دیکارت"، ((بەیەکەم کەس دادەنێت، کە زاراوەی ڕووناکبیری بەواتا نوێیەکەی و جیاواز لەمانا ئایینیەکەی بەکارهێنابێت، بۆ نموونە ئەو باس لەڕووناکی سروشتیی دەکات، کە مەبەستی لێی هەموو ئەو ڕاستیانەن کەمرۆڤ تەنها لەڕێی بەکارهێنانی عەقڵەوە پێیان دەگات، بەڵام دیکارت ئەم زاراوەیە وەکو چەکێک دژ بە ئایین، یان پیاوانی ئایینی بەکار ناهێنێت، هەروەک چۆن دواتر ڤۆڵتێر و دیدرۆ دەیکەن))[2]. زاراوەی ڕووناکی لە ڕوانگەی ڕووناکییەوە ((جێگای بیر و زانین و زیرەکی گرتەوە و بەشێوەیەکی باو لەناو خەڵکیدا بڵاوبووەوە ، بۆ ئەوەی جەخت لەسەر بڕوابوون و شانازیکردن بە پێشکەوتنی مرۆڤ لە سەرجەم ئاستەکاندا دووپات بکاتەوە، دواتریش بوو بە نیشانەی هەڵوێستێکی بیری و ڕەوشتخوازی هۆشیارانە و پەیوەست بوونێکی سیاسی و مێژوویی کاریگەر لە سەردەمێکدا، کە دەوڵەمەندە بە هەموو جۆرە تواناکان))[3].

پێویستە هەموو ئایدیا و بیر و باوەڕێک ((ملکەچ بێت بۆ پشکنینی عەقڵ و بەشێوەیەکی لۆژیکی تاوتوێ بکرێت بەرلەوەی پەسەندی بکەین یان ڕەتی بکەینەوە))[4]، دەکرێت سەرەتای دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە بگەڕێنینەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم، کە بە شێوەیەکی سەرەکی ((لەژێر کاریگەری فەیلەسووفەکانی سەدەی

---

[1]- الزواوي بغوره ، ما بعد الحداثة والتنوير، ص٧٢.

[2]- هاشم صالح، مدخل الی التنویر الاوروبي،ص١٣٩.

[3]- الزواوي بغوره، ما بعد الحداثة والتنوير، ص٧٢.

[4]- هاشم ساڵح، فیکری ڕۆژئاوا، و: شوان ئەحمەد،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی –کوردستان، ساڵی ٢٠٠٦،ل ٦٣-٦٤.

حەڤدەهەمدا وەک دیکارت و جۆن لۆک و نیوتن و ...هتد و ئەو پێشکەوتن و داهێنانە جۆراو جۆرانەی ئەو سەدەیەدا بوو))[1].

زۆربەی فەیلەسووفە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە وەک(("مۆنتسکیو، ڕۆسۆ، ڤۆلتێر، دیدرۆ، کانت، ... هتد"، باسیان لە پەیوەندی نێوان ڕووناکی سروشتی و ڕووناکی عەقڵ کردووە، لەو سەردەمەدا ڕووناکبیری زیاتر لە جاران درەوشایەوە، بە جۆرێک فەلسەفە هزرییەکانی ڕووناککردەوە، ڕووناکی بە هاوتای پێشکەوتن ئاماژەی پێدەکرا، وەک "تۆرگۆ" باسی لێکردووە، کە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لەسەر ڕێڕەوێکی ڕاست دەڕوات))[2].

ئەرکی سەرەکی ڕووناکبیری تەنها بۆ ناسینی سروشتی مرۆڤ نەبوو ،بەڵکو بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا بوو، لەپێناو گۆڕینی ڕەفتاری مرۆڤ لەسەر بنەمای عەقڵانیەت و مادییەتدا، بەجۆرێک پێشکەوتن و گۆڕانکارییە زانستی و ئەقڵانیەتەکانی سەدەی حەڤدەهەم وایکرد مرۆڤ پشت بەهێزی عەقڵی و ئەزموونی خۆی ببەستێت و باوەڕ بەهێز و توانای خۆی بهێنێت، واتا لەسەردەمی نوێدا ڕووناکبیری ((بەمانای قوتاربوون لە دنیابینی کۆن دێت، ئەو دنیا بینیەی لەسەر تەفسیر کردنی گەردوون بە شێوەیەکی ئایینی و غەیبانی دامەزرا بوو. پاشان دنیابینی زانستی و فەلسەفی شوێنیان گرتەوە))[3].

سەردەمی ڕووناکبیریی بەهۆی ((پێشکەوتن و گۆڕانکارییە زانستی و ئەقڵانییەکانی سەدەی هەژدەیەم "وەکو دۆزینەوەکانی نیوتن "و برەوسەندنی ئەقڵانیەت و ئەزموون وایانکرد، کە مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی پشت بە یاسا و ڕێسا گشتییەکانی سروشت ببەستێت و پرسە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان مۆرکی زانستی و عەقڵانییەتیان لە خۆگرت و بۆچوون و تێڕوانینی هۆشەکی دەربارەی جیهان و پێشکەوتن

---

[1]- حسینعلی نوزری، صور تبندی مدرنیته و پست مدرنیته، بسترهای تکوین تاریخی و زمینههای تکامل اجتماعی تهران ، انتشارات نقش جهان،تهران سال ۱۳۷۹،ص١٥٦.

[2]- جون کوتنغهام، العقلانية: فلسفه متجددة، بترجمة: محمود منقذ الهاشمي، مركز الانماء الحضاري، حلب، ۱۹۹۷، ص٦٧.

[3]- هاشم سالح، فەلسەفە.ڕۆشنگەری.فێندەمێنتالیزم، و: شوان ئەحمەد،دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ،چاپی دووەم، ۲۰۰۷،ل ۱۳۰.

و کەماڵی مرۆڤایەتی هاتە کایەوە))[1]،ئەم دیدە نوێیە بووە هۆی دەرکەوتن و دروستبوونی چەندین دیدگای فیکری و فەلسەفی نوێ.

## دووەم: چەمکی ڕووناکبیری

سەردەمی ڕووناکبیری لەسەر چەمکی پێشکەوتن بونیادنراوە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو سەردەمەی ڕۆژئاوا کە جوڵانەوەی هزری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی تێیدا گەشەی کردووە، ((لەژێر کاریگەری دەستەیەک لە ڕووناکبیران لەوانە: (ڤۆڵتێر) و(دیدرۆ) و(کونروسیە) و (هوڵباخ)، و(بیکاریا)دا، ئەمانیش کەوتبوونە ژێر کاریگەری فەیلەسووفانی عەقڵگەرایی، وەک: (دیکارت) و (سپینوزا) و (لابیتس) و (جۆن لۆک)، کە جێپەنجەی ڕووناکبیریان بەسەر هەردوو سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا چەسپاندووە، هەتاوەکو ماوەکەش ناونراوە (سەردەمی عەقڵگەرایی)، بەرهەمەکەشی ڕووناکبیری بووە))[2]، کە پارێزگاری و بەرگری لە عەقڵانییەت کردووە و هەوڵیداوە بۆ چەسپاندنی بنەما بنچینەییەکانی عەقڵانییەت. پرنسیپەکانی ڕووناکبیری وەک ئامرازێک وابوو، بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی فیکری و ئەخلاقی و مەعریفی نوێ بۆ جێگرتنەوەی سیستەمی دەسەڵاتی کڵێسا و پیاوانی ئایینی.

بە بڕوای زۆربەی بیریارانی سەردەمی ڕووناکبیری ((عەقڵ بە تەنها دەتوانێت ئەگەری ناسینی مرۆڤ، کۆمەڵگە، سروشت و بوون، بۆ مرۆڤ بڕەخسێنێت و ئامرازی ڕەخنەی هەلومەرجی هەنووکەیی سیاسەت و مەزهەبی بۆ دەستەبەر بکات))[3]، چونکە گەورە فەیلەسووفانی ڕووناکبیری ((باوەڕی خۆیان لەسەر زانست و دونیابینی و قبوڵ نەکردنی توندڕەوی و بڕیاری پێشوەخت دامەزراندبوو، تێگەیشتنێکی تازەی بەخشی بە ئایین پێچەوانەی تێڕوانینی تیۆلۆژی "لاهوتی" بوو، کە خودای لە سروشت و عەقڵدا

---

[1]- باکنر تراویک ،تاریخ ادبیات جهان، ترجمه : عربعلی رضایی،چاپ دوم ،نشر فرزان،تهران،١٣٧٦،ص١١١

[2]- عبدالمنعم الحفني،موسوعة الفلسفة والفلاسفة ،مكتبة مدبولي ،ج١،القاهرة، مصر، ١٩٩٩م،ص٤٠٥.

[3]- ڕۆی پۆرتەر، پێشەکییەک بۆ ڕۆشنگەری،و:ڕێبین هەردی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،چاپی یەکەم، کوردستان – سلێمانی ،ساڵ ٢٠١٦ ،لا١٠.

**دەبینییەوە، نەک لە خورافات و قسەی بێ جێدا، تێگەیشتنێک بوو نەریتپارێزی تایفی و مەزهەبی تێپەڕاند، تاوەکو بێ جیاوازی هەموو مرۆڤەکان بگرێتەوە))[1] ئەرکی ئەوان بریتییە لە ڕابەرایەتی کردنی جیهان بەرەو پێشکەوتن و نوێبوونەوە و دەستبەرداربوون لە وابەستەیی و لە نەریتە ئاینییە باو و باڵادەستەکان و ڕووناکبیرییە کۆنەکان وبیرکردنەوە ناعەقڵانییەکان و تێپەڕاندنی سەردەمی تاریکستانی نەزانین لە ژیانی ڕووناکبیری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا.**

**سەردەمی ڕووناکبیری چەندین تەوژمی بیری و ڕێبازی سیاسی و تیۆری کۆمەڵایەتی و فەلسەفی ڕەخنەیی و بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ڕیشەیی بەرهەمهێنا، کە هەموو ئەوروپای گرتەوە، لە پێشەنگیشدا فەلسەفەی مێژوو و فەلسەفەی یاسا و تیۆرەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی و هاوبەشی نموونەیی، کە لە مێژووی بیری نوێ لە ئەوروپادا تۆمارکراوە. ((سەردەمی ڕووناکبیری بە قۆناغی سەرکەوتنی بیری کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی ڕووناکبیری ئازاد دادەنرێت، کە ڕێگای خۆشکرد بۆ بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی و جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و چەسپاندنی بنەماکانی چینی ناوەڕاست لەڕووی بیر و سیاسەت و ڕەفتارەوە))[2]، ڕووناکبیری واتە بڵاوەپێکردنی گیانی ڕەخنەگرانەی ئازاد، کە ڕەشبینی سەدەکانی ناوەڕاستی تێپەراند و داهێنانی ئەدەبی و زانستی و ڕووناکبیری بەرهەمهێنا، کە هەڵگری سیماکانی ئازادی تەواو بوو لە بەکارهێنانی عەقڵ لە هەموو بوارەکاندا، سەردەمی ڕووناکبیری ((ئایین، تێڕوانین بۆ سروشت، یاسا فەرمییەکان، دامەزراوەییەکانی کۆمەڵگە، کە لەسەر تێڕوانینی ڕابردوو بنیاتنرابوون، هەموویان ڕووبەڕووی ڕەخنە بوونەوە))[3]، بۆ پەرچدانەوەی بیرکردنەوەی غەیبی و ئەفسانەیی و ئازادکردنی لە خەیاڵ و خورافات و پوچگەرایی، لەڕێی دادگایی عەقڵەوە هەوڵیان دەدا**

[1]- هاشم صالح، لە مۆدێرنەوە بۆ جیهانگیری (گەشتێک بەناو هزری رۆژئاوایی و کاریگەریەکانی لە هزری عەرەبیدا)، و:عیرفان ئەحمەد، ئەرسەلان ئێناخ،چاپخانەی گەنج، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی، هەڵەبجەی شەهید،ساڵ٢٠١٢ ،سلێمانی ،لا٤٥.

[2]- ابراهيم الحيدري ،النقد بين الحداثة وما بعد الحداثة ، دار الساقي،الطبعة الاولى،٢٠١٢م ص٥٩.

[3]- عبدالقادر حمه أمين محمد، ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەوروپی- کوردی،چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەکەم، سلێمانی ، ٢٠١٢.

**بۆ نەهێشتنی بەهاو تێڕوانینەکانی ڕابردوو، بەجۆرێک ئاسۆی نوێی لە بەردەم توێژینەوە و لێکدانەوەی مەعریفی و ئاشکرا کردنی نادیارەکان کردەوە.**

**سەردەمی ڕووناکبیری کۆششی دەکرد لە پێکهێنانی (فەلسەفەی جەماوەریی)، تاکو ببێ بە ئەلتەرناتیڤێک بۆ فەلسەفەی چینی ئەرستوکراتی پارێزراو، هەروەها ڕاهێنانی هزرەکان بۆ گۆڕانکاری لەسیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕووناکبیری، کە لەگەڵ گیانی سەردەمدا نەدەگونجا.**

**چەمکی ڕووناکبیری بە واتا فەلسەفییەکەی ((لەسەر چەمکی پێشکەوتن بونیادنراوە کە هەڵقولاوی بڕوابوون بە توانای عەقڵی مرۆڤ بوو لە پێناو پێشکەوتن و گۆڕان و بەرەوپێشچوون و چاکتر و باشتر کۆنترۆڵکردنی سرووشت و خستنە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ، هەروەها توانای مرۆڤ لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئاستەنگانەی کە دەهاتنە ڕێگەی، ئەوەش بە هۆی لێهاتوویی و توانا هۆشەکییەکانی مرۆڤەوە))[1] ڕووناکبیری گۆڕانکارییەکی فیکری زۆر گرنگ بوو لە عەقڵیەتێکی میتۆلۆژیەوە، بۆ عەقڵیەتێکی زانستی و ڕەخنەیی، بەو واتایەی خوێندنەوە و ڕامان و ڕاڤەکردنی دیاردەکانی ژیانی مرۆڤ لەژێر ڕووناکی تێڕوانینێکی ڕەخنەیی، کە هەڵگری بنەمایەکی عەقڵانییەت بێت، واتە ڕووناکبیری فۆرمەلەبوونێکی عەقڵانیەتە، کە وا لەمرۆڤ دەکات بەتێڕوانینێکی ڕەخنەیی بڕوانێتە جیهان و دەوروبەری، بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی دیاردەکانی ژیانی مرۆڤ، بەپێچەوانەی سەردەمەکانی ڕابردوو، کە لە دیدێکی دۆگمای مەسیحی دەیانڕوانیە ژیانی مرۆڤ.**

**بیرمەندانی سەردەمی ڕووناکبیری ((لەژێر تیشکی سەرکەوتنی زانستی نیوتندا، بڕوایان وا بوو، کە ئەزموون و تاقیکردنەوە ڕێخۆشکەرە بۆ زانینی ڕاستەقینە، نەک تەنها عەقڵی پێشینەیی))[2].**

---

[1]- ابراهيم الحيدري، النقد بين الحداثه و ما بعد الحداثه، ص ٥٩.

[2]- ڕۆی پۆرتەر، و. ڕێبین هەردی، پێشەکییەک بۆ ڕۆشنگەری،ل١٢.

بزوتنەوەی ڕووناکبیری بە گژدا چوونەوەی هەموو ئەو سەردەمە تاریکانە بوو، کە بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست لەسەر یەک کەڵەکە بووبوون، بەگژدا چوونەوەی دۆگمای مەسیحی بوو، کە لە کڵێسای کاسۆلیکیدا دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو سەردەمانەدا سەپاند بوو.

ڤۆڵتێر چەمکی ڕووناکبیری ((بۆ گوزارشت کردن لە سەردەمەکەی خۆی واتە سەدەی هەژدەهەم و بۆ دژایەتیکردنی سەدەی پێشووتر بەکار دەهێنا))[1]. ڤۆڵتێر فەلسەفەی ڕووناکبیری وەک چەکێک دژی عەقڵیەتی خورافی و دەمارگیری ئایینی سەردەمەکەی خۆی بەکاردەهێناو هێرشی دەکردە سەر داب و نەریتی چەقبەستووی کڵێسای مەسیحی.

(پرۆفیسۆر رۆش) سەبارەت بە سەردەمی ڕووناکبیری دەڵێت:((ڕووناکبیری ئەو شۆرشە فیکرییە سەرتاسەریەیە کە پێشتر لە مێژوودا ڕووی نەداوە. ئەم بزاوتە لە ئەوروپا بەر لەسەدەی هەژدەهەم و بە دیاریکراویش دوای ساڵی "١٦٥٠ز "دەستی پێکرد، واتە دوای ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم کاتێک فەیلەسوفانی ئەوروپا بۆ یەکەمجار توانیان ڕەخنە لە ئایین بگرن، بەتایبەت دۆگماتیزمی کاتۆلیکی))[2].

بیریارانی ڕووناکبیری لە ململانێیەکی فیکری بەردەوامدا بوون لەگەڵ دەسەڵاتی کڵێسە و پیاوانی ئاینی، چونکە لاهوتییەکان عەقڵ و فیکری خەڵکیان بەتەواوی داگیر کردبوو، فەیلەسوفەکان دەیانویست عەقڵ لەو فیکرە زاڵەی لاهوتییەکان ڕزگاری بێت.

(پیتەر لاندری) دەربارەی چەمکی ڕووناکبیری دەڵێت: ((سەردەمی هۆکارەکان، کاتی بەئاگاهاتنەوەی ژیری، ئەو کاتە دەستپێکرد کە قۆناغی تاریکی کۆتایی هات، ئەو کاتەی ژیری مرۆڤەکان بە نهێنییەکی گەورەی جیهان ترسێنرابوون و بیری مرۆڤەکان بەهۆی نەزانینەوە ترس باڵی بەسەردا کێشا بوو، ڕۆشنگەری ئەو کاتە لەدایکبوو کە مرۆڤ هەنگاوی خێرای دەنا بۆ ڕزگار بوون لە کۆتەکان و بەکارهێنانی توانا ژیرییەکانی

---

[1]- هاشم صالح، مدخل الى التنوير، ص ١٤٧.

[2]- هاشم صالح، فەلسەفە. ڕۆشنگەری، فێندەمێتالیزم، ل ١٢٩

و خۆ دەربازکردن لە سەدەکانی ناوەڕاست، بێگومان بزووتنەوەیەک بوو کە لەمیانەیدا مرۆڤ دەیویست لە دەسەڵات و هەژموونی کڵێسەی ئەو ڕۆژگارە خۆی دەرباز بکات))[1].

چەمکی سەردەمی ڕووناکبیری زادەی بیرو نوسین و بۆچونی فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەهەم بوو ((واتا هەموو ئەو باوەڕ و پێشنیازە پێشکەوتوو لیبڕاڵانەی کە بە هۆی ڕۆشنبیران و بانگەشەکارانی ئەو سەردەمەوە بەرەو پێشەوە دەبران، بەبێ چەند و چوون هەنگاوێکی گردەبڕ (قطعی) بوون لە ڕەوتی پێشکەوتنی مرۆڤدا))[2].

لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا ((ئینسکلۆپیدیا کە دیدرۆ (١٧١٣ - ١٧٨٤) سەرپەرشتی دەکرد، ئەم پرۆژە فکرییە مەزنە تەواوی ڕووناکبیرانی لە هەموو بوارەکاندا لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە. ئینسکلۆپیدیا بە هەموو بەشەکانییەوە کۆکردنەوەی دەستکەوتە فەلسەفی و هزرییەکانی ڕووناکبیرانی سەدەی هەژدەهەمە، واتە دەرئەنجامی کۆتایی ئەو زانیاری و زانستانە بوو کە لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا لە ئارادا بوون))[3]. بیریارانی ئەم بزوتنەوەیە ((هەموو هەوڵ و تەقەلایەکیان بۆ ئەوە بوو، کە هەموو لقەکانی زانست و زانیاری گشتی ئینسکلۆپیدیا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەکاربهێنن))[4].

دیدرۆ سەبارەت بە چەمکی ڕووناکبیری جیاکارییەک لە نێوان سەردەمی ڕووناکبیری و سەردەمی نەزانین و تاریکیدا دەکات و دەڵێت: ((پێویست بە ترس و نیگەرانی ناکات، هیچ کاتێک هێندەی ئەم سەردەمەی ئێمە تاریکی و نەزانین لە پاشەکشەدا نەبووە، فەلسەفەش هەنگاوی گەورە دەنێت و زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێت، لەم پرۆسەیەشدا ڕووناکبیری هاوشان لەگەڵیدا دەڕوات))[5]. هەروەها لە شوێنێکی تردا دیدرۆ دەڵێت:

---

[1]- هیوا محەمەد حەمە عەلی قۆناغی ڕۆشنگەریی لە فەرەنسا، گۆڤاری کانگە،ژمارە ٣، چاپخانەی ژیار، سلێمانی، ساڵ ٢٠٠٤، ل ٥٨-٥٩.

[2]- ڕۆی پۆرتەر، پێشەکییەک بۆ ڕۆشنگەری، و.ڕێبین هەردی. ل٩.

[3]- هاشم صالح، مدخل الی التنویر الاوروبی، ص ١٤٣.

[4]- هیمداد حسین، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چابخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵ ٢٠٠٧، ل٦٥.

[5]- هاشم صالح، مدخل الی التنویر الاوروبی، ص ١٤٧.

**((فەلسەفەی ڕاست و درووست کە ڕووناکییەکەی خۆی بە هەموو لایەکدا پەخش دەکات و دەدرەوشێتەوە، هێدی هێدی زیاتر و زۆرتر دەچێتە ناو کڵێسا و دێرەکانەوە))[1].**

**ئینسکلۆپیدیا وەک ناسنامەی بزوتنەوەی ڕووناکبیری لەقەڵەم دەدرێت. لە پێشەکی وتارەکەیدا (دالامپێر (١٧١٧-١٧٨٣) ڕای وایە، سەردەمی ڕێنیسانس سەرەتای بزوتنەوەی ڕووناکبیری ڕۆژئاوایە، زەمینەسازی کرد بۆ هاتنەکایەی بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا. سەرەڕای هەوڵی زۆری دەمارگیرییە ئایینیەکان بۆ خەفەکردنی، بەڵام مەشخەڵی ڕووناکبیری هەر بە درەوشاوەیی مایەوە و سەرکەوتنی بەدەست هێنا و تاریکیەکانی ڕووناک کردەوە))[2].**

**فەیلەسووفانی ڕووناکبیری پیاوانی کاربوون. ئەمانە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر و سیاسی بوون، ((ئامانجی ئەوان تەنها تێگەیشتن لەجیهان نەبوو، بەڵکو گۆڕینیشی بوو، بەم شێوەیە دیدرۆ و دالامپێر فەیلەسوفیان لە ئینسکلۆپیدیادا وەک کەسێک پێناس دەکرد کە پێشداوەرییەکان، نەریت، تێڕوانینە باوەکان، دەسەڵاتی باڵادەست بەیەک وشە هەموو ئەو شتانەی کە کۆت و بەندێک بۆ بیرکردنەوە پێکدەهێنێت دەخاتە ژێر پێوە، فەیلەسوف کەسێکە جورئەت دەکات بەشێوەیەکی سەربەخۆ بیر بکاتەوە))[3]، ڕێگا تاریکیەکانی نەزانین ڕووناک بکاتەوە.**

**بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە سەدەی هەژدەهەمدا لە ئەوروپا ((باشترین خەباتی ئایدۆلۆژی چینی ناوەڕاست بوو، دژ بە دەرەبەگایەتی و پاشماوەکانی ئەو سیستەمە))[4] و دارودەستەکانیان و بووەتە هۆی ڕووناککردنەوەی هزری خەڵک و بەرجەستەکردنی.**

**ڕووناکبیرانی ئەو بزوتنەوەیە ((ڕەخنەیان لە هەموو بیروباوەڕ و یاسا و دەستورێک دەگرت و (عەقڵ) یان کردبووە تاکە پێوانەیەک و هەموو شتێک نەتوانێ مەعقوڵییەتی**

---

**[1]- هاشم صالح، مدخل الى التنوير الاوروبی، ص ١٤٣-١٤٤.**

**[2]- هاشم صالح، مدخل الى التنوير الاوروبی، ص١٤٢-١٤٣.**

**[3]- ڕۆی پۆرتەر، پێشەکییەک بۆ ڕۆشنگەری، و.ڕێبین هەردی. ل١٣.**

**[4]- هیمداد حسین، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل٦٧**

**خۆی بسەلمێنێت، لە دژی دەوەستن، مەملەکەتی عەقڵ بە نەزەری ئەوان مەملەکەتی بۆرژوا بوو. خۆی لە دادوەری و یاساکانی بۆرژواکاندا دەدۆزییەوە))[1].**

**ڕووناکبیری بەدیاردەیەکی ئاشنا و باو بەرامبەر بە سەدەی هەژدەهەم دەردەبڕدرێت، هەروەها پێی دەڵێن سەردەمی فەیلەسوفەکان، چونکە لێرەدا ((فەلسەفە بە چەمکە تەقلیدییەکەی نەهاتووە، بەڵکو تێڕوانینێکی بابەتیانەیە بۆ بارودۆخی گشتی و بوونی مرۆڤ، ... واتە لەنێوان عەقڵ و ڕووداوە بینراوەکاندا پەیوەندی دروستدەکات و باوەڕی بە لێکۆڵینەوەیەکی شیاو بۆ جیهان و سروشت هەیە، بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی سەرووی سروشت بکاتەوە))[2]. سەردەمی ڕووناکبیری بە هێنانە ئارای ڕەوتی فەلسەفی بەهێز و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی ڕەخنەیی و سیاسی و کودەتاگەرای دەناسرایەوە.**

**بایەخدانی فەیلەسووفانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری بە بابەتەکانی ((جیهانی دنیای زەوی نەک جیهانەکەی دیکە، بووە هۆی ئەوەی کە گرفتی بەختەوەری پێش گرفتەکانی دیکە بکەوێ))[3].**

**هانز کۆنگ ئەو ڕاستیە دەخاتەڕوو کە کاردانەوەی سەردەمی ڕووناکبیری ((لەبەرامبەر دەمارگیری مەسیحی کارێکی پێویست و ڕەوا بوو، هەر ئەمەش تیۆلۆژیستە "لاهوتییە" مەسیحیەکانی ناچار کرد دەست بە نوێکردنەوەی کەلەپوور و ئاینەکەیان بکەن و تیۆلۆژیایەکی لیبراڵی بهێننە ئارا، کە لەگەڵ سەردەمی زانست و پێشکەوتندا بگونجێت))[4]، دەکرێت بڵێین بزوتنەوەی ڕووناکبیری لەڕێگەی فەیلەسوفەکان و مشت و مڕە فکرییەکانیان لەسەدەی هەژدەهەمدا بووە ناونیشانی ئازادی هزر و بیرکردنەوە.**

---

[1]- هیمداد حسین، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل ٦٥.

[2]- مراد وهبه، مدخل الى التنوير،الناشر: دار العالم الثالث- مصر، دار النهج الجديد- الكويت، ١٩٩٤م، ص١٦٩.

[3]- سەرچاوەی پێشو، ص٢٧.

[4]- هاشم ساڵح، فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، ل٢١.

**سێیەم: پێناسەی ڕووناکبیری:**

**بە وردبوونەوە لەو پێناسانەی بۆ ڕووناکبیری کراون، ئەوە ڕووندەبێتەوە بەلای ڕابەرانی ڕووناکبیرییەوە گرنگترین شت ئەوەیە مرۆڤ سەربەخۆ و بەبێ ترس و فشار پشت بەژیری و مەعریفەی خودی خۆی ببەستێ، کانت لەم بارەیەوە دەڵێت: ((دروشمی ڕۆشنگەری بریتییە لە: ئازابە و بوێربە عەقڵی خۆت سەربەخۆ بەکاربێنە))[1]، بەو واتایەی یەکەمین هەنگاوی جێبەجێکردنی درووشمەکانی بزووتنەوەی ڕووناکبیری ئەوەیە مرۆڤ چاونەترس و ئازا بێت، دووەمیش دەبێت پشت بەتوانا هزری و عەقڵییەکانی خۆی ببەستێت، نەک فەرمایشت لەکەسانی ترەوە وەربگرێت، دیارە ئەم دوو خاڵە لەلای هەموو تاکێک بەرهەمی نابێت، یان لە هەموو کۆمەڵگەیەک بەرهەمی نابێت، ئەگەر ڕەچاوی لایەنی ڕۆشنبیری نەکرێت، بەو واتایەی کۆمەڵ لەکاتێکدا دەتوانێت بەرەو کۆمەڵگایەکی ڕووناکبیر هەنگاو بنێت، تاکەکانی خاوەن ئاستێکی باشی مەعریفە بن و گرنگی بەلایەنە جۆر بەجۆرەکانی ڕووناکبیری بدەن، ئەمەش بەتەنها لێرە کۆتایی نایەت، بەڵکو دەبێت ئەو خەرمانە مەعریفی و ڕووناکبیریە ئازایانە و بوێرانە لەبڕیارە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژانەی تاکدا بەکاربێت.**

**بزوتنەوەی ڕوناکبیری ((هەوڵێک بوو بۆ گۆڕینی بونیادەکانی کۆمەڵگا، تاوەکو بەختەوەری و ئازادی و پێگەیشتوویی بۆ مرۆڤ فەراهەم بکات و گۆڕینی بونیادی کۆمەلایەتی بەهۆی چاکسازی پلە بە پلەوە یان بەهۆی شۆڕش و کودەتاوە))[2]. چونکە ئەو هزرە فکریانەی فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمە دایان مەزراند، بڕوای بەتوانایی چاککردنی لەسەرخۆ و هەنگاو بەهەنگاوی باری مرۆڤایەتی هەبوو، ئەم چاککردنەوەش هاوکات لە ڕێگەی عەقڵ و زانستەوە دەبێت. چەمکی ڕووناکبیری لەسەدەی هەژدەهەمدا ((ڕەهەندێکی نوێی بەخشیە ناوەڕۆکی تێزەکە لەژێر هەژموونی ئاینی مەسیحی هاتە دەرەوە و بوو بە تایتڵی سەرەکی سەردەمێک، کە سەردەمی ئازادی عەقڵ و فیکر بوو لە سەدەی هەژدەدا.**

---

**[1]- مەریوان وریا قانع، دەربارەی فەلسەفە و ڕۆشنگەری. چاپ و بڵاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٢، ، ل٣٢٥.**

**[2]- ئارام محمد قادر، ڕۆڵی شیعر لە بزافی ڕۆشنگەریی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٠، ل٢٨.**

**پرۆژەی ڕووناکبیری پرۆژەیەکی فیکری ڕادیکاڵانە بوو کە دەیویست مرۆڤی ئەورووپایی و نا ئەورووپاییەکانیش لەتاریکە شەوی نەزانین و دواکەوتوویی سەدەکانی ناوەڕاست و دەسەڵاتی پیاوانی کڵێسای مەسیحی دەربهێنێت))[1].**

**کانت بەم جۆرە ڕووناکبیری دەناسێنێت و دەڵێت: ڕووناکبیری بریتییە لە ((دەربازبوونی مرۆڤ لە حاڵەتی بێدەسەڵاتی))[2]، بەومانایەی مرۆڤ بێدەسەڵاتە لە بەکارهێنانی توانا ژیرییەکانی خۆی، لەم بارەشدا لەلایەن کەسانی دیکەوە دەستەمۆ دەکرێن، ڕووناکبیری ((دەرچوونی مرۆڤە لەو حاڵەتی ئیفلیجی و دەستەوەستانەی، کە هەر مرۆڤ خۆی بەرپرسیاری مانەوە و بەردەوامیەتی ئیفلیجی هزریی ئەو بارودۆخەیە، کە مرۆڤ ناتوانێت هزری خۆی لە دەرەوەی ڕێبەرایەتی کەسانی دیکەدا بخاتە کار))[3]. ئەم حاڵەتە لە مێژووی کۆنەوە تا سەردەمانی ئێستاش، بەپێی کۆمەڵگا جیاوازەکان بوونی هەیە، کە بەلای رابەرانی بزووتنەوەی ڕووناکبیرییەوە کۆمەڵێک هۆکار بوون بەمایەی دروستبوونی مرۆڤی بێدەسەلات، هۆکارەکان زیاتر لە دوو بابەتی جەوهەری دا خۆیان دەنوێنن، ئەوانیش (ترس و تەمبەڵی)ین.**

**ترس و تەمبەڵی دوو هۆکاری سەرەکین، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بەدەستەمۆیی لەژێر فەرمانڕەوایی کەسانی تر بمێننەوە، ئەمەش وای کردووە لەمێژوودا کۆمەڵێک کەس خاڵی لاوازی کەسانی تر بقۆزنەوە، کەواتە ((تەمبەڵی و ترسنۆکی دوو هۆن لەمانەوەی مرۆڤ لە حاڵەتی ناپێگەیشتنیدا))[4]، یان ناکامڵبوون بەو واتایە دێت مرۆڤ هەمیشە چاوی لە دەستی کەسانی تر بێت کە ژیانی بۆ ڕێکبخەن، لەبەرامبەردا دەستبەرداری توانا هزریی و مەعریفییەکانی خۆی ببێتەوە، بەمەش مرۆڤی ناکامڵ ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت دەبێتەوە لەلایەن کەسانی بەرژەوەندیخوازەوە بەوەی ((ئەوانی تر هاندەدات تا بە ئاسانی وەک چاودێر بمێننەوە... دەستەوەستانی زۆر بێکێشەیە.. ئەگەر من کتێبێکم هەبێت لەجیاتی**

---

[1]- هاشم صالح، مدخل الى التنوير الاوروبی، ص ١٤٠-١٤١

[2]- الزواوی بغوره، مابعد الحداثە والتنویر، ص٨٦.

[3]- کۆمەڵێک نووسەر، ڕۆشنگەری سەردەمی ئەقلانیەت، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧ ، ل٦٥.

[4]- کەریم دەشتی، ئەدەب و فەلسەفە،چاپخانە: شەهاب، چاپی دووەم، هەولێر/ کوردستان،٢٠١٣ ل٢٣٥.

من بڕیارپێدات، یان کەسێک لەجێی ویژدانی من دان بەڕاستییەکاندا بنێت، یان پزیشکێک شێوازی خواردنی من دیاریبکات و... هتد ئیتر پێویست ناکات من خۆم زەحمەت بدەم تا ئەو کاتەی من بتوانم پارە بدەم پێویستم بەبیرکردنەوە نابێت کەسانی تر پێویستییەکانم بۆ جێبەجێدەکەن))[1]، ئەمەش وادەکات مرۆڤی ناکامل و دەستەوەستان خاوەن کەسایەتی خۆی نەبێ، بەڵکو خەڵکی تر دەکات بە نموونە بۆ ئەوەی لەسایەیاندا بژیت، بەجۆرێک ئەگەر هۆکارەکە تەمبەڵی بێت، ئەوا تاک خۆی دەستبەرداری توانا ژیرییەکانی خۆی دەبێتەوە، ئەویش لەژێر کاریگەری هەندێک هۆکاردا، کە گرنگترینیان هۆکاری ئاینی و هۆکاری نەتەوایەتیین. بۆ دەربازبوون لەم دیاردەیەش کۆمەڵگا پێویستی بە جوڵانەوەیەکی ڕووناکبیری مەعریفی دەبێت، ئەم جوڵانەوەیەش ناتوانرێت لەپڕێکدا بەئەنجام بگەیەنرێت، چونکە لەمپەر و گرفتی زۆری دێتە پێشەوە، بەتایبەتی ئەگەر دەستەمۆیی بیروباوەڕ لەئارادا بێت. خۆ ئەگەر هۆکاری دەستەمۆییەکە سیاسی بێت، دیسانەوە تێپەڕاندنی کارێکی ئاسان نابێت، چونکە لەم بارەدا هۆکاری ترس دەبێت بە هۆکاری یەکەم دواتر هۆکاری تەمبەڵی، کەباس لە ترسیش کرا ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ باسی ئازادی دەچێت، بەوەی لەلایەن خەڵکانی بەرژەوەندیخوازەوە ڕێگری دەکرێت لە تاک، بەوەی بڕیاری سەربەست و ئازادانە بدات لەسەر ژیان و گوزەرانی خودی خۆی، ئەمەش وای کردووە بەشێک لە ڕابەرانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری جەخت لەسەر لایەنی ئازادی بەکارهێنانی عەقل بکەنەوە، لەم بارەیەوە (کانت) دەڵێت:((ڕووناکبیری جگە لە ئازادی هیچی دیکەی مەبەست نییە، ئازادی بە مانا زۆر ڕوون و ئاشکراکەی، ئەویش بەکارهێنانی ڕاشکاوانەی عەقڵ لە هەموو بوارەکاندا))[2].

ئازادی بەمانا فراوان و ڕوونەکەی مەرج نییە مرۆڤ بەتەنها لەلایەن دەسەڵاتی ئاینی، یان دەسەڵاتی سیاسییەوە ئازادی لێ زەوت بکرێت، بەڵکو هەندێجار سوکایەتیکردن بەبیرکردنەوەی خوێندکارێک لەدەربڕینی بۆچوونی خۆی لەسەر باس و بابەتەکان، یان گاڵتەکردن بە ڕەفتار و کرداری هەرتاکێک، ئەگەر منداڵێکیش بێت،

---

[1]- لوسیان گوڵدمان، بونیادی ڕۆشنگەری، و: ڕاسان موختار، گۆڤاری روانگە و ڕەخنە، ژمارە (چوار و پێنج)، ٢٠٠١، ل٣٥.

[2]- لوسیان گوڵدمان، بونیادی ڕۆشنگەری، و: ڕاسان موختار ، ل٣٥.

یاخود تانەدان لە هەڵسوکەوتەکانی ئەمانەش دەبن بەسنووردارکردنی ئازادی تاک و لەکۆتاییشدا ئەمانە و هەموو ئەو شتە تابۆ و حەرامکراوەکانی ناو کۆمەڵگا وادەکات مرۆڤێکی کەمگۆ و ترسنۆک بەرهەمبهێنن، بەڵام بەپلەی یەکەم لەسەروو هەموو هۆکارەکانەوە هەردوو دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی بەرپرسیاری یەکەم دەبن لەبەرامبەر دروستبوونی مرۆڤی دەستەمۆ، چونکە ئەم جۆرە لەتاک هیچ جۆرە ترس و مەترسیەک بۆ سەر دەسەڵاتەکانیان دروست ناکات، هەربۆیە بەلایانەوە مرۆڤی وابەستە و دەستەمۆ پەسەندە، چونکە لەڕاستیدا ئەوەی کە گرنگە بزانرێت ئەوەیە کەڕابەرانی ئەو دوو دەسەڵاتە لەهەموو کەس زیاتر ترسنۆک و تەمبەڵن، بەجۆرێک هەمیشە لەناو مەترسی لەدەستدانی دەسەڵات و دەرئەنجامەکانی دەژین، هەروەها دەچنە خانەی خراپترینەکانی جۆری تەمەڵبوونەوە، بەوەی هیچ جۆرە بەرەو پێشچوونێک بەخۆیانەوە نابینن و هیچ جۆرە چالاکیەکی بیری و هزری و خۆ ڕوناکبیرکردنیان نابێت. (کانت) باوەڕی وایە: مرۆڤ دەتوانێت توانای عەقڵی خۆی بەئازادانە و بوێرانە لەبیرکردنەوەی سەربەخۆدا بەبێ ترس و سڵ کردنەوەو وابەستەبوون بەڕێنوێنی کەسانی تر بەکار بهێنێت و بڕیار بدات، هاوکات مەبەست لەڕووناکبیری ئەوەیە مرۆڤ لە قۆناغی کاڵفامی و عەقل کورتی بەرەو قۆناغی کامڵی بڕوات و هۆشیاری مرۆڤ لە کۆت و بەندی نەزانین و گومڕایی ڕزگار بکات. (کانت) بڕوای وابوو، ((ڕۆشنبیری پێوەری بەها کۆمەڵایەتییەکانە بۆ مرۆڤ لە ڕێگەی ئازادیەوە کامڵ دەبێت، ئازادیش لە ڕێگەی خەباتکردنەوە بەرەو باڵابوون و کامڵ بوون دەچێت))[1]، کەواتە ڕووناکبیری بەبێ تێکۆشان بەدی نایەت. مرۆڤی ڕووناکبیر پێویستە بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو پرسێکدا بکات، بەوەی خاوەن جیهانبینی و گۆشەنیگای تایبەتی خۆی بێت ئەویش لەڕێی گۆمانەوە دەبێت، لەم ڕووەوە (کانت) داوا دەکات ڕووناکبیر ((هەموو ئەو شتانە بخاتە ژێر پرسیارەوە کە لە ڕابردووەوە بۆی ماوەتەوە و تەسلیمی حوکمەکانیان نەبێت و خۆی دواهەمین حوکمیان لەسەر بدات و ئازادانە بیربکاتەوە))[2]. بزوتنەوەی ڕووناکبیری هەوڵدەدات مرۆڤێک بونیادبنێت مرۆڤیکی

---

[1]- محەمەد محەمەد ساڵح، و/ لەعەرەبییەوە : مستەفا سەعید عەلی، مێژووی ئەوروپا لەسەردەمی ڕێنسانسەوە تاوەکو شۆڕشی فەرەنسا (١٥٠٠-١٧٨٩)، چاپ و بڵاو کردنەوەی: چوار چرا، ٢٠١٢، لا ٤٧١.

٢- مەریوان وریا قانع، دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و ڕۆشنگەری، ل٣٢٥.

دنیایی و سەردەمیانە بێت، بەو واتایەی کوڕی ڕۆژگاری خۆی بێت و ئەوەی لە ڕابردووەوە هاتووە لەگەڵ پێشهات و دیاردە تازەکاندا لێکیان بدات، ئەگەر بەپێی مەعریفە و ڕاڤەکردنی خۆی بەپەسەندی زانی ئەوا وەریان بگرێت، بەڵام ئەگەر بەپەسەندیانی نەزانی ئەوا خۆی لێیان دەرباز بکات. بەواتایەکی تر ڕووناکبیری مرۆڤی یاخی بونیاد دەنێت یاخی لە ڕابردوو، هەربۆیە (کانت) لەکۆتایی وتاری (ڕووناکبیری چییە)دا دەڵێت: ((خۆت لە هەموو بڕیارە پێشوەختانە قوتاربکەیت کە خەسڵەتێکی خێڵەکی، یان مەزهەبی، یان میتافیزیکییان هەیە، ئازابە و خۆت لە دەست مورید و مامۆستا و تەنانەت ئەو شتانەش ڕزگارکە، کە دایک و باوکت تۆیان لەسەر پەروەردە کردووە))[1] یەکێک لەئەرکە گرنگەکانی ڕووناکبیری سەرلەنوێ خوێندنەوە و پێناسەکردنەوەو پێداچوونەوەی ئەو دید و بیرو بۆچوون و پرۆژە و وێناکردنانەیە، کە بەر لە ئێمە لە ئارادا بوون و ئەمڕۆ بۆ ئێمە ماونەتەوە.

ڕووناکبیری ((بزوتنەوەیەکی فکری و ڕابونێکی کەلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو کە باوەڕی بەزانین، ناسین، پێشکەوتنی مرۆڤ، چەمکی لێبووردنی ئاینی و خەباتێک بوو لە دژی هەموو جۆرە خورافە پەرستیەک))[2]. بەپێی بڕوای فەیلەسوفانی ڕووناکبیری ((عەقڵ بە تەنها دەتوانێت ئەگەری ناسینی مرۆڤ، کۆمەڵگە،سروشت و بوون بۆ مرۆڤ بڕەخسێنێت و ئامرازی ڕەخنەی بۆ هەلومەرجی ڕەخنەی هەنووکەیی سیاسەت و مەزهەبی بۆ دەستە بەر دەکات))[3].

ڕووناکبیری ((ئەو بزوتنەوە فەلسەفیەیە کە لە سەدەی هەژدەهەمدا سەری هەڵدا، ئەم فەلسەفەیە بە بیرۆکەی پێشکەوتنخوازی و متمانە نەبوون بە ترادسیۆنەکانەکان و گەشبینی و بڕوا بوون بە ئەقڵ و بانگەشەکردن بۆ بیرکردنەوەی خودی و بڕیاردان لەسەر بنچینەی ئەزموونی کەسی دەناسرێتەوە))[4].

---

١- هاشم سالح، فەلسەفە ڕۆشنگەری فیندەمینتالیزم، ل١٢٨.

[2]- نازلی اسماعیل، حركة التنویر. http://ar.wikipedia.org/wiki

[3]- ڕۆی پۆرتەر، پێشەکییەک بۆ ڕۆشنگەری، و.ڕێبین هەردی. ل١٠.

[4]- محمد چیا، فەرهەنگی فەلسەفی، چاپی سێیەم، چاپخانەی: مەهارت- تاران، ساڵ٢٠٠٥، ل ٨٥.

بزوتنەوەی ڕووناکبیری ((بریتی بوو لە کۆمەڵێک چەمک و هێزی مەعریفی بۆ قوتار بوون لەو تاریکیەی کە ژیان و ئازادی و عەقڵی مرۆڤی تێدا خەسێنرا بوو، وێران کردنی ئەو گریمانە ئاینیانە بوو، کە دەسەلات هێزی خۆی وەک سەرچاوەی حەقیقەت لێوەردەگرتن، واتە پرۆسەیەکی عەقڵانی بوو بە مەبەستی هێنانە کایەی ئازادی و هەلگرتنەوەی لە هەناوی دەسەلات و ژیانی سیاسی دا))[1]. ڕووناکبیری گۆڕانکاری ڕیشەیی لە بیرکردنەوەکاندا دروست کرد، بە ئاگا هاتنەوەی مرۆڤیش بوو لەبەردەم تاریکی فکری و بێتوانایی ئەو دیدە خورافیانەی کەپێشتر جیهانی پێ لێکدەدایەوە، هەروەها ڕەخنە گرتن لە نەریت و تێڕوانینە باوەکان کە ئاینی مەسیحی وەک هێزێک تیایدا بالا دەست بوو و هەموو کایەکانی ژیانی داگیر کردبوو.

بە بۆچوونی ئیزاک کارمینک ((ڕووناکبیری جولانەوەیەکی فەلسەفی بوو، کە زانست و عەقڵی مرۆڤ توانیان بەسەر ستەمکاری ئایندا زاڵ بن))[2].

## پاری دووەم: مێژوو و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری ئەوروپی

ڕووناکبیری بە بزوتنەوەیەکی هزری زۆر گرنگ و پڕبایەخ دادەنرێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ڕەگ و ڕیشەی ڕووناکبیری دەگەڕێتەوە بۆ چاخی ڕێنیسانس، مەڵبەندی سەرەکی سەرهەڵدانی ڕێنیسانس لە ئیتالیاوە دەستی پێکرد و دواتر گەیشتە ولاتەکانی دیکەی وەک: فەڕەنسا، ئیسپانیا، ئەڵمانیا، ئینگلتەرا و لەوێشەوە بە هەموو ولاتانی دیکەی ئەوروپادا بلاوبووەوە، بزوتنەوەی ژیاندنەوە، یان زیندوکردنەوەی شارستانیەتی کلاسیکی یۆنانی و ڕۆمانی کۆن، کە پێی دەوترێت ڕێنیسانس ((قۆناغێکی مێژووی ئەوروپایە، چاخی ناوەڕاستی ئاوابوو لە جیهانی مۆدێرنی هەڵهاتوو جیادەکاتەوە،

---

[1]- عومەر سەرگەتی، دەربارەی ڕۆشنگەری، گۆڤاری ڕوانگە و ڕەخنە،ژ. (٤،٥) سالی دووەم هاوین و پایزی (٢٠٠١). ل٢١.

[2]- ئیزاک کارمینک، بیرکردنەوەی کۆمەلایەتی و سیاسی ڕۆشنگەری، و. ئاوات ئەحمەد، گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژمارە ١٥، ل٦٩.

**بەگشتی ئیتاڵیا خاڵی دەستپێکی ئەو چاخەیە لە سەدەی چواردەیەم بە دواوە))[1]، سەردەمی ڕێنیسانس، مەبەست لەو بوژاندنەوە فراوان و فرەڕەهەندە بوو کە ڕۆژئاوا بەخۆیەوە بینی، بەهۆیەوە کۆتایی بە تاکڕەوی دەسەڵاتی کڵێسا و پیاوانی ئاینی و دواکەوتوویی سەدەکانی ناوەڕاست هێنا و بەرەو قۆناغی ڕووناکبیری و گەشەکردن و پێشکەوتن هەنگاویان نا.**

**سەردەمی ڕێنیسانسی ڕۆژئاوا ((بەو ماوە مێژووییە دەگوترێ، کە لە داگیرکردنی قوستەنتەنییە لەلایەن تورکانی عوسمانییەوە لە ساڵی ١٤٣٥ز دەست پێ دەکا و بە مردنی ئیلیزابس شاژنی بە ناوبانگی ئینگلیز لە ساڵی ١٦٠٣ز کۆتایی دێت))[2].**

**ڕێنیسانس قۆناغی پەڕینەوە بوو، لە قۆناغی دواکەوتوویی و تاریکییەوە بۆ قۆناغی پێشکەوتن و ڕووناکی، کە کۆتایی هێنان بە سەدەکانی ناوەڕاست و دەستپێکی سەدەیەکی نوێ لە ئەوروپادا دەستی پێکرد و کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوویی و کۆمەلایەتی و ئابووری و فیکری گرنگ ڕوویاندا، گۆڕانکارییەکان زۆر بەسانایی و ڕێکوپێکی سەرجەم بوارەکانی گرتەوە و بوون بەبنەمای شارستانیەتێکی نوێی مرۆڤایەتی لە هەموو جیهاندا، ڕێنسانس جێگایەکی دیاری هەیە لە مێژووی ئەوروپادا، کە ((نەخشەی سەربازی و فیکری گۆڕی و ڕۆژگارێکی نوێی بۆ ئەو کیشوەرە ڕەخساند و یەک لە دوای یەک داهێنان و فاکتەری پێشکەوتن سەریان هەڵدا، کە دەکرێت داهێنانی چاپ لە ساڵی ١٤٣٦ز لەلایەن "یوحەننا گوتنبرگ"ی ئەڵمانیەوە کۆڵەکەیەکی بەهێز و پتەوی ئەو بوژاندنەوەیە بێت، کە بەوتەی زانای بەناوبانگ "مارشاڵ ماکلۆهن" داهێنانێکە دووبارە نابێتەوە))[3].**

**ئەم داهێنانە ناوازەیە،وەرچەرخانێکی گەورەی بەسەر پرۆسەی نووسینەوەی پەرتووکدا هێنا و ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە گەشەکردنی فیکر و هزری ڕووناکبیری و شارستانیەت بە شێوەیەکی گشتی، ئەم داهێنانە گرنگە هۆکارێکی کاریگەر بوو، وای کرد بەرهەمە**

---

**[1]- کۆمەڵێک نووسەر، ڕەخنەی ئەدەبی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧،ل ٥٣-٥٤.**

**[2]- سیدنی دارک، مێژووی ڕێنسانس، وەرگێڕانی : ئەبوبکر خۆشناو، چ١، چاپخانەی داناز،٢٠٠٢،ل٣ .**

**[3]- محەمەد دلێر(د)، د.فازیل مەجید مەحمود(د)، حاجی قادری کۆیی لە بازنەی ڕۆشنگەریدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٤) ، ساڵی ٢٠١٤، ل٧٥ .**

فیکری و ئەدەبی و ڕووناکبیری و زانستیەکان بەشێوەیەکی زۆر خێرا و فراوان لە چاپ بدرێن و بە ئاسانی لە نێو چین و توێژە جیاوازەکانی میللەتاندا بڵاودەبووەوە.

کەوابوو ڕێنیسانس ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبوو لە گۆڕینی واقیعی شارستانیەتی ئەوروپیدا لەڕووی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، هتد)، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ((ڕۆڵی ڕیفۆرمی ئاینی و شۆڕشەکانی چینی بۆرژوازی... هتد، کەم بایەخ بکەین و نرخیان لەبەر چاونەگرین))[1].

کۆمەڵێک لە نووسەرانی ئەم چاخە، کە چاخی ڕێنیسانسە، بە سەردەمی ڕووناکبیری ناو دەبەن، بەڵام بۆچونی جیاوازتر هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە، لەبەرئەوەی کۆمەڵێک لە نووسەر و فەیلەسوفەکان ((سەدەی حەڤدە و هەژدە بە خاڵی دەستپێکی ئەم بزوتنەوە ڕووناکبیرییە دادەنێن و کۆمەڵێکی دیکەیان تەنیا سەدەی هەژدە دەستنیشان دەکەن، کەسانێکی دیکەش هەن کۆی ئەو بیرو بۆچوونانە یەکسان دەکەن کە لەنێوان شۆڕشی

ئینگلیزی ساڵی ١٦٨٨ و شۆڕشی فەڕەنسی ساڵی ١٧٨٩))[2]، سەردەمی سەرهەڵدانی ڕووناکبیری ئەوروپی بۆ ئەو گۆڕانکارییە (کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و کلتوری و ئابوری... هتد) یانە دەگەڕێتەوە، کە لە دیدگایەکی (ئازاد، ئەقڵانی، مێژوو)یی مرۆڤایەتیەوە هەڵقوڵابێت، بەوەی کە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئەقڵانی تەماشا بکرێت.

بزوتنەوەی ڕووناکبیری لەسەر چەند بنەمایەک کاری دەکرد لەهەموویان گرنگتر و کاریگەرتر دوو مەبەست، یاخوود دوو پرۆژەی سەرەکی بوون، کەبەدوو پایەی بنچینەیی ئەم بزوتنەوەیە تەماشادەکرێت، ئەوانیش

((یەکەم: بەختەوەری مرۆڤ لە عەقڵ و ئازادی دایە.

دووەم: بەرگریکردن لە ئازادی بیروڕا دەربڕین))[3].

---

[1]- کمال مەزهەر ئەحمەد، رینسانس، وەرگێران فوئاد میسری، چاپخانەی الحوادث بەغداد، ١٩٨٤،ل ٢١.

[2]- مەریوان وریا قانع، دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و ڕۆشنگەری، ل٣٢٢.

[3]- محمەد دلێر امین، فازیل مەجید محمود، حاجی قادری کۆیی لە بازنەی ڕۆشنگەریدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ل٧٩
.

ڕاسته ئەوە بگوترێت سەردەمی ڕووناکبیری نابەسترێتەوە بە هیچ سەردەم و ئایدۆلۆژیایەکەوە، بەڵکو لەسەر چەند پرسێک دەستنیشان دەکرێن. ((لەوانە باوەڕ، خواست، بەخشینی پلە و پایەی شیاو بەپێی سیستەمی شایستەی هەر یەکێک لە خۆیان بە خوا و مرۆڤ و سروشت، دیاریکردنی سنور و ڕادەی زانینی مرۆڤ و تێگەیشتنی، ئازادی بیرکردنەوە و ئاخاوتن و پەخش کردن، مافی دەستنیشانکردنی هێزی دەسەلات، بایەخدان و بە هەند دانانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، ژیانی نوێ، ئاکار و ڕەفتاری نوێ))[١].

سەردەمی ڕووناکبیری وابەستە دەکرێت بەگۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، ئاینی، هێزی بیرکردنەوەی تاک لە کۆمەڵگادا، لەبەرئەوەی دەکرێت تاک چەندین فاکتەر و ئەڵتەرناتیڤی ئەرێنی لە ناخیدا چەکەرەی کردبێت، کە ببنە هۆکار بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا، کە ئەمەش یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ڕووناکبیری.

ئێمە نامانەوێت لەڕێگەی ساڵ و سەدەکانەوە هەوڵی دەستنیشانکردنێکی یەکلاکەرەوە بدەین، لەناخی هەر کۆمەڵگایەکدا کۆمەڵێک پرنسیپی گۆڕانکاری هەیە، بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان ناودەبرێت، ئەو پرنسیپانەش پێویستە کۆدەکانی بکرێتەوە و دەست بە پراکتیزەکردنی بکرێت، بە تایبەتی کۆدی گۆڕانکاری کەلتوری، لەبەرئەوەی کەلتور ڕێگری سەرەکی و بنەڕەتیە لە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگادا، هەربۆیە ((مەسەلەی ڕۆشنگەری لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی لەناو بیرکردنەوە و ئەقڵانیەتی ئێمەدا دێتە گۆ، ئەوەی ئێستا دەتوانین ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە کە مێژوو ئەوەی سەلماندووە ئەو کۆمەڵگایانەی توانیویانە کە گۆڕانکاری لە بنیادی پێکهاتەی خۆیاندا بکەن ئەوانەن کە هەمیشە هەوڵی گۆڕانکاریان لە ناسنامە و پێکهاتەی بیرکردنەوەی خۆیاندا داوە، نەک ئەو کۆمەڵگایانەی بۆ هەموو چاخێک خاوەن یەک بیرکردنەوە بوون))[٢].

---

[١]- حەمید عەزیز، فەلسەفەی نوێ لە ئەوروپا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، ٢٠١١، هەلێر، ل١٦٦.

[٢]- ئاوات محەمەد، ئاستەنگییەکانی ڕۆشنگەری لەناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێمەدا، گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژمارە ١٢، ساڵ ٢٠٠٣، ل١٠٥.

**لە ئەوروپادا، بەتایبەت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا گۆڕانکارییەکان لەئاستی چەق بەستودا بوون کرانەوەیەکی ئەوتۆ بە ڕووی گەلانی ئەوروپادا نەکرابووەوە، تا ئەو کاتە ئاستی دواکەتویی و ژێردەستەبوون گەیشتبووە ترۆپک، ئەمەش کاریکی ئەوتۆی کرد کە کۆمەڵگا بەئاگا بێتەوە و تەوژمێکی ڕووناکبیری ئەوتۆ بهێنێتە ئاراوە، کە ڕەگ و ڕیشەی بەربەستەکانی پێش ڕووناکبیری هەڵتەکێنێ و تا ئاستی پووکانەوەی ببات، ئەمەش بەشێکی زۆری بۆ ئەو کرانەوە و تێکەڵاوبوونەی گەلانی ئەوروپا بووە، ((جگەلەوەش دۆزینەوە جوگرافییەکان و گەشتیاری جیهانی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی بزوتنەوەی ڕووناکبیری بە دنیادا))[1].**

**بزوتنەوەی ڕووناکبیری ((کاتی لێکدانەوە و وەسف کردنی بیروڕاکانی جیهان، ڕەتکردنەوەی ئاینیەکان نا، بەڵکو خۆشکردنی ڕێگای دان بە خۆداگرتن و بەرگریکردن لە ئازادی بیرو باوەڕەکانە))[2]. لەم سەردەمەدا گۆڕانکاری بەسەر بۆچوونە ئاینیەکاندا هات و چاکسازی تیادا کرا کە بەهۆیەوە توانرا ((ڕەخنە لە کلێسای کاسۆلیکی بگیرێت بەتایبەتی دوای ئەوەی کە چەند ڕێبازێکی ئاینی دروست بوون کە گرنگترینیان ڕێبازی پرۆتستانتی بوو، کە ئەمەش بووە هۆکاری تێکشکاندنی یەکێتی مەسیحیەکان کە بەهۆیەوە تاک توانی بڕیار بدات لە بۆچوونە ئاینیەکانی))[3]**

**دالامپێر(١٧١٧-١٧٨٣) بیر و بۆچوونی وایە ((سەردەمی ڕێنسانس یەکەمین چەرخی ڕووناکبیرییە))[4].**

**بەپێی ئەو بەڵگانەی لێرەدا ئاماژەمان پێکردووە دیاریکردنی سەرەتاکانی ڕووناکبیری کارێکی هێندە سانا نیە بتوانرێت بەئاسانی دەستنیشان بکرێت، لەبەرئەوەی سەرەتاکانی ئەم بزوتنەوەیە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ڕێنیسانس و زۆرتریش لەناو جەرگەی**

---

[1]- جان ئام دان، سەردەمی ڕۆشنگەری، وەرگێڕانی، محمد وەلی کاکەیی و جیهانگیری غەفاری، چاپی یەکەم" بڵاوکراوەی خانەی چاپ و وبڵاوکردنەوەی چوار چرا، سلێمانی ٢٠٠٨، ل ١٨.

[2]- تیزڤیتان تۆدۆرف، ڕۆحی ڕۆشنگەری، و. چنور فەتحی، چاپی یەکەم چاپخانەی موکریانی( هەولێر)، ساڵ ٢٠١٠، ل١٤.

[3]- الزواوی بغوره، ما بعد الحداثة و التنویر، ص٧٤.

[4]- هاشم صالح، مدخل الى التنویر الاوربی، ص١٤٢.

ڕێنیسانسەوە پەلی هاویشت، ئەمە ئەو کاتە ڕوونتر بووەوە کە (مارتن لۆتەر) هێرشێکی گەورەی کردە سەر کلێسای کاسۆلیکی، کە ئەو کات پیاوانی کلێسا بەوپەڕی هێزو توانایانەوە بەناوی ئاینەوە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیان دەچەوساندوە و هێرشێکی بێشوماریان دەکردە سەریان، بە دەرچوون لە یاسا و ڕێسای ئایینی، تاوانباریان دەکردن.

(مارتن لۆتەر)لەساڵی((١٥١٩ کە خۆی قەشەیەکی گەورەی ئەڵمانی بوو، لە دژی ئەم زوڵم و زۆردارییەی کلێسا ڕاپەڕی کە شۆڕشیکی بەرفراوانی لێکەوتەوە و بە ریفۆرمی ئاینی (پرۆستانت) بەناوبانگ بوو))[١].

ئەمەش کاتێک ڕوون بووەوە کە ((کنەی بەردەوامی بە نێو نامەکانی (سانتزپول) دا و قوڵبونەوەی لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزدا، (لۆتەر) یان زیاتر لە ژیانی سادە و ساکاری سەرەتایی مەسیحیەت بە ئاگا هێنایەوە، کاتێک لە ساڵی (١٥١٩)دا سەردانی ڕۆمای کرد لە نزیکەوە چاوی بە ژیانی پاپا و پیاوانی ئاینی کەوت زۆر سەری سوڕما، لێرەوە تۆوی نارەزایی لە دژی کلێسای کاسۆلیکی لە ناخی لۆتەردا چەکەرەی کرد))[٢]. ئەم ڕووداو و هەڵسوکەوتە ناشارستانیانەی پاپا هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی (لۆتەر)، ئەگەرچی تا چەند ساڵێک پاش ئاشکرا کردنی بیر و باوەڕەکەی هەر سەر بە کلێسایی کاسۆلیکی بوو، بەڵام هێدی هێدی لە ڕەوتی کاسۆلیکی دەرچوو بەرەو ڕەخنەگرتن هەنگاوی نا، بە ئاشکراش دەستی بە ڕەخنە گرتن لە تیۆلۆجیا"لاهوتی) دەوڵەتی دینی (سکۆلاستی) کرت.

سەبارەت بەم هەنگاوانەی (لۆتەر) لە ڕێگەی نووسینەوەی سێ نامەوە خەڵکی ئەڵمانیا ئاگاداردەکاتەوە، کە مرۆڤی مەسیحی مرۆڤێکی ئازادە و دەبێت ئازادانە بژین لەژێر هەموو بەربەست و ژێردەستەییەوە دەربچێ و ئازایانە بڕیار بدەن، ئەمەش بۆ ئەوە بوو خەڵکی ئەڵمانیا و مەسیحی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، هەر زوو ئەم کارەی (لۆتەر) لە لایەن

[١]- جان ئام دان، سەردەمی ڕۆشنگەری، وەرگێڕان، محمد ولی کاکەیی و جیگانگیری غەفار، ل ١٩.

[٢]- سامان حوسێن ئەحمەد، ڕەهەندەکانی ڕیفۆرمی ئاینی لە ئەوروپا، چاپخانەی حەمدی، چاپی سێیەم، ٢٠١٧، سلێمانی، ل١٣٦.

پاپاکانەوە بەرپەرچ درایەوە و هەوڵی داپۆشینی درا. پاپا ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەم کارەی (لۆتەر) کێشەیەکی بچووکی نێوان قەشەکانە.

لۆتەر ئەم هەواڵەی ڕەتکردەوە و سێ نامەی لە ساڵی (١٥٢٠)ز بڵاوکرانەوە لەژێر ناونیشانی، ((نامەیەک بۆ میرانی نەتەوەی ئەڵمانیا، دیلەکانی بابل لە کڵێسای خود، ئازادی مرۆڤی مەسیحی))[١]، کە ناوەڕۆکی ئەم نامانە بزاڤێکی ڕووناکبیری کۆمەڵایەتی سیاسی دژی پیاوانی ئاینی کڵێسای ڕۆما بوون.

لەڕێگەی ئەم نامانەوە ترسی ڕاستەقینەی پاپا لە (لۆتەر) دەرکەوت، ئەم نامانە لەلایەن پاپاوە بڕیاری سوتاندنیان بۆ دەردەکرێت، لێرەشەوە چیدیکە ئەو کێشەیەی (لۆتەر) بەنهێنی نامێنێت و بڕیارەکە لە پێش چاوی خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆی ڤێتەنبێرگ دا دەسوتێنێت. بەم کردارەی وەک تاک مامەڵەی لەگەڵ نەکرا سەبارەت بەم کارەی (لۆتەر). هەربۆیە ((ساڵی (١٥٢١) "چارلسی پێنجەم" (١٥٠٠-١٥٥٨ز)، لۆتەری بانگهێشتی ئەنجوومەنی یاسای (ورمز) دەکات بۆ دادگایی کردن داوای پاشگەزبوونەوەی لێ دەکات لەو هەڵوێستانەی، بەڵام (لۆتەر) ئامادە نابێت پاشگەزبێتەوە، هەربۆیە بە دەرچوو لە یاسای دەوڵەت و ئاین تاوانبار دەکرێت))[٢]. کەچی ئەم هەموو بەربەستانە نابنە هۆی ڕاگرتنی (لۆتەر) بەڵکو بەردەوام دەبێت لە بانگەشەکردن بۆ ڕیفۆرمی ئاینی.

ئەم کارەی (لۆتەر) بەرگی تاکە کەسی فڕێدا و خۆی خستە بەرگێکی دیکەوە و وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی نمایش کرد، هێندەی نەخایاند((بەشێکی زۆری چین و توێژە ناقایلەکانی کۆکردەوە، جوتیارەکان بە پرنسیپە یەکسانیخوازەکانی بۆرجوازییەکانیش بە پرنسیپە تاکگەرایی و ئازادی خوازەکانی میرەکانیش بۆ دژایەتی کردنی دەسەڵاتی گشتگیری و بێگانەی هەر یەک لە پاپا (لویسی دەیەم- ١٥٥٠)ی ئیتاڵی

---

[١] - Arthur. P. Watts, Op.Cit, P.45: E.E. Kellett, Op. Cit, P.305.Preface Martin Luther, Previous Web Page.

[٢] - سامان حوسێن ئەحمەد، ڕەهەندەکانی ڕیفۆرمی ئاینی لە ئەوروپا، ل١٤١.

و ئیمپراتۆر (چارلسی پێنجەمی ئیسپانی) سوارچاکەکان و زۆربەی پیاوانی ئاینی و ڕادیکاڵەکانیش بوونە لایەنگیری لۆتەر))[1].

پێشکەوتنەکانی سەردەمی ڕووناکبیری دەرئەنجامی ململانێی فیکر و ڕووناکبیرییەکانی سەردەمی ڕێنیسانس بوون، چونکە بزوتنەوەی ڕووناکبیری ((زنجیرەیەکە لە مێژووی عەلمانیەتی ئەورووپیدا کە دەرکەوتنەکانی لەگەڵ چەرخی ڕێنیسانسدا لە هەردوو ئاستی فەلسەفی و ڕۆشنبیریدا بە دیار کەوت، بەتایبەتی لەگەڵ پرۆسەکانی ڕیفۆرمی ئاینی کە لەتەک بڵندگەرایی کڵێسەو ڕووحیانیەتی ئاینی مەسیحیدا بەریەک کەوتن))[2]. مرۆڤی ئەورووپی، تا بەرایەکانی سەردەمی ڕووناکبیری، واتا ئەو کاتەی عەقڵانیەت بونیادی خۆی دانا و بە یەکجاری ڕەگی داکوتا، مرۆڤ هەر لەژێر کاریگەری ئەفسانە و خورافەدا بوو، ئەو کەسانەی پێش ئەو ماوەیە خۆیان لەو دونیابینیە ڕزگارکردبوو، تەنها دەستەبژێرە خوێندەوار و ڕووناکبیرەکە بوو، نەوەک تەواوی هاوڵاتیان.

فەیلەسوفانی ڕووناکبیری، هەوڵیان دەدا دووبارە گرنگی و بایەخ بە بەهای فەلسەفە بدەنەوە ((ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی عەقڵ بکەنە تاکە سەرچاوەی مەعریفە نەک کەلەپوری کۆن وەکو شتێکی سەپێنراو و پیرۆز، هەروەها دانانی هەموو شتەکان لەسەر سەنگی مەحەکی عەقڵ بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەو فاکتەرە لۆژیکیانەی کە بوونەتە هۆی هاتنەکایەی ئەو شتانە، لەسەر ئەو بنەمایەش فەیلەسوفانی ڕووناکبیری کەلەپووری نەریتی باوی مەسیحیەتیان ڕەتکردەوە، کە یاساکانی زانست و لۆژیکی پێشێل کردبوو، داوای ئاکارێکی مرۆڤانەتر و پابەند بوون بە لێبوردەیی و ئاشتی دەکرد لە بری توندوتیژی و دەمارگیری ئاینی))[3].

پرۆژەی بزوتنەوەی ڕووناکبیری ((لەسەرەتا دا پرۆژەیەکی نهێنی بوو، ئەویش، لەبەرئەوەی فەیلەسوفان و ڕووناکبیران ترسی دەسەڵات و کڵێسایان لەسەر بوو، چونکە

---

[1]- راس.ئی دان و دیگران، تمدن و فرهنگ جهان، پیوندهای فرانسوی زمان و مکان، ترجمه عید حسین اذرنک، بەرگی سێیەم، ١٣٨٢ هەتاوی، ل ٧٦.

[2]- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ساڵ ٢٠١١، ل٢٩٢.

[3]- Httpll www.ahewar. Org l debatl nr. Asp.

کڵێسای مەسیحی و پیاوانی لاهوت هەموو جۆرە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەیەکیان ڕەتدەکردەوە کە لەگەڵ دید و تێڕوانین و بیرو باوەڕی کڵێسادا دژ بووایە))[1].

نیکۆلۆ میکیاڤیللی (١٤٦٩-١٥٢٧)، یەکێکە لە ڕووناکبیران و فەیلەسوفانی سەردەمی خۆی لەبواری سیاسەت و دەوڵەتداریدا کاریدەکرد. هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە چاکسازی لەدام و دەزگاکانی دەسەڵاتدا بکات، بۆ ئەم مەبەستە چەندین نووسین و پەرتووکی بڵاوکردن لەوانە (میر)، (دەمەتەقێ) لەکاتی لە چاپ دان و بڵاوکردنەوەی کتێبی میردا، ئەم پەرتوکە بووە هۆی ناوبانگێکی باش و مەزن بۆ (میکیاڤیللی) تەنانەت لە دوای مردنیشی، (میکیاڤیللی) لە بەشێکی زۆری ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیدا هەوڵیداوە سیستەمی بەڕێوبەرایەتی لە دامودەزگاکاندا بەشێوازێکی تەواوەتی جیابکاتەوە لەپرسە ئەخلاقی و ئاینیەکان، چونکە لەڕوانگەی (میکیاڤیللی)یەوە سیاسەت و فەرمانڕەوایی ((لۆژیک و سروشتی تایبەت بە خۆیان هەیە، میر و فەرمانڕەوا تەنیا لەو کاتانەدا پێویستی بە ڕەچاوکردنی پێوەرە ئەخلاقی و ئاینیەکانە، کە لە بەرژەوەندی حوکمدا بن و ببنە ئامرازێک بۆ پتەوکردنی دەسەڵات))[2].

بیروڕاکانی (میکیاڤیللی) ((دەربڕینی سەردەمی ژیانی خۆیەتی. ژیانی ئەویش سەردەمی ڕێنیسانس بووە، ئەو لە سەردەمێکدا لەمەڕ سیاسەت و دەوڵەتدارییەوە نووسیویەتی، کە دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپای خۆرئاوادا لەدەرکەوتن و گەشەکردندا بووە))[3]. هەربۆیە دەکرێت ئەوە بگوترێت، کە(میکیاڤیللی) کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پرۆسەی دەوڵەتناسی و شێوازی بەڕێوەبردن و دەسەڵات بەجێهێشت. یەکێک لە هەوڵە بەردەوامەکانی بریتی بوو لە جیاکردنەوەی سیاسەت و ئەخلاق ((ئەو داوا دەکات سیاسەت کایەیەکی سەربەخۆ بێت و لە سەرووی فیدراڵەوە بێت. ئەمەش جەختکردنەوەی

---

[1]- هاشم صالح مدخل الى التنوير الاوروبى، ص ١٤٠-١٤١.

[2]- ئەیوب زادە، چەمکی سەروەری و مەسەلەی دەخالەتی مرۆڤدۆستانە

htt: // auoub-ayoubzadeh.blogspot,com, 2013.

[3]- سەرچاوەی پێشو.

**ئەو بۆچوونەیە کە دەوڵەت بۆ خۆی ئامانجە و بەهایەکی ڕەهایە))[1]. بەم شێوەیە دەبینین (میکیاڤیللی) هەمیشە هەوڵی ڕووناکبیرکردنی کاربەدەستانی دەوڵەتی داوە لە بواری سیاسەتدا بە هیچ شێوەیەک گوێ بە ئەخلاق نەدەن، ئەوەی گرنگە ئەو لێکەوتانەی کە لەئەنجامی کارێکی سیاسی دەکەونەوە.**

**ئەستێرەیەکی دیاری سەردەمی ڕووناکبیری (ڕینێ دیکارت)ە (١٥٩٦-١٦٥٠). (دیکارت) بۆ گەیشتن بە حەقیقەت لە فەلسەفەکەیدا هەمیشە پشتئەستور بووە بە گومان و دەرئەنجام، لەبەرئەوەی ((گومانە کە پەی بە ڕاستەوخۆ و یەقینی بە هەندێک شت دەبات، دەرئەنجام: پوختەی دەرئەنجامە جێگیرەکانی هەندێ مەسەلەی نامەکانە وەک هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلانە، چۆن کۆمەڵەی گۆشەی سێگۆشە پارسەنگە بۆ دوو گۆشەی ڕاوەستاوە))[2]، بەمەش (دیکارت) بۆچوونی وایە کە گومان پەی بەبنەمای سەرەکی زانست و فەلسەفە دەبات، لەهەمان کاتدا دەرئەنجام دەبێتە عەقڵی ڕێکخستنی دەستکەوتەکان، ئەم دوو تەوەرەیە واتە (گومان و دەرئەنجام) پێکەوە ئەو ئەنجامانە بەرهەم دێنن کە ڕاستەوخۆ دەگوێزرێنەوە بەرەو بیروباوەڕی تێکپرژاو و ناڕوون و نادیار، ئەمە لە بارێکدا کە یەکسان نەکرێنەوە بە ئەزموون، کەوا بوو لێرەشەوە چەمکێکی دیکە لە لای (دیکارت) سەرهەڵدەدات وەک مەرجی سێیەم دەردەکەوێت بۆ گەیشتن بە دڵنیایی و یەقین لە زانین.**

**بۆ گەیشتن بەم دڵنیاییەی لە زانست، لەسەرەتادا ئەو مەسەلانەی خستەبەر لێکۆڵینەوە و گومان، کە کەمتر گومانیان لێ دەکرێت کە ئایا زانستی بن یاخود نا. واتە هێدی هێدی لە مەسەلە سادەکانەوە بۆ مەسەلە ئاڵۆزەکان هەنگاوی هەڵگرت، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە. یەکەمیان (دیکارت) جارێک لە سەرەتای پێگەیشتنی دۆزینەوە و داهێنانەکانی بوو، دووەمیش ((ئەگەر لەگەڵ کڵێسا بکەوتایەتە ململانێوە، ئەوا بە ئاسانی تێکدەشکا و**

---

**[1]- ڕەحیم سابیر، مێژووی فەلسەفە، لەمیکیاڤیللی یەوە تا کارل مارکس، فەیلەسوفانی سەردەمی هاوچەرخ، ئامادەکردن و وەرگێڕان، بڵاوکراوەی لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانە گشتیەکان، ناوی شوێنی چاپی نییە، چاپی یەکەم، ٢٠١٥، ل٣٩.**

**[2]- سەرچاوەی پێشو، ل١٣٢.**

**نەیدەتوانی بە شێنەیی بۆچوونەکانی بژار بکات و درێژە بە سۆراغ و گەڕانەکانی لە پێناو حەقیقەتدا بدات))[1].**

**هەر بۆیە لەچەند شوێنێک و بە شێوەی پچڕ پچڕ باسی لە خاوەن بڕواداربوونی خۆی بۆ پیاوانی ئاینی کردووە، بە شێوەیەکی ناڕوون دەیگوت کە ئەو کەسێکی یاخی نییە و باوەڕی تەواوی بە یاسا و ڕێساکانی دەوڵەت و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگا هەیە.**

**(دیکارت) یەکێک بوو لە فەیلەسوف و ڕووناکبیرە مەزنەکان، ئەم لێهاتووییەی وایکرد لەلایەک درێژە بە میتۆدە گومانگەراییەکەی بدات. لەلایەکی تریشەوە خۆی لە بەرهەڵستییەکانی قەشەکان بپارێزێت.**

**(دیکارت) لەکتێبی (تێڕامانەکان)دا، یاخود (تێڕامان لە میتافیزیکییەکان) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە شتگەلێک هەبوون لە سەرەتای ژیانیدا باوەڕی پێیان هەبووە و باسی کردوون، کەچی لە کاتی کامڵ بوونیدا هیچ باوەڕی پێیان نەماوە و وەلاوەی ناون، بۆیە دەڵێت: ((ناچار بووم کارێکی لەو جۆرە ئەنجام بدەم، ئەگەر نیەتی ئەوەم هەبێت شتێکی تۆکمە و کۆنکریتی لە بواری زانست دا بنیاد بنێم، بەڵام کارێکی لەو جۆرە لەو کاتەدا بۆ من، تا ڕادەیەک گران و تاقەت پڕوکێنە کە نەم دەتوانی بەرەنگاری ببمەوە و شان بدەمە بەری، هەر بۆیە ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانم کرد تا لە ڕووی دەروونی و هزرییەوە پێگەیشتم و کامڵ بووم))[2].**

**بۆیە لەکاتی کامڵ بوون و بلیمەت بوونی (دیکارت)دا، بەرهەمێکی ناوازە و پڕ بایەخ لەمێژووی ڕووناکبیری ئەو سەردەمەدا هاتە ئاراوە، ئەویش میتۆدی گومانگەرایی دیکارتی بوو، کە ئەمەش بە یەکێک لە پایە گرنگەکانی ڕووناکبیری ناو دەبرێت، لێرەوە دیکارت**

---

**[1]- هاشم سالح، شەڕی ڕۆشنگەرەکان و فێدەمێنتالیستەکان لە ئەوروپا، وەرگێڕان: شوان ئەحمەد، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٣٩.**

**[2]- ڕەحیم سابیر، مێژووی فەلسەفە لە نیکۆلۆ میکیاڤیللی یەوە تا کارل مارکس، فەیلەسوفانی سەردەمی هاوچەرخدا، ل١٣٨.**

وەک قارەمانی فەلسەفە ناو برا. لەم بارەیەوە هیگڵ دەڵێت: ((دیکارت قارەمانی هزری بوو))[1].

گەرچی ((زۆربەی توێژەرەکانی بیر و فەلسەفە (دیکارت) لە ڕیزی بیریارەکانی بزاوتی ڕۆشنگەری دا پۆلێن ناکەن))[2]. ڕەنگە ئەمەش بە هۆی ئەو بیردۆزەی گومانگەراییەوە بێت کە دیکارت هێناویە ئاراوە بۆ سەلماندن و گەیشتن بە حەقیقەت و ڕاستی، بۆیە پێیان وابوو ((ئەم هەڵوێستانەی دیکارت دووڕووی پێوە دیارە و دیکارت بە دوو تێڕوانین و دوو ئاڕاستە سەرنجەکانی خۆی خستۆتە ڕوو، ئەویش جیاوازی کردنیەتی لە نێوان ئاین و بابەتەکانی تر))[3].

لە مێژووی سەرهەڵدانی ڕووناکبیری ئەوروپادا دیکارت بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ زەمینەسازی کرد بۆ سەرهەڵدانی پرۆسەی ڕووناکبیری لە ڕێگەی میتۆدی گومانگەراییەوە، چونکە ڕای وابوو کە ((گومانکردن تایبەتمەندییەتی سروشتیانەی مرۆڤە))[4]. بە شێوەیەک کە گومانکردن ناکرێت لە مرۆڤی هۆشیار و بیرمەند دابڕێنرێت، لەبەرئەوە مرۆڤ ((دەتوانێت گومان لە ڕاستی و دروستی زۆر شت بکات، وەک ئەوەی کە هاوڕێکانمان ڕاستگۆن یان نا؟ درۆکردن باشە یان باش نیە؟ یان نیشتمانپەروەری هەڵوێستێکی تەندروستە یان نا؟))[5].

سەبارەت بە سەردەمی ڕووناکبیری (پرۆفیسۆر ڕۆش) دەڵێت: ((ڕووناکبیری ئەو شۆڕشە فیکرییە سەرتاسەرییەیە کە پێشتر لە مێژوودا ڕووی نەداوە، ئەم بزوتنەوەیە لە ئەوروپا بەر لەسەدەی هەژدەیەم و بە دیاریکراویش دوای ساڵی ١٦٥٠ز دەستیپێکرد، واتە دوای ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەم کاتێک فەیلەسوفانی ئەوروپا بۆ یەکەم جار توانیان ڕەخنە لە ئاین بگرن بە تایبەت دۆگماتیزمی کاتۆلیکی))[6]. بیریارانی ڕووناکبیری لە

---

[1] - هاشم ساڵح ، شەڕی ڕۆشنگەران و فێدەمینتالیستەکانی لە ئەوروپا، ل١٤٠.

[2] - ئارام محمد قادر، ڕۆڵی شیعر لە بزاڤی ڕۆشنگەری کوردیدا، ل٢٢.

[3]- جان. ام. وان، عصر روشنگری، ترجمە مهدی حقیقت خواە، تهران، ققنوس، چاپ سوم، ١٣٨٤، ل١٨٦.

[4]- يحيى مهدى، شكاكان يونان، انتشارات خوارزمى، تهران، ١٣٧٦، ل١٢١.

[5]- ئارام محمد قادر، ڕۆڵی شیعر لە بزاڤی ڕۆشنگەری کوردیدا، ل٢٣.

[6]- هاشم صالح، فەلسەفە، ڕۆشنگەری، فێندەمێتالیزم، ل ١٢٩.

ململانێیەکی فیکری بەردەوامدا بوون لەگەڵ دەسەڵاتی کلێسا و پیاوانی ئاینی، چونکە لاهوتیەکانی عەقڵ و فیکری خەڵکیان بە تەواوی داگیرکردبوو، فەیلەسوفەکان دەیانویست عەقڵ لەو زاڵبوونەی لاهوتییەکان ڕزگاری بێت.

سەدەی حەڤدەهەم بنەمایەکی گرنگ بوو، بۆئەوەی سەدەی هەژدەهەم ببێتە قۆناغی کامڵ بوونی بزوتنەوەی ڕووناکبیری، لەبەرئەوەی لەم سەدەیەدا بوو بزوتنەوەیەکی عەقڵگەرایی سەری هەڵداو شۆڕشی زانستی و هزری گەیشتە قۆناغی پێگەیشتنی.

پۆڵ هازارد بۆچوونی وایە ((هۆشیاری ئەوروپی لەکۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا کەوتە قەیرانێکی قووڵەوە و بیروبۆچوونەکانی ڕووناکبیری لەماوەی ساڵانی (١٦٠٨-١٧١٥ز)دا بەدەرکەوتن، ئیدی کێشەی نێوان فەیلەسوفانی ڕووناکبیری و بیریارانی فێندەمێنتالیزمی مەسیحی تەقییەوە و هەرچی چەک و ئامرازیش هەیە تێیدا بەکار هات ئەوەی قارەمانی ئەم ململانێیە بوو ڕووناکبیرانی وەک "سپینۆزا و پیربایڵ و بوسوێ"))[1]بوون. هەوڵەکانی ئەمان بنەمایەکی باش و گرنگ بوون بۆ بیریاران و ڕووناکبیرانی پاش خۆیان، لەسەدەی هەژدەهەمدا ڕووناکبیرانی وەک ( ڤۆلتێر و دیدرۆ و ڕۆسۆ) دەرکەوتن و کەرێگەیان لەپێشدا بۆ خۆشکرابوو، هەمان ڕێچکەی ئەوانیان گرتبووەبەر، تا بەیەکجاری لە نیوەی دووەمی ئەو سەدەیەدا بزوتنەوەی ڕووناکبیری سەرکەوتنی بەرچاوی تەواوەتی بەخۆیەوە بینی.

لە ڕاستیدا زۆر زەحمەتە لە ڕووناکبیری تێبگەین، بەبێ وردبوونەوە و شرۆڤەکردنی بەرهەم و دەستکەوتەکانی ژمارەیەک فەیلەسوف و ڕووناکبیری سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم.

((سپینۆزا (١٦٣٢-١٦٧٧) یەکەمین فەیلەسوفی ڕووناکبیرە))[2]، یەکێکە لە گەورە بیرمەند و ڕووناکبیرەکانی سەدەی حەڤدەهەم کە گەورەترین بیریاری ڕادیکاڵ بوو لە سەردەم و ڕۆژگاری خۆیدا، ڕادیکاڵیەکەی بە ئەندازەیەک بوو کە کەس نەیتوانیوە لە

[1]- هاشم صالح، مدخل الى التنوير الاوربي، ص ١٧٣.

[2]- هاشم سالح، شەڕی ڕۆشنگەرەکان و فێدەمێنتالیستەکان لە ئەوروپا، ل ١٤٤.

حەقیقەتی تێبگات، تەنانەت چەند سەدەیەکی ویست، تا خەڵک تێی بگەن و لێی حاڵی بن))[١].

سەبارەت بە سپینۆزا (پرۆفیسۆر جۆرج گۆسدۆرف) ((پێی وایە سپینۆزا بیرمەندێکی شێوە پەنهان و نادیار بووە. واتە تا ڕادەیەکی زۆر ژیانێکی شاراوەی هەبووە))[٢]. ئەم گۆشەگیرییەی وای کردبوو لە تەواوی ئەو دیکارتیزمیانەی کە لە سەدەی حەڤدەیەمدا ژیاون عەقڵانی تر دەربکەوێت، تەنانەت دەکرێت ئەوەش بگوترێت کە لە دیکارت عەقڵانی تر بووە، لەبەرئەوەی دیکارت زاتی ئەوەی نەکرد میتۆدی عەقڵانی بەسەر کایە ئاینیەکاندا جێ بەجێ بکات، کەچی سپینۆزا توانی عەقڵانیەت بەسەر ئاینی مەسیحی و یەهودیدا پراکتیزە بکات، بەمەش عەقڵانی بوونی سپینۆزا زیاتر ڕوون بووەوە، بەئەندازەیەک کە دەگوترێت تەنانەت لە ((مالبران (١٦٣٨-١٧١٥) و لایبنتز (١٦٤٦-١٧١٦)))[٣]،عەقڵانی تر بووە.

بەسەرنجدانی مێژووی سەرهەڵدانی بیری ڕووناکبیری دەبینین، جۆن لوک(١٦٣٢-١٧٠٤) دامەزرێنەری هزری لیبراڵی بوو، لەبەرئەوە بنەمای پەلکێشکردنی ئەوروپا و بیری هیومانسی بوو. بۆ سەردەمی ڕووناکبیری و ڕووناکی.

(لۆک) کتێبێک دەنوسێت بە ناوی (نامەیەک دەربارەی لێبووردەیی (١٦٨٩) تەوەری یەکەمی ئەم پەرتووکە باس لە گرنگی جیاکردنەوەی دەزگاکانی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەری دەکات، کە ئەمەش یەکەمین جارە بیروڕایەکی لەم شێوەیە بێتە ئاراوە بەمەش جیاوازی لەگەڵ هابزدا دەرکەوت، بەڵام لەوەدا لەگەڵ هابزدا هاوڕا بوو کە سیستەمی پاشایەتی کۆتایی پێهاتووە، لەلایەکی دیکەشەوە (لۆک)،((درز دەخاتە تیۆری هابزەوە لەمەڕ حکومەتی ڕەها. بە باوەڕی (لۆک) مەسەلەی پاراستنی گیان و ئاسایشی هاوڵاتیان

[١]- Georges Gosdorf, Le Romantis ME, tom1, P592, Payot.

[٢]- هاشم صالح، ڕۆشنگەری، وەرگێڕان: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٧، ل ٢٤٥.

[٣] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٥.

**تەنیا نابێتە هۆی دەسەلاتێکی ڕەها، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانە دەبێتە هۆی حکومەتێکی سنووردار))[1].**

**لە کتێبی نامەیەک دەربارەی لێبووردەیی لە تەوەری یەکەمدا، باس لە ((گرنگی جیاکردنەوەی نێوان کایە سیاسیەکان بەگشتی (دەوڵەت)، بیروباوەڕە ئاینیەکان (کڵێسا) دەکات، بەو پێیەی ئامانجەکان (ماددی/ڕۆحی) و کەرەستەکان توندوتیژی (ڕەوا / بڕوا هێنان) جیاوازن))[2].**

**لۆک پێی وایە: ئازادی ئاینی دەبێت بەشێوازێکی ڕەها بێت، نەک تەنها گونجاندن لەگەڵ ئەو ڕێوشوێنە سیاسیانەی کە هەیە، ئەمیش مافی بەردەوام بوونی ئەم ئازادییە دەستەبەر دەکات.**

**ئەم ڕووناکبیرە چەندین کار و چالاکی نووسینی هەبووە، کە وەک سەرچاوەیەکی گرنگ بووە بۆ ڕووناکبیرانی پاش خۆی، بۆ وێنە لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی تێگەیشتنی مرۆیی (١٦٩٠) و بیرو بۆچوونەکانی دەربارەی پەروەردە (١٦٩٣) کە ئەمیش کۆمەڵە نامەیەکە چەند بۆچوونێک لە خۆدەگرێت لەمەڕ چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ.**

**ئیسحاق نیوتنی فیزیازان (١٦٤٣-١٧٢٧)، ئەم بیریار و ڕووناکبیرە زیاتر پەرەی بە ڕێبازی ئەزموونگەرایی دەدا، بۆ ئەم مەبەستە سوودی لە سەرجەم ئەو توێژینەوانە بینی، کە لە بواری زانستی و گەردونیدا ئەنجام درا بوون، بەمە ((ریتمێکی گشتگیر و گونجاو و ڕێکوپێکی بۆ گەردوون دانێ، کە بەتایبەتی بیرۆکەی (مەبەست لە سروشتی) دیارخستووە، کە بە بوونی دروستکەری مەزن، یاخود خودا دەسەلمێنێت))[3].**

**(لۆک) و (نیوتن) بوون بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ سەردەمی خۆیان و پاش خۆیان، بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک لە فەیلەسوف و ڕووناکبیران کەوتنە ژێر کاریگەرییانەوە،**

---

**[1]- ئەیوب زادە، چەمکی سەروەری و مەسەلەی دەخالەتی مرۆڤدۆستانە، ل ١٧-٦.**

**[2]- عوسمان ئاشقرا، کورتەیەک لە هزری ڕۆشنگەری، وەرگێڕان: ئەحمەد فاتح محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٢، ل ٦١.**

**[3]- عوسمان ئاشقرا، کورتەیەک لە هزری ڕۆشنگەری، وەرگێڕان: ئەحمەد فاتح محەمەد، ل ٥٧-٥٨.**

ئەگەرچی ئەم دوو بیریارە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ دیکارتدا کۆک نەبوون، لێرەوە نیوتن توانی جێگە بە دیکارت لەق بکات و شوێنی بگرێتەوە.

تێروانینی دیکارت دژ بە بۆچوونەکانی لۆک و نیوتن بوو، چونکە نەیتوانی گریمانەکەی بەسەر پرەنسیبە ئاینیەکاندا پراکتیزە بکات.

ئەگەرچی کارێکی هێندە ئاسان نیە بە شێوەیەکی ڕەها خاڵی دەستپێکردنی مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری دەستنیشان بکەین، بەڵام ناوەڕۆکی کار و بەرهەمەکانی نووسەران هەندێک ئەم کارەمان بۆ ئاسان دەکەن، ئەگەر ئێمە لەو بۆچوونە باوەی (کانت)ەوە دەست پێ بکەین، کە دەڵێت: (سەدەی هەژدە قۆناغی ڕووناکبیری ئەوروپایە)، ئەوا لەم ماوەیەدا چەندین فەیلەسوف و ڕووناکبیری بەهێز و لێهاتوو لەم مەیدانەکەدا دەرکەوتن.

دواتر پیربایل(١٦٤٧-١٧٠٦) دێت ((کە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا ڕووناکی سروشتی لە سەروو ڕووناکی میتافیزیکیەوە دانا، بەڵام بەبێ ئەوەی نکۆڵی ڕووناکی میتافیزیکی بکات ئەمەش هەنگاوێکی نوێیە، بەئاراستەی ئازاد بوون لە تیۆلۆژیایی ئاینی و گەیشتن بە عەقڵانیەت، وەک دەکرێت کورتەی بۆچوونەکان لەمەدا کورت بکەینەوە کە دەڵێت: ئێمە ناتوانین خودا بناسین یان باوەڕی پێ بهێنین، ئەگەر پێش وەخت خاوەنی ڕووناکی سروشتی عەقڵ نەبین))[١]. کەواتە یەکەم شت عەقڵە، بەڵام بایل نەیتوانی سەرکێشی لەوە زیاتر بکات، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی ڕووناکی میتافیزیک لە ڕووناکی عەقڵ جیا بکاتەوە، چونکە ئەو بابەتە لە سەردەم و ڕۆژگاری ئەو مەحاڵ بوو بیری لێ بکرێتەوە، بەڵام لەسەردەمی ڤۆڵتێر و دیدرۆدا ماوەی کەمتر لە سەدەیەک بیرکردنەوە لەو بابەتە دەبێتە شتێکی ئاسایی، بەم شێوەیە دەبینین عەقڵی مرۆڤ لە پرێکا و یەکسەر نەیتوانی

[١]- بول هازار، الفكر الاوروبى فى القرن الپامن عشر، من مونتسكيو الى ليسنج، نەقلة الى العربية، محمد علاب، مراجعة: ابراهيم مدكور، دارالحداثة، بيروت-لبنان، ط ٢، ١٩٨٥، ص ٤٥.

خۆی لە تیۆلۆژیای ئاینی مەسیحی ڕزگار بکات بەڵکو هەنگاو بە هەنگاو ئەو ئامانجەی بە دەست هێنا))[1].

ڤۆڵتێر(١٦٩٤-١٧٧٨) کاریگەرترین ڕووناکبیر و فەیلەسووفی سەدەی هەژدەهەم بوو، هەمیشە دژی کڵێسای کاتۆلیکی و توندرەوی پیاوانی ئاینی و ئەوانەی عەقڵ و بیرکردنەوەی خەڵکانی هەژار و بێئاگایان کۆنترۆڵ کردبوو دەوەستایەوە، هەڵوێستی سەبارەت بە هەموو ئەو بیروباوەڕە ئاینیانەی لەسەر لایەنگری ئاینی و بیروباوەڕە دۆگماکان وەستابوو، نەرێنی بوو، ((بڕوابوونی بە خودای خالقی شکۆمەند و ئەندازیار و داهێنەری گەردوون، شتێکی نەگۆڕ و قووڵە))[2].

کانت (١٧٢٤-١٨٠٤)، گەورە فەیلەسوفی سەدەی هەژدەهەم بوو، شێوازێکی مەزنی لە (فەلسەفەی میسالیەت) دەرخست وەک شۆڕشێکی گەورە بوو، بەم کردارەی توانی سەرنجی بەشێکی زۆر لە فەیلەسوف و ڕووناکبیرەکانی سەردەمی خۆی ڕابکێشێت، گریمانەی کانت زیاتر لەسەر دوو چەمکی وەک (عەقڵ و ئازادی) بونیاد نراوە[3].

کانت بڕوای وایە هیچ شتێک لە عەقل باڵاتر نییە، لەهەمان کاتدا هاوتاشی نییە، لەبەرئەوە عەقلانیەت بنەمای گرنگی فەلسەفەی ڕەخنەگرتنە، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە عەقڵ لەناو عەقڵدا دادگایی دەکریت، ((کانت واقیع و هزر دەپشکنێت لەلایەک ئاستی دیاردەکان و ئاستی جیهانی شتەکان لەنێو خۆیاندا، لەلایەکی دیکەوە ڕیزبەندی هەستیاری تێگەیشتن، یاخود درکپێکردنی عەقڵ دیاردەکات))[4]. بەشێوەیەک کانت وای بۆ دەچوو ((شتەکان بەدەوری عەقڵدا دەسوڕێنەوە، تابنە جێگەی درکپێکردن و زانست، عەقڵ بەدەوری شتەکاندا ناسوڕێتەوە، وەک چۆن پێشتر وایان باوەڕبوو، ئەمەبوو ئەو شۆڕشەی کە کانت لە جیهانی فەلسەفەدا خوڵقاندی کە بە شۆڕشی "کۆپەر نیکۆس"

---

[1]- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، ل ٢٩٢.

[2] - عوسمان ئاشقرا، کورتەیەک لە هزری ڕۆشنگەری ، ل ٨٢.

[3] - کەیوان ئازاد، ئەوروپا لە هەردوو سەردەمی بووژانەوە و ڕۆشنگەریدا، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٦٥.

[4] - عوسمان ئاشقرا، کورتەیەک لە هزری ڕۆشنگەری،ل ١٠٧-١٠٨.

**یان چواند، لە زانستی فەلەکدا، بەوەش کۆتایی پێهێنا کە زانست بەبێ بوونی خودا و نەفس و جیهان مەحاڵە))[١].**

**ئەگەر سپینۆزا ((بە پێشەنگی ڕووناکبیری لیبراڵی هەژمار بکرێت، لەسەدەی حەڤدەهەمدا، ئەوا کاتێک باس لە داهاتن و هێنانە ئارای چەمکی ڕووناکبیری دەکەین بەو مانایەی کە ڕووناکبیرێک ڕاستەوخۆ دەقی فەلسەفەی لەسەر ئەو مژار و بوارە بڵاو کردبێتەوە، ئەو کاتە کانت بە یەکەمین بیریار و ڕووناکبیر لە قەڵەم دەدرێت))[٢]**

**کانت باوەڕی وابوو: ((ڕەخنە ئامرازی سەرەکی فەلسەفەیە و دەبێت هەموو بابەت و لایەنێک بگرێتەوە و ڕەخنەگرتنیش تەنها هەر ڕەخنەگرتنی کتێب و نووسراو سیستەمەکان نییە، بەڵکو ئاین و یاسا و ژیریش بەخۆی و هێز و تواناکانی لێی بەدەرنین))[٣].**

**توێژەری بەلجیکایی پرۆفیسۆر (ڕۆلان مۆرتی) باوەڕی وایە: ((سەدەی هەژدەهەم یەکەمین سەدەیە لە مێژوودا هەست بە قەوارە و تایبەتمەندی خۆی بکات کە پەیامێکی زۆر گرنگی بۆ مرۆڤایەتی هێناوە، ئەویش پەیامی بزوتنەوەی ڕووناکبیرییە، لەو سەردەمەدا بزوتنەوەی ڕووناکبیری وەک چەمک بەرنامەی کارێکی دیار و ئاشکرای بۆ خۆی فۆرمەلە کردووە))[٤]، تیایدا هەموو چەمک و تێڕوانینە فکرییەکان لە بنچینەوە گۆڕانکاریان بەسەردا هات.**

**هەروەک (هێردی) بیریاری ئەڵمانی کە لە سەدەی هەژدەهەمدا ژیاوە لە بارەی وەسفکردنی سەردەمی ڕووناکبیریدا دەڵێت: ((ئەمە سەردەمی ڕۆشنی ئێمەیە لەناو تەواوی سەردەمەکانی دیکەدا لەهەموویان درەوشاوەترە))[٥]، لەڕاستیدا ئەمە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە خەسڵەتی جیاکەرەوەی چەمکی بزوتنەوەی ڕووناکبیری و فەلسەفەکەی لە ئەوروپادا**

---

[١]- کەریم دەشتی، ئەدەب و فەلسەفە، ل ٢٣٤.

[2] - بەیان کەریمی، پێشەنگەکانی ڕۆشنگەری شیعری کلاسیکی کوردی.
http:// www. Amazha.com\ enlightenment- in- classical- Kurdish- poems

[٣] - حەمید عزیز، فەلسەفەی نوێ لە ئەوروپادا، ل ٢٥٢- ٢٥٣.

[٤]- رونالد سترمبورط، تأریخ الفکر الاوربی الحدیث، ترجمة احمد الثیبانی، دار القاریئ العربی، القاهرة، مصر، ط٣، ١٩٩٤، ص ١٨٣.

[٥] - هاشم صالح، فەلسەفە. ڕۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم، ل ٢٣٤.

((خەسڵەتێکی سروشتی ماددی مرۆڤایەتی و شیکردنەوەی ڕەخنەیی دوور لە ئایینە، ئەگەر دژ بە ئایین نەبێت، باوەڕی بە پێشکەوتنی بەرفراوان و بەردەوامی مرۆڤایەتی هەیە. لەسەر بنەمای گەشبینی و متمانەبوون بە توانا تایبەتیەکانی خودی مرۆڤ، کە باوەڕی بە تواناکانی خۆی هەبێت بۆ گەیشتن بە بەختەوەری))[1].

ڕووناکبیری پێویستی بە دوو جووڵە هەیە، ((یەکەمیان نێگەتیڤ و ڕووخێنەرە، دووەمیان پۆزەتیڤ و بنیات نەرە، لە قۆناغی یەکەمدا پێویستە دەستبەرداری تەواوی ئەوشتانە بین کە لە منداڵییەوە لەسەریان ڕاهاتووین، بەڵام لە دووەم قۆناغدا دەبێت جێگەی ئەوانە بەشتی نوێ پڕبکەینەوە، کەتەنیا لەسەر عەقڵ و لۆجیک دامەزراوە))[2]، لێرەوە جان جاک ڕۆسۆ(١٧١٢-١٧٧٨)، ((ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە تێکشکاندنی داب و نەریتە کۆنەکان و کۆت و بەندە ئاینییەکان، هەروەها ڕەهەندەکانی ژیانی ئازاد و بەختیاری کۆمەڵگەی نوێی ئەورووپی خستە ڕوو))[3].لەڕاستیدا فەیلەسوفەکانی ڕووناکبیری لەبنەڕەتدا خۆیان دووبەش بوون، فەیلەسووفە باوەڕدارەکان، لەوانە (( "ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ" بوون و بێباوەڕەکانیش وەک (دیدرۆ و هۆڵباخ و لامیتری))[4].

((هۆڵباخ(١٧٢٣ -١٧٨٩)، لەنەوەی سێیەمی ڕووناکبیرانی فەرەنسی بوو))[5]، یەکێک بوو لە ڕووناکبیرە بێ بڕواکان، هەمیشە ڕەخنەی توندی لە کڵێسا و پیاوانی ئاینی دەگرت، ((بەپێویستی دەزانی، سیستەمی ئاینی بەتەواوی دووربخرێتەوە تاوەکو مرۆڤ بتوانێت خۆی لەگەڵ سروشتدا بگونجێنێت))[6].

مێژوونووسان سەرەتا و کۆتایی ڕووناکبیریان بەو قۆناغە مێژوویە دیاریکردووە، کە ((لەچارەکی کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمەوە دەست پێدەکات و تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم دەخایەنێت یەکێک لە ڕووداوە فیکرییەکانی ئەو سەردەمە بریتی بوو لە

---

[1]- عبداللطیف الشیخ توفیق الشیرازی الصباغ. مصطلح التنویر واتجاهاته فی العالم الأسلامی الحدث،٢٠٠٥م، ص٦ .

[2] - هاشم صاڵح، فەلسەفە، ڕۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم، وەرگێڕانی، شوان ئەحمەد، ل ٨٩.

[3] - کەیوان ئازاد ئەنوەر، ئەورووپا لە هەردوو سەردەمی بوژاندنەوە و ڕۆشنگەریدا، ل ٦٤.

[4]- هاشم صالح، مدخل الی التنویر الاوربي، ص ١٤٦-١٤٧.

[5]- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، ل ٢٩٢.

[6]- Poul. Henri Thmas D. H otbech. Systeme de le Nature ou des lois du monde Physqueet du monde monral( PARIS. 1969) P.730.

بڵاوکردنەوەی کارەکانی ڕووناکبیر و نووسەری ئینگلیزیی (چاڤستبێر)ی و (جۆزیف ئەدیسۆن) لە ساڵی ١٦٩٩. کارەکانی ئەم دوو نووسەرە سەرەتایەکی بەهێز بوون لە پێشکەوتنەکانی نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەم بەتایبەتی لەلای ڕووناکبیرانی فەڕەنسی کە مۆنتیسکۆ دیارترینیانە، بەڵام کۆتایی ڕووناکبیری بەمردنی هۆڵباخ لە ساڵی ١٧٨٩ دیاری دەکرێت))[1].

ئەو گۆڕانکاریانەی لەقۆناغی بزوتنەوەی ڕووناکبیریدا هاتنەکایەوە، بەوە لە گۆڕانکارییەکانی دیکەیی مێژوو جیادەکرێتەوە، کە ڕووداوێکی فرەلایەن و گۆڕانکارییەکی گشتگیربوو لەسەرجەم بوارەکاندا، گۆڕانکاریی لە تێڕوانین و بۆچوونی مرۆڤ سەبارەت بە ژیان و ئاین و بوون. بەگشتی هەنگاوەکانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری بریتی بوون لە:

- دۆزینەوە جوگرافیەکان
- شۆڕشی ئاینی و عەقڵگەرایی
- مرۆڤ و ئازادی و گەشەسەندنی پیشەسازی و ئابووری
- پێشکەوتن و گەشتە بازرگانیە جیهانیەکان.
- کاریگەرییەکانی ڕێنیسانس.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم تەوەرانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لەبڵاوبوونەوەی شۆڕشی ڕووناکبیری لە ئەوروپادا، لەگەڵ دەرکەوتنی توێژەرو بیرمەندانی ناودار و توێژینەوە و شرۆڤە لەبوار و بابەتە جۆربەجۆرەکانی، وەک فیزیا و هەستەکانی مرۆڤ و ئەخلاق و دین و فەلسەفەو زۆر بابەتی دیکە، سەلمێنەری ئەوەن، کە ئەم قۆناغە بووە قۆناغی سەرکەوتنی عەقڵگەرایی و زاڵبوونی فەلسەفە و کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرنگی بە دوای خۆیدا هێناو قۆناغ گەلێک کە لەنیوەی سەدەی حەڤدەهەوە لەمێژووی ڕۆژئاوای مۆدێرندا دەست پێدەکات، تا سەدەی هەژدەهەم درێژەی هەبوو، بەسەردەمی ڕووناکبیری ناودەبرێت، کە گرنگترین قۆناغ بوو، لە بنیاتنانی شارستانێتی مۆدێرن دا. ئەم سەردەمە لە چەند ڕوویەکەوە بایەخی هەیە لەڕێکخستنی دونیابینی مۆدێرن، واتە عەقڵگەرایی و

[1] - کۆمەڵێک نووسەر، ڕۆشنگەری سەردەمی عەقڵانیەت، ل ٦.

هیومانستی، پاراسیۆنالیزمی دیکارتی لە سەردەمی ڕووناکبیریدا لە قاڵبی مەعریفەناسی و مێتافیزیکی دەرچووە و دەستەی ئەندێشەکان و تیۆرییە سیاسیی و گریمانە ئابوورییەکان و سیستمە یاساییەکان تاوتوێ دەکرێت، لەم قۆناغەدا، بنیاتی تیۆری لیبراڵیزم لەبۆچوونەکانی جۆن لۆک و مۆنتسکیۆ، بەرهەم دەهات. بۆ چوونەکانی ڤۆڵتێر لەبارەی لێکتێگەیشتنی لیبراڵی و سکۆلاریزم و دژێتی لەگەڵ بیری ئاینی دەخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

## پاری سێیەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکیدا:

### یەکەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری لەئەدەبی عەرەبیدا:

مێژوونووسانی هاوچەرخی عەرەب دەستپێکی گۆڕانکارییەکان لە جیهانی عەرەبی دا، بۆ ((هێرشی ناپلیۆن بۆ سەر میسر لەساڵی ١٧٩٨ز دا دەگەڕێننەوە، ئەم ئاڵوگۆڕە لەکاتێکدا شێوەدەگرێت کە کلتور و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی عەرەبی خولێکی حەوتسەد ساڵەی داکشانی تێپەڕاندبوو، کە لەژێر باری ناهەمواری داگیرکاریدا بوو، بەسەردەمی وێرانکاری و سەردەمی مەغۆل ناونرابوو))[1].

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بابەتی وەرگێرانی ئەدەبیات، لە ئەدەبیاتی نوێی عەرەبیدا ((بەهێرشی فەرەنسا بۆ میسر دەست پێدەکات، لێکۆڵینەوە لەم گۆڕانکاریانە لەوڵاتی میسرەوە دەست پێدەکات، چونکە ئەم وڵاتە بەر لە وڵاتانی دیکەی عەرەبی پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوادا دروستکرد. ئەندێشەی ئەوروپی لە کاتی هێرشی فەرەنسا بۆ میسر، لەڕۆژهەڵاتی عەرەبی و ناوچەی شامەوە دەستپێیکرد، بەتایبەت لوبنان کە بانگخوازانی مەسیحی لە ئەوروپا و ئەمەریکاوە دەچوونە ئەوێ))[2]. هەرچەندە وڵاتی میسر بەهۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کەوتە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەران، هاوکات کەوتە ژێر کاریگەریی وڵاتی داگیرکەرەوە و وزەو توانا شاراوەکانی ئەدیبانی ئەم ناوچەیە

[1] - محمد حسين هيكل، مقدمه ديوان شوقيات، دارالعودة، بيروت، ٢٠٠٠، ص ٤١١-٤١٢.

[2] - محمد مصطفى هداره، بحوث فى الادب العربي الحديث، دار النهضة العربى، بيروت، ١٩٩٤، ص١٥.

لەوەها دۆخێکدا، بەهۆی ئاشنایی لەگەڵ فەرهەنگ و عەقڵانیەتی وڵاتی فەرەنسادا سەریان هەڵدا.

پاش وەدەرنانی فەڕەنسییەکان، "محەممەد عەلی" فەرمانڕەوای میسر، بۆ ڕوانگەی هەستی نەتەوایەتی میسریەکان. ئەویش هاوشێوەی فەرمانڕەوایانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی لەودەمەدا، پێشکەوتنی پتر لەبواری ڕێکخستنی سوپاو هونەرە جەنگییەکاندا دەبینییەوە، بەڵام تەنانەت لەو خولە کورتەی مانەوەی فەڕەنسییەکان لەمیسردا، بیری نوێ لەنێوان ڕێبەرانی فکری میسردا گەڵاڵەبوو، بەریەککەوتن و وتووێژی زانایانی میسری، بەنموونە ((عەبدولڕەحمان جەبرتی- مێژوونووس و شێخ حەسەن عەتار- مامۆستای ئەلئەزهەر لەگەڵ ئەو بیرمەند و ئەو ڕووناکبیرانەی کە ناپلیۆن لەگەڵ خۆی هێنابوونی بۆ میسر، نەدەکرا تاسەی تێکەڵبوونی میسرییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوادا نەشکێنێت. ئەمەش هەژموونی داگیرکارانەی ئینگلیز و فەڕەنسای لە دونیای عەرەبدا فراوان کرد و جووڵانەوەی نەتەوە پەروەری لە نێو وڵاتانی عەرەبیدا بۆ بەرەنگاری بەهێزکرد))[١].

تەنیا هێرشی بێگانە نەبوو کە عەرەبەکانی هۆشیار و ڕووناکبیر کردووە. ((قەیرانە ناوەکییەکانی فەرمانڕەوایی عوسمانییش کە سستی و لێکپچڕانی بونیادی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆنی لەگەڵ بوو، هۆکارێکی دیکە بوو بۆ هۆشیاری لای عەرەب. عەرەبەکان لەو کاتەی کە گەردەنیان سپاردە تەوقی عوسمانی، تورکەکانیان بەهۆی هاوبیرییەوە بە بێگانە نەدەزانی و ملکەچی فەرمانی سوڵتان بوون، تورکەکانیش بەشێوەیەکی گشتی عەرەبیان لاپیرۆز بوو، بەتایبەت بەهۆی ئەوەی کە پێیان وابوو کلتور و زمانی عەرەبی پلەیەک بەرزترە لەکلتور و زمانی تورکی، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە فەرمانڕەوایی عوسمانی ڕووەو لەناوچوون دەچوو، هەستیی نائارامی، فەرمانڕەوایانی تورکیای وەک هەموو ستەمگەرانی دیکە بەرەو ستەم و زۆرداری برد))[٢].

هەرچەندە هەندێک لەبیرمەندان و ڕووناکبیرانی تورک و عەرەب تێکۆشان بۆ هێشتنەوەی یەکپارچەیی و بەهێزی فەرمانڕەوایی عوسمانی، لەڕێگەی چاکسازی سیاسی، بەتایبەت بە کەڵک وەرگرتن لە سیستمی لیبراڵیزمی رۆژئاوایی و سیستمی پەرلەمانی.

---

[١] - حمید عنایت، سیری در اندیشهء سیاسی عرب، چاپ پنجم، امیرکبیر، تهران، ١٣٧٦، ص١٢ .

[٢] - حمید عنایت، سیری در اندیشهء سیاسی عرب، ص١٣.

هاوكاری نێوان تورک و عەرەبەکان لەگەڵ هەموو ناكۆكییەكان،((تا ساڵانی دەیەی سەرەتای سەدەی بیستەم درێژەی هەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی نەوەی تورکەکان بەڕووی تورکانیگەریدا هەنگاویان نا، واتە باوەڕبوون بەوەی کە نەژادی خۆیان بەرزترە، پێوەندی نێوان عەرەب و تورکەکانیش ڕووی لەسستی کرد و پاشان دوژمنایەتی جێگەی گرتەوە، شۆرشی عەرەبەکانیش ڕەنگی نەتەوەیی و نیشتمانی لەخۆگرت و بە درێژایی ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم، داگیرکەر سوودی لەم هەستە وەرگرت بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی))[1].

ئەو ڕووداوانەی کە لەکۆمەڵگای عەرەبیدا ڕوویاندا، بوونە هۆی سەرهەڵدانی چەندین کۆمەڵەو قوتابخانەی ئەدەبی، کە کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبووە، لە بڵاوکردنەوەی بیری ڕووناکبیری لە ئەدەبیی عەرەبیدا، بەڵام ((ڕابوونی ڕاستەقینە لە چارەکی دووەمی سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکرد، کە لاسایکردنەوەیەکی کوێرانە نەما و شاعیران و ڕووناکبیران لەسەردەمەکەی خۆیان تێگەیشتن و چاویان بەهەموو شتێکدا دەگێڕا کە لە بنچینەدا ملکەچی ڕەخنە دەبوون بەپێی پێوەرەکانی ڕابردوو، لێرە بەدواوە کۆڕە ئەدەبییەکان بانگهێشتی نوێبوونەوەیان دەکرد و کۆنەکانیان ڕەتدەکردەوە))[2]، هاوکات بووە هۆی وەرگێڕان و ئاڵوگۆڕی ئەدەبی و ڕووناکبیری لە جیهانی عەرەبیدا.

لە سەردەمی نوێی ئەوروپادا، کۆمەڵێک شاعیر و ڕووناکبیری بلیمەت و بەناوبانگ دەرکەوتن، کە کاریگەرییان سنورەکانی ئەوروپایان تێپەڕاند و بەسەر شاعیرو نووسەرانی عەرەب و دیکەی دونیادا خۆیان نواند. بۆ نموونە: ((کاریگەری بەرهەمەکانی شکسپیر بەسەر شیعری نوێی عەرەبیدا، وەک کاریگەری ڕۆژئاوا بەسەر ڕۆژهەڵات دەردەکەوێت، لە ڕووی بیرۆکە و گرێچنی و کەسێتی و شیعری ئازاد و جۆری ئەدەبی، بەسەر شاعیرانی وەکو ئەحمەد شەوقی و خلیل مەتران و عەلی ئەحمەد و بدر شاکر سەیاب))[3]، ئەم

---

[1]- حمید عنایت، سیری در اندیشهء سیاسی عرب، ص١٣ .

[2]- محمد کاظم حاج ابراهیمی، تاریخ الادب العربي الحدیث، انتشارات، دانشگاه اصفهان، چاپ دووەم، چاپخانەی دانشگاه اصفهان، ١٣٨٥، ل ١١٤.

[3]- نذیر العظمة ، فضاءات الادب المقارن"دراسة في تبادل الثیمات والرموز والاساطیربین الاداب العربیة والاجنبیة"، منشورات وزارة الثقافة ، سوریا، ٢٠٠٤،ص٦٥-٦٦.

کاریگەری و کارتێکردنە لە ئەدەبی عەرەبیدا ڕەنگیدایەوە، دیارترین ئەو کۆمەڵە و قوتابخانە نوێخوازیانەی نێو ئەدەبیاتی عەرەبی بریتی بوون لە:

**قوتابخانەی زیندووکردنەوە و بوژاندنەوە،** "خەفاجی" لەم بارەیەوە باوەڕی وایە کە: ((ئەگەرچی ئەدەبیاتی هاوچەرخی عەرەبی بە تێڕوانینی زۆرێک لە ئەدیبانی ئەم چەرخە، لەگەڵ هێرشی فەرەنسا لەساڵی(١٧٩٨ز)دا و لە ئەنجامی کاریگەریی سیاسیی و فەرهەنگیی و فیکریی ئەودا دەستپێکردووە، بەڵام ئەدەبیاتی هاوچەرخ دوای ئەم هێرشە بە گوێرەی پێشتر گۆڕانی بەسەردا نەهاتووەو تەنیا لە ناخی میسرییەکان و گەلانی دیکەی ڕۆژئاوایی بەدیدەکرا، کە هەستێکی تاڵ و ئازاردەری بەجێهێشت، دەربڕی هەوڵی داگیرکەران بووە لەجیهانی عەرەبیدا، هەروەکو ئەوەی کە ئەدەبیاتی هاوچەرخ لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم لەکاتێک دا کە ئیمام محەمەد عەبدە لە پەخشان و مەحموود سامی بارووودی لەهەڵبەست دا دەرکەوتن))[1] ئەمانە بەڕابەری ئەو قوتابخانەیە دادەنرێن کە بە(قوتابخانەی زیندووکردنەوەو بوژاندنەوە) دەناسرێن، دواتر هەریەک لە نووسەرانی وەک (("احمد شەوقی و حافز ابراهیم و احمد موحرەم و علی الجارم"یش دەخەنە ئەو چوارچێوەیەوە و بەگشتی ڕێڕەوی ئەدەبی و شیعری ئەو قوتابخانەیە ڕووەو ناوەڕۆکی سیاسی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی بووەوە، ئەگەرچی شێوازی شیعرییان زیاتر شێوازە کلاسیکییەکەبوو))[2]، بەڵام هەوڵیاندا ئەو بۆشاییە گەورەیەی لەڕووی کەلتوری و زمانی و نەتەوەیی و ڕووناکبیرییەوە دەوڵەتی عوسمانی فەرامۆشی کردبوو، بایەخی پێ بدەنەوە، کەئەمە هەڵێک بوو بۆ دەربازبوون لە ئەدەبیاتی عوسمانی و ڕووکردنە ئەدەبی ئەوروپی.

بەهۆی ئاشنابوون بە ئەدەبی ئەوروپی و لەژێرکاریگەرییاندا، عەرەبەکان دەستیان بە نوێکردنەوەی ئەدەبیات کرد، بۆ ئەم مەبەستە چەندین ژانری نوێیان هێنایە نێو ئەدەبیاتی خۆیانەوە، لەوانە (شیعری شانۆی، شیعری درامی، ئۆپەرێت، دراما)، کە ئەمە

[1] - عبدالمنعم الخفاجی، الادب العربی الحدیث، الطبعة الأولی، مکتبة کلیات الازهریة، قاهرة، ١٩٩٨، ص١٧٧.
[2]- محمد فازیل مستەفا، دەنگی پیرەمێرد لەبزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل١٦.

بەهەوڵی کەسانی وەک ((مارون النقاش ١٨١٧-١٨٥٥ لەلوبناندا، یەکەمین شیعری شانۆیی عەرەبی بەناوی "پیسکە" وە بەشێوەی ئۆپەرێت نووسی))[١]، هەروەها لە سوریادا کۆنترین شیعری شانۆیی، کە ((سەلیم عنخوری، لەساڵی (١٨٩٨)، شانۆی (ئەخیل)ی لەزمانی فەرەنسیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی))[٢].

لەمیسریش ئەحمەد شەوقی((شیعری درامی نوسی))[٣]، یەکەمین شیعری شانۆیی خۆی لە((ساڵی ١٨٩٣ بەناونیشانی "علی بگ الکبیر"ەوە نوسیی دواتر بەرهەمەکانی "المصریة کیلۆپاترا، مجنون لیلی، عنتر، قمبیز"))[٤]، بڵاوکردەوە، کە ئەم بەرهەمە ئەدەبییانە نوێ بوون لەوسەردەمە داو پێشتر لەئەدەبی عەرەبیدا نەبوون.

بەڵام لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیستەم دکتۆر عزەدین ئیسماعیل نووسەری هاوچەرخی میسری لەم بارەیەوە دەدوێت:((شیعری ئەم قۆناغە وێناکەری دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پردی پێوەندی لەگەڵ ئەدەبیاتی ڕابردووی عەرەبە و بەرهەمێک کە لەشاعیرانی ئەم قۆناغە بەجێماوە، نەک تەنیا پەسنی ناخی شاعیر بووە، بەڵکو ئامرازێک بووە بۆ بەئاگابوونەوە لەبارودۆخی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و فیکریی ئەم قۆناغە، چونکە شیعری هاوچەرخ بە پێچەوانەی ئەوەی کە خەڵک وێنای دەکەن، تەنیا نیشاندانەوەی کەلەپوری کۆن نەبوو، بەڵکو ئەمە پتەوترین پرد بوو لەگەڵ ڕابردوودا))[٥]، بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئەدەبیات و شیعری نوێ شێوەی گشتیی ڕابردووی گۆڕی و لە خزمەتکردن بەخاوەن هێز و چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگا، مەیلی بەڕووی چینی گشتیی خەڵک دا کرایەوە. شاعیران ئاوڕیان دایەوە لەکێشەو گرفتە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان و خەڵک چەقی ڕوانینیان بوو. خەڵکی لەو سەردەمەدا پشوویان لەژێر هەژاریی و نەزانیی دا لێبڕابوو. بەم پێیە ئەدەبیات و شیعر هەستی بەوە کرد کە دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی باری نالەباری خەڵک تێبکۆشێت.

---

[١]- محمد مندور، المسرح النثری، معهد الدراسات العربیة العالەمیة، مصر، ١٩٥٩، ص٣.

[٢]- عمر دقاق، المسرحیه الشعریة فی سوریة، المجلة (المعرفة)، العدد(٩٦)، شباط، ١٩٧٠، ص٣٧.

[٣]- پەروین عەبداللە، ڕەگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکی کوردیدا کرمانجی خوار ١٩٨٠-ڕاپەرین،چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٣٥.

[٤]- عەبدوڵلا ڕەحمان عەولا، شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا( باشوری کوردستان ١٩٢٥- ١٩٦١)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١، ل٩٨.

[٥]- عزالدین اسماعیل، الشعر عربی المعاصر، دار العوده، بیروت، ٢٠٠٧، ص٢٩ .

**قوتابخانەی مەتران (نوێبوونەوە):** "خلیل مطران" ی لوبنانی کە ڕابەر و پێشەنگی ئەم قۆناغە بوو. لە ساڵی "١٨٩٢"وە چووەتە میسر، ((مەتران لە ساڵی "١٩٠٠" دا لە گۆڤاری (المجلة المصرية ) دا بانگەشە بۆ ئازادکردنی شیعر لە کۆت و پێوەندەکان دەکات لە ڕێی سێ بابەتی سەرەکییەوە: پەیڕەوکردنی یەکێتی قەسیدە، نوێکردنەوەی ناوەڕۆک، ئاوێزانکردنی شیعری عەرەبی بە میتۆدە شیعرییە ڕۆژئاواییەکان))[1]، بە ڕاو بۆچوونی"خلیل مطران" ((شیعر دەبێت وێنەی ژیانی سەردەمەکەی بکێشێ))[2]، کە ئەمەش بەیەکەم هەنگاو هەڵگرتن دادەنرێت بەرەو ڕووناکبیری عەرەبی و ڕەتکردنەوەی کۆن و ڕووکردنە نوێ ((لەسەدەی بیستەم بزوتنەوەی نوێگەرایی لەساڵی "١٩٠٨" زاینیی لە لایەن خەلیل مەترانەوە دامەزرا . بابەتە بەرچاوەکانی ئەم بزاڤە، باوەربوون بوو بە ئەوەی کە ئەدیب لەژێر کاریگەری ژینگەکەیدایە و ئەمە بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆرشی ١٩١٩ز لە میسر و گەندەڵی سیاسی یارمەتیدەر بوو لەمەدا. لەم کاتەدا ئینگلیزەکان بۆ گۆڕینی مەیلی شاعیران بەلای بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا ستەمگەرانە هەڵسوکەوتیان دەکرد، بەم هۆیەش شاعیران ڕووەو شیعری دەروونی مەیلیان گۆڕی و دەستپێکی مەیلی ڕۆمانتیکی لە میسر بوو))[3].

شاعیر و ڕووناکبیرانی عەرەب لەڕێگەی ئەدەبیاتەوە بیریان لە درووستکردنی کۆمەڵگەیەکی نوێی میسری کردەوە، لەم قۆناغەدا بوو کە شاعیری میسری ((کەمال عەبدولحەلیم دەنگی هەڵدەبڕێت و هاواری چارەڕەشی و بەدبەختییەکانی مرۆڤ دەکات، شاعیرانی دیکەی وەک سەلاح عەبدولسەبوور و ئەحمەد عەبدولموعتی حیجازیش پێڕەوی ئەویان دەکرد))[4].

---

[1] - علي عباس علوان، تطور الشعر العربي الحديث في العراق، منشورات وزارة الاعلام – الجمهورية العراقية، بغداد،١٩٧٥، ص٣٤٢.

[2] - نەسرین ڕەئووف، ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا(١٩٢٠-١٩٥٨)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠، ل٣٢.

[3] - عزالدين اسماعيل، الشعر عربى المعاصر، ص٥٠.

[4] - محمد ابراهيم الشوقى، الوان من الادب الحديث فى سودان، الهيئة المصرية العامة الكتاب، ١٩٦٢، ص٧.

**قوتابخانەی دیوان:** بزوتنەوەیەکی ڕووناکبیری ئەدەبی بوو، مێژووی ئەم قوتابخانەیە لەبڵاوکردنەوەی ((کتێبی (دیوان)وە لەساڵی ١٩٢١ز دەست پێدەکات پێڕەوانی ئەم قوتابخانەیە بەرهەمەکانیان ڕەنگدانەوەی تێکەڵکردنی هەردوو ڕووناکبیری عەرەبی و ڕۆژئاوایی بوون و کاریگەربوون بە شاعیرانی ناوداری وەکو شکسپیر و شیللی وبایرۆن ووۆردس و کۆلدرج و ... هتد))[1]. ئەم قوتابخانەیە کاریگەرییەکی قووڵی هەبوو لەسەر ڕەوەندی ئەندێشەیی و ڕووناکبیری خەڵکی میسر و یەکێک بوو لە هۆکارەکانی نووسینی هونەری و پێشکەوتنی ئەندێشەیی، دیارترین ڕابەرانی ئەم بزوتنەوەیە بریتیبوون لە ئەدیبانی وەک(("عباس محمود عقاد، ابراهیم عبدالقادر مازنی، ضیاء ڕافعی، سلامە موسا و عبدالرحمان شوکری" و دەیانی دیکە لە ئاڵا هەڵگرانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری و پەخشانی عەرەبی دەرکەوتن و بووە هۆی گەشەی قووڵی ئەندێشە، لێرەوە ڕێگاکانی پێوەندی بە ڕۆژئاواوە فراوانتر بوون، لەکۆتاییدا ئەم پێشکەوتنەی ئەندێشە کاریگەری هەبوو لەسەر بزوتنەوەی ڕووناکبیری و ئەدەبی عەرەبی))[2].

**قوتابخانەی شاعیرانی تاراوگە:**

لە باسی بزوتنەوەی ڕووناکبیری و گەشەسەندنی ئەدەبی عەرەبیدا، ((ئەدەبیاتی تاراوگە شوێنێکی پڕ بایەخ و گرنگی هەیە. سەدەی بیستەم بە سەرەتای پەیدابوونی شاعیرانی تاراوگە دادەنرێت، لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیشدا بە ئاشکراتر بەدیارکەوت))[3]، ئەمانەش ئەو شاعیرانە بوون کە بەهۆی باری ناهەمواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری.....هتد، ڕوویان لە کیشوەری ئەمریکا کرد دیارترین شاعیرانی ئەم قووتابخانەیە ((جبران خلیل جبران ،ئیلیا ابو مازی، امین ریحانی، میخایل نعیمە بوون، ئەم شاعیرانە هەوڵێکی زۆریان داوە لە ڕێگەی بڵاوکراوەی تایبەت

---

[1] - یادگار ڕەسوڵ باڵەکی، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی، ١٨٩٨-١٩٣٢، چاپا ئێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٤.

[2] - محمد مصطفی هدارە، دراسات فی الادب العربي الحدیث، ص٢٦٨.

[3] - عبدالطیف بندر ئۆغلۆ، اشارات اولیة فی الشعر الترکی، منشورات دار الجاحز للنشر، بعداد، ١٩٨٣، ص١٧.

**بە خۆیانەوەو بە کاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوا گۆڕانکارییەکی باش بەسەر ڕەوتی شیعری عەرەبیدا بهێنن))[1].**

**لە عێراقدا دوابەدوای ساڵی (١٩٠٨) کۆمەڵێک شاعیر هەڵکەوتن، لەوانە: (("عبدالموحسین کازمی" کە بانگی چاکسازی هۆشیارکردنەوەی دەداو (جەمیل سدقی زەهاوی)یش بە ئاسانی و ڕوونی دەربڕین هەوڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی دەدا. هەروەها "مەعروف عبدالغنی رەسافی" یش کە بەشاعیرێکی سیاسی ناسرابوو، بەشیعرەکانی دژی داگیرکەرو دەستبەسەرداگرتنی ڕووحی نەتەوەی عەرەبی دەجەنگا))[2].**

## کۆمەڵەی شاعیرانی ئەپۆڵۆ:

**ئەم کۆمەڵە ((لەساڵی ١٩٣٢ز دامەزرا، لەلایەن (ئەحمەد زەکی)ەوە، کە ناسرابوو بە (ابو شادی)، لەدوای گەڕانەوەی لە ئینگلتەرا کۆمەڵێک نوسەر و شاعیری عەرەبی لەدەور کۆبوونەوە، (احمد شوقی و خلیل مەتران)، لەدامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە بوو بوون))[3]. ئەدیبان و شاعیرانی ئەم کۆمەڵەیە، هەموویان کۆکبوون لەسەر ئەوەی بەرگری لەکەس و خەڵکە هەژار و چەوساوەکان بکەن و ((دژی چەوساندنەوەی تاکەکەسی بوەستن و هاوڵاتیان لە دژی داگیرکەران هان بدەن و زەمینەی ڕاپەرین بسازێنن و بەگژ گەندەڵی سیاسی کۆمەڵایەتیدا بچنەوەو بێ هیچ جیاوازییەکی چینایەتی کۆمەڵایەتی گوزارشت لە هاوڵاتیان بکەن))[4]، لەپێناو ڕووناکبیرکردن و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگادا، کە ئەمە تایبەتمەندی دیاری ڕووناکبیرانەی پەیامی شیعری شاعیرانی ئەم کۆمەڵەیە بوو.**

---

[1]- سامر فاضل عبدالکاظم، مفاهیم حداثة الشعر العرقبی فی القرن العشرین، نشر دار الرضوان، عمان، ٢٠١٢، ص١٢٢.

[2]- یادگار ڕەسوڵ باڵەکی، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی، ل٢٥.

[3]- یوسف ئەحمەد محەمەد، شیعری کوردی لەژێر چەمکی ریالیزمدا(١٩٠٠-١٩٥٠)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٢٩.

[4]- www.arbysoft.com.

**قوتابخانەی شیعری ئازاد:**

ئەو ڕوداوانەی کە لەپاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە سەریان هەڵدا، بوونەهۆکار بۆئەوەی گۆڕانکاری گەورە بەسەر ئەدەبیاتی عەرەبیدا ڕوویدات، ئەو ڕووداوانە زەمینەخۆشکەر بوون بۆ هاتنە کایەی ئەدەبیاتێکی نوێ کە گوزارشت لەواقیعی کۆمەڵگای عەرەبی بکات. لە هەمانکاتدا دەربڕینێک بێت لە ئێش و ئازار و ناخۆشیەکانی تاکی کۆمەڵگای عەرەبی، سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم شێوازە نوێیە دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتانی عێراق و میسر و سوریا و لوبنان، ((یەکەم بانگەوازی هۆنراوەی سەربەست کە لە ئەدەبی عەرەبیدا لەساڵی (١٩٤٩)دا لەلایەن "نازک الملائکە"وە بڵاوکرایەوە))[١]. لە پاش ئەوەی (نازک الملائکە و بەدرشاکر سیاب) هەوڵێکی زۆریان لەپێناو چەسپاندنی بنەماکانی ئەم قوتابخانە نوێیە دەدا. کە دواتر بووە ((بەیەکێک لە سیما سەرەکییەکانی ئەدەبی عەرەبی کە شاعیرانی وەکو عەبدالوهاب بیاتی لە عێراق و سەلاح عبد الصبوری و احمد عبد الموعطی حیجازی لە میسر و خلیل حاوی لە لوبنان، محمد الفیتوری لە سودان و فدوی طوقان لە فەلەستین...))[٢]، کە هەموو ئەم شاعیرانە کاریگەریی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایان لەسەر بووە ((بەتایبەتیش ئەدەبیاتی ئینگلیزیی و بە بنەمای ئەو گۆڕانکارییانەی شۆڕشی فەرەنسی بەجیهانیدا بڵاوی کردبووەوە))[٣]، لێرەشەوە بەپەیامی شیعری خۆیان کۆمەڵگایان هۆشیاردەکردەوە لەو پێشکەتن و گۆڕانکاریانەی لە دونیادا ڕوویان دەدا.

## دووەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری لەئەدەبیی فارسیدا:

پێویستە سەرەتا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە مێژووی شارستانیەتی ئێران بەچەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەربووە، ئەمە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری و گۆڕانی بنچینەیی لە فیکری ڕووناکبیران و شاعیران و ئاینزاکان و سیاسییەکاندا.

---

[١]- دڵشاد علی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ١٩٩٨ ل ١٤٩.

[٢]- المدرسة الواقعیە www. Google serch. Com

[٣] - هەڤاڵ ئەبوبەکر، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە شیعری کوردیدا، ل ١٠١.

بزوتنەوەی مەشرووتە پێش ئەوەی بەتەواوی ڕابوونێکی سیاسی بێت، لەدایکبوونی جوڵانەوەیەکی تەواو کۆمەڵایەتییە لە ئێراندا. ڕووداوگەلێک کە لەسەدەی هەژدەهەمی زایینی لە ئێراندا ڕوویاندا، پلە پلە پێوەندی ئێرانییەکانی بە شارستانێتیی ڕۆژئاواوە بۆ پێشەوە برد، ئەم پێوەندییە هێڵی فکریی ڕووناکبیرانی ئێران بە ڕۆژئاواوە پێوەست کرد، چونکە((شۆڕشی مەشرووتە بەهەموو چاکەو و کەمو کورتییەکانیەوە، دیاردەیەک بوو مێژووی ئێرانی لەڕەوتی خۆی لاداو بۆمبایەکی لە دڵی ئێراندا تەقاندەوە))[1]، مێژووی ئەم بزوتنەوەیە، ((لە ساڵی ١٩٠٦ دا دەستی پێکرد))[2]، گۆڕانکاریەکی گەورەی لەزۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی ئێرانیدا دروستکرد، کە پەیوەندییە بازرگانی و سیاسییەکانی ئێران ڕەوەندی پەیوەندیدار، کە پێشتر دەستی پێکردبوو خێراتر کردەوە. ((تێپەڕاندن لە ئابوری خۆبژێوییەوە بۆ ئابوری پەیوەست بە هاوردەکردنی کاڵای نەختینەیی و زۆر بوونی هەناردەکرنی مادەی خاو لە جێی بەرهەمی پیشەسازی ناوخۆ و زۆربوونی بێکاری لە نێو چینی جووتیار و پیشەگەرەکاندا، هەروەها زیانی گەورەی دارایی بۆ بازرگانەکان لەگەڵ خۆی هێنا. بۆ زۆرێک لە ڕووناکبیر و بازرگانان بوو بە پرسێکی تەوەرەیی، کە چۆن بتوانرێت وڵات بەشێوەی ئەوروپا نۆژەن بکرێتەوە))[3].

لە لایەکی دیکەوە ئاڵوگۆڕی کلتوری نێوان ئێران و ئەوروپا لە سەردەمی قاجارەکاندا ڕووی لە زیادبوون کردو ئێرانییەکان زیاتر ئاشنای بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایی لە بوارەکانی پیشەسازی و سەربازیدا بوون. گەشتی خوێندکارە ئێرانییەکان بۆ ئەوروپا و دروستکردنی خوێندنگە لەسەر ڕێچکەو شێوازی نوێ، جۆری تێڕوانینی کۆمەڵی وردە وردە گۆڕی و لەم نێوەندەدا، دەستێوەردانە شاراوەو ئاشکراکانی وڵاتانی ڕووسیا و ئینگلیزی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە دیاریکردنی گوتاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەژموندار بەسەر ئێراندا، بەشێک لە هەوڵەکانی ڕووناکبیران و شاعیران و ئەدیبان لەم قۆناغەدا بۆ داڕشتنەوەی شانازییەکانی ئێران لە ڕابردوودا بە ئاراستەی چەمکی نوێی نیشتمانی و

---

[1]- ئەبوبکر خۆشناو، لێکچون و جیاوازییەکانی نوێکردنەو لای گۆران و نیما یوشیج، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٨، ل١٤٥.

[2]- هەڤاڵ ئەبوبکر، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە شیعری کوردیدا،چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٠،ل١٣٥.

[3]- خاتوو ژانت افاری، انقلاب مشروطەی ایران، ترجمەی رضا رضایی، نشر بیستون، ١٣٨٥، ص٣٥.

نەتەوەیی وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر ئەم جۆرە لە دەست تێوەردانە دێتە هەژمار، فراوانبوونی ڕۆژنامەکان لەسەردەمی مەشرووتە دا بە ڕووداوێکی بەرچاو دێتە هەژمار کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئەدەبیات و بزوتنەوەی ڕووناکبیری ئەم قۆناغە و هەروەها بەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتیی ئێرانەوە بوو.

بە پێچەوانەی هەندێک لە شارستانێتیەکانەوە کە هەمیشە لەهەوڵی بنیادنانی جۆرێک لە بەربەستبوون بۆ ئەوەی خۆیان لە جیهانی دەرەوە داببڕن، شارستانێتی ئێرانی کە مێژوویەکی هەزار ساڵەی هەبووە، بەردەوام لەدانوستاندا بووە لەگەڵ کلتوری دەوروبەرداو مامەڵەیی نێوەند گیری کردووە، ((تا سەردەمانێک کە ئەم ئاڵوگۆڕ و دانوستانە لە پانتایی جیهاندا بەردەوام بوو ئێرانییەکان ئەڵقەی نێوەندگر و گوێزەرەوە و هەڵگرو وەرگری ئەم گەڕ"خول"ە پرژاوە کلتوریە بوون لە پانتای جیهاندا، سەرەڕای ڕووداوە تاڵ و بە ئازارەکانی هێرشی مەغۆل و وێرانکارییەکان و سڕینەوەی ژیاری لەلایەن هۆزە تالانکەرو کۆچەر و بیانییەکان، کە لە باکووری ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای دەریای خەزەرەوە بۆ ناوەندە جێگیر و جێ ژیارییەکانی ولاتی ئێران هێرشیان دەهێناو ڕیسی بە شارستانی ئێرانیان دەکردەوە بە خوری، بەلام کلتوریی ئێرانی بە درێژایی مێژووی خۆی، بۆ یەکەم جار لە دانوستانی فەرهەنگی لەگەڵ فەرهەنگێکی تازەپێگرتووی بەتوانا لە جیهاندا، بەجێما و نەیتوانی وەک ڕابردوو، پێوەندییەکی بەرامبەریی بەهێز و کلتورسازی بنیاد بنێت))[١].

قۆناغی پڕ لە جموجۆڵی کۆتایی ((سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینی کەهاوکات بووە لەگەڵ کۆتای دەستەلاتی قاجارەکان لەئێران و شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ماوەی سەرهەڵدانی نوێکردنەوەی شیعری فارسی و بزوتنەوەی ڕووناکبیری بوو. ڕووداوە ڕامیاری و کۆمەلایەتی و کلتورییەکانی ئەم سەردەمە و لەسەروی هەموویانەوە شۆڕشی مەشرووتەخوازی ئێران ڕۆڵێکی گرنگیان لەدایک بوونی سەردەمێکی نوێیی ئەدەبیدا

[١] - محسن ثلاثی، جهان ایران و ایران جهانی، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٦، ص٣٢.

هەبوو))[1]. لەم نێوەندە دا مەیدانی ئەدەبیاتیش هاوکات وەک کەژاوەیەک بۆ بیرمەندان و ڕووناکبیران و شاعیران دێتە هەژمار، هێدی هێدی دەکەوێتە بەر گۆڕانی جۆراوجۆر، ((ئەدەبیاتی ئێران بەگشتی و شیعر بە تایبەتی، لەم گەڕەدا، پەخشان و هەڵبەستی فارسی چ لەڕووی ڕێبازەوە، یان چوارچێوەوە، تووشی گۆڕان بوو))[2]. نووسەران و شاعیران گرنگییەکی جدیی بە سادەنووسیی و نزیکیی دەدەن لە نێوان خەڵکی سادە و ئەدەبیاتدا، چونکە لەم سەروبەندەدا بوو، مەیلی شیعری فارسی بەلای سادەیی و بەکارهێنانی چەمکی نوێ و ئەنجامی ئاگایی شاعیرانە بە پێویستییەکانی کۆمەڵگا، بووە هۆی ئەوەی شاعیران دەربار و دیوەخانی بەگزادەکان جێبهێڵن و بچنە نێو خەڵکەوە، بۆ یەکەم جار مەودای نێوان هونەرمەند و خەڵک هەڵگیرا، زمانی شیعر نزیکبووەوە لەزمانی خەڵکەوە، بەردەنگەکانی شیعریش زیاتر خەڵکانی سادە بوون. پێویستیی بە زمانی سادە و خێرایی گەیاندنی زانیاریی بەخەڵک، ڕۆژنامەی هێنایە ئارا. ڕەوەندی ڕووناکبیری لەبەرکەوتنی لەگەڵ بابەتی عەقڵانی و پێشکەوتنی ڕۆژئاوا، بەزۆری دۆخەکەی ڕادەکێشا بەرەو بەراوردی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لەم ڕووەوە ئەم بەراوردە، ڕوانگەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی وەردەگرێت، شیعری مەشرووتەش کەیلی ئەم جۆرە لە بەراوردە بوو، ((شیعری ئەم ماوەیە خۆی بەسەر ستوونی ڕۆژنامەکاندا سەپاند و بووە ئامرازێکی تایبەتی دەربڕین، لەخزمەت ئاڵوگۆڕە ڕووناکبیری و کلتووری و کۆمەڵایەتییەکاندا))[3].

لەم قۆناغەدا ڕۆژنامەکان جێگای کتێبەکانیان گرتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کتێب بایەخی نەمابێت. ((ڕۆژنامەگەری ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لەگەشەپێدانی شیعر لەم قۆناغەدا))[4]، هەرچەند زمانی بڵاوکراوەکان سادەتر و نزیکتر بوایە لەزمانی خەڵکەوە، خوێنەرێکی زیاتری دەبوو، ((بەم هۆیەوە بوو لە بواری پەخشاندا، تەنزی

---

[1]- MACHALASKI, F., La Literature de l Iran contemporin, vol. I, Krakow, Drukania, Uniwersytu, 1965, pp. 7-20.

[2] - محەمەد ئەمین محەمەد نوری ئەمین، شەقڵی نوێ خوازی لە شیعری کوردی و فارسی سەدەی بیستەمدا (١٩٠٠-١٩٧٥)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی، ٢٠٠٤، ل٣.

[3]- ئامر طاهر، نیما یوشیج و عەبداللە گۆران نوێکردنەوە و دابڕان، چاپا ئێکێ، چاپخانەیا حەجی هاشم،هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٨.

[4]- محەمەد ئەمین محەمەد نوری ئەمین، شەقڵی نوێ خوازی لە شیعری کوردی و فارسی سەدەی بیستەمدا (١٩٠٠-١٩٧٥)، نامەی ماستەر، ل١١

بالاّی عەلی ئەکبەری دێهخودا لەژێر ناوی هەڵیت و پەڵیت، لەڕۆژنامەی (صوراسرافل) سورەی ئیسرافیل دا چاپ دەبوو، سەرەنجی خەڵکی ڕادەکێشا و لە بواری شیعریشدا، شیعرە گاڵتەئامێزەکانی سەید ئەشرەفەدینی حوسەینی کە ڕەخنە بوون لە دۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، خێرا لەنێو خەڵکدا بلاّودەبووەوە. پێشوازی خەڵک لە زمانی سادە و بێپەردەی ڕۆژنامەکان بووە هۆی ئەوەی پتر شاعیران ، شیعرەکانیان لە بلاّوکراوەکاندا چاپ بکەن. بەهار، شیعرەکانی خۆی لە "نەوبەهار و دانشکەدە"دا چاپ دەکرد و شیعرەکانی سەید ئەشرەفەدینی حوسەینی لە "نەسیمی شومال" و عەشقییش لە "قەڕنی بیستەم" دا، فەروخی یەزدی لە "تۆفان" ئەدیبی و مەمالیک فەراهانییش لە ڕۆژنامەی مەجلیس دا چاپ دەبوو))[1].

کەموکوڕییەکان و ناڕەزایەتییەکان و کرانەوەی مەوداکان لە نێوان چینی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا کە شازادەکانی قاجارەکان بوون، خەڵکی سادە، ئەدەبیات بە گشتی و شیعری گاڵتە ئامێزی دەکردە ئامرازی کاردانەوە. هەرلەم قۆناغەدا ((ڕۆژنامە،کتێب، پەیام و ڕاگەیەنراوە جیاوازەکان، لە دژی تاکڕەوی و داگیرکاری لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا بلاّوبووەوە و بایکۆتی کالاّی بێگانە، شێوەیەکی گرنگ و نوێی لە بەرەنگاری ئەم قۆناغەدا نیشاندا. لەم ڕێگەیەدا بە هەوڵی بازرگانانی ئێران و پشتیوانی پیاوانی ئاینی و ڕۆشنبیرەکان، ئەنجومەن و کۆمپانیای جیاجیا بۆ ئامانجێکی هاوبەش، لە ناوچە جیاوازەکانی وڵات، لە ئەسفەهان، یەزد،تاران، مەشهەد و شارەکانی دیکە چێ بوون، ئامانجی هەموویان فەراهەمکردنی دۆخێکی گونجاو بوو بۆ پەرەپێدان و زیادکردنی وەبەرهێنانی کالاّی ئێرانی و بایکۆتی کڕین و فرۆشتنی کالاّ بیانییەکان))[2].

برەودان بە بلاّوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە سەردەمی مەشرووتەدا، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، دەبێت وەک خاڵی وەرچەرخانی مێژووی سیاسیی - کۆمەڵایەتیی لێی بڕوانین، چونکە ئەوە چاپەمەنییەکان بوون کە لە زۆرێک لە بوارەکاندا بوونە پەرەپێدەری بیری ڕووناکبیرانە و نوێی لە نێو کۆمەڵگادا. ڕۆژنامەکان لە سالاّنی بەکۆتاهاتنی مەشرووتەدا، بە زۆری لە دەرەوەی ئێران چاپ و بلاّودەبوونەوە، بەم هۆیەش هەڵگری بیری نوێی ڕۆژئاوایی بوون.

---

[1]- حجت الله اصیل، مفاهیم سیاسی و اجتماعی در شعر مشروطیت، انتشارات کویر، تهران، ۱۳۹۰، ص ۱۳.

[2]- احمد مجد الاسلام کرمانی، سفرنامەی کلات: گوشە ای از تاریخ مشروطیت ایران، مقدمە و حاشیە محمود خلیل پور، دانشگاه اصفهان، ١٣٥٦، ص٣١٥.

چاپی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بووە هۆی ئەوەی شاعیران و نووسەران بێنە دەرەوە لە دەربار و دەستهەڵگری پیاهەڵدان بن. بەجۆرێک کە لەسەردەمی مەشرووتەدا تێکۆشان لەپێناو ئازادیدا گەیشتە تروپک، ئیدوارد براون ((پێڕستی "٣٧١" بڵاوکراوەی ئامادەکردووە، کە تا نزیک ساڵی "١٩١٢" زایینی بڵاوکراوەیان هەبووە. لەم ژمارەیەدا، شەش بڵاوکراوە بە زمانی تورکیی ئازەریی، شەش بە زمانی ئەرمەنیی، چوار بە زمانی ئاشووریی و یەکێک بە فەرەنسیی و یەکێکی دی بە چوار زمانی فارسیی و عەرەبیی، تورکیی و فەرەنسیی، ئەوانی دیکە هەموویان بە زمانی فارسیی بڵاوبوونەتەوە. لەسەرەتادا مێژووی چاپەمەنییە فارسییەکان کە نزیک ساڵی"١٨٣٨" زایینی، دەستپێیکرد، تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەگشتی "٣٩" ڕۆژنامە و بڵاوکراوە لە ئێران و دەرەوەی ئێران بڵاوبوونەوە. دەرکەوتنی "٣٢٢" بڵاوکراوە لەماوەدای نێوان ساڵانی (١٩٠٠ تا ١٩١٢)ی زایینی، پیشاندەری ڕۆڵی مەزنی چاپەمەنییەکانە لە هۆشیارکردنەوەی هزرەکاندا، لە سەردەمی مەشرووتییەتدا. بەر لەدەرکردنی فەرمانی مەشرووتییەت، جگە لەحەوت ڕۆژنامە (ئەختەر، حیکمەت، سورەیا، پەروەرش، حەبلی مەتین و ئیرشاد) کە لەدەرەوەی وڵات بڵاودەبوونەوەو دەیانتوانی ڕاشکاوانە لەدۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئێران ڕەخنە بگرن، بڵاوکراوەکانی دیکە، لەگەڵ ئەوەی کە ناونیشانی میلەتیان هەبوو، لەڕاستیدا سەر بەحکومەت بوون و بواری ئازادی دەربڕینیان نەبوو))[1].

ڕووناکبیران و مەشرووتەخوازەکان، وەک سەکۆیەک بۆ بەرەنگاری لەهەمبەر پێکهاتە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا، کەڵکیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وەردەگرت، ئەم بزاوتە شۆڕشگێڕییە خۆڕسکانە لەنێو ژینگەی ئەدەبیی وڵاتدا ڕەنگیدایەوە و خێرا گروپێک لە نووسەران چوونە بەرەی ئازادیخوازانەوە و لەگەڵ دەستپێکی مەشرووتییەتدا، دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسا کە ئازادانە و ئاشکرایانە لەڕێگەی خامەکانیانەوە بچنە نێو بەرەنگارانەوە. بەڵام ئازادیخوازان دۆخێکی نادیاریان هەبوو، چونکە ئامێرەکانی چاپ و کاغەز و پێویستیی چاپەمەنییەکان، بە دەست دەوڵەت و تاکڕەوەکانەوە بوو، لەگەڵ ئەمانەش دا، بانگەشەو بەرەنگارییە خامەییەکانی ئازادیخوازان لەڕۆژنامەکاندا شوێن

---

[1]- حسن جوادی، تاریخ طنز در ادبیات ایران، انتشارات کاروان، تهران، ١٣٨٤، ص١٦٩-١٧٠.

پێی خۆیان پتەو کرد. لەم ڕێگەیەوە ئەدەبیاتی سەردەمی ئینقلاب لە چوارچێوەیەی تەنگی گۆڤارەکاندا، کە تاکە ئامرازی بڵاوکردنەوەی بیروڕا بوون، سنووردار مایەوە. بەجۆرێک کە دەشێت بوترێت، ((لەم قۆنەغەدا، هیچ جۆرە کتێب، یا نامیلکەیەکی ئەوتۆ لەدایک نەبوو. پاش ڕاگەیاندنی مەشرووتییەت و ئازادی چاپەمەنی، ژمارەی ڕۆژنامەکان ڕوویان لە زیادبوون کرد و دەیان ڕۆژنامە لەتاران و ڕەشت و تەورێز و شارەکانی دیکەی ئێران بڵاوبوونەوە))[1].

ڕەنگە لە نێو چاپەمەنییە گرنگەکان دا، بتوانرێت "صور اسرافیل و حبل المتین" وەک دوو ڕۆژنامەی زۆر کاریگەر لەقۆناغی مەشرووتییەتدا ناو ببرێن. ((صور اسرافیل کە لە"٣٠" سی مانگی مەی ١٩٠٧) دەستی بەکارکرد، لە چەند هەفتەیەک دا بوو، بەڕادیکاڵ خۆشزمان دەرکەوت، هاوکات پڕخوێنەریش بوو. "صور اسرافیل" بەهۆی بابەتی گاڵتەئامێزی "هەڵیت و پڵیت" ەوە کە عەلی ئەکبەری دێهخودا دەینووسی، لەیادەکاندا ماوەتەوە))[2].

"صور اسرافیل" بۆ یەکەمجار، توانی ئەو مەودا گەورەیەی نێوان خەڵکی شار و ڕووناکبیرە ڕادیکاڵەکان کەم بکاتەوە. نووسەر و ڕووناکبیر (دێهخودا) زۆرێک لە نەریتە کۆمەڵایەتی، سیاسیی و فەرهەنگییەکانی ئێرانی خستەبەر ڕەخنەو داشۆرین. ((ئەم ڕۆژنامەیە لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ ڕۆژنامەی"ملا نەسرەدینی قەفقازدا" لێکچون و هاوئاهەنگی هەبوو، بەواتایەکی دیکە لێکچوونی ئەم دووانە، نزیکی نووسینەکانی هەردوو نووسەر (دێهخودا و محەمەد قولیزادە) تەنیا هاوبەشی لە بابەتدا نەبوو، بەڵکو لە ڕێباز و شێوەی هونەریی داهێنانی شێواز و کاراکتەرەکاندا، لە هەڵبژاردنی بوار و ژینگەی گونجاودا، ڕازاندنەوەی چوارچێوەی چیرۆک، لەپەرەپێدانی بابەت و ئەنجامیش دا هاوئاهەنگییەکی پتەویان هەبوو))[3].

---

[1]- یحیی أرین پور، از صبا تا نیما تاریخ ١٥٠ سالەی ادب فارسی، انتشارات زوار، تهران، ص ٢٦.

[2]- رضا براهنی، قصە نویسی، انتشارات اشرفی، تهران، ١٣٦٩، ص٥٠٨.

[3]- یحیی أرین پور، از صبا تا نیما ١٥٠ سالەی ادب فارسی، ص٨٧.

پاش ((کودەتای٢٣/٦/١٩٠٨ کە ئازادیخوازان شکستیان هێنا و تا ڕادەیەک ئەنجومەنی نوێنەران لێکهەڵوەشا، ڕۆژنامە ئازادەکانی قۆناغی یەکەمی مەشروتییەت، لە نێویاندا بە نموونە "صور اسرافیل" بەتەواوی داخران، چونکە "محەمەد عەلی شا" لەبەڕێوەبەر و نووسەرانی ئەو ڕۆژنامەیە لەسەر دەربڕینە ڕاشکاوەکانیان و ڕەخنەگرتنی بێباکانەیان، ڕقێکی توندی لەدڵ دا بوو و هەمیشە لەهەلێک دەگەڕا، تا تۆڵەیان لێبکاتەوە. (میرزا جەهانگیرخانی شیرازی)یان ڕۆژێک دوای کودەتاکە، زۆر دڕندانە، لە"باغی شا" دا کوشت، بەڵام (دێهخودا) بەهۆی داڵدەدانییەوە لە نوێنەرایەتی ئینگلیز، ڕزگاری بوو، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە لە ئازادیخوازان بۆ ئەوروپا دوورخرانەوە))[1].

بڵاوکراوەی (حبل المتین) یش لە تهران ((لە ٢٩ ی ئەپریلی (١٩٠٧ز) دەسبەکار بوو، سەرنووسەرەکەی، سەید حەسەن کاشانی، برای "مؤیدالاسلام" بوو کە سەرنووسەری ڕۆژنامەیەک بوو بەهەمان ناوەوە لە شاری کەلکەتە" پایتەختی بەنگالی لە هندستان"، کاتێک گرێبەستی ساڵی (١٩٠٧) لەنێوان ڕووسیاو ئینگلیز دا واژۆکرا، حەبلی مەتین وتارگەلێکی ڕووناکبیرانەی لەسەر شرۆڤەو شیکردنەوەی سیاسەتە داگیرکارییەکانی بەریتانیا و ڕووسیا لەناوچەکە بەگشتیی و ئێران بە تایبەتی بڵاوکردەوە. (حەبلی مەتین)پاش کودەتای ساڵی(١٩٠٨ز) بڵاونەبووەوە، بەڵام کاتێک ناسیۆنالیستەکان لەزستانی (١٩٠٩)دا دەستیان بەسەردا گرت، بڵاوکراوەی (حەبلی مەتین) لەم شارەدا، بۆ ماوەی چوار مانگ و نیو، بڵاوبووەوە، پاشان لە هاوینی ساڵی "١٩٠٩" دا، لەگەڵ گەڕاوەنەوەی مەشرووتەدا بڵاوبوونەوەی "حەبلی مەتین" لە تاران دا دەستی پێکردەوە))[2].

هەرچەندە ڕۆژنامەکان لەم قۆناغەدا، هەوڵی خستنەڕووی ئایدیا و ڕەخنە لە واقعییەتی کۆمەڵایەتییان دەدا، بەڵام هەندێک کات دەکەوتنە گێژاوی پارادۆکسەوە، بەو شێوەیەی کە (ئاریان پوور) لە توێژینەوەکەیدا ڕوونی کردووەتەوە، زۆرێک لە نووسەرانی مەشرووتە لەگەڵ ئەو وزە و ویستەی کە هەیانبوو، بەهۆیی ناهۆشیاری لە دۆخی جیهان، لەنێوخۆدا سەرلێشواو و تیامابوون. ((زۆربەی ئەو ڕۆژنامانەی کە لە سەردەمی

---

[1]- سەرچاوەی پێشو، ص٩٤.

[2]- ژانت افاری، انقلاب مشروطەی ایران، ص١٥٨.

مەشرووتییەت دا دەرکەوتن، هەرچەند جگە لە خزمەتکردن بە خەڵک و نیشتمان مەبەستێکی دیکەیان نەبوو، ڕێگەی ڕاستی کارەکە و تێکۆشانیان نەدەزانی و هەریەک لە مەشرووتە و ئازادیی و یاسایان بە پێوەری حەز و سەلیقەی خۆیان و بە پێی زانیارییەک کە لەوەوبەر هەیانبوو هەڵیاندەسەنگاند و بەزۆری ئازادیی و زانست و پیشە و هونەر و ژیارییان تێکەڵدەکرد، لەجێی ئەوەی لەڕێگەی واتاوە هەریەک لەوانە بناسێنن، ڕۆژنامەکانیان پڕدەکرد لە دەربڕینی گشتی سەبارەت بە هەرپرسێک. شێوەی ڕۆژنامە گەرێتییان نەکوڵ و سەرەتایی بوو. لەڕوویەکەوە ڕێبازێکی داخراو و ئاڵۆز و پڕ لە جوانکارییەکانی" جوانکاری لە شیعردا" قۆناغەکانی پێشوو، بۆ گەیاندنی پەیامەکە و پرسەکانی ڕۆژ گونجاو نەبوو، لەڕوویەکی دیکەشەوە پەخشانی نوێ هێشتا جێگەی خۆی نەگرتبوو و نووسەران زانیارییە کۆن و سواوەکانی خۆیانیان سەبارەت بە حیکمەت و عیرفان و فەرمووده و پەند، لەگەڵ شیعری دیکەدا ئاوێتە دەکردو وتارێکیان لێ چاپ دەکرد، بۆ نموونە دوێنی سەبارەت بە زانست نووسی بوویان، ئەمرۆ سەبارەت بە ئەخلاق و سبەی سەبارەت بە ژیاریی و پیشەسازی و هونەر دەیاننووسی))[1]، (ئەحمەدی کەسرەوی)ش لەمێژووی مەشرووتییەتی ئێراندا، ((ڕاشکاوانە ڕەخنە لەهەندێ پارادۆکسی نێو ڕۆژنامەکان دەگرێت و لە ناهۆشیاری هەندێک لە ڕووناکبیران سەبارەت بە چەمکە نوێیەکان دەدوێت))[2]، بۆ ئەوەی بابەتیانە و زانستیانە نووسینەکانیان بڵاوبکەنەوە.

### دامەزراندنی "دارالفنون" و گەشتنامەی تاراوگەییەکان

دامەزراندنی "دارالفنون"،دەکرێت وەک یەکێک لەڕووداوە گرنگەکانی سەردەمی قاجارییەکان هەژماربکرێت، کە کاریگەری هەبوو لەسەر کەشی کۆمەڵایەتی ئێران. ((پاش ئەوەی ئەمیرکەبیر بۆ ڕوسیا گەشت دەکات بۆی دەردەکەوێت کە وڵات پێویستی بە خوێندنی باڵا هەیە، هەربۆیە لەگەڵ وەرگرتنی پلە و پایە دا، هەوڵی خۆی دا بۆ فەراهەم کردنی ناوەندێک، بەڵام بەداخەوە کە خۆی هەرگیز بینەری کردنەوەی ئەو ناوەندە نەبوو، چونکە یەکەمین دەستە بەسەرپەرشتی دکتۆر یاکوب ئیدوارد پولاک، دوو

---

[1]- یحیی أرین پور، از صبا تا نیما ١٥٠ سالەی ادب فارسی، ص٢٥٠.

[2]- سەرچاوەی پێشو، ل٢٥٣.

**ڕۆژ دوای دەستگیرکردن و دوورخستنەوەی ئەمیرکەبیر، گەیشتنە تاران و پێشوازییەکی گەرمیان لێنەکرا))[1].**

**دارالفنون ئاسۆیەکی ڕوون بوو بۆ ئێران کە بە تێکۆشانی ئەمیرکەبیر بنیادنرا، لەم خوێندنگە باڵایەدا هەندێک لە زانستی نوێ وەک وانە وترانەوە، دەرچووانی ئەم خوێندنگەیە، دوواتر لە پلە و پۆستی جیاجیا دا بینرانەوە، هەروەها گەشت نامەکانیش ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە وشیارکردنەوە و ڕووناکبیرکردنی کۆمەڵگەی ئێرانیدا.**

**وەرچەرخانێکی گرنگی سەردەمی قاجارەکان دروستکردنی چەند خوێندنگەیەکی نوێ بوو، چونکە هەرچەندە ئاماری خوێنەواران لە سەردەمی قاجارەکاندا لەبەردەست نییە، بەڵام دەکرێت مەزەندەی کەمی خوێنەوار لەو سەردەمەدا بکرێت. ((خوێنەوار بە واتا بنەکییەکەی لەکەمینەیەک دا سنووردار بوو، پێکهاتبوون لە هەندێک بەگزادە و ڕۆحانی. ناسناوی "میرزا" بە واتای "ئەمیر زادە" لە پێش ناوی کەسێک بوو کە توانای خوێندنەوەو نووسینی هەبوایە))[2].**

**لەم قۆناغەدا، بە ڕیزبەند کەسانێک کە بەشێوەی نوێی فێرکردنی ئەلفبێی ئەوروپا ئاشنابوون، کرانە ڕێکخەری فێرگە سەرەتاییەکان. (ئەحمەدی کەسرەوی)، کە خۆی ڕووداوەکانی مەشرووتەی لە نزیکەوە بینیووە، لەم بارەیەوە شرۆڤەیەکی تەواو دەکات و دەڵێت: ((حاجی میرزا حەسەن، یەکێک بوو لە مەلازادەکانی تەورێز لە گەنجیدا چووەتە بەیرووت و لەوێ فێرگە سەرەتاییەکانی بینیووە و شێوەی فێرکاری ئەوان فێربووە کە گەڕایەوە بۆ تەورێز بڕیاری دا لەسەر شێوەی ئەوان فێرگەیەکی سەرەتایی بکاتەوە، هەر بۆیە هاوشێوەی مەکتەبدارەکان، لە مزگەوتێکدا دەست بەکاربوو، هاوشێوەی ئەوان فێرخوازەکانی لەسەر زەوی دانیشاند. ئەلفبێی بەشێوەیەکی ئاسان و نوێ فێرکردن و لە کتێبە ئاسانەکان، وانەی فارسی وتەوە و فێرخوازەکانیشی پاک و خاوێن ڕادەگرت، لەکاتی هاتوچۆدا دەیخستنە ڕیزەوەو پێش هەموو شتێک، تابلۆیەک کە ناوی فێرگەی**

---

[1]- شهريار زرشناس، مبانی نظری غرب مدرن، انتشارات کتاب صبح، تهران، ١٣٨١، ص٨٧.

[2]- متين پيمان، انقلاب مشروطيت، انتشارات امير کبير، تهران، ١٣٨٢، ص١٤٥.

"ڕەشیدییە"ی لەسەر نووسرابوو، بەدەرگاکەدا هەڵواسی))[1]، بەم شێوەیە وردە وردە لەبەر ئاسانی شێوازی فێرکردنەکە، مەیلی خەڵکیی بەلای خۆیدا ڕاکێشا.

فێرگەکان ساڵ دوای ساڵ پتر دەبوون و دەبینین لەساڵی(١٩٠٠ )زایینی، چوار یا پێنج ساڵ بەسەر دەستپێکی درووستکردنی فێرگەکاندا تێدەڕێت، بیست و یەک فێرگە دەستبەکار بوون(حەڤدە لە پایتەخت و چواریش لە تەورێز و بووشەهر و ڕەشت و مەشهەد) و ئەمانە هەموو بەرهەمی خەڵک خۆیان بوون و خەرجیەکەشی هەر لە ئەستۆی خۆیان بوو و دەوڵەت هیچ ڕۆڵێکی تێیاندا نەبوو، (( تا ساڵی (١٢٨٥ک.ە) کە موزەفەرەدین پاشا، فەرمانی مەشرووتەی دەرکرد، فێرگەکان بایەخێکی زیاتریان پێدرا و، کەم شارێک هەبوون کە یەک یان دوو فێرگە پتریان تێدا نەبێت))[2]، لەم نێوەندەدا شاعیرانی سەردەمی مەشرووتەیش، سەبارەت بە دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردنی کۆن، ڕەخنەی جدییان هەبوو. ((ناسرەدین شا لەپشتگیری لەهەوڵەکان بۆ نوێ کردنەوەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ بەردەوام بوو، بەشێوەیەک بارودۆخ دەگۆڕا، سەرسورهێنەر بوون، لە ماوەی حکومڕانی بنەماڵەی قاجارەکان تەلەگراف، چاپخانە، ڕۆژنامە، خوێندنگای زانستی، ڕێگای ئاسن و دەیان دیاردەی نوێ هاتنە ناو ژیانی خەڵکەوە))[3].

بەپوختی دەکرێت گۆڕانکارییەکان ببەستینەوە بە چەند هۆکارێکەوە لەوانە دەرکەوتنی (ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و خوێندنگەی زانستی و ڕێگای ئاسن و چوونی خوێندکارەکان بۆ دەرەوەی وڵات و گەڕانەوە بۆ سەروەرییەکانی کۆن)، کە ئەمانەش هۆکاری سەرەکی بوون بۆ دەرکەوتنی بزوتنەوەی مەشروتیە، ئەم بزوتنەوەیە، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە بەرەو پێشچوونی بزوتنەوەی ڕووناکبیری فارسیدا، چونکە ئەم بزوتنەوەیە باش ئاگای لەگۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی دەرەوە بووە.

---

[1]- احمد کسروی، تاریخ مشروطەی ایران،انتشارات نگاه، تهران، ١٣٨٥، ص٢٩.

[2]- سەرچاوەی پێشو، ص٤٦.

[3]- ئەبوبەکر خۆشناو، لێکچوون و جیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای گۆران و نیما یوشیج، ل١١٦.

## سێیەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری لەئەدەبی تورکیدا:

بۆئەوەی مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری تورکی بزانین بەپێویستی دەزانین، لەڕێگای شیعرو ئەدەبیاتەوە دەستپێبکەین، لەبەرئەوەی بزوتنەوەی ڕووناکبیری تورکی بەشێوەیەکی گشتی بەهەوڵ و تێکۆشانی شاعیران و ئەدیبانەوە سەری هەڵداوە و بەردەوام لە نوێبوونەوە و گەشەسەندندا بووە، ئەمە بەو مانایە دێت کە شاعیران و ئەدیبان کۆڵەکەی سەرەکی بزوتنەوەی ڕووناکبیری تورکی بوون، بەکاریگەریی ئەوروپاو لەڕێگای ئەو تەوژمە فیکرییانەی ئەوروپادا کە ڕێنیسانس و شۆڕشی بۆرجوازی دەگەیشتنە تورکیا و کاریگەرییان لەسەر بزوتنەوی ڕووناکبیری تورکیا هەبووە.

شاعیران و ڕووناکبیرانی عوسمانی، ((تا سەدەی شانزەیەم لە ژێر کاریگەری ئەدەبیات و ئەندێشەی ڕووناکبیرانی ئێراندا بوون، لەساڵی ١٥٢٠ز، بەدواوەو هەتا سەدەی نۆزدەهەم ئەندێشەی ڕووناکبیرانی عەرەب کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لەسەر شاعیران و ڕووناکبیرانی تورک، بۆیە شاعیرە نوێخوازو ڕووناکبیرەکانی تورک بەبەردەوامی کەوتنە بەربەرەکانی کردنی و لە کۆتایشدا پێگەیان کەم کردەوە لەساڵی(١٨٣٠)، ڕێبەرانی ئەم بزوتنەوە نوێیەی ئەدەبیات، (ئیبراهیم شناسی، زیاءپاشا و نامیق کەمال) بوون. کە لەژێر کاریگەری ڕۆژئاوادا و بە تایبەت فەرەنسا و چەمکی نوێگەرایی و ڕووناکبیریی و نەتەوەگەراییدا بوون))[1]، بەو هۆیەشەوە لە تورکیا هەوڵی پێشخستن و گۆڕانکاریاندا، هەر لەژێر ئەو کاریگەرییەدا ((یەکەمین ڕۆژنامەی ئەهلی لەلایەن شاعیر و ڕۆژنامەنووس و خۆرئاواخواز ئیبراهیم شناسییەوە لە ساڵی (١٨٦٠)دا بەناوی (تەرجومانی ئەحوال) بڵاوبووەوە، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە گواستنەوەی ژینگە و بارودۆخی ئەوروپا بۆ ناوخۆی وڵات))[2]، ئەم ڕۆژنامەیە هەر لەسەرەتاوە بۆخۆی سیمای ڕێچکەیەکی ئەدەبی نوێ و بزوتنەوەی ڕووناکبیری وەرگرتبوو. بۆ ئەم مەبەستەش شاعیران و ڕووناکبیران چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و کۆمەڵەو گروپی ئەدەبی و ڕووناکبیریان دامەزراند.

---

[1]- انور ضیاء قارال، تنظیمات اول غربلی لاشما حرکتلری، استنول، ١٩٤٠،ص٢١-٢٢.

[2]- ئەحمەد تاقانە، تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل٧ .

لەپێش کۆتایی هاتنی سەدەی نۆزدەهەم و لە سەرەتای دەستەڵاتی سوڵتان (("عبدالحمید" دا کۆمەڵە ڕووناکبیری و کاربەدەستانی ئەو سەردەمە کاریگەربوون بە گیانی ڕووناکبیریتی ئەوروپاو بیر و هزریان زاخاو درابوو بەبیری پێشکەوتووخوازانە، لەوانەش ( ڕەشید پاشا) ڕۆڵێکی دیارو کاریگەری هەبوو لەوەی کە ( سوڵتان عبدالحمد) لە (۳) تشرینی دووەمی ساڵی (۱۸۳۹ز)دا فەرمانی لەژێر ناوی (کلخة خط همایونی)، کە بە(فرمانی تەنزیمات) ناودەبرێت و دواتر ئەدەبیاتی تەنزیماتی لێ درووست بوو))[۱].

**کۆمەڵەی تەنزیمات:** ئەدەبی تەنزیمات لەساڵی (۱۸٦٥)وە دەست پێدەکات بۆ ساڵی ۱۸۹٥)، لە ئەنجامی ئەو ((بیرۆکانە پەیدابوو کە لەکۆمەڵگایی تورکیدا بڵاوبووەوە پێویستی بەگۆڕانکاری بوو، ئەمەش لەپێناو خزمەتکردن بوو بەمرۆڤ و بیرکردنەوەیەکی نوێی پێڕەوکردنی زمانێکی سادەو ئاسان بوو))[۲]، لێرەوە نوسەران و ڕووناکبیرانی تورک بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە ((سەرجەمی ئەدەبیاتی ڕۆژهەلاتی دەبێت ڕەتبکرێتەوە بەو هۆیەی ئەدەبی تورکی لەژێر کاریگەری فارسیدا نوقم بووە، بۆیە دەبێت هەوڵبدرێت ڕەوانی زمانی فەڕەنسی تێکەڵ بەزمانی تورکی بکرێت، بەهەمان شێوەش کۆمەڵ و ڕێکخراوە ئەدەبییەکانی پێشوو دەقاو دەق بابەتی شانۆگەری و چیرۆک و ڕۆمان و ڕۆژنامەگەرییان لە ئەدەبی ئەوروپاییەوە هێناوە ناو ئەدەبیی تورکییەوە))[۳].

**ئیبراهیم شناسی** (۱۸۲٥-۱۸۸۰ز) کە بنیادنەری ئەدەبیاتی نوێیە، لەفەڕەنسا خوێندنی تەواو کردووە و کەوتبووە ژێر کاریگەری ئامانجەکانی شۆڕشی فەڕەنسا و نەتەوەگەراکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، شناسی و پێڕەوانی توانیان خۆیان لە دەستی ئاڵۆزییەکانی زمانی ناڕێکی تورکی و کاریگەری فارسی و عەرەبی رزگار بکەن، لەگەڵ ئەوەدا ئەدەبیاتی کۆن لە قۆناغی دووەمی تەزیمات دا زیندوو کرایەوە.

**زیاء پاشا** (۱۸۲٥-۱۸۸۰ز) یەکێک لە هاودەمانی شناسی بوو، ئەگەرچی شارەزای ئەدەبیاتی عوسمانی بوو، بەڵام بە وەرگێڕانەکانی کە شاکارەکانی فەڕەنسییەکان بوون،

---

[۱]- امال الدین احسان، من الادب الترکی الحدیث، الهیئة العامة للتألیف والنشر، ۹۷۰، ص۲٦.
[۲]- عبداللطیف بندر ئۆغلۆ، قصائد مختارة من الشعر الترکی المعاصر، بغداد، دارالشؤن الصقافی، ۱۹۸٦، ص۲٤.
[۳]- محەمەد فازیل مستەفا، دەنگی پیرەمێرد لە بزوتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا،ل١٤-١٥.

هەروەها بە ڕەخنە ئەدەبییەکانی یارمەتی دەرێکی گرنگ بوو، بۆ بزوتنەوەی ڕووناکبیری تورکی . ئەدەبیاتی تەنزیمات لەژێر کاریگەری ئەدەبیات و ڕووناکبیرانی فەرەنسیدا بوو، ڕێگا خۆشکەربوو بۆ سەرهەڵدانی تەوژمێکی نوێی گۆڕانکاری لەبیرو هزری کۆمەڵگای تورکیدا، دوای سەردەمی تەنزیمات-(ئەدەبیاتی تازە)، ((بەگشتی دوو قۆناغ یان دوو لقە ڕێبازی ئەدەبی بەخۆیەوە دەبینێت، یەکەمیان کۆمەڵەی (ثروەتی فنون)ە، کە بەناوی گۆڤارەکەیانەوە ناو دەبرێت، قۆناغی دووەمی ئەدەبیاتی (ئودەبای فجری ئاتی)یە))[١].

**بزوتنەوەی ئەدەبی تازە:** بەدەرچوونی گۆڤاری (ثروەت الفنون) ((لە ساڵی(١٨٩٦-١٩٠١) دەست پێدەکات زۆرێک لە دەستە بژێری کایە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکانی تورکیا پێکەوە لەدەوری ئەم گۆڤارە کۆبوونەوە))[٢]، کە ئەمەش ئاراستەیەکی فیکری بوو، وەک بزوتنەوەیەکی ڕووناکبیری دەرکەوت هەوڵی دەدا لەڕێگەی وەرگێرانی بەرهەمی ڕۆژئاواییەکانەوە کەلتور و ڕووناکبیری و تورکی نوێ بکەنەوە، لەسەردەستی کۆمەڵێک لاوی تورک بەڕابەرایەتی (ڕەجائی ئەکرەم زادە) بڵاویان دەکردەوە، گرنگترین شاعیران و ڕووناکبیرانی ئەم گۆڤارە بریتی بوون لە: ((تۆفیق فیکرەت، جناب شهابەدین، حوسێن سیرەت،حوسێن سوعاد، علی ئەکرەم، فایەق عەلی، جەلال صاهیر)کە ئامانجی سەرەکییان تێکدانی(ئەدەبی دیوانی) کۆنی کلاسیکی و پابەندبوون بەئەدەبی ڕۆژئاوای))[٣].

جەناب شەهابەدین لەم بارەیەوە دەڵێت: ((پەیوەندیمان بە ڕۆژئاواو وەرگرتنی بیرە ڕۆژئاوایەکان لە بوارە ڕووناکبیرییەکاندا بزوتنەوەیەکی فکری بەرفراوانی لەوڵاتدا دروستکرد بەتایبەتی لەچارەکی کۆتای سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا))[٤].

---

[١]- یوسف ئەحمەد محمد، شیعری کوردی لەژێر چەمکی ڕیالیزمدا(١٩٠٠-١٩٥٠)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٤٣،

[٢]- www. Alhawali.comindex. cfm? Methodhome.

[٣]- یادگار ڕەسوڵ باڵەکی، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی(٨٩٨-٩٣٢)، ل٢٠-٢١.

[٤]- هەڤاڵ ئەبوبکر، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ل١١٦.

**ئودەبای فەجری ئاتی:** ئەم بزوتنەوەیە ((لەگەڵ داخرانی گۆڤاری (ثروەت فنون" لەساڵی ١٩٠١)، بەچالاکی کۆمەڵێک لاوی تورک کە ناوی خۆیان نابوو "ئودەبای فەجری ئاتی"، پێکهێنرا، ئامانجی سەرەکییان بریتی بوو لە پێشخستنی زمان و ئەدەب و زانستە کۆمەڵایەتیەکان و بواردان بەلاوە بەهرەمەندەکان بۆ زیاتر بایەخدان بەتواناکانیان))[1]، نوسەرانی ئەم بزوتنەوەیە لە هەندێک نووسەرانی (ثروەتی فنون)و کۆمەڵێک نووسەرو ڕووناکبیری تر پێکهاتبوون، ئەم کۆمەڵەیەش بە ئەدەبی ئەوروپی کاریگەر بوون، توانیان ئەدەبی تورکی بەرەو ڕێبازێکی نوێ ببەن، دیارترین شاعیر و ڕوناکبیرانی بریتی بوون لە: ((جەلال ساهر، ئەحمەد هاشم، تەحسین ناهید، تۆفیق فیکرەت، نازم حیکمەت ...))[2].

دوای شۆڕشی لاوە تورکەکان(لاوانی تورک) ((لە ساڵی ١٩٠٨ز و هەڵگرتنی سانسۆر، چالاکییە ئەدەبییەکان سەریان هەڵدا. بەرهەمە نیشتمانپەروەرییەکانی نامیق کەمال و عەبدولحەق حامد، جارێکی دیکە لەسەر شانۆ دەرکەوتنەوە و ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی کۆمەلایەتی، فەلسەفی و مێژوویی بۆ زمانی تورکی وەرگێڕدران. لەم کاتەدا بزاڤێکی ئەدەبی بەناوی فەجری ئاتی هاتە ئاراوە کە لە ساڵی(١٩٠١ وە تا ١٩٠٨)زاینی بەردەوام بوو))[3]. لە ساڵی(١٩٠٨) بەدواوە جۆرە سەربەستیەکی تازە و بێسانسۆری لە تورکیادا هاتەکایەوە، ((دروستبوونی کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبی و ڕووکردنە ڕۆژئاواو وەرگێڕانی بەرهەمی نوسەرانی ئینگلیزی و فەرەنسی و تازەگەری، جموجوڵێکی خستە نێو ئەدەبیاتی تورکییەوە))[4]. ڕووناکبیرانی ئەم گروپە ((گەشە پێدان بە زمان و ئەدەب و زانستە کۆمەڵایەتیەکان، کردنەوەی دەرچەیەک لەپێش لاوە بەهرەدارەکاندا بۆ گەشەپێدان بە تواناکانیان لە ئامانجەکانیان بووە))[5]. بەم کارەیان توانیان ڕووناکبیری لەنێو ئەدەبیاتی تورکیدا بەدی بهێنن، ((دووربکەونەوە لە زمان و ڕێزمانی عەرەبی و کێشی

---

[1]- سەرچاوەی پێشو، ل٢١.

[2]- حوسێن غازی کاک امین، نوێکردنەوەی شیعری کوردی (لەساڵی ١٩٣٢ تاکۆتای ١٩٤٩ لەکوردستانی عێراق، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٩٣.

[3] - بڕوانە طراد الکوبیسی، الغابة والفصول الحجری، مطبعة دار الحریة ، بغداد، ١٩٧٩، ص٢٦.

[4] - هیمداد حوسێن، ڕێبازەئەدەبیەکان، ل١٠٩.

[5] - نەسرین رەئوف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا، ل ١١٨.

**عەرووزی، بۆیە وەک قۆناغی دووەمی نوێگەری لە ئەدەبی تورکی نوێدا سەیردەکرێن و بە قۆناغی (زمانی نوێ) ناویان دەبەن))[1]. ئەمەش بووە هۆی بەرەو پێشبردنی بزوتنەوەی ڕووناکبیری تورکی و بەوهۆیەشەوە بزوتنەوەی ئەدەبی نەتەوەیی سەریهەڵدا.**

**بزوتنەوەی ئەدەبی نەتەوەیی: لەسالانی (١٩٠٨-١٩٢٣)، ڕۆڵێکی گرنگ و مێژوویی هەبوو لە بزوتنەوەی ڕووناکبیری تورکیدا، کە((کۆمەڵە لاوێکی تورکی لە دوای ئینقلابی عوسمانییەکان لە ساڵی(١٩٠٨)دا سەری هەڵداو، تا مێژووی ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی (١٩٢٣) بەردەوام بوو. ئامانجی ئەم کۆمەڵە لاوە بریتی بوو لە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە نەتەوەیەکان و سوودوەرگرتن لێیان و بایەخدان بە مەسەلەی نیشتمان و ژیانی تورکی و گواستنەوەیان بۆ ناو ئەدەبیاتی تورکی))[2]، لەم نێوەندەشدا گرنگیەکی زۆر بە مەسەلەی زمانی نەتەوەیی درا لەڕووی ((ڕوون و پاراوی، سادەیی لەزماندا، سوود وەرگرتن لە شێوازەکانی ئەدەبی میللی، بەکارهێنانی کێشی خۆماڵی و هەڵبژاردنی بابەتی تازە لە بنەماکانی ئەدەبی ئەم قۆناغە بوو))[3].**

**بزوتنەوە ئەدەبیەکانی تورکیا زیاتر بەشێک بوون لە بزوتنەوە سیاسییەکان و نیشتمانپەروەری نوێ لە تورکیادا کە لەو ڕۆژانەدا لە دایکبوون. جێگەی سۆزی بۆ ئیمپراتۆری عوسمانی گرتەوە و پاشان نەتەوەگەرایی تورکیا، دەوڵەتێکی نوێی لەسەر وێرانکارییەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی دروستکرد. شۆرشی تورکە لاوەکان ((لە ساڵی (١٩٠٨ز)و جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨ز)و جەنگی سەربەخۆیی تورکیا (١٩١٩-١٩٢٢ز)، هەروەها چاکسازییەکانی (کەمال ئاتاتورک)، هەموویان لە گۆڕانکارییەکانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری و ئەدەبیاتی نوێدا ڕۆڵیان هەبوو. ڕەوتەنوێیەکان لەئەنجامی گەشەی ناوەندەکانی دیموکراسی و فراوانبوونی خوێنەواری و پێشکەوتنی زانست و زانیاری بە مەبەستی نووسینی ئەدەبی کە لە ڕابردوودا، تاڕادەیەک لە ئەستەنبوڵ و چەند**

---

[1] - هەڤاڵ ئەبوبکر حوسێن، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەشیعری کوردیدا، ل ١١٨.

[2]- یادگار ڕەسوڵ باڵەکی، سیماکانی تارەکردنەوەی شیعری کوردی، ل٢١-٢٢.

[3]- اتيلا اوزقرملى، التيارات الادبيه فى فى الادب التركى، ترجمه: اشرف جميل، مجله الادب الاجنبيه العدد، ١١٨، ١١٨، ص٢٩.

ناوەندێکی شار دیکەدا تۆخ بووبووە، بووە هۆی گەشەی ئەدەبیاتی نوێی تورکیا))[1]، کە ئەمەش گەشەسەند و نەشونماکردنی بزوتنەوەی ڕووناکبیری تورکی بەرەوپێش برد.

دەستپێکی ڕۆژنامەگەری و ڕەخنەی سیاسی و ئەدەبی نوێ و ڕووناکبیری دوای نیوەی سەدەی نۆزدەهەم پەرەی سەند. ((لەم قۆناغەدا وتاری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی بە واتا ڕۆژئاواییەکەی، بۆ یەکەمجار نووسراو و چەند وەرگێڕانێک لە بەرهەمە ئەدەبییە ڕۆژئاواییەکان لە زەمینەی ئەدەبیاتدا دەرکەوتن))[2].

لە ئەنجامدا دەگەینە ئەو بڕوایەی کە شاعیران و نووسەران ڕۆڵێکی کاراو بەرچاویان هەبووە، لە هۆشیارکردن و ڕووناکبیرکردنی میللەتەکەیاندا، بۆ ئەم مەبەستە چەندین قوتابخانەو کۆمەڵەی ڕووناکبیریان دروستکردووە، کە کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لە پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگادا، لەهەمان کاتدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە، لە هێنان و گواستنەوەی پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاواو گۆڕینی کەلتور و بیروباوەری دواکەوتوو و بنیادنانی بیری ڕووناکبیرانەی هاوچەرخ لە کۆمەڵگادا.

---

[1]- حلمی ضیاء اولکن، اویانیش دورنده ترجمنین رولو، استانبول، ١٩٣٥، ل٢١-٢٢.

[2]- سەرچاوەی پێشو، ل ٢٣.

## بەشی دووەم: بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردیدا

### پاری یەکەم: کاریگەری بزوتنەوەکانی ڕووناکبیری تورک و فارس و عەرەب لەسەر ئەدەبی کوردیدا

### پاری دووەم: خەسڵەتەکانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردیدا

### دەروازەیەکی تیۆری

### پاری سێیەم: قۆناغەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردیدا

یەکەم: هەوڵە رووناکبیرییەکانی سەدەی حەڤدەهەم

دووەم: هەوڵە رووناکبیرییەکانی سەدەی نۆزدەهەم

سێیەم: هەوڵە رووناکبیرییەکانی سەدەی بیستەم

## پاری یەکەم: کاریگەری بزوتنەوەکانی ڕووناکبیری تورک و فارس و عەرەب لەسەر ئەدەبی کوردیدا:

### یەکەم: کاریگەری بزوتنەوەکانی ڕووناکبیری تورکی لەسەر ئەدەبی کوردی:

بێگومان هەموو ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دەوروبەرمان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ کاریگەرییان لەسەر ئەدەبیاتی ئێمە هەبووە و چ بەشێوەی لاساییکردنەوە بێت، یاخود سوودوەرگرتن، ئەمەش ناچێتە خانەی دواکەوتووی و ناڕووناکبیری شاعیران و ئەدیبانەوە، لەبەرئەوەی هیچ میللەتێکی دنیا نییە کاریگەری دەوروبەری لەسەر نەبێت، یاخود سوودی لێ وەرنەگرتبێت، چونکە ئەمە بەپێی پێویستی سەردەم بووە، بەمەبەستی نوێکردنەوە و گۆڕانکاری. ئەدەب بەپێی پێویستییەکانی سەردەم و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا، خۆی دەگۆڕێت لەبەردەم پێشهاتەکاندا.

سەبارەت بە کاریگەری ڕووناکبیران و شاعیرانی تورک لەسەر ئەدەبیاتی کوردی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە شاعیران و ڕووناکبیرانی کورد لەژێر کاریگەری بزوتنەوە و کۆمەڵە ڕووناکبیرییەکان و دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە تورکییەکاندا بوون و لەڕێگەی ئەوانەوە ئاشنای پێشکەوتنی جیهان و تورکیا بوون.

ئەدیب و ڕوناکبیرانی وەکو (حاجی قادر و پیرەمرمێرد، ڕەفیق حلمی،...) کە لە تورکیای عوسمانی و بەتایبەتی ((لەئەستەمۆل دەژیان و زمانی تورکیان باش دەزانی و ئەدەبی نوێی تورکی و بەتایبەتی بیری ڕاپەرینی بۆرژوازیەتی نیشتمانی تورکی بەگشتی کاری تێکردبوون))[1]. کەوابوو تورکیا لەدوو ئاراستەوە کاریگەری هەبووە لەسەر ئەدەبیاتی کوردی، لەلایەک ڕۆڵی پردێکی دەبینی لەنێوان ئەوروپاو کوردستاندا، واتا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری پێشکەوتنەکانی ئەوروپای دەگواستەوە، لەبەر ئەوە بەشێک لەنووسەرو ڕووناکبیرانی کورد بەناچاری، یاخود بەئارەزووی خۆیان ئاوارەی ئەستەمبۆڵ بووبوون، لەڕێگەی زمانی تورکییەوە دەیانویست سوود لەو پێشکەوتنانەی ئەوروپا وەربگرن و ئەدەبیاتی کوردی پێ نوێبکەنەوە، چونکە ((هەرچی بزوتنەوەیەکی

[1] - کەمال میراودەلی، گۆڤاری نوسەری کورد، ژمارە ٩، ١٩٧٣.

فیکری و ئەدەبی و هونەری لە ڕۆژئاواو ئەوروپادا دروست ببوایە، ڕاستەوخۆ لەنێو ئەستەمبۆڵ دا بڵاودەبووەوە. لە ڕێگەی ئەو نوسەرانەی لەئەستەمبۆڵ دەژیان وەکو(حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد و عەبدالرحیم ڕەحیمی هەکاری و مستەفا شەوقی و محمد میهری... هتد) کەم و زۆر لەژێر کاریگەری ئەو پێشکەوتنە ئەدەبیانەی ئەوروپا بوون کە لەئەستەمبۆل لەڕێگەی زمانی تورکییەوە دەگەیشتە دەست کورد))[1]، ئەم هزرە نوێیانەی ڕۆژئاوا لەڕێگەی ((ئەدەبی تورکییەوە کاریگەرییان هەبووە، لەسەر تازەکردنەوە و بوژاندنەوەی ئەدەب و ڕووناکبیری کوردی))[2]،

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، بەشێک (زیا پاشا، ئەحمەد هاشم، نازم حیکمەت، تۆفیق فیکرەت ...) لە نووسەران و ڕووناکبیرانی تورکی، کە سەردەمانێک لە ئەوروپا و بەتایبەت لە فەڕەنسا ژیابوون، دەستیانکرد بەوەرگێڕانی شیعرو ئەدەبیاتی ئەوروپایی، لەڕێگای وەرگێرانەوە ئەدەبیاتی ئەوروپایان بە میللەتی تورکی ناساند و گوڕێکی تازەشیان بەئەدەبیاتی تورکیدا، شاعیران و ڕووناکبیرانی کورد لەژێر کاریگەری ئەم ڕەوتە نوێیەدا دەستیان بە نوێگەری لە ئەدەب و کلتوری کوردیدا کرد.

ئەو کەلتور و ئەدەبیاتە ئەوروپاییەی کە وەرگێردرا بووە سەر زمانی تورکی یان لە تورکیا دەخوێندرانەوە، یان لەلایەن کوردی تورکی زانی وەک ((پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و دڵدار و مستەفا شەوقی و مەحمود جەودەت و جەمیل سائیب و هەموو ئەوانی دیکە دەخوێنرانەوە، بۆ نمونە یەکەم شانۆگەرییە شێوە ڕۆژئاواییەکان بەزمانی تورکی لەساڵی (١٨٣٩) بەملاوە پیشانی خەڵک دراوە. شانۆگەرییە تراژیدی و لیریک و کۆمیدییەکان، لەلایەن گروپ و کۆمپانیای فەڕەنسی و ئیتالیەکان، یان لەلایەن باڵوێز خانەکانیانەوە، ئامادە دەکران و لە ئەستەمبۆڵ و شارە گەورەکان پیشاندەدران))[3]. لە ئەنجامی زانینی زمان و ئاگاداربوون لەئەدەبیاتی تورکی((زەمینەیەکی لەبار

---

[1]- عەبدالله زەنگەنە، ژین سەردەمی سەرەتای ڕاچەنینەکانی کورد، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە ٦-٧، هەولێر، زستانی ٢٠٠١،ل١٢٨.

[2]- ئەحمەد قەرەنی، شیعری فێرکردن لەئەدەبی کوردیدا لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٩٣.

[3]- فەرهاد پیربال، شیعری نوێی کوردی (١٨٩٨-٩٥٨)، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٨.

ڕەخسێنرا بۆ نوێکردنەوەی شیعری کوردی))[١]. دیارە ئەمەش بەئاگایی و ڕووناکبیری شاعیرانی کورد دەگەیەنێت، ((سەبارەت بەو گۆرانکاریانەی کە لەئەدەبیاتی جیهانی و لەڕێگای ئەدەبیاتی تورکییەوە))[٢]، بەدەستیان دەگەیشت.

حاجی قادر پاش چوونی بۆ ئەستەمبۆڵ و ئاگاداربوون لەو چالاکی و جموجوڵانەی بزوتنەوەی ڕووناکبیری و ئەدەبی تورکی ئاگاداربوو، لە هزر و ڕووناکبیری ئەوروپا.

حاجی لەپاش نالی یەکەمین شاعیری کوردە، کە دەکەوێتە ناو ڕووناکبیری تورک، ((قۆناغی ئەدەبی (تەنزیمات ١٨٦٠-١٨٩٥) بەتایبەتیش ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی، وردەوردە چەمکە ئەوروپاییەکان لەبارەی کۆمەڵ و ئازادی و نیشتمانپەروەری و سەربەخۆی وڵات کاری تێدەکەن و لە شیعرەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە))[٣].

دڵدار لەڕێگەی زمانی تورکییەوە بووە کە ((چیرۆکە شیعریەکانی (لافۆئین) و ئەوانی دیکەی خوێندووەتەوە و سودی لێیان وەرگرتووە))[٤]، بەم شێوەیە دەبینین لەڕێگەی زمانی تورکییەوە، شاعیران و ڕووناکبیرانی کورد ئاشنابوون بەپێشکەوتن و داهێنان و نوێگەرییەکانی ئەوروپا.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە دڵدار وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بنیادی دەقی شیعری خۆی سوودی لە ئەدەبیاتی تورکی بینیوە، لەم بارەیەوە دڵدار دەڵێت:((من لە منداڵییەوە هەندێک تورکیم ئەزانی وە لە گەورەیشدا بەموتاڵەعە ئیتیلاعاتێکی زۆرم لە تورکی پەیداکرد))[٥]. شاعیرە ڕووناکبیرەکانی کورد لەڕێگەی زانینی زمانی تورکییەوە ئاشنابوون بەو پێشکەوتنە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەی کە لە ئەدەبی نوێی تورکیدا بەهۆی تەوژمی ئەدەبی ڕۆژئاواییەکانەوە ڕووی لە تورکیا دەکرد. لە شاعیرە گەورە ناودارەکانی تورک لەوانە((تۆفیق فیکرەت و نامیق کەمال و عبدالحق حامد و جەناب شیهابەدین و

[١] - لوقمان ڕەوف، سەرەتایەک بۆ ڕەخنەی ئەکادیمی، چاپخانەی بینایی،٢٠١١، سلێمانی، ل٨٤.

[٢]-ئازاد عبدالواحید کریم، ڕەنگاڵەکانی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠١١، ل١٠٩.

[٣] - فەرهاد پیربال، شیعری نوێی کوردی ( ١٨٩٨-٩٥٨)، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای (کوردستان)، هەولێر،٢٠٠٥، ل١٤٢ .

[٤] - سەرچاوەی پێشو، ل٥٩.

[٥] - عەبدالخالق علاء الدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، تبع فی دار أفاق عربیه للصحافه والنشر، ل٥٦.

زۆری تر کە دەوری باڵایان لە گەشەکردن و بەخۆدا هاتنی ئەدەبی تورکی دا بووە و بە شاعیرانی وریابوونەوەی تورک ناسراون))[1]،کاریگەریان بەسەر شاعیرە ڕووناکبیرەکانی کوردەوە هەبووە.

لەلایەکی ترەوە سەرچاوەی گۆڕانکاری و چاوکرانەوەی شاعیران و ڕووناکبیرانی کوردی بوون، بەو مانایەی ئەدەبیاتی تازەی تورکی لەڕێگای کۆمەڵێک هۆکارەوە دروستبووە، گرنگترینیان((ئەو گۆڕانکاریانەبوون. کە بەسەر سیستەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا هاتن، کە ئەمەش وایکرد بواری ڕووناکبیری گەشەبسێنێت و چەندین کۆمەڵەی ڕووناکبیری وەکو (ثروەت فنون) و (فجری ئاتی) بێنەکایەوە و چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار دەربکەن))[2] . شاعیران و ڕووناکبیرانی کورد لەژێر کاریگەری ئەو ڕەوتە نوێخوازانەی تورکیدا دەستیان بەداهێنان و نوێگەری کرد لەئەدەبی کوردیدا.

سەبارەت بە کۆمەڵەی تەنزیمات کاریگەریان لەسەر ڕووناکبیران و شاعیرانی کورد، "د. فازیل مەجید" لەم بارەیەوە دەڵێت: ((کۆمەڵەی تەنزیمات کەدیارترین نوسەرەکانیان (ابراهیم شوناسی) بوو، ئەگەرچی بیرۆکەی سیاسیان هەبوو، بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکمی عبدالحمید، بەڵام لەڕێگەی وەرگێرانەوە توانیان گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی ئەوروپای دوای شۆڕشی بۆرجوازی بگەیەننە میللەتی تورک، لەڕێگەی ڕۆژنامەکەیانەوە کە ناوی (تەرجومانی ئەحواڵ)بوو، ئەم کۆمەڵەیە کاریگەری لەسەر ڕوناکبیرانی کورد هەبووە. لەم مەیدانەشدا پیرەمێردی شاعیر بۆ یەکەمجار چیرۆکی کەمانچەژەنی لەزمانی تورکیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەم چیرۆکە لە بنەڕەتدا بەزمانی فەرەنسی بووە و وەرگێردراوەتە سەر زمانی تورکی))[3] .

نووسەرانی کورد لەوسەردەمەدا بەشێوەیەکی گشتی بۆ داهێنانەکانی خۆیان لەژێر کاریگەرییێتی ئەم ئەدەبیاتە هاوچەرخەی تورکە گەنجەکاندا کاریان دەکرد. ((پیرەمێردی شاعیر کە بۆ خۆی لەماوەی ساڵانی (١٨٩٧-١٩٢٣)دا لە ئەستەمبوڵ لەناو ئەم جموجۆڵە

---

[1]- عومەر مەعروف بەرزنجی، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٦، ل٥٦.

[2]- یادگار ڕەسوڵ باڵەکی، سیمای تازەکردنەوەی شیعری کوردی، ل٤٥.

[3]- فازیل مجید مجمود، وانەی دکتۆرا، بابەت ئەدەبیاتی نوێ.

ئەدەبییەدا ژیاوە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریتی (ثروەتی فنون)دا بووە و یەکسەر لەناو جموجوڵە ئەدەبی و شانۆیی و هونەرییەکەدا ژیاوە، هەربۆیەش دەبینین، (عەبدالرحیم رەحمی هەکاری و پیرەمێرد پێش هەموو نووسەرێکی دیکەی کوردی دێن. شانۆنامە بەکوردی دەنوسن و بایەخی شانۆ نامە بۆ کوردان ڕووندەکەنەوە))[1].

سەبارەت بە کاریگەری ئەدەبیاتی نوێی تورکی بەسەر ئەدەبیاتی نوێی کوردییەوە، مامۆستا ڕەفیق حیلمی ڕای وایە کە ئەم کاریگەری بوونە بەشێوەیەکی دەقاودەق نەبووە، بەڵکو سوودوەرگرتن و پاشانیش داهێنان بووە تێیدا، نموونەی "شێخ نوری شێخ ساڵح" باس دەکات و دەڵێت: ((نوری شاعیرێکە (تجدد) پەروەر. ئەڵقەیەکە ئەم سەرو ئەوسەری چەمەرەی شاعیرەکانی چەرخی پێشووی لەگەڵ شاعیرەکانی ئەم چەرخەدا هانیوەتەوە یەک. لەشیعری کلاسیکی بەشێکی زبدەی وەرگرتووە لە سەلیقەی ئەدەبی تۆزێک فیتری (فطری) و تۆزێکیش ئیرسی (ارثی) خۆی خستۆتەسەر. ئینجا چاوی بەدەوری خۆیا گێڕاوە و شیعری شاعیرە گەورەکانی تورکی دەوری ژیانەوە و ئینقلابی (عثمانی) بەوردی خوێندوەتەوە وەباش سەرەنجی داوەتە مەغز و ئسلوبی ئەدەبی تازە. وە بێ ئەوەی ئەبڵەق و حەپەساو دامێنێ دوایان کەوتووە، لەم شوێن کەوتن و پەیڕەوی کردنەدا لەوانە ناچێت کەلاسایی ئەکەنەوە، بەڵکو شانبەشانی ئەوان ڕۆیشتووە بۆ دەورێکی کورت بووە (زەعیمی ئینقلابی)ی شیعری کوردی لەناوچەی سولەیمانی))[2]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت بیری هەندێک لەبەرهەمەکانی "توفیق فیکرەت"، لەشیعرەکانی (شێخ نوری)دا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی داهێنەرانە.

شێخ نوری شیعری تورکی و عەرەبی و فارسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ئەم زمان زانینەی بوەتە هۆی ئەوەی کە شاعیر کاریگەر بێت بەشیعر و ئەدەبیاتی ئەو نەتەوانە بەتایبەتیش شیعری نوێی تورکی، چونکە ((شاعیرە بەناوبانگەکانی تورکی ناسیوە و لەسەر شێوازی جەماعەتی (شوعەرای فەجری ئاتی) وەستاوە و شیعری شاعیرانی وەک

---

[1] - فەرهاد پیربالّ، شیعری نوێی کوردی ( ١٨٩٨-٩٥٨)، ل٦٥-٦٨.

[2]- ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، مطبعة التعلیم العالی/ اربیل، ١٩٨٨، ل٢٠٥-٢٠٦.

(نامیق کەماڵ و تۆفیق فیکرەت و جەلال ساهیر و عەبدولحق حامید)ی خوێندووەتەوە، لەسەری وەستاوە و ورد بووەتەوە لە شێواز و تەرزی نوسینیان))[1]

گۆران لەبارەی کاریگەری بزوتنەوە و قوتابخانە ئەدەبی و ڕووناکبیری و شاعیرانی تورکی بەسەر ڕووناکبیران و شاعیرانی کوردی ئەوکاتەوە دەڵێت: ((نووسەر و شاعیرانی ئەوسا بەتایبەتی (شێخ نوری و ڕەشید نەجیب و من) کە پێکەوە بەئەدەبی تورکی متأثر بووین پێکەوە ئەمان نووسی بەڵام تەنها (شێخ نوری) شیعرەکانی بڵاودەکردەوە و من بڵاوم نەدەکردەوە، ئەو لەم بارەیەوە نشاطی دەرئەکەوت، وە ئەدەبی تورکی قوتابخانەی شیعری تازەی تیا پەیدابوو بوو، کە پێیان دەوترا (ئودەبای فەجری ئاتی)، لەوانە (تۆفیق فیکرەت و جەلال ساهیر) بوون، ئەدیبێکی تری تورک کە (عەبدالحق حامد)ە، ئەگەرچی لەم کۆمەڵەنەبوون بەڵام دیسان هەرپێی متأثر بووین))[2]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر شیعری تورکی بەگشتی و بەتایبەت ((تۆفیق فیکرەت ئەوەندە کاری تێکردووە تەنانەت هەندێک لە شیعرەکانی دەقاو دەق کردووە بە کوردی، یان کۆپلەیەکی لەلای خۆیەوە ناوەتە سەر))[3].

ئەحمەد تاقانە لەبارەی کاریگەری ئەدەبیاتی تورکی بەسەر گۆرانەوە ڕای وایە کە گۆران کاریگەری ئەدەبیاتی تورکی بەسەرەوە بووە و بەتایبەتیش تۆفیق فیکرەت، بۆ ئەم مەبەستەش چەند شیعرێکی گۆرانی وەرگرتووە و بەراوردی شیعری (تۆفیق فیکرەت)ی کردووە. ((کەنیشکە جوانەکە، مەدەنیەت، سێبەری هیوا، ژن))[4]، نەک هەر ئەم شیعرانەی گۆران، بەڵکو بەشێکی تر لەشیعرەکانی تارمایی بیری (تۆفیق فیکرەت)یان بەسەرەوە بووە.

---

[1]- ئازاد عەبدالواحێد ، دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح کۆکردنەوە و ساغ کردنەوە، ل ١٦٤.

[2]- عەبدالرزاق بیمار، دانشتنێک لەگەڵ گۆراندا، گۆڤاری بەیان، ژمارە(٢)، ١٩٦٠، ل٣.

[3]- ئەحمەد تاقانە، تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، ل٢٣.

[4]- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

هەروەها ئەحمەد تاقانە ڕای وایە لەڕووی کێشی شیعریشەوە گۆران کاریگەری ئەدەبیاتی تورکی لەسەر بوو، هەروەک دەڵێت((گۆران کێشی یازدە بڕگەیی لە شیعری نوێی تورکییەوە وەرگرتووە))[1]

گۆران لەڕێگەی ئەدەبیاتی تورکیەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا پەیداکردووە، بەشێوەیەک کە لەسەرەتاوە ئەو بەرهەمانەی ئەدەبیاتی ئینگلیزی دەخوێندەوە کە وەردەگێردرانە سەر زمانی تورکی، لەم بارەیەوە گۆران دەڵێت:((جاران هەندێک بەرهەمی شیلی و بایرۆنم بەتورکی خوێندەوە، بەلام پاش ڕوخانی عوسمانییەکان و پاش ئەوەی فێری زمانی ئینگلیزی بووم توانیم بەرهەمی ئەم دووشاعیرە و هی تریش بە ئینگلیزی بخوێنمەوە))[2].

بەم شێوەیە لە ڕێگەی قوتابخانە و بزوتنەوە ئەدەبییەکانی تورکەوە، ئەدیبان و نووسەرانی کوردیش توانیویانە بە کاریگەری ئەوان سوود لە گۆڕانکارییەکانی ئەوروپا ببینن. ئەدەبەکەی خۆمان لەڕووی شێواز و ناوەڕۆکەوە نوێبکەنەوە، لە ڕوانگەی ڕووناکبیریشەوە زۆربەی ئەو بنەمایانەی لە ئەنجامی ڕووناکبیری ئەوروپای سەردەمی ڕێنسانس و دواتر سەردەمی شۆڕشی بورجوازی و ڕووناکبیری بگوێزرێتەوە بۆ لای تورک و لەوێوە بۆ لای ڕووناکبیرانی کورد، واتا ئەو بەرهەمانەی کە شاعیران و نوسەرانی تورکی وەریاندەگێڕایە سەر زمانی تورکی، شاعیران و ڕووناکبیرانی کوردیش بەهۆی تورکی زانی و ئاشناییان بەزمان و ئەدەبیاتی تورکییەوە، سوودیان لێوەردەگرت و کەلتور و ئەدەبیاتی کوردییان پێ نوێدەکردەوە. لەو ئەدیب و شاعیرانە کە لەم بوارەدا پێشەنگ بوون بریتی بوون لە "حاجی قادر و ئەسیری و پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران و ڕەشید نەجیب و مستەفا شەوقی و مەحمود جەودەت و جەمیل سائیب".

---

[1]- عومەر مەعروف بەرزنجی، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلضمانی، ٢٠٠٦، ل٤٩.

[2]- نەورۆز فاروق ئەحمەد، گۆران و کاریگەری ئەدەبی بێگانە، نامەی ماستەر زانکۆی سەلاحەدین کۆلێجی بەروەردە و زانستە مرۆڤایەتیەکان، هەولێر، ٢٠٠١، ل ١٦.

## دووەم: کاریگەری بزوتنەوەکانی ڕووناکبیری فارسی لەسەر ئەدەبیاتی کوردی:

ئاشکرایە ئەدەبیاتی نوێی فارسی لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپی و ڕۆژئاوادا بووە، بەشێوەیەک کە ((ایرج میرزا ١٨٧٤- ١٩٢٥، عارف قەزوینی ١٨٨٠-١٩٣٣، پروین اعتصامی ١٩٠٦-١٩٤١، محمد تقی بهار ١٨٨٧-١٩٥١.. ئینجا محمد مقدم، کاریگەری (والت ویتمان)یان لەسەر بوو، لە هەموویان گرنگتر (نیما یوشیج)، کە بە ئەدەبی فەرەنسی سەرسام بووە، لەسالأنی (١٩٣٩-١٩٤١)، لە گۆڤاری مۆسیقادا یەکەمین شیعرە نوێکانی خۆی بڵاوکردەوە، ئەم شاعیرە فارسانەش بێ کاریگەری نەبوون لەسەر شاعیرانی کورد، بەتایبەتی بەسەر گۆران و شاعیرانی کوردی ئێران(سوارە و ابوالحسن سیف القضات و سەید کامیلی ئیمامی و هێمن)دا[1]. لەم بارەیەوە کە لە چاوپێکەوتنی عەبدولڕەزاق بیمار دا گۆران دەڵێت: ((سەرمەستی ئەدەبی تورکی و فارسی بووین))[2]، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خولیایەی شاعیران کە هەر لە منداڵییەوە هەیان بووە بۆ شیعرو ئەدەبیاتی فارسی.

ئەگەرچی کاریگەری بزوتنەوەی ڕووناکبیری و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبیات و ڕووناکبیری کوردی، لەچاو کاریگەری ئەدەبی تورکیدا کەمتر بووە، بەڵام چەند شاعیرێک هەن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سوودیان لەو ئەدەبە وەرگرتووە. ((کاریگەری ئەدەبیاتی فارسی سەردەمی مەشرووتە و بە تایبەتی لە پێش هەمووانداا (پیرەمێرد)ی شاعیر بەهاوکاری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی تاران وەکو (شفق سرخ) و (فرهنگ)... بەرهەمی خۆی بڵاوکردۆتەوەو زۆر نموونەی بەرزی شیعری فارسی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی سەلیقەی شیعری سەردەمی پێ جۆش دەدا))[3].

لەبارەی کاریگەرییەتی نوێکردنەوەی ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کورد (پیرەمێرد) ((لەژمارە( ٩٦٧ی) ڕۆژی(٦/٢/ ١٩٤٩)ی ڕۆژنامەی ژیندا دەڵێت: کە هەر لەمنداڵییەوە ئولفەتی لەگەڵ شیعر و ئەدەبیاتی ئێرانیدا هەبووە))[4].

---

[1]- فەرهاد پیربال، شیعری نوێی کوردی، ل ٧٠-٧١.

[2]- ڕۆژنامەی ژین، ژمارە(١) ساڵی(١٩٤٩)، سلێمانی، بڕوانە، ئەبوبکر خۆشناو، گۆران و نیما یوشیج، ل٥٨.

[3]- یادگار ڕەسوڵ باڵەکی، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی، ل٤٦.

[4]- ئەبوبکر خۆشناو، گۆران و نیما یوشیج، ل٥٨.

بۆیە ((هەوێنی ئەم کاریگەربوونەی پیرەمێرد بەئەدەب و شیعری نوێی فارسیەوە نەک هەر لەبەرهەمە شیعرەکانیدا بەدی دەکەین، بەڵکو لەبایەخدانیشدا بەڕووکردنە مێژووی کوردو ئەو سەرگوزشتەو چیرۆکانەی کەسیما و شەقڵی نەتەوایەتییان پۆشیوە بەدیدەکرێن))[1].

سیمای دیاری نوێگەری لە ئەدەبیاتی فارسیدا، بریتی بووە لەهاتنە کایەی بزوتنەوەی ڕووناکبیری ئاشتیخوازی، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو بۆ شاعیرانی فارسی و لێرەوە شاعیران و ڕووناکبیرانی فارسی ڕووەو فەزایەکی فراوانتر هەنگاویان نا، ((شیعری کوردیش بە هەنگاونان بەرەو ڕێچکەی شیعری ئاشتیخوازی بەرەو جیهانی دەرەوە هەنگاویان هەڵناو مەودای بەردەوامی شیعرەکانیان فراوانتر کرد و ئاسۆی تێڕوانینی سیاسییان بەرفراوانتر کرد، ئەم دیاردەی بایەخدانەی شیعری فارسی و کوردی بەکارەساتەکانی جەنگ و بەدەنگی ئاشتیخوازانەیان تاڕادەیەکی زۆر هاوتەریب دەوەستن و لەهەردوو ئەدەبەکەدا چەکەرەکردووی ڕووداو و گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان و جیهانییەکان بوون))[2].

هەروەکو چۆن ئەدەبیاتی فارسی لە گەرمەی گۆڕانکاری سیاسی ناوخۆیی و جیهانیدا بوو، هاوکات دەنگی شیعری نوێ دەرکەوت و بووە ڕەنگپێدەری واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری ئێران، ئەدەبیاتی کوردیش بەهەمان ڕێچکە لە گەرمەی خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، دەنگی شیعری خەباتکار هاتنە ناو ئەدەبیات و شیعری کوردییەوە. هەنگاو بەهەنگاو هەرچ گۆڕانکارییەک ببوایە لە بزوتنەوەی ڕووناکبیری و ئەدەبی فاریسی دا، ڕووناکبیران و شاعیرانی کوردی بە گوێرەی زەمینەی گونجان و دەیانگواستەوە بۆ نێو ئەدەبیاتی کوردی.

ئاشکرایە کە زمانی فارسی زمانێکی باڵایە و لەگەڵ زمانی کوردیدا سەر بەیەک خێزانی زمانین و کاریگەریی لەسەر زمانی کوردی هەبووە، شاعیران و نوسەرانی کوردیش زۆر بەباشی شارەزای زمانی فارسی بوون، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە هەر لەکۆنەوە

[1]- محەمەد فازیل مستەفا، دەنگی پیرەمێرد لەبزوتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، ل٢١.

[2] - محەمەد ئەمین محەمەد نوری ئەمین، شەقڵی نوێخوازی لە شیعری کوردی و فارسی سەدەی بیستەمدا، ل٩٣.

ئەدەبیاتی فارسی کاریگەری لەسەر ئەدەبیاتی کوردی هەبێت و لاسایی ئەو ئەدەبە بالآیەی فارسی کراوەتەوە. هەرچی قوتابخانەی ڕوناکبیری ئەدەبیاتی نوێی فارسییە کاریگەری ڕۆژئاوای لەسەر بووە، ئەمانیش زیاتر کاریگەریان لەسەر ئەدەبیاتی کوردی ڕۆژهەلآت بووە، بەتایبەت (سوارە و هێمن و هەژار... هتد)، ئەمەش بەدوو هۆکار یەکەمیان نزیکیان لە ناوچە و ڕوداوەکان، دووەمیان کاریگەری زمانی فارسی لەسەر ڕۆژهەلآت بووە وەک لە باشور و ناوچەکانی دیکەی کوردستان. بەلآم گۆران و پیرەمێرد زمانی فارسیان زۆر بەباشی زانیوە و سودمەند بوونە لە بزوتنەوە نوێیەکانی فارسەکان، بەتایبەت مەشروتە.

## سێیەم: کاریگەری بزوتنەوەکانی ڕووناکبیری عەرەبی لەسەر ئەدەبیاتی کوردی:

بزوتنەوەکانی ئەوروپا و گۆڕانکاریەکان لە سەردەمی ڕینیسانس و دواتر شۆڕشی بورجوازی و ڕۆشنبیری زیاتر لە ڕێگای داگیرکاری میسرەوە لەلایەن ((ناپلیۆنەوە لە سالّی (١٧٩٨ز)، کە هەرچی ئەو گۆڕانکاریانەیە گواستیانەوە بۆ میسر بەو هۆیەوە خوێندەواری - چاپ و چاپەمەنی - ڕۆژنامەگەری تەنانەت هەست و سۆزی نەتەوایەتی گەشەیان کرد و لە ڕووی دروست بوونی ڕێکخراوی سیاسی و ئەدەبی زمانەوانی و ئابووری و مێژووییەوە ئەمانە هەموویان کەوتنەکارکردن بۆ پێشخستنی میسر، هەر لەبەر ئەوەش بوو، میسریەکان لەچاو ولآتانی تری عەرەبدا پێشکەوتووتر بوون. لەڕێگای ئەوانیشەوە ئەم پێشکەوتنانە گواسترایەوە بۆ ناو ولآتە عەرەبییەکان و کۆمەلّەو ڕێکخراو دروست بوون))[1].

سەبارەت بەکاریگەری ئەدەبیاتی نوێی عەرەبی بەسەر نوێکردنەوەی شیعری کوردییەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە کاریگەرییەکی باشی لەسەر بزوتنەوەی شیعری نوێی کوردی هەبووە، بەتایبەت لەسەدەی بیستەمدا. ئەمەش بەهۆی ئاشنابوونی شاعیرانی ڕووناکبیری کورد بە کلتور و زمانی عەرەبی ((دوای لکانی کوردستانی عێراق بەدەولّەتی عێراقەوە.

[1] - محمد حسين هيكل، مقدمه ديوان شوقيات، ص٤١١ .

ئەم کاریگەرییە عەرەبیەش زیاتر بەسەر ئەزمونەکانی سالانی گۆران، بەتایبەتیش شێخ نوری و کامەران موکری و نەسلی ئەواندا دەردەکەوێت))[1].

شاعیرانی تاراوگە کاریگەرییان هەبوو لەسەر شاعیرانی نوێخوازی کوردی، بەتایبەتی گۆرانی شاعیر، چونکە((ڕەوتێکی نوێخوازبوون و بەوهۆیەوە چەند شیعرێکی عەرەبی وەردەگێڕێت بۆسەر زمانی کوردی))[2]. ئەمەش بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەوە بووە، کە شاعیرانی عەرەبی هەیانبووە، لە دروستکردنی قوتابخانەو کۆمەڵە ڕوناکبیرییەکان، بۆ نمونە قوتابخانەی (دیوان) یەکێک بوو لە کۆمەڵە ڕووناکبیرییەکان، لەمیسردا و ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە تازەکردنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی عەرەبیدا. بناغەی کارەکەشیان بریتی بوو لەئاوێتەکردنی شێوازی عەرەبی و ڕۆژئاوایی.

خاڵێکی دیاری کاریگەری ئەدەبیاتی عەرەبی لەسەر ئەدەبی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ((هاتنی تیپە شانۆییە عەرەبییەکان بۆ شارەکانی کوردستان و نمایشکردنی شانۆیی، کە هۆکارێک بوون بۆ ناساندنی ئەو ژانرە نوێیە، لەژێر ئەو کارتێکردنە ناوخۆیی و دەرەکیانە شاعری نوێخوازی کورد : عەبدالرحیمی ڕەحمی هەکاری" یەکەم تێکستی شانۆیی بەزمانی کوردی نوسی بەناونیشانی "مەمی ئالان"لەگۆڤاری"ژین" بەزنجیرە لەژمارە (پازدە و شازدە))[3].

لەژێر کاریگەری ئەوروپادا عەرەبەکان دەستیان بە نوێکردنەوەی ئەدەبیات کرد، کە بەهۆی پەرەسەندنی بازرگانی و داگیرکردنی وڵاتانی عەرەبی لەلایەن ئەوروپا و بەتایبەت فەرەنسا بوو، کە کاریگەری گەورەیان لەبیر و هزری عەرەبدا دروستکرد، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین چەشن و ژانری نوێیان هێنایە نێو ئەدەبیاتی عەرەبییەوە، لەوانە (دراما، شیعری شانۆی، ئۆپێرا، ... هتد). شاعیرانی کورد لەژێر کاریگەری ئەم نوێبوونەوەی ئەدەبی عەرەبیدا دەستیان بەگۆڕانکاری و نوێبوونەوە کرد، گۆرانی شاعیر و

---

[1] - فەرهاد پیربال، شیعری نوێی کوردی، ل٦٩.

[2] - ئەبوبکر خۆشناو، گۆران و نیما یوشیج، ل٥٩.

[3] - فەرهاد پیربال، عەبدالرەحیم ڕەحمی هەکاری – تازەکردنەوەی شیعری کوردی و داهێنانی شانۆ نامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، دەزگەها سپێرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆک، ٢٠٠٢، ل ١٠٧.

بەرهەمەکانی ((" گوڵی خوێناوی، ئاهەنگێک لەناو ڕان، ئەنجامی یاران، ئەنجامی ئەژدەهاک، جوقی یونسکۆ، نق و جق"، ی نوسییەوە، کە فۆرمێکی نوێی پێشکەش بەخوێنەر کرد، بەنمونەی شیعری درامی کە لێرەدا لەڕووی دەستپێکەوە هاوشێوەی ئەحمەد شەوقی یە)) [1].

قوتابخانەی شیعری ئازادی عێراقی، کە ((نازک الملائکە و بەدر شاکر ئەلسەیاب عبدالواهاب بەیاتی و ڕابەرایەتیان دەکرد کاریگەریان هەبووە لەسەر گۆران، هەروەها مەعروف عەبدولغەنی ڕەسافی کاریگەری لەسەر بێکەس هەبووە، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەمانە لەژێر کاریگەری قوتابخانەی تاراوگەدا بوون)) [2].

هەر سەبارەت بە کارتێکردنی شیعری عەرەبی لەسەر شیعری کوردی لە بواری شیعری ئازاد، دڵشاد عەلی دەڵێت: ((" شیعری سەربەست"ی کوردی بەگشتی، بەو چەمکە "سەربەست" ن، کە (نازک الملائكة) لە ئەدەبی عەرەبیدا و هەندێ نووسەرمان لە ئەدەبی کوردیدا دەست نیشانیان کردووە)) [3]، کاریگەری ئەدەبی نوێی عەرەبی لەسەر شاعیرە ڕووناکبیرەکانی کورد ڕووندەکاتەوە. لەسەردەمێکدا کە شیعری عەرەبی ڕووی لە شیعری ئازاد کردبوو، هەر لەبارەی ئەم کاریگەرییەوە بە ئەدەبی عەرەبییەوە گۆرانی شاعیر خۆی دەڵێت: ((پاش ئەم ماوەیە کە سەرمەستی ئەدەبی تورکی و فارسی بووین، بەرەبەرە ئەدەبی تازەی عەرەب و ئەدەبی ئینگلیزی هاتنەکایەوە و بڵاوبوونەوە، هەروەها تەیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کەوتە ناومانەوە، وەمن بەتەئسیری ئەم دوو ئەدەبە کەوتمە هەوای واقیعیەتەوە)) [4] .

لە ڕوانگەی کاریگەری ئەدەبیاتی عەرەبی بەسەر گۆرانەوە، عادل مەجید محمد گەرمیانی، ڕای وایە کە((گۆران و سەیاب هەردووکیان سەردەمی منداڵیان لە گوند بەسەر

---

[1] - محەمەد فازیل مستەفا، پێشبینی لەشیعری گۆراندا، گۆڤاری زانکۆ بۆزانستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارە (٥٢)، ساڵی ٢٠١٢، زانکۆی سەلاحەدین، هەلێر، ل٢٢٨.

[2] - فازیل مەجید مەحمود، وانەی دکتۆرا، بابەت ئەدەبی نوێ.

[3] - دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی ، ٢٠٠٧، ل٢٣٠.

[4] - فەرهاد پیرباڵ، ڕێبازە ئەدەبییکان، ل١١٦.

بردووه و بەچاوی خۆیان چەوساندنەوەی جوتیار و هەژارەکانیان بەدەست دەرەبەگەوە بینیوە. ئەم جۆرە لە هەندێک وێنەی گۆران و سەیابدا ڕەنگی داوەتەوە ئەم دوو شاعیرە هەوڵیانداوە چەند وێنەیەکی هۆنراوەیی و بابەتیانە بۆ پەیام وەرگرەکانیان لەمەڕ ئەو جۆرە کێشانە بەرجەستە بکەن ئەمەش لە هۆنراوەی (بوکێکی ناکام)ی گۆران و هەردوو هۆنراوەی (عرس فی القریه- غاده الریف) ی سەیاب دا چەندین وێنەی بابەتی لێک نزیکیان هەیە))[1]، ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئەم دوو شاعیرە جیاوازی لە ناوەڕۆکی بیری شیعرەکانیاندا نەبووبێت، کەواتە حاڵەتی کاریگەربوون و کارتێکردن لە نێو پانتایی ئەدەبیاتی گەلاندا ئاساییە و دەبێتە هەوێنی دونیابینی تازە و نیشانەی زیندوویی و ڕووناکبیری شاعیر دەردەخات.

سەبارەت بە "بێکەس"ی شاعیر، کە شاعیرێکی شۆڕشگێڕە کاریگەری شاعیر"مەعروف عەبدولغەنی ڕەسافی" لەسەر بووە، کە ((بە شاعیرێکی سیاسی و نیشتمانپەروەر ناسراوەو ناوەڕۆکی شیعرەکانی گوزارشت لە وەستان دژی داگیرکەرو دەست بەسەرداگرتن و ڕۆحی نەتەوەیی دەکەن))[2]. لەبەرئەوەی باری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەردوو ناوچەکە کوردستان و خوارووی عێراق لەگەڵ بیروباوەڕی هەردوو شاعیر لەیەکەوە نزیک بوون، کە((هەردوو شاعیر (بێکەس و ڕەسافی)خاوەنی یەک بیر و باوەڕ و ئاوات و ئامانج بوون، وەک ئەوەی بێکەس نوێنەری بزوتنەوەی خەباتی عێراق، ژووروی وڵات بێت و ڕەسافیش بەشەکانی تری وڵات))[3].

---

[1] - عادل مەجید محەمەد گەرمیانی، وێنەی بابەتی لە هۆنراوەی گۆران و سەیابدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی ئیبن ڕوشد، ٢٠٠٠، ل٢٤٣.

[2]- یادگار ڕەسوڵ باڵەکی، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی، ل٢٥.

[3] - عبدالقادر محەمەد ئەمین، وێنەی شیعری لەڕێبازی ڕۆمانسی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٥١.

لەهەمان کاتدا کاریگەرییەی ئەدەبیاتی عەرەبیش  لەسەر شاعیرانی پێڕەوی ڕێچکەی گۆران زیاتر بەردەوام بووە، لەوانە((نوری وەشتی و دیلان و کامەران موکری، کامیل ژیر، هتد لەژێر کاریگەری شاعیرانی نوێخوازی عێراقیدا بوون))[1].

لەبارەی کاریگەریەکانی ئەدەبیاتی عەرەبی بەسەر شاعیرانی کوردەوە، ئاشکرایە کە کۆمەڵەی ئەپۆلۆ کاریگەری بەسەر شاعیرانی کوردەوە هەبووە، لەوانە کاریگەریەکی دیاری بەسەر ئەحمەد هەردی شاعیرەوە هەبووە، هەروەکو خۆی دەڵێت: ((لەبیرم بێ سەرەتا لە (منفلوطی)یەوە دەستم پێکرد کە نوسەرێکی میسری بوو... ئینجا چووم بۆ کتێبەکانی(جبران) و شاعیرانی (مەهجەر) ئەمانە بەشێوەیەکی ئاسان و ڕەوان ئەیاننوسی هەر لەدوای (جوبران) زۆرتری نوسینەکانی (میخایل نعیمە)م لاپەسەند بوو لە ساڵی(١٩٣٨-١٩٣٩)کتێبی (الغربال)م خوێندەوە هەر لەو دەورانەدا گۆڤاری (الرسالە)م دەستکەوت و موتالاعەی ئەمانە باری سەرنجیان دەربارەی شیعر گۆڕیم))[2]، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردی زمانی عەرەبی بەباشی زانیوە، توانیویەتی ئاشناییەکی باش لەگەڵ ئەدەب و ڕووناکبیری عەرەبی پەیدا بکات، ئەم کاریگەرییەش لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.

دڵداری شاعیرش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە کاریگەر بووە بەئەدەبی نوێی عەرەبی، بە تایبەتی شاعیرانی قوتابخانە نوێخوازەکانی مەهجەر لەم بارەیەوە(عبدالرزاق بیمار) دەڵێت: ((دڵدار کەوتە خوێندنەوەی ئەدەبی تازەی عەرەبی، لەم ئەدەبەشدا شەپۆلی تازەکردنەوە لەسەر دەستی ئەدیبە لوبنانی یە ئەمریکانشینەکان وەکو جبران و أیلیا ابو ماضی میخائیل نعیمە و ئەدیبە میصریەکانی وەکو خلیل مطران و علی محمود طە و نووسەر و شاعیرانی گۆڤاری (الهلال) و (الرسالە) سەرنجیانی ڕاکێشا))[3]، هەر سەبارەت بەو کاریگەبوونەی قوتابخانەی تاراوگە"مەهجەر"بەسەر هەردوو شاعیر(هەردی و دڵدار)،

[1] - حەمە نوری عومەر کاکی، شێوازی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوەڕاست ١٩٢٠-١٩٧٠، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٦١.

[2]- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، ڕۆمانسیەتی هەردی و کۆمەڵەی ئەپۆلۆ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B ، ژمارە ١٦، کانونی یەکەمی ٢٠٠٥، ل٢١.

[3]- دڵدار تەمەنێکی کورت و ئەزموونێکی زیندوو، ڕۆڤار، ژ:١٠، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ل٢٩.

**عیزەدین مستەفا ڕەسول دەڵێت: ((ئەدەبی مەهجەر دەنگێکی تازەبوو لەو سەردەمەدا ئەمانیش نەوەیەکی تازەبوون ئەیانخوێندەوە زمانی عەرەبیشیان دەزانی، بۆیە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی مەهجەر لای دڵدار و هەردی بەدیدەکرێت. چونکە خوێندنەوەی شاعیرەکانمان لەو قۆناغە زیاتر عەرەبی بوو))[1]. وەک ئاشکرایە بەهۆی زیاتر تێکەڵاوبوونی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب لەوڵاتی عێراقدا ئەم کاریگەری و کارتێکرنەی زیاتر کردبوو.**

**بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت ئەوە بگوترێت کە بزوتنەوەی ڕووناکبیری ئەدەبی تورک و فارس و عەرب، لەژێر کاریگەریی بزوتنەوەی ڕووناکبیریی ڕۆژئاوا بووە، واتا بەهۆی وەرگێران و پێشکەوتنەکانی ئەوروپاوە شاعیران و نوسەران دەستیان بەنوێکردنەوە و گۆڕانکاری کرد لەشیعر و ئەدەبیاتی خۆیاندا، بەهەمان شێوەش نەتەوەی کورد ئەگەرچی لەژێر کاریگەریی ڕۆژئاوادا بووە، بەڵام بەهۆی ئەدەبیاتی دراوسێکانەوە ئاشنایەتی بە ئەدەبیات و ڕووناکبیری ئەوروپا هەبووە. کەوایە شاعیرانی کورد دیسانەوە دەکەوتنە ژێرکاریگەری بزوتنەوە ڕووناکبیریەکانی تورک و فارس و عەرەب، بەپلەی یەکەمیش لەژێرکاریگەری بزوتنەوەی ڕووناکبیری تورکدا بوون، ئەمەش بەهۆی زانینی زمانی تورکی لەلایەن نوسەران و شاعیرانی کوردەوە، یاخود بەهۆی کۆچکردن بۆ ئەستەمبوڵ و پاشانیش گەڕانەوەیان بۆ کوردستان و بڵاوکردنەوەی ئەو بیرە ڕووناکبیرییە نوێیانە بەناو کۆمەڵگای کوردیدا، هاوکات کورد کاریگەری بزوتنەوەی ڕووناکبیری فارسی لەسەربووە، بەهۆی ئەو تێکەڵاوییەی نەتەوەی کورد و فارس و ئاشنابوون بە گۆڕانکارییەکانی یەکتر، لە قۆناغی دواتریشدا بزوتنەوە و قوتابخانە ڕووناکبیرییەکانی عەرەبی کاریگەرییان زۆر بووە لەسەر شاعیرانی کورد بەهۆی نزیکییان و تەنانەت یەکتر ناسینەوە.**

---

[1]- هێرۆ عەبدولەتیف یونس مەحمود، دڵدار و نوێکردنەوەی شیعری کوردی، کۆلێجی زمان، نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی،٢٠٠٨.

## بەشی دووەم: پاری دووەم: خەسڵەتەکانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردیدا:

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە ناوەڕۆکی شیعری کوردی گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لەسەردەستی شاعیرانی ڕووناکبیری کورد، بزوتنەوەی نەتەوایەتی و شۆڕشەکانی کورد یەک لەدوای یەک کاریگەری هەبوو لەسەر بزوتنەوەی ڕووناکبیری، هاوکات ((گەشەسەندنی باری ڕامیاری و فراوان بوون و قووڵ بوونەوەی بیر و باوەڕی پێشکەوتنخوازی و نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری))[١]، بەواتایەک کە ئەم شاعیرانە لەناوجەرگەی ژانی نوێبوونەوەدا بوون. ویستوویانە گۆڕانکاری و نوێبوونەوە لە کلتور و سیاسەت و خوێندن و زانست و بواری ئاینی و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریدا بەدیبهێنن. بۆ یەکەمین جار لە پانتایی مێژووی نەتەوەیی کورددا هەنگاویان نا بەرەو داگیرسانی مەشخەڵی بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە شیعری کوردیدا. جێگەی ئاماژە بۆ کردنە، کە ((پرۆژەی ئەم شاعیرانە بنچینەی نیشتمانپەروەرانەو ئازادیخوازانەی نەتەوایەتی بووە، پاشان بەرەو چەمکە ڕۆشنبیریەکان، واتا دژایەتی لەگەڵ شێخ و ئاغا و دواتر ڕۆشنگەری ئاینی، دادپەروەری، گرنگیدان بەرۆڵی زانست و مەعریفە بۆ پێشخستنی نەتەوەکەیان))[٢]. سەرەڕای گرنگیدان بەخوێندن و دەرخستنی مافی ئافرەت و ڕەخنەی جدی لە شێخ و مەلا و دەرەبەگەکان بەهۆی ئەو زوڵم و ستەمەی کە بەرامبەر بە هەژاران و جوتیاران و ئافرەتان ئەنجامیان دەدا. ئەمانە تایبەتمەندیی دیاری بزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردی بوون، لەم بارەیەوە دەتوانین چەندین نمونەی زیندو بهێنینە بەر باس و خواست. لەوانە شاعیرانی وەکو (حاجی قادر و زێوەر و ئەحمەد موختار جاف و قانع و ئەسیری پیرەمێرد...) ڕەنگ پێدەرەوەی بارودۆخی ئەو سەردەمە بوون.

تایبەتمەندییەکی دیاری بزوتنەوەی ڕووناکبیری شاعیرانی کوردی ئەو سەردەمە ئەوەبوو، کە داوای گۆڕانکاری لە سیستەمی کۆنی خوێندندا دەکەن لەکوردستاندا، بە شێوەیەک ((کەمەعریفە لەپاوانی فێرگە ئاینیەکان بێتەدەرەوە و چارەسەرێک بۆ واقیع

[١]- فازیل مەجید مەحمود، سروشت لە شیعری گۆران دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، ل٣٣
[2] - www.amazhe.com/enlightenment-in-kurdsh-poems/ 4-6.

بدۆزێتەوە))[١]. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین وێنەی پێشکەوتوخوازانەی ئەوروپایان بۆ ناو کۆمەڵگای کوردی گواستەوە.

بەشێوەیەکی گشتی بنەماکانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردی بریتی بوون لە( کێشەی چینایەتی، خوێندن و زانست، گرنگیدان بەئافرەت، ڕەخنەگرتن لەکێشەو ململانێ کۆمەڵایەتیەکان، هوشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری)[*].

## یەکەم: کێشەی چینایەتی:

کێشەو ململانێی چینەکانی کۆمەڵگا مێژوویەکی کۆنی هەیە، لەبنەڕەتدا ((ململانێی چینایەتی ڕوویداوە، کە لەنێوان چینێکی ستەمکار و چینێکی چەوساوە. چینێکی سەردەستە و چینێکی ژێر دەستەدا بووە))[٢]. ئەم کێشەو ململانێیە ئاماژەیەک بووە بۆ چینە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا، بەڵام لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە ئەم ململانێیە جیاوازە، هەروەکو چۆن لەقۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتیشدا جیاوازبووە، چینایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەشێوەیەکی گشتی زۆرتر لە هەردوو چینی دەرەبەگ و جوتیاردا بەرجەستە بووبوو.

دەرکەوتنی چینایەتی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا سیماو تایبەتمەندی خۆی هەبووە، ئەوەی جێی سەرنجە دەربارەی سیستەمی دەرەبەگایەتی لە نێو کورددا ئەوەیە((سیفەتی هێزی دەرەبەگ بە ژمارەی ئەو جوتیارانەی سەربەئەون بەسترابووەوە، کەمتر گرنگی

---

[١] - www.amazhe.com/enlightenment-in-kurdsh-poems/ل٤-٦.

* جگەلەم تایبەت مەندیانە، چەندین تایبەتمەدنی دیکە هەیە لەبزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردیدا، لەوانە کێشەی سیاسی و یەکنەگرتن و خۆخۆری و گرنگی دان بە کشتوکاڵ و بایکۆتکردنی کاڵای دەرەوە و بەرهەم هێنانی بەرووبوومی ناوخۆیی و ڕەخنەگرتن لەکەسایەتیەئاینیەکان و گرنگی دان بە ڕۆژنامە و گۆڤار و ....هتد) بەڵام ئێمە بە هۆی دووبارەنەکردنەوە و درێژدادری نەکردنەوە تەنها ئاماژەمان بۆ ئەو تایبەتمەندیانەکردووە کەلەسەرەوە خراونەتەڕوو، بەڵام بەشەکانی سێیەم و چوارەم کەتایبەتە بەبنەماکانی ڕووناکبیری لە لای شاعیران( ئەسیری و ئەحمەد موختارجاف) بەوردی و بەنموونەی شیعری ڕوونیاندەکەینەوە.

[٢] - ڕەحیم سابیر، مێژووی فەلسەفە، لەمیکیاڤیللی یەوە تا کارل مارکس، فەیلەسوفانی سەردەمی هاوچەرخ، ل٦٥٠.

**بەخاوەندارێتی زەوی دەدرا))[1]، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەکۆمەڵگەدا هەموو دەرەبەگێک سەرۆکی هۆز و تیرە بوو، لەڕێگەیەوە دەیتوانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر دەوروبەردا بسەپێنێت، کە ئەمەش جیاواز بووە لەشێوەی دەرەبەگایەتی لەنێو کۆمەڵگا جیاوازەکانی تردا، ((کۆمەڵی کوردەوای بە حوکمی ئەوەی کە لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی گوندنشین دا ژیاوە، سیستەمی دەرەبەگایەتی دەستی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا گرتبوو، بۆیە ئەم کۆمەڵگەیە جیاوازی چینایەتی زۆر بەئاشکرایی پێوە دیار بوو. زوڵم و زۆرداری ئاغا و دەرەبەگ و چەوساندنەوەی ژێردەستەکانیان و زەوتکردنی هەموو ڕەنج و ماندوو بوونیان کەڵێنێکی زیاتری لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا دروستدەکرد و جیاوازی چینایەتیش بەئاشکرا لە کۆمەڵگادا پەیڕەو دەکرا))[2]، بەهۆی ئەو زوڵم و زۆرداریانەی کە لەکۆمەڵگادا پەرەی دەسەند، شاعیرانی ڕوناکبیری کورد، هەوڵی هوشیارکردنەوەی چینی هەژار و جوتیارانیان دەدا، بە پەیامی شیعری خۆیان، بۆ ڕاپەرین دژی ئەو زڵم و ستەمەی کە لەلایەن ئاغا و دەرەبەگ و مەلا و شێخ و سەرۆک هۆزەکانەوە بەرامبەریان دەکرا. شاعیرانی وەکو" حاجی و قانیع و ئەحمەد موختار و ئەسیری بێکەس... هتد نمونەی ئەو شاعیرانەبوون، کە وەک هەوڵێکی ڕووناکبیری بەپەیامی شیعری هەوڵیاندەدا ئەم جیاوازی چینایەتییە لەناو بەرن، بۆ ئەم مەبەستەش گەلێک پەیامی ڕووناکبیرانەی هاوچەرخیان بۆ چینی جوتیاران و هەژاران بڵاوکردەوە. لەم بارەیەوە قانع دەڵێت:**

**بەسەرما ڕامەبوورە کاکی زاڵم**

**لەدەستی زوڵمی تۆ وێرانە ماڵم**

**بەشەو ئێشکچی ماڵی ئاغام**

**بەڕۆژ کۆڵکێشی پووش و دڕک و داڵم[3]**

---

[1] - عادل مجید محمد گەرمیانی، وێنەی بابەتی لە شیعری گۆران و سیابدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغداد، کۆلێجی پەروەردە- ابن روشد، ٢٠٠٠، ل٢٤٠.

[2]- ئاوارە کەمال سالح، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٥٤.

[3] - بورهان قانع، ژیان و بەرهەمی قانع، چاپخانەی ئۆفسێتی ( الوسام)، بەغدا، ١٩٨٤، ل١٤٢.

بێکەس شاعیر دەڵێت:

شێخ کە دەف لێدەدەن وەکوو (...) لە زیکرا هەڵپەڕێ

حەقیقەتی دەروێشی مسکین نا عیلاجی گەر هەڵتڕێ

شێخ لەبەر چاوی موریدا خۆی بە جوبریل دائەنێ

((بالتبع)) هەر شەخسی جاهیل زوو بە زوو بۆی دێتە ڕێ[1]

**دووەم: خوێندن و زانست:**

زانست و خوێندن دوو کۆڵەکەی بنەڕەتی پێشکەوتنی مرۆڤایەتین. بەدرێژایی ڕەوتی مێژوویی فەیلەسوفان و ئەدیبان و ڕووناکبیران ڕزگاربوونی گەل و نەتەوەیان بە پێشکەوتنی خوێندن و زانستەوە بەستوەتەوە، هەربۆیە هەوڵەکانیان بۆ بەدەستهێنانی خوێندن و زانست تەرخانکردووە، ((شاعیری زانستپەروەر خوێندن و فێربوون و زانست بەچەکی ڕزگاربوون دادەنێ))[2]، بەردەوام هانی تاکەکانی کۆمەڵگایانداوە بۆ بەدەست هێنانی خوێندن و زانست. ئەم بابەتانە لە شیعری کوردیدا جێگەیەکی گرنگ و پڕ بایەخ بووە، کە((شاعیران درکیان بەوە کردووە. کە هەر کۆمەڵ و میلەتێک نەخوێندەواری و جەهل و نەزانین باڵی بەسەردا کێشا، ئیتر تواندنەوەی ئەو گەلە و ژێردەستەکردنیان دەبێتە کارێکی ئاسان و پرۆسەی داگیر کردنمان تووشی هیچ کێشەو گرفت و تەگەرەیەک نایەت))[3].

شاعیرانی کوردیش لەژێر ڕوانین لەپێشکەوتنەکانی ئەوروپاو وڵاتانی دراوسێ، درکیان بەم گرنگییەی خوێندن و زانستکردووە، ((کاتێک نەتەوەکانی تریان بینیوە

---

[1] - دیوانی بێکەس، ل ١٢٥.

[2]- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، شیعری کوردی و ژیان و بەرهەمی شاعیرانی، بەشی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٨٠، ل٨٦.

[3] - تاهیر محەمەد علی، ڕوانین لە دەق، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١١، ل٨٩.

**بەهۆی زانستەوە چۆن پێشکەوتوون و سەیری میللەتی کوردیشیان کردووە کە هێشتا لەناو زەلکاوی نەزانی و نەفامی و دواکەوتوویدایە. بۆیە هەموو هەوڵێکیان داوەو شیعرەکانیان کردووەتە مینبەری هۆشیارکردنەوەی خەڵک و هاندانیان بۆ بەدەستهێنانی خوێندن و زانست))[1].**

**شاعیرانی ئەو سەردەمە دیارترین چینی ڕووناکبیری کۆمەڵگا بوون، بەهەموو هێز و توانای خۆیانەوە، هەوڵی هوشیار کردنەوەی کۆمەڵگایان داوە بۆ چوونە بەر خوێندن و بەدەستهێنانی زانست، بۆ ئەم مەبەستەش هانی باوکان و دایکانیان داوە کە منداڵەکانیان بخەنە بەر خوێندن و زانست، چونکە خوێندن و زانستیان بەدوو کۆڵەکەی گرنگی سەرکەوتن و پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەزانی. شاعیرانی وەکو(حاجی قادر، ئەسیری، پیرەمێرد، ئەحمەد موختار جاف، قانیع، دڵدار، زێوەر، ...هتد) لە بەشێکی زۆری ناوەڕۆکی شیعرەکانیاندا گرنگیەکی زۆریان بە مەسەلەی خوێندن و زانست داوە، وەکو هەوڵێکی ڕووناکبیری لەو سەردەمەدا ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە لە بەئاگاهێنانەوەی تاکی کورددا. دڵداری شاعیر بۆ ستایشی گۆڤاری ڕووناکی دەڵێت:**

**میللەت ڕوناکی مایەی ژیانە**

**نۆبەی چالاکی لاوی جوانە**

**ئینجا سەیری کەن هونەری قەڵەم**

**تاکو بەرزی کەین عێراق و عەلەم[2]**

**بەختیار زێوەر باس لە بەهاو بایەخدان بە خوێندن و زانست دەکات بۆ هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی گەلەکەی بۆئەوەی لە نەزانین و دواکەتوویی ڕزگاریان ببێت، دەڵێت:**

---

**[1] - ئاسۆ عومەر مستەفا، خوێندن وزانست لە شیعری کوردیدا(کرمانجی خواروو١٨١٦-١٩٧٠)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین،ساڵی چوارەم ژمارە(١٣)، کانونی یەکەمی (٢٠١٧)، ل٧١٤.**

**[2] - عبدالخالق علاء الدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، طبع فی دار أفاق عربیە للصحافة والنشر، ل ١٩٢.**

برایینه! له خەو هەستن، بەیانە

زەمانی هەوڵ و عیلم و حوڕ ژیانە

هەموو قەومێ بە دائیم تێ ئەکۆشن

لە ڕێگەی عیلم و فەندا دڵ بە جۆشن

ئەرێ کوردی فەقیر و بێ کەس و غەم

هەتاکەی ژەهری نادانی ئەنۆشن[1]

## سێیەم: گرنگیدان بە ئافرەت:

ئافرەتان لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەروەکو نەتەوەکانی دراوسێ، دووچاری چەندین کێشە و گیروگرفت دەبوونەوە، سەرباری ئەوەی چەندین ئەرکی قورسیشیان بەسەر شانەوەبووە. تەنها مافێکی سروشتی کەمیان دراوەتێ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەوسەردەمانەدا هۆشیارییەکی ئەوتۆ و ڕێکخراوێک نەبووە، تاوەکو داکۆکییان لێبکات، چەندین مافی سەرەتاییان لێ زەوتکرابوو، لەوانە مافی خوێندن و پرۆسەی هاوسەرگیری. سەرباری ئەوەی ئافرەتان خاوەن کار و سەرمایەی تایبەتی خۆی نەبووە، بەڵام هێشتا بە بەراورد بە نەتەوەکانی دیکەی موسڵمان کورد باشتر بووە لە مەسەلەی پێدانی مافی ئافرەتاندا، لەم بارەیەوە مینۆرسکی دەڵێت: ((نەتەوەی کورد لەبەرامبەر ژندا لەسەرجەم گەلە موسڵمانەکان لێبوردەترن، ژنەکانیان بێ پەچەن، بەئازایی و بەبێ شەرمکردن لەناو کۆڕو کۆمەڵدا دادەنیشن و زۆرجاریش لەگفتوگۆدا هاوبەشی پیاوان دەکەن))[2]، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئافرەتانی کورد ئیتر تەواو ئازادن و خاوەنی مافی تایبەتی خۆیانن، دەکرێت بە بەراوردکردنی لەگەڵ نەتەوەکانی تری موسڵماندا ناوی بنرێت ئازادی،

[1]- دیوانی بەختیار زێوەر، مەحود زێوەر،چاپخانەی (الزمان)، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٨٩،ل٥٤.

[2]- نوخشە عەبدالله، ڕۆڵی ژن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی باشوری کوردستاندا (١٩١٨-١٩٤٥)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٩، ٣٣١-٣٤.

**ئەگینا، بێبەشکردنی ئافرەتان لە خوێندن و پرۆسەی بەشودانیان بەشێوەی ژن بەژن و بەشودانیان لەلایەن باوک و براو کەس و کاریانەوە ئەمانە لە هیچ پێوەرێکی ئازادیدا جێگەیان نابێتەوە، کە لە بەشێکی کۆمەڵگایی کوردیدا بوونی هەبووە.**

**یەکێک لەو کێشانەی کە لەگەڵ پەیدابوونی شیعری کوردیدا ئامادەیی هەبووە، کێشەی ئافرەت بووە، چونکە یەکێکە لە ((کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامە. کێشەی یەکەم زانینی نرخی مرۆڤە وەکو بونەوەرێکی هۆشمەند، بەتایبەتی ئافرەت، چونکە ئافرەت لەلای ئێمە زانیاری تەواو دەربارەی خۆی نازانێت و نەزانینەکەشی سەبارەت بە بەهایی کۆمەڵایەتی خۆی، وای لێکردووە ئەرکی سەرشانی خۆی و مافەکانی (وەکو دایک- خوشک- ژن) دەستەبەرنەکات هۆیەکەشی ئەوەیە کە هێشتا ئامێتەی کۆمەڵگایەکی شارستانی و پێشکەوتووی ئایدۆلۆژی نەبووە))[1]، لە کۆمەڵگای کوردیدا ئافرەتان زیاتر لە گوند و لادێکاندا مافەکانیان لێزەوت دەکرا وەک لەشارەکان، هەربۆیە شاعیرانی کورد ئەم بابەتە کاریان تێدەکات و بە ئەزمون و ڕوناکبیری خۆیان هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگادەدەن لەگرنگی و نرخی ئافرەتان، بەوەی کە سەرباری کاروباریماڵەوە شانبەشانی پیاوان کاردەکەن و لەزۆربەی شۆڕشەکانی کوردیدا بەشدارییانکردووە و هاوکاری پیاوان بوون. جگە لەوەی ڕەخنەیەکی توندیان لەکۆمەڵگەو بەتایبەتیش پیاوان دەگرت بەهۆی ئەو زوڵم و ستەمەی کە بەرامبەر بەئافرەتان دەکرا لەکۆمەڵگادا.**

**کوردستان موکریانی ((حاجی قادری کۆیی بەیەکەم بوێژ دەداتە قەڵەم کە ئاڵای سەربەستی ئافرەتی هەڵگرتبێت))[2].**

**لەپاش حاجی قادر، چەندین شاعیری ڕووناکبیری کورد گرنگیان بەم مەسەلەیەداوە و لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە هەوڵی هوشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەیانداوە، لەوەی کە ئافرەتانیش وەکو پیاوان خاوەن ماف و ئەرکی تایبەتی خۆیانن، لەو شاعیرانەی کە**

---

[1]- ئازاد عەبدلواحێد کەریم، سۆسیۆلۆژیای ئەدەب لەڕوانگەی پێوەرە ئاکاری و ئاینیەکانەوە(شیعری کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە بەنمونە، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک، ٢٠١٣، ل٢٧٦-٢٧٧.

[2]- کوردستان موکریانی، هۆنراوەی ئافرەتی کورد، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٨٠، ل٨.

ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە( پیرەمێرد و بێکەس و قانیع و ئەسیری و ئەحمەد موختار جاف و زێوەر ...هتد)، لەڕێگەی شیعرەکانیانەوە پەیامی ڕووناکبیری خۆیان بەکۆمەڵگا گەیاندووە. حاجی قادر دەڵێت:

دوو هەزار ژن فەساد کرا لەم لا

بونە قاتیل ئەوانی تر لەولا

یەک بەیەک بوونە نائیبی هەمەوەند

ساحیبی مارتین و ماری گەزەند[1]

(بێکەس)ی شاعیر لە بارەی کێشەی ژنەوە دەڵێت:

خشڵ و جوانی تۆ حەیا و فێربوونە

پاشەڕۆژیشت هەر بەوان ڕوونە

کچی بێ عیلم دیل و زەبوونە

هەستە تێکۆشە تاخوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێدە کەی وادەی شەرمە[2]

**چوارەم: ڕەخنەگرتن لەململانێ و ناکۆکییەکانی کۆمەڵگا:**

بەو پێوەرەی کە ئەدەب ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی گەل و نەتەوەیە، بۆیە بارودۆخی ڕووناکبیری و سیاسی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەبەردەوامی لە ئەدەبدا ڕەنگیان داوەتەوە و بوون بەواقیعێکی دیاری شیعر و ئەدەبیات.

[1] - دیوان حاجی قادر، ل ١٨١.

[2] - دیوانی بێکەس، ل ١١٩.

له بیستەکانی سەدەی بیستەم بەدواوە. کۆمەڵگای کوردی دووچاری چەندین دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوایەتی و ئاینی بووەتەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی کاریگەرییەکی نەرێنیان هەبووە لەکۆمەڵگادا. شاعیرانی ڕووناکبیری کورد ئەم کێشەو ململانێ و ناکۆکیانەی نێوان چینەجیاوازەکانی کۆمەڵگایان بەڕێگر داناوە لەبەردەم بەرەو پێشچوون و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگادا، بۆیە شاعیرانی کورد بەپێی باری ڕووناکبیری و تێگەیشتن و ئەزموونی تایبەتی خۆیان چالاکانە گرنگییان بەخستنەڕووی کێشە و گیروگرفتەکانی کۆمەڵگاداوە، لەمبارەشەوە کەوتوونەتە ڕەخنەگرتن لە دیاردە دزێو و ناشارستانیەکانی کۆمەڵی کوردەواری و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی دەربازبوون لە ململانێ و کێشە سیاسیی و نەتەوەی و چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکان، کە ئەمەش شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و بە پەیامێکی ڕووناکبیرانە لە ڕێگەی شیعرەوە بووە، لەبەرئەوە ((کەرەستەی دەربڕین لای شاعیر شیعرە، بەهۆیەوە ڕاستی ڕووداوەکان تەنگەژەکان و بارودۆخی خۆی و کۆمەڵەکەی ڕاستگۆیانە دەرئەبڕێ، هەر ئەم کەرەسە و دەربڕینەش ئەبێتە بابەتێکی کۆمەڵایەتی))[1]. شاعیران وەکو پەیامێکی ڕووناکبیرانەی کۆمەڵایەتی، هەمیشە لە پەیوەندی توند و تۆڵدا بوون لەگەڵ کۆمەڵگاکەیاندا، هەوڵی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگەیان داوە چ لەڕێگەی ئامۆژگارییەوە بێت، یاخود ڕەخنەگرتن، چونکە شاعیران بەشێوەیەکی دیار ڕەخنەی توندیان لەململانێ و کێشەکانی ناو کۆمەڵگا دەگرت. ئەمەشیان بەهۆی خەمخۆری خۆیانەوە بووە، چونکە ((ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی گرنگی بە دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە دەدات کە لەنێوان کۆمەڵگادا ڕوو دەدا))[2].

شاعیرانی کورد، بەشێوەیەکی ڕەها گرنگیان بەم بابەتە داوەو لەڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە هەوڵی هوشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگایان داوە، لە دیاردە خراپ و دزێو و ناهەموارەکانی کۆمەڵگای کوردی، (حاجی قادر و قانع و پیرەمێرد و ئەحمەد موختار و حەمدی و بێکەس ...هتد) نموونەی ئەوشاعیرانەن، کە لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیاندا گرنگییەکی زۆریان بەمەسەلەی ڕەخنەگرتن لەکێشەو ململانێکانی کۆمەڵگا داوە و ڕەخنەی

---

[1]- محەمەد ئەحمەد سەعید(کساس جەباری)، کەرکوک و بزاڤی شیعری کوردی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٤٧.

[2]- ئاوارە کەمال سالح، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لەشیعرەکانی گۆراندا، ل٢٠٠.

توندیان ئاراستەیکردوون. ئەم شێوازی ڕەخنەگرتنە بۆ خۆی خەسڵەتێکی دیاری بزووتنەوەی ڕووناکبیریە.

لەبارەی ڕەخنەگرتن لە سیاسی و نوێنەرانی کورد لە کۆبوونەوەکان، پیرەمێردی شاعیر دەڵێت:

وەفدی کوردستان ، میللەت فرۆشان

هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان

چەپکێ لە گوڵەکەی باخەکەی سەرا

کە بەخوێنی لاوان ئاو درا

بیبەنە خزمەت عەرشی عێراقی

بڵێن یار باقی کوردان سەر باقی[1]

بێکەس لەم بارەیەوە دەڵێت:

کورد ئەبەد ناگات بەمەقسەد نۆکەری بێگانەیە

دوو دڵن پیسن لەگەڵ یەک، بۆیە وا بێ لانەیە

میللەتێکن بۆ نەمانی یەکتری هەر هەوڵ ئەدەن

داخەکەم ورد و درشتی شێت و شەیدای عانەیە[2]

[1] - دیوانی پیرەمێر، محمد رسول(هاوار)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٧، ل ٩٣.

[2] - دیوانی بێکەس، ل ٧١.

## پێنجەم: کێشەی نەتەوایەتی و نیشتمانی:

هەستی نەتەوایەتی بریتییە لەو سۆزو خۆشەویستییەی کە لە دڵ و دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگادا چەکەرەدەکات و خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت لەبەرامبەر هەرکێشەو گیروگرفتێک کەڕووبەڕوی خاک و نەتەوەکەی دەبێتەوە. جان جاک ڕۆسۆ بە یەکەمین هەڵگری پەیامی نەتەوایەتی دادەنرێت. چونکە ((زۆر پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد، دەبێت چین و توێژو تیرەو هۆزەکانی گەل یەکبگرن و پاڵپشتی یەک بکەن، بڕوای وابوو، کە دەبێت مرۆڤ زۆر بەتوندی بەنیشتمان و خاک و ئاوی خۆیەوە بچەسپێت، وە نیشتمان ببێتە چەق و سوڕگەی بیرکردنەوەو ئاوات و خولیای تاک و کۆمەڵ))[1]. میللەتی کورد خاوەن خاک و نەتەوە و سنووری جوگرافی خۆی بووە، کە شوێنێکی گرنگ و ستراتیجی و بەپیت بووە. شوێنی مانەوە و گرنگیدانی تاکەکانی کورد بووە، بەڵام بەهۆی هەڵکەوتی شوێنە جوگرافییەکەیەوە، هەمیشە لەژێر باری نالەباری وڵاتانی داگیرکەردا بووە، بە گوێرەی قۆناغە جیاجیاکان بەپێی ئەوەی ((مێژوویەکی پڕ تەنگ و چەڵەمە و تەنگەژەی کۆمەڵایەتی بووە، بەپێی ئەوەی کە لە زۆربەی قۆناغەکاندا لەژێر دەسەڵات و چەکمەی زۆرداران و دەستەڵاتە ناوچەییەکاندا بووە، بەتایبەتی لەسەردەمی داگیرکاری عوسمانیدا، چەندین دیاردەی ناهەموار و دزێوی بەسەردا سەپێنراوە، وەک دواکەوتویی لەهەموو بوارەکانی ئابووری و خوێندەواری و دەسەڵاتەوە))[2]. ئەم داگیرکاریەش چەندین لێکەوتەی تاڵ و نالەباری لێکەوتۆتەوە و بووە بەهۆی دواکەوتنی کۆمەڵگا و تێکچوونی بەها ئەخلاقی و مرۆڤایەتیەکان، لێکەوتەکانی ئەم واقیعەش لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە.

ئەگەرچی ئەم بابەتە لە شیعری کۆنی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە. هەر لە "ئەحمەدی خانی"یەوە، تا دەگاتە حاجی قادری کۆیی، کە ((بەرهەمەکانی بەقوتابخانەیەکی شیعری لەئەدەبی کوردیدا دەژمێردرێت ئەو قوتابخانەیەش پێی دەوترێت ڕۆشنکردنەوە( تنویری) یاخود دەتوانین پێی بڵێین قوتابخانەی ڕۆشنبیریی و گرنگترین خاسیەتەکانی

---

[1]- عەلی باپیر، سۆزی نەتەوایەتی، چاپخانەی شەهیدانی گردی ڕەمکان، ١٩٨٩،ل١٣٨.

[2]- محەمەد ئەحمەد سەعید(کەساس جەباری)، کەرکوک و بزاڤی شیعری کوردی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندا، ل٢٤٧-٢٤٨.

**ئەم قوتابخانە شیعریەش نزیک بوونەوەیەکی یەکجار گەورەیە لەمیللەت و دەربڕینی هیواو ئاوات و ئازار و داخوازیەکانی بەجۆرێکی فراوانتر و گەلێ گەورەتر لە شاعیرانی پێشووتر))[1]، بەڵام بەشێوەیەکی سادە بووە و وەکو هەوڵێک بووە بۆ سەربەخۆیی و یەکگرتنی تاکەکانی نەتەوەیی، کەچی بەشێوەیەکی گشتی لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانیەوە باس و خواستی سەربەخۆی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لای نەتەوە ژێردەستەکان سەری هەڵداوە، کە ((بەرەی سوێند خۆرەکان (ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی پەیتا پەیتا ئەو باس و خواسانەیان بڵاودەکردەوە و پشتگیری خۆیان بۆ ئازاد کردنی نەتەوە ژێر دەستەکانیان دووپاتدەکردەوە))[2]. هەروەها گەلی کورد بەدەم ئەم بانگەوازەی ئینگلیز و هاوپەیمانەکانیەوە ڕۆشت بەو ئامانجەی، وەکو میللەتانی دونیا ببنە خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆ، کە بەشێک لەشاعیران و ڕووناکبیرانی کورد ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە لەم مەسەلەیەدا لەوانە، ((مستەفا پاشای یامۆکی و شوکری فەزڵی و میرزا غەفور، لە سەردەمی حکومەتی شیخ مەحمود دا))[3]. دیارە گەلی کورد بەهۆی ئەو ژێردەستییەی کە بینیویەتی تینووی ئازادی و سەربەخۆی بووە، بۆیە بەدەم حکومەتەکەی "شیخ مەحمود" ەوە ڕۆشتووە.**

**بیری نەتەوایەتی و نیشتمانی لەشیعری کوردیدا جێگەیەکی دیار و بەرزی هەبووە، بەشێکی زۆری شاعیرانی کورد هەوڵی هوشیارکردنەوەی تاکەکانیانداوە بۆ خۆشەویستی خاک و نەتەوەکەیان، هەروەک چۆن ڕەخنەیان ئاراستەی کاربەدەستان و سیاسیەکانیش کردووە. بەهۆی نەزانین و هەلپەرەستیەوە بونەتە هۆکاری دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی.**

---

[1]- د.محەمەد ئەحمەد سەعید(کساس جەباری)، شیکاری دەق، ل٨٨.

[2]- یوسف ئەحمەد محەمەد، شیعری کوردی لەژێر چەمکی ڕیالیزمدا(١٩٠٠-١٩٥٠)، ل١٣٥.

[3]- عەبداللە ئاگری، شیعری سیاسی کوردی لەباشوری کوردستان، لەیەکەم جەنگی گێتییەوە تا ڕاپەرینی شەشەی ئەیلول بەردەرکی سەراس سلێمانی ١٩١٨-١٩٤٩، چاپی یەکەم، ١٩٩٦، ل٢١.

**دڵدار شاعیر لە وەسفی  نیشتماندا دەڵێت:**

**چونکە کوردستان ، کوردستانی جوان**

**قیبلەمی دینمی خوامی بێگومان**[1]

**قانع دەڵێت:**

**عەیبە بۆ تۆ کە نەسڵی کوردانی**

**حورمەتی خاک و باد، نازانیٚ**

**قاقەزت بیٚ بەتورکی ئەینووسی**

**یا زمانی زەبوونی ئێرانی**[2]

[1]- دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ل١٨٢.

[2]- بورهان قانع، ژیان و بەرهەمی قانع، ل ٢٥٧.

## بەشی دووەم: پاری سێیەم: قۆناغەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردیدا

### دەروازەیەکی تیۆری

ئاشکرایە کە شیعر وەکو ئامرازێک بووە بۆ هوشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵگای کوردی، بۆیە ئەگەر بمانەوێت لێکۆڵینەوە لە بزوتنەوەی ڕووناکبیری و هەوڵە سەرەتاییەکان بکەین، ئەوا دیسانەوە دەبێت هەر لە شیعر و ئەدەبیاتەوە لێکۆڵینەوەکەمان ئەنجام بدەین، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت، کە بەراوردی ئەم هەوڵە ڕووناکبیریانەی شاعیرانی کوردی بکەین بە پرنسیپ و میکانیزمەکانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری ئەوروپی و ڕۆژئاوا، هۆکارەکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە میکانیزم و دامەزراوە ڕووناکبیریەکانی ڕۆژئاوا هێندە بەرفراوان و هەمەجۆر بوون، کە هەرگیز ناکرێت بەراورد کردنێکی لەوجۆرە ئەنجام بدرێت. بۆیە پێوستە لەکاتی هەڵوێستە کردن و لێکۆڵینەوە لە بزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردی ڕەچاوی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری... هتد کۆمەڵگای کوردی بکەین، کەواتە شیعر هەڵگری تایبەتمەندی و ئەدگاری کوردییانەی وەرگرتووە. کە ئەمەش سیمایەکی عەقڵانی ناو کۆمەڵگای کوردی بووە، لەبەرئەوە شیعر توانیویەتی ئەرکی ژیانی پڕچەرمەسەری و دواکەوتوویی و هەژاری و کلتوری لەئەستۆ بگرێت، نەک هەر ئەوە بگرە ڕۆڵی لە چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی و نەتەوایەتی نیشتمانی هەبووە.

لەمەڕ پرنسیپ و میکانیزمەکانی بزوتنەوەی ڕووناکبیرییەوە، ناکرێت بیر لە پرنسیپێکی دیکە بکرێتەوە تاوەکو ژانرێکی وەکو شیعر هەبێت، چونکە شاعیران ((لە هەموو مرۆڤێک زیاتر قاڵبووی هەموو بارودۆخەکانی دەوروبەرەکەیەتی، لە بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئاکاری و ڕوحی و ڕۆشنبیری و هونەرییەوە نزیکە، وێرای ئەوەی کە بەهەموو شێوازێکی تەکنیکی و ڕەخساو بیردەکاتەوەو دەنوسێت، لەهەمان کاتیشدا هاوبەشی جیهان دەکات لەژیانی ڕۆژانەو داهێنان و هونەرو هەموو کار و

**بارێکدا))[1]، کەواتە لەڕووی پەیامەوە دەکرێت ئەوە بگوترێت کە هەوڵە ڕووناکبیریەکانی نێو ئەدەبی کوردی هەمان تایبەتمەندی پەیامی ڕووناکبیری ئەوروپاو ڕۆژئاوابووە، بەڵام لەڕووی میکانیزی جێبەجێکردنەوە جیاوازە و ناکرێت بەراورد لە نێوانیاندا بکرێت.**

**ئاشکرایە کە بزوتنەوەی ڕووناکبیری لەئەوروپادا ((خەباتێکی ئایدۆلۆجی چینی ناوەڕاست بوو لە دژی ڕژێمی دەرەبەگایەتی))[2].هەرچی کۆمەڵگای کوردیە بەدەست هەژاری و زوڵم و ستەمی ئاغاو دەرەبەگەکانەوە دەیناڵاندو لەبارێکی خراپی ئابووریدا بوون، بۆیە شاعیرانیش ئەرکی هوشیارکردنەوەی چینی کرێکار و هەژارانیان لە ئەستۆگرتبوو.**

**لە ڕۆژئاوا و ئەوروپادا ڕابەرانی ڕووناکبیری دەیانویست مرۆڤ ئازاد بێت بەمەش دژایەتی پیاوانی ئاینی و کڵێسایان دەکرد، ڕۆڵی باشیان هەبوو لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگادا. لە کۆمەڵگای کوردیدا، بەشێک لە شێخ و مەلاکان لەژێر پەردەی ئایندا بۆ سوود و قازانجی خۆیان ئاینەکەیان بەکارهێناوە. بۆ چاوبەستن و بەلاڕێدا بردنی خەڵکی سادە و هەژاری کۆمەڵگا، بەم هۆیەوە نەخوێندەواری لەکۆمەڵگادا بڵاوبووەوە، شاعیرانی کوردیش لەدژی ئەو دواکەوتوویی و نەخوێندەوارییەی کۆمەڵگای کوردی کە بەهۆی بەشێک مەلا و شێخەکانەوە دووچاربوون. وەستانەوە و هەوڵی نەهێشتنی بەربەستەکانی ئەو بەناو پیاوە ئاینییانەیان دەدا کە لەژێر پەردەی ئاینەوە مەرامی خۆیان جێبەجێ دەکرد، ئەم دژایەتی کردنە لەلایەن شاعیرانەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا، بەرامبەر بووە بەو دژایەتیکردنەی ئەوروپیەکان لە دژی کڵێسا و پیاوانی مەسیحی و قەشەکان، چونکە لە کوردستاندا لەجێگەی قەشەکان و کڵێسا پیاوانی تەکیە و خانەقا ئەو ڕۆڵەیان بینیوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ڕۆڵی مزگەوت و حوجرەو فێرگە ئاینیەکان لەبەرچاو نەگرین و کەم بایەخیان بکەین، بگرە سەرچاوەیەکی باشی مەعریفی و ڕووناکبیری بوون، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم حوجرە و فێرگە ئاینیانە دەورێکی ئیجابیشیان هەبووە لەبزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردیدا.**

---

**[1]- ئازاد عەبدالواحێد کریم، نوێکردنەوە لەشیعری کوردیدا(لە جەنگی جیهانی یەکەم تا ساڵی ١٩٧٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک، ٢٠٠٦، ل٣١.**

**[2]- هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبیەکان، چاپی یەکەم، ل٦٥.**

تەوەرەیەکی گرنگی بزوتنەوەی ڕووناکبیری ڕۆژئاوا و ئەوروپا فراوانکردنی دەسەڵاتی ڕەخنەگرتن بوو، بەومانایەی کەهیچ هۆکارێک نەبێتە هۆی ئەوەی کەسنوری بیرکردنەوەی تاک لە کۆمەڵگادا سنوردار بکرێت و مافی ئازادی و یەکسانی لەکۆمەڵگادا بەرتەسک بکاتەوە، لەلای شاعیرانی کوردیش وەک هەوڵێکی ڕووناکبیری ئەم جۆرە لەهەڵوێست بەدی دەکرێت و شاعیران بەهەموو هەوڵ و توانایەکی خۆیانەوە چاوی تاکی کۆمەڵگایان دەکردەوە، بۆئەوەی هەرگیز بە ژێردەستەیی و دەستەمۆیی نەمێننەوە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە لەڕووی میکانیزمی جێبەجێکردن و پەی بردن بەهەموو کەلێن و نالەبارییەکانی کۆمەڵگا، لای گەلانی دونیا جیاوازن، بۆیە کۆمەڵگای کوردیش وەک کۆمەڵگایەکی زیندو بەپێی ئەو جوگرافیا و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگەوە تایبەتمەندی خۆی هەبووە، مامەڵەی لەگەڵ مانیفێستی بزوتنەوەی ڕووناکبیریدا کردووە، بەڵام شاعیرانی ڕووناکبیری کورد تا ڕادەیەکی باش هەوڵی ئەوەیان داوە هێڵە سەرەکییەکانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری ئەوروپی وەربگرن و لە هەر جێگەیەک بە پێویستیان زانیبێت کۆمەڵگایان پێ هۆشیارکردووەتەوە.

لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا هەوڵدراوە ئەو فاکتەر و هۆکارانە بخەینە بەرباس کە ڕۆڵی بنچینەییان هەبووە لە ڕووناکبیرکردنی کۆمەڵگای کوردیدا. بێگومان شیعر تاکە فاکتەری ئەم ڕێگایە بووە، کە لە ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکاندا هەوڵێکی ڕووناکبیرانە بەدی دەکەین. وەک تاکە سەرچاوەیەکی بزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردی، کە هەڵگری پەیامێکی ڕووناکبیرانە بووە لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و نەتەوایەتی و زانست و خوێندەوارییەوە، کە ئەمەش لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژووی نەتەوەی کورددا بووە بە ئەرکی شیعر، بەڵام لەڕاستیدا ئەم بابەتانە ڕۆڵی سەرەکی شیعر نەبووە، بەڵکو بەشێکی لاوەکی بووە، کەچی بەهۆی ئەو نالەباری و ناهەمواریی‌ەی کە لە کۆمەڵگادا بەدی کراوە، شیعر هەوڵیداوە پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

بۆیە ئێمەش بەپێی بواری نامەکە هەوڵمانداوە بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردی، ئەو هەوڵە ڕووناکبیریانە بخەینەڕوو، کە ڕۆڵی بەرچاو و دیاریان هەبووە، لە بزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردیدا.

## هەوڵە ڕووناکبیرییەکەی سەدەی حەڤدەهەم

### ئەحمەدی خانی(١٦٥٠-١٧٠٧)

شاعیرێکی بیرتیژ و زانایەکی عەقڵانی و ڕووناکبیرێکی گەورەی نەتەوەی کورد بوو. ((ئەحمەدی خانی شاعیرێکی بلیمەت بوو، خاوەن هزرو زانینێکی فراوان و هەمەلایەن بوو، توانای ئەو لە نووسینی شیعردا دەرکەوتووە وەک داهێنەرێک لە کاری ئەدەبیدا لە قەڵەم دەدرێت))[١]. بەشێوەیەک کاتێک لەسەر هەر دیاردە و حاڵەتێک وەستابێت بێگومان بەچاوێکی ڕەخنەیی ورد و بە هەستێکی نەتەوایەتی بەهێزەوە بیری ڕووناکبیرانەی خۆی بەدەرخستووە، لەبەر ئەمەیە کاتێک باس لەخانی دەکرێت ناکرێت تەنها لەیەک لایەنەوە ئاماژە بۆ ناوەڕۆکی شیعرەکانی بکەین، بەواتایەکی تر خانی بەوە لە شاعیرانی هاوچەرخی خۆی و بگرە پاش خۆی جیادەکرێتەوە کە ئاواتی تەنها مەسەلەی ڕزگاربوون نییە لە ژێردەستەیی و زوڵم و ستەم و دواکەوتوویی، بەڵکو((بینینێکی زانستی ئەو مەسەلەیەیە کە لەگەڵ واقیع و توانای سەردەمدا ڕێکدەکەوێت و لە لێکدانەوەدا پێش خەڵکی تر دەکەوێت. ئەوەش بەبیری هەڵکەوتوانەو بینینی ڕابەڕانەی مەسەلەکە))[٢].

---

[١]- فەهمی شوکری عەبدوڵڵا، نەتەوەو دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی(١٦٥٠-١٧٠٧)دا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٠.

[٢] - عیزەدین مستەفا ڕەسول، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەند، فەیلەسوف و سۆفی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٠٧.

سەرەتای دەسپێکی بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبیاتی کوردیدا ((بە زۆرینەی پێوەرەکانی ڕووناکبیری، وەکو هەستی نەتەوایەتی و هاندان بۆ زانست و زانیاری و مرۆڤایەتی و .... تاد. ئەحمەدی خانی بەسەرئامەدد و پێشەنگی ئەو قۆناغە دادەنرێت))[1]

دادەنرێت))[1]

مەسەلەی نەتەوایەتی لای خانی، مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و جێگەی بایەخ و ئاوڕدانەوەو لەسەر وەستان بووە. بەشێوەیەک زۆر بەڕوون و ڕەوانی ئەم مژارە لەمەم و زیندا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە خانی بە((یەکەمین شاعیری ڕابەری نەتەوەیی دادەنرێت، کەداوای ئازادی و سەربەستی بۆ گەلەکەی بکات))[2] چونکە مەم و زین تەنها داستانێکی شیعری دڵداری ڕووت نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە، پرۆژەیەکە بیرمەند و ڕووناکبیرێکی مەزنی وەکو خانی بەرهەمی هێناوە بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی نەتەوەیی، بۆیە دەکرێت بە هەوڵێکی ڕووناکبیرانەی بناسێنین بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی.

خەونی یەکگرتن و دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لەداستانی (مەم و زین)دا بە شێوازێکی ڕوون و ڕەوان هەستی پێدەکرێت، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە خانی وەک شاعیرێکی ڕووناکبیر لە ناو ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگە و کلتوری سیاسیدا بووە، هەموو ئەو نادادی و نایەکسانی و یەکنەبوون و ناکۆکیانەی بەچاوی خۆی بینیوە، لەم چوارچێوەیەوە خانی لەمەم و زیندا خەمی نەتەوەکەیەتی و هۆکاری ژێردەستەبوون و دواکەوتووی میللەتی کوردی دەخاتەڕوو، خانی دەڵێت:

گەر دێ هەبوا مە پاشاهەک

لائق بدیا خودێ کولاهەک

تەعیین ببوا ژبۆ وی تەختەک

ظاهر ڤەدبو مە بەختەک

---

[1]- ئازاد عەبدلواحید کەریم، نوێگەری لە شیعری کوردیدا ( لە ڕووناکبیرییەوەتا ڕوانگەییەکان)، چاپخانەی دەزگای ئاراس- هەلێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، ل١٢.

[2]- عزالدين مصطفى رسول، الواقعية فى الادب الكردي، دار المكتبة العصرية، صيا، بيروت، ١٩٦٦، ص٧٠.

غەمخواری دکر ل مە یەتیمان

تینانە دەرێ ژ دەست لەئیمان[1]

خانی وەک ڕووناکبیرێک، هزر و بیری خۆی دەخاتەکار بۆ بینینەوەی هۆکاری ئەو نەهامەتی و ژێردەستەیی و نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ نەتەوەی کورد، لەئەنجامدا، دەگاتە ئەو بەرئەنجامەی کەنەبوونی هێزی یەکگرتن و سەرکردەیەکی خەمخۆر بۆ کوردان، هۆکاری ئەم نادادی و ژێردەستەیی بوونەی نەتەوەی کوردە. بۆیە گلەیی لە چەرخ و زەمانەدەکات و لە هەمانکاتدا ڕەخنە لە میرنشین و دەستەڵاتدارانی ئەو میرنشینانە دەگرێت و دەڵێت، ئەگەر ئەم ناکۆکی و دووبەرەکییە نەبوایە ئەوا کوردیش بەم شێوەیە نەدەکەوتە ژێر چەپۆکی وڵاتان، هەروەکو خانی دەڵێت:

غالب نەدبوو ل سەرمە ئەو رووم

نەدەبوونە خرابەیی ددەست بووم

مەحکوومێ و عەلییە صەعالیک

مەغلوب و موطیعی تورک و تاجیک[2]

خانی وەک بیرمەندێک بە چاوی ڕەخنەگرانەوە دەڕوانێتە دۆزی کورد و ڕای وایە، ئەگەر نەتەوەی کورد یەکدەنگ و یەکگرتوو ببوایە، ئەوا هەرگیز بەم شێوەیە میللەتەکەی نەدەکەوتە ژێردەسەڵاتی دەوڵەتانی ئیمپراتۆری ڕۆم و تورک، ئەم لاوازی و دوبەرەکیەی میرنشینەکان وای کردبوو کە وڵاتان زۆر بەئاسایی دەستی بەسەردا بگرن و داگیری بکەن، چونکە کاتێک میرنشینێک تووشی ڕووبەڕوو بوونەوە دەبووەوە لەگەڵ دەوڵەتاندا، ئەوکات میرنشینێکی دیکە ڕۆڵی تەماشاکردن زیاتریان نەدەگێڕا، هەر ئەمەش وایکردبوو

---

[1] - مەم و زینی ئەحمەدی خانی، شرۆڤەکرن و ڤەکۆڵینا ئەمینێ ئوسمان، چاپا ئێکی، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٩٠، ل ٤٩-٥٠.

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویی و ڕۆم زاڵ بین بەسەر بارودۆخی ناهەمواری کوردستاندا، ئەمە سەرەڕای شوێنی ستراتیژی کوردستان، کە هۆکارێکی دیکەی ئەم داگیرکارییە بوو. لێرەوە خانی دەڵێت:

ئەڤ روم و عەجەم بوان حەصارن

کرمانج هەمی ل چار کنارن

هەردو طەرەفان قەبیلێ کرمانج

بو تیرێ قەضا کرینە ئامانج

گۆیا کو ل سەر حەددان کلیدن

هەر تطائفە سەددەکن سەدیدن

ئەڤ قولزومێ روم و بەحر تاجیک

هندی کو بکەن خروج و تەحریک

کرمانج دبن بخونێ ملطخ

وان ژێک ڤە دکەن مثالێ بەرزەخ[1]

خانی بە شێوازێکی زانستی هۆکاری ئەم داگیرکاری و ژێردەستەبوونەی نەتەوەی کورد دەخاتەڕوو، بەشێوەیەک ڕای وایە کە سەرباری نەبوونی سەرکردە و سەرۆکێکی دڵسۆز و نەبوونی یەکڕیزی و یەکگرتن و نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی تۆکمە، شوێنی جوگرافیایی کوردستان و ستراتیژ و هەڵکەوتووی خاکەکەی هۆکارێکی دیکە بوو، بۆئەوەی وڵاتانی داگیرکەر و ئیمپراتۆرەکان چاوی تەماعیان تێببڕن و ئارەزووی داگیرکردنی بکەن، لێرەدا هەرچەندە خانی وەک ڕەخنەگرێک ئەو بارە ناهەموارە دەخاتە ژێر تیشکی ڕەخنەوە، بەڵام ((بەسەر میللەتەکەی خۆیدا هەڵناچێت و ئەو بەهۆی سەرشۆڕی و سستی و

[1] - ئەحمەدێ خانی، شرۆڤەکرن و ڤەکۆڵینا ئەمینێ ئوسمان، ل ٥٢.

سەرشۆڕی و پشتێنکردنەوەو لەخوێنا گەوزاندن نازانێت، بەڵکو وەک کوڕێکی هۆشیاری گەل باری میرەکانی کوردو پێکەوە ڕۆیشتن (ئینقیاد)یان، بەهۆی ڕاستەقینە دەزانێت و حاڵی ئەوان بە شەرمەزاری دەزانێت))[1]، هەروەکو دەڵێت:

تەبعیەت وان ئەگەر چ عارە

ئەو عار ل خەلقێ نامدارە

ناموسە ل حاکم و ئەمیران

تاوان چ یە شاعر و فەقیران[2]

خانی وەک ڕووناکبیر و ڕەخنەگرێک، بەئەزمون و هۆشیارییەوە هەوڵی دەستنیشان کردنی ئەو فاکتەرانەی داوە کە ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتن و دروست بوونی قەوارەیەکی سیاسی و نەتەوەیی بۆ کوردان. لە ئەنجامدا گەیشتۆتە ئەو بڕوایە کە هۆکاری ئەم ژێردەستەبوونەی نەتەوەکەی حاکم و کاربەدەست و میرەکان بوون، چونکە هەر ئەوانن ناودار و خاوەن پلە و پۆستن و وڵات بەڕێوەدەبەن، بەڵام مخابن ئەم حاکم و میرانە هێندە بێئابڕون خەمیان تەنیا خۆیانە و لە خەمی کۆکردنەوەی ساماندان، ئیتر هیچ سوچ و تاوانێک ناکەوێتە سەرشانی خەڵکی سڤیل و شاعیران، لێرەدا خانی وەک ڕەخنەگر و بیرمەند و ڕوناکبیرێک خۆی پیشانداوە. بەهۆی ئەوەی، کە بەشێوازێکی زانستی و عەقلانی هەوڵی دەستنیشانکردنی کیشە و گرفتەکانی داوە، بەبۆچوونی خانی وەک لە (مەم و زین)دا ئاماژەی بۆ کردووە، کێشەی بنەڕەتی نەتەوەی کورد، نەبوونی یەکڕیزی و یەکگرتن هۆکارێکی دیکەی ئەم ژێردەستەبوون و دواکەوتوویە و ئەم دەردی نەزانینە. لەم ڕوانگەیەوە خانی دەڵێت:

گەر دێ هەبوا مە ئتفاقەک

ڤێکرا بکرا مە ئنقیادەک

---

[1] عیزەدین مستەفا ڕەسول، ئەحمەدی خانی شاعیرو بیرمەند فەیلەسووف و سۆفی، ل١٠٤ .

[2] - ئەحمەدێ خانی، شرۆڤەکرن و ڤەکولینا ئەمینێ ئوسمان، ل ٥٠.

روم و ئەرەب و عەجەم تمامی

هەمیان ژ مەرا دکر غولامی

تەکمیل دکر مە دین و دەولەت

تەحصیل دکر مە علم و حکمەت

تمییز دبون ژ هەڤ مەقالات

ممتاز دبون خودان کەمالات[1]

خانی ڕووناکبیر، شاعیرو خاوەن ئەزمون و بلیمەت، تەنها مەبەستی دروستبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆ نییە، بەشێوەیەک کە ببێتە هۆی پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، بەڵکو زیاتر دەیەوێت لەپاڵ ئەم مەسەلەی یەکگرتن و یەکبوونەدا، ڕۆڵی و گرنگی زانست و زانیاری و ئەدەب و هونەری نەتەوە دەربخات، لەپاشاندا باوەڕی وایە بەدەرخستنی زانست و ئەدەب و هونەر، دەبێتە هۆی سەرکەوتن و ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی. بەبۆچوونی خانی ئەم هەوڵانەش پێویستی بە میرو سەروەر و سەرکردەیەکی زاناو شارەزا دەبێت. بۆ ڕێکخستن و هاندانی ڕۆڵەکانی میللەتەکەی، هەروەکو دەڵێت:

استادی دڤێتن و تأمل

اخفاء و تەغافل و تەحەمل[2]

خانی پەیامێکی ڕووناکبیرانە بۆ میر و سەرکردەکان دەنێرێت، پێیی وایە دەبێت میر و سەرکردەکان بیرتیژ و ڕووناکبیر و نهێنی پارێزبن، لە هەمانکاتدا نابێت بێئاگابن لە کار و بارەکانی دەوڵەت، هەروەک و چۆن دەبێت پشو درێژبن. بەرامبەر بە پێشهاتەکان، لێرەوە ڕووناکبیری و بیرمەندی و بلیمەتی خانی دەردەکەوێت، چونکە کاتێک لەسەر هەر

[1] - ئەحمەدێ خانی، شرۆڤەکرن و ڤەکولینا ئەمینێ ئوسمان، ل٥٣.

[2] - حجی جعفر، چەند ڤەکولین ل دۆر مەم و زینا خانی، چاپا یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٩، ل١٠.

بابەت و مژارێک وەستابێت و خستبێتیە بەر تیشکی ڕەخنە، ئامانجێکی ڕووناکبیری لە پشتی مەبەستەکەیەوە بووە.

## هەوڵە ڕووناکبیریەکانی سەدەی نۆزدەهەم

### حاجی قادری کۆیی (١٨١٦- ١٨٩٧ز)

کاتێک باسی مێژووی ڕابەرانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری و نیشتمانپەروەری و زانایی و دڵسۆزی نەتەوەی کورد دەکرێت، ئەوا پێویستە لە سەرەتاوە ناوی حاجی ببرێت، چونکە حاجی ((کەسێکی شاعیر و زانا و سیاسی و ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕی دڵسۆزی کورد بوو))[1]،شاعیر بەشێکی زۆری شیعرەکانی بۆ وریاکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی نەتەوەکەی لە نەزانی و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی و داگیرکاری و ژێردەستەیی تەرخانکردووە، بەشێوەیەک کە بەردەوام لە دژی شێخ و سەرکردە و فەرمانڕەوا نەزان و دڵڕەقەکان لە بەرەنگاربوونەوەدا بووە، بۆیە حاجی ((بەناچاری وڵاتێکی وێران و کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی بەجێهێشت و ڕووی کردە ئاوارەیی، بەڵام دڵ و دەروونی هەر لای خاک و نیشتمانەکەی بوو))[2].

بە تەماشاکردن و ئاوڕدانەوە لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی حاجی ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە دەکرێت حاجی بە قوتابخانەیەکی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا هەژماربکەین، ((ئەو قوتابخانەیە، پێی دەوترێت ڕۆشنکردنەوە (تەنویری)، یاخود دەتوانین پێی بڵێین قوتابخانەی ڕووناکبیری و گرنگترین خاسییەتەکانی ئەم قوتابخانە شیعرییە نزیکبوونەوەیەکی یەکجار گەورەیە لەمیللەت و دەربڕینی هیوا و ئاوات و ئازار و داخوازییەکانی بەجۆرێکی فراوانتر و گەلێ گەورەتر لە شاعیرەکانی پێشوتر))[3].

حاجی پەیامی ڕووناکبیری خۆی لەڕێگەی شیعرەکانیەوە ئاراستەی کۆمەڵگەکەی دەکرد. یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی شیعری شاعیر، بریتیی بووە لە مەسەلەی

[1] - مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولیر، ٢٠١٠، ل ١٩٣.
[2] - محەمەد دلێر و د.فازیل مەجید، حاجی قادری کۆیی لەبازنەی ڕۆشنگەریدا، ل ٧٦.
[3] - محەمەد ئەحمەد سەعید ( کەساس جەباری)، شیکاری دەق، چاپخانەی تەژنە، ٢٠١٦، ل٨٨.

نەتەوایەتی و هەوڵدان بۆ یەکگرتن و سەرکەوتن و درووستکردنی قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ، هاندان بۆ دوورکەوتنەوە لە دوژمنایەتی و ناکۆکی لەگەڵ یەکتر. لەمڕووەوە حاجی دەڵێت:

تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد

هەروا دەبنە خەرابە ئاباد[1]

حاجی وەک ڕووناکبیرێک پەیامێکی ژیارییانە و ڕووناکبیرانە ئاراستەی ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەکەی دەکات و پێیان ڕادەگەیەنێت کە پێویستە یەکبگرن و ببنە پشتیوانی یەکتر، بۆئەوەی لە ژێردەستەیی و زوڵم و ستەم دەربازبن و لەم حاڵەی ئێستایان، کە حاڵێکی ماڵوێرانکراو دەربەدەرییە ڕزگاریان بێت. شاعیر هۆکاری پێشنەکەوتن و نەبوون بە خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆ دەخاتە ئەستۆی ئەم باری ناتەباییە. هەروەکو دەڵێت:

هەر کوردن ئەگەرچی پاکی مەردن

پامالی زەمان، میسلی گەردن

هەرمانەوە بێ نەواو مەزلوم

وەک بوومی خەرابەزار مەشئووم

گەر باعیسی ئەم دەپرسی کامە

شەرتێکە کە بۆ هەموو تەماعە[2]

حاجی سەرنجیکی ڕووناکبیرانەی لەسەر ژێردەستەبوونی میللەتەکەی خستۆتەڕوو، بە شێوەیەک کە هۆکارەکەی دەخاتە ئەستۆی میللەت خۆی، چونکە بیر لە یەکگرتن و خەباتکردنی پێکەوەیی ناکەن و هەوڵ بۆ داهاتوویان نادەن، هەرکەسەو بۆ بەرژەوەندی

[1] - دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا، بڵاوکردنەوەی سنە، شارە کتێبی میدیا، ٢٧٠٧ک، ل ١٧٧.

[2] - دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ١٧٧.

و تەماعی خۆی تێدەکۆشێت، هەروەها لە کۆتایی شیعرەکەیدا زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە دەدوێت و بۆمان ڕووندەکاتەوە و دەڵێت:

قوڕیان بەهەموو وڵاتەوە دا

تا موڵک و ڕەعییە پاکی فەوتا

یەکیان ئەمی تۆ دەکەی نەیانکرد

غەمیان نەبوو کورد ئەگەر هەموو مرد[1]

بە بڕوای حاجی یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی دواکەوتن و ژێردەستەبوونی میللەتی کورد ناکۆکی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەیە، لە هەمانکاتدا یەکنەگرتن و نەبوونی سەرکردە و سەردارێک دیسانەوە کارێکی وای کردووە کە کورد بەژێردەستەیی بمێنێتەوە، نەک هەر ئەمە، بگرە بوونەتە هۆیماڵوێرانی و لەدەستدانی بەشێکی زۆر لەدەسکەوتەکان، شاعیر ئەمەش بۆ نەبوونی کەسانێکی ڕووناکبیر کە لە خەمی میللەتەکەیاندابن دەگەڕێنێتەوە، لێرەدا حاجی وەک ڕووناکبیرێک دەردەکەوێت بەوەی دەیەوێت بیری خۆی بۆ میللەتەکەی بگوێزێتەوە، لە پێناوی ڕزگاربوون لە دواکەوتویی و ژێردەستەیی، چونکە کەسانی ڕووناکبیر کەسێکە کە ((بیردەکاتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم بیر و هزرەی خۆی بۆ کەسانی دیکە دەگوێزێتەوە، بەم مانایە ئەو کەسێکە کە لەپێناو بواری گشتیدا تێدەکۆشێت و بەم مەبەستەش پەیوەندی لەگەڵدا بەرقەراردەکات))[2]. لەم ڕوانگەیەوە ڕووناکبیری حاجی بەدەر دەکەوێت، بەشێوەیەک کە حاجی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو بۆ داهێنان و هێنانی بیروڕای ڕووناکبیری بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردەواری.

شاعیر هەمیشە لە خەمی میللەتەکەیدا بووە، هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاکەی داوە لە بەشێکی زۆری بوارەکانی ژیاندا، بۆیە بەرووبوومی ناوخۆیی وڵاتیش لەلای حاجی

[1] - دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا، ل ١٧٨.

[2]- ڕامین جەهانبەگلو، مۆدێرنەکان، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٣٢.

جێگەی بایەخ بووە و هانی خەڵکی داوە بۆ بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بۆ ئەوەی پشت بە بەروبومی بێگانە و دەرەوەی وڵات نەبەستن، بۆیە زۆر بەوردی باسی کشتوکاڵ و بەرهەمی نەوت و کانزاکانی ژێر زەوی دەکات و دەڵێت:

له دەوری کوللی باغی شاری کۆیێ

دوسەد بن داریزەیتوونی بەجۆیێ

له ئێوە کامتان بوو ئێک دوو بارێک

بکاتە کیسەیەک یاخود خەرارێک

دوو پێی لێدا له کۆلا میسلی دۆشاو

وەکو ڕۆن ڕۆنی زەیتوون بێتە سەرئاو[1]

ڕەخنەی حاجی لە جوتیار و خاوەن پیشەکان، ئەوە بووە کە گرنگیان بە بەرهەمهێنانی ناوخۆیی نەداوە و هەمیشە پشتیان بە بەروبوومی دەرەکی بەستووە. دیارە شاعیر وەک لێزان و پیشەوەرێک دەردەکەوێت، لەبەرئەوە زۆر بەوردی بە ئاگاییەوە باس لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی ڕۆن و دۆشاوی تەماتەی کردووەو، ڕەخنەشی لە خەڵکی گرتووە کە ناتوانن سوود لەم بوارە گرنگەی پیشەکەیان وەرگرن، خەمی شاعیر ئەوە بووە کە خەڵکی، هیچ هەوڵێک نادەن و شتێکی نوێ تاقیناکەنەوە، بۆ ئەوەی بزانن کە کارێکی باشە یاخود خراپ، هەروەکو دەڵێت:

وەیا کەی نێژراوە چەند نەمامەک

لەنارنج و توورونج و مەقامەک

بزانن شین دەبێت، نابێ بەبەردێ

لەجێگەی گەرم و ساردی چی بەسەر دێ[1]

---

[1] - دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ٢١٦.

ئەزموونکردن تایبەتمەندییەکی ڕووناکبیرانەیە، ڕووناکبیر بەردەوام دەیەوێت ئەزموونی شتە تازەکان بکات، حاجیش وەک ڕووناکبیرێک ئامۆژگاری کۆمەڵگا دەکات و پێیان ڕادەگەیەنێت کە دەست ببەن بۆ بەرهەمهێنانی نوێ و مەترسن، کە ئایا شین دەبێت یاخودنا، هۆشیاریان دەکاتەوە لەوەی کە ئەگەر لەجێگەیەک شین نەبوو بەهۆی ساردی کەشەکەی، پێویستە لە جێگەیەکی دیکەدا پەرەیپێبدەن، دیارە شاعیر زۆر لەخەمی وڵاتەکەیدا بووە بۆیە بەو شێوەیە دەیەوێت کەرەستەکانی نێوخۆیی ببوژێنرێتەوە و پەرەیانپێبدرێت، هەرچەندە حاجی بەشێوەیەکی ڕەخنەیی باسی لەم بابەتەکردووە، کە کۆمەڵگاکەی دەست نادەنە کشتوکاڵ و بەرهەم هێنانی ناوخۆیی، لە هەمانکاتدا باسی لە بەپیتی خاکەکەی کردووەتەوەو دەڵێت:

بەراو و ئەرزی ئێوە کیمیایە

دوڕ و گەوهەر گەزۆ و مازووی چیایە

مەعادین خاتری تۆ بێ لەگەڵ کان

گەنمتان زێڕە حەتتا زیوە زیوان[2]

لەپاڵ مەسەلەی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی ناوخۆییدا حاجی ئاوڕی لە سامانی ژێر زەوی داوەتەوە و بەوردی باسی لە کەرەستەی خاوی ژێر زەوی کردوە و دەڵێت:

ڕەژووی واپۆڕ و خوێ و نەوت و گۆگرد

لە کێوی ئێوەدا کۆیە وەکو گرد

لەبەینی میللەتی خۆتان بە یاری

بکەن تەقسیمی شاخ و دار و باری[3]

---

[1]- سەرچاوەی پێشو، ل ٢١٦.

[2]- دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ٢١٦.

[3]- سەرچاوەی پێشو، ل٢١٧.

حاجی باش گرنگی خاکی وڵاتی زانیوە، ئاگاداری ئەو سامانانەبووە، کە لەژێر خاکەکەیدا هەبووە، ئەمەش بۆ ئاگاداربوون و ڕووناکبیری حاجی دەگەڕێتەوە، کەبەهۆی پێشکەوتنەکانی دنیاوە ئەزموونی کردووە. هەوڵیداوە پێشکەوتن و چۆنیەتی دەست خستنی ئەو سامانە گرنگەی کە هەیە، نەهێڵێت بەفیڕۆبچێت، بۆیە پەیامێکی ڕووناکبیرانە ئاراستەی خەڵکی دەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە کە چۆن مامەڵە بەم کانزایانەوە بکەن و چۆن سوودی لێوەرگرن، تا لە ڕێگەیەوە ببن بە دەوڵەت و لە ئەنجامیشدا ئەو دەوڵەتە دەبێتە هۆکاری سەربەستی و پێشکەوتن، بەبڕوای حاجی، ئێمە هیچمان لەو وڵاتانە کەمتر نیە، کەبوون بە دەوڵەت و وەک بت وڵاتەکەیان دەپارێزن. لەم ڕووەوە دەڵێت:

ئەوانەی موڵکی خۆیان کردە دەوڵەت

وەکو بت دەیپەرەستن جەمعی میللەت

میسالی ئێوە بوون یاخود وەکوو من

ئەوان بۆچی پیاون ئێمە وەک ژن[1]

بە وردبوونەوەو سەرەنجدان لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی حاجی، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە شاعیر گرنگییەکی زۆری بە مەسەلەی زانست و خوێندن داوە و هەمیشە لە هەوڵ و گەڕاندا بووە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ دەربازکردنی میللەتەکەی لەنەزانی و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی، زۆرجار بە سەرنجێکی ڕەخنەگرانەوە پەیامی ڕووناکبیرانەی خۆی گەیاندووەتە میللەتەکەی.

ئەو سەردەمەی کە شاعیر تێیدا ژیاوە، خەڵکی لە نەزانینێکی تاریک و کورتبینیدا ژیاون، حاجیش درکی بەوە کردووە و ڕووناکبیرانە پەنجەی بۆ ئەو ناتەواوی و دواکەوتویەی کۆمەڵگەکەی گیرۆدەیان بووە ڕادەکێشێ و تێدەکۆشێت بۆ هۆشیار کردنەوەیان و بێئەوەی باکی لەدوژمنانی هەبێت، لەبەرئەوە لەو کاتەدا هەندێک لەو

[1] دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢١٧.

((بیروباوەڕانەی، حاجی بڵاویانی دەکردەوە مەلاکان بە کوفریان دەدایە قەڵەم و بەدووری مەزانە ببنە هۆی لەناوچوونی))[1].

یەکەمین دەنگێکی کوردی کە لەسەر ((ژنان هاتبێتە زمان و گۆمی مەنگی هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵکی بەرامبەر بەجیهانی ئافرەتان شڵەقاندبێ حاجی قادری کۆییە))[2]

حاجی درکی بەوە کردووە کە خوێندن یەکێکە لەپێداویستیە هەرە گرنگەکانی ژیان، ((بە یەکەمین پێداویستی کۆمەڵی دەزانی و ڕادەی پێشکەوتن و سەربەستی گەلی پێ دەبەستەوە نەک هەر ئەمەش بەڵکو خوێندنی بۆ بەشەکەی تری کۆمەڵ کە ئافرەتە دەخواست))[3]. حاجی دەڵێت:

بۆچی فەرموویە نەبیی ئەمین

إطلبوا العيلم ولو بالصين

نێر و مێ لەم حەدیسە فەرقی نییە

ئەگەر مەلا نەهی فەرموو دینی نییە[4]

لەبنیادی ئەم دەقەدا دوومەبەستی گرنگی شاعیر دەردەکەون. یەکێکیان هێنانەپێشەوەی فەرموودەیەک و ئەوی دیکەش نەکردنی جیاوازی لەنێوان مێ و نێر دا لەبارەی خوێندنەوە، ئاشکرایە لە سەردەمی حاجیدا، وشکە سۆفی و مەلاکان وەک کۆسپێک بوون لەبەردەم چوونی کچان بۆ خوێندن و فێربوونی زانست. شاعیر هەوڵیداوە لە ڕێگەی ئەو فەرموودەیەوە ئەم لەمپەرە تێک بشکێنێت، لەهەمان کاتدا ڕەخنەیەکی توند لە مەلاو وشکە سۆفییش دەگرێت بەهۆی ئەم عەقڵیەتە دواکەوتوەیانەوە کە ڕێگرن لەبەردەم خوێندنی کچاندا، پێویست بوو ئەم بەربەستە لەلایەن کەسانێکی ڕووناکبیری وەک و حاجییەوە بشکێنرێت. ((بە بڕوای حاجی، ناکرێت نیوەی کۆمەڵمان ئافرەت بێت و

---

[1]- عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الادب الكردى، ل٧٦.

[2]- محمدی مەلا کریم، خەباتی شیعری کوردی لەپێناو ئافرەتاندا، گۆڤاری بەیان، ژمارە ٢٥مایسی ١٩٧٠، ل٧.

[3]- فؤاد حسين احمد، ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا، مطبعة الجاحظ، بغداد، ص١٣٢.

[4]- دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٥٢.

کە چی لە خوێندنیش بێبەش بکرێن و لە تاریکی و نەزانیندا بژین)) [1]، هەر لەبارەی گرنگی خوێندن و فێربوونی زانست بۆ ئافرەتان، دەڵێت:

تا لە مەکتەب ئەو مەهەم دی مەشقی ئەلف و بێ دەکا

چاوەکەم بویتە دەوێت و گرییە سورخی تێ دەکا [2]

یەکسانی ئافرەت لەگەڵ پیاوان لە مافی گشتی دا دیاردەیەکی پرشنگدارە لە ئاینی ئیسلامدا، بەڵام کۆمەڵ ئەو کاتە لە پلەیەکی نەزانیندا بووە هەستی بەمە نەکردووە، کەچی شاعیر هەر زوو درکی بەمەکردووە. بەچاوێکی ڕووناکبیرانەو بە بیرێکی وردی ڕووناکەوە دەڕوانێتە مەسەلەکە و بۆی دەچێت و هەر ئەمەشە بووەتە هۆی ئەوەی کە تاوەکو ئێستاش باس بکرێت، ((حاجی هەرگیز جیاوازی لە نێوان پیاو و ئافرەتدا نەبینیوە، بڕوای وایە ئەو جیاوازییە لەلایەن کۆمەڵەوە دانراوە)) [3].

حاجی بەهۆی ئەو ڕووناکبیرییەی کە هەیبووە، هەمیشە هەوڵی ڕووناکبیرکردنی کۆمەڵگەکەی داوە و نەیویستووە بە پاشکەوتوویی بمێننەوە. بەردەوام بەئاگای دەهێنانەوە و پەیامی ڕووناکبیرانەی ئاراستەکردوون و داوای لێکردوون بەرەو پیری خوێندنەوە بچن. جا ئیتر لە هەر شوێن و جێگەیەک بێت هەروەکو دەڵێت:

تۆ وەرە فەننێ فێر بە چیتە لەوە

گاورە هیندوە، وەیاخۆ جووە

ئەهلی جەننەت نەشوان و گاوانە

ساحێبی عیلم و عیرفانە [4]

---

[1] - فؤاد حسین احمد، ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا، ل١٣٣.

[2] - دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٩ گیوی موکریانی

[3] - قاسم امین، تحریر المراة، مطبعة روز الیوسف، الطبعة الثانیة، القاهرة، ١٩٤١، ص٢٩.

[4] - دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل١٨٣.

گرنگی زانست بە ئەندازەیەکی ئەوتۆیە لەلای شاعیر، کە هیچ جیاوازییەک نەکات لە نێوان نەتەوەکاندا بۆ وەرگرتنی زانست لێیان، بەواتایەکی دیکە حاجی باوەڕی وایە کە پێویستە خۆمان فێری زانست بکەین بە هەر نرخێک بێت، ئیتر فەرقی نییە ئەو کەسەی خاوەنی زانستە چ دین و ئاین و نەتەوەیەکە، گرنگ ئەوەیە زانستێکی هەبێت، بە بڕوای حاجی تەنیا نەتەوەی کوردە لە نێوانی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا بێ بەهرەن لەزانست و کیتاب و خوێندن، هەر وەکو لەم بارەیەوە دەڵێت:

هەرکوردە لەبەینی کوللی میللەت

بێ بەهرە لەخوێندن و کیتابەت

بێگانە بە تەرجەمەی زوبانی

ئەسراری کتێبی خەڵقی زانی

یەکسەر عولەما درشت و وردی

ناخوێننەوە دوو حەرفی کوردی[1]

ئەو تایبەتمەندییە گرنگانەی کە لە بەشێک لە شیعرەکانی حاجی دا بەدیدەکەین مەسەلەی خوێندن و زانستە، کە ئەمەش ئەزموونی شیعری حاجی دەخاتەڕوو، کە ئەزموونێکی ڕەخنەگرانە و ڕووناکبیرانەیە، چونکە شاعیر بەردەوام بەشێوازی ڕەخنەگرانە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی میللەتەکەی خۆی داوە، ئەمەش بە بەراورد کردنی ئاستی پێشکەوتن و زانیاری میللەتان لەگەڵ نەتەوەکەی خۆیدا. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە شاعیر بەچاوی ڕەخنەگرتنەوە بڕوانێتە کۆمەڵگەی کوردەواری. لێرەدا حاجی ڕای وایە کە تەنها میللەتی کوردە لەنێو جیهاندا نەخۆێندەوار و بێ بەهرەن، چونکە لەسەردەمی حاجیدا ((ئاستی خوێندەواری زۆر نزم بووە، بەتایبەت لەڕووی زمانی کوردییەوە))[2]، دیارە پرۆسەی خوێندن و خوێندەواری هەبووە بەزمانی بێگانە بەتایبەتی زمانی عەرەبی

[1] - دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل١٧٨.

[2] - مارف خەزنەدار مێژووی ئەدەبی کوردی، ل ١٨٣.

کەئەمە بۆ زانستە شەرعیەکان بووەو لە حوجرەو مزگەوتدا خوێندراوە، ئەمەش لەلای حاجی هیچ بایەخ و ڕۆڵێکیان لە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەدا نەبووە، لێرەوە حاجی دەڵێت:

خانەقا و شێخ و تەکیەکان یەکسەر

پێم بڵێن: نەفعیان چییە ئاخر

غەیری تەعلیمی تەنبەڵی کردن

جەمعی ئەملاک و خەزنە کۆکردن[1]

بە بۆچوونی حاجی ئەو زانست و زانیاریانەی لە تەکیە و خانەقاکاندا دەخوێنرێت و ئەو وانانەش کە دەوترێتەوە، هیچ سود و قازانجێکی کۆمەڵگەیان تێدا نییە و تەنها بۆ کۆکردنەوەی پارەو سامانە لەلایەن شێخەکانەوە، کە ئەمەش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی تەمبەڵی و نەزانین، بۆیە شاعیر هۆکاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی هێزی یەکگرتن و بەرپاکردنی شۆڕشێکی ڕووناکبیری ئەوتۆ کە ئاوڕێک لە سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی میللەتانی دنیا بداتەوە و چاوێک لە مێژووی پڕشکۆی وڵاتانی دەوروبەر بکات و بزانێت ئەوان ئێستا لە چ ئاستێکی پێشکەوتندان. لەم ڕووەوە حاجی دەڵێت:

کوڕێکی وانەبوو هەستێتە سەر پێ

بزانێ خەڵقی چۆن کەوتونەتە سەر ڕێ

بکا سەیری جەریدە و حاڵی میللەت

کتێبی تازە و تەئریخی دەوڵەت

بزانێ تا چ قەوماوە لە ئەتراف

سەراپا ئاگرە ئەتراف و ئەکناف

[1] - دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ٢٠٢.

ئەگەر کارێک نەکەن لەم بەینەدا زوو

مەمالیک کاتەکی زانیت لەدەست چوو[1]

بەشێکی زۆری شیعری حاجی تەرخانکراوە بۆ مەسەلەی خوێندن و خوێندەواری، خەمی گەورەی حاجی، بریتی بووە لە نەبوونی کەسانی شارەزا و خوێندەوار و ڕووناکبیر، کە خەمێک لە حاڵی میللەتی کورد بخۆن و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکی و دەردی نەزانین بدەن، هەربۆیە لێرەوە حاجی ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی ڕۆڵەکانی میللەتەکەی دەکات و لەهەمانکاتیشدا پەیامی ڕووناکبیرانەی حاجی یە بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی، کە تێیدا گلەیی لەنەبوونی کەسێکی وشیار و بیرمەند دەکات، چاوێک لە پەرتوکی نوێ و مێژووی دەوڵەتان بکات، تاوەکو ئاشنابێت و بزانێت لە وڵاتانی دراوسێ و جیهاندا چی دەگوزەرێت و لەچ پلەیەکی خۆشگوزەرانیدان، لێرەشەوە دیسانەوە داواکارییەکی ڕووناکبیرانە ئاراستەی کۆمەڵگە دەکات و پێیان ڕادەگەیەنێت ، ئەگەر بێتو زوو بەزوو هەوڵێک نەدەن ئەوەشی هەبووە لەدەست دەچێت، لەم ڕوانگەیەوە لێهاتوویی و بیرمەندیی و ڕووناکبیریی حاجی دەردەکەوێت.

شاعیرێک و ڕووناکبیری وەکو حاجی بەوردی سەرنجی ئەو بارودۆخە ناهەموارە دەدا کە نەتەوەکەی بەهۆی شێخ و سۆفییەکانەوە تێیکەوتبوو، بۆیە بەردەوام ڕەخنەی ئاراستەیان دەکرد. بە ڕیاکار و تەڵەکەباز وەسفی دەکردن. هەرئەمە بووە هۆی ئەوەی حاجی هەست بە ئاڵۆزی کێشەکان بکات کاتێک کە ڕووبەڕوویان دەبووەوە، چونکە پیاوانی ئاینی لەوسەردەمەی کۆمەڵگای کوردیدا بەچاوی ڕێز و پیرۆزییەوە تەماشا دەکران، کۆمەڵگای کوردی، لەو سەردەمەدا باری ڕووناکبیری و تێگەیشتنیان بە ئەندازەیەک بوو کە ڕەخنەیان قبوڵ نەبوو لە پیاوە ئاینییەکان، بۆیە پێویست بوو حاجی لەکاتی ڕەخنەگرتن لێیان ڕەچاوی ئەو بارودۆخە بکات، واتا حاجی ویستی بە لێهاتووی و شارەزایی خۆی خەڵکی هۆشیاربکاتەوە لەوەی، کە ئەم کەسایەتییە ئاینیانە لەبەر خواناسینێکی ڕاستەقینە کارناکەن، بۆ بەرژەوەندی خۆیان کاردەکەن، بۆیە شاعیر

[1] - دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ١٧٥.

دەیەوێت ڕووی ڕاستی مەسەلەکە هەڵبداتەوە و بەخەڵکی ڕابگەیەنێت کە ئەمانە بەرژەوەندی خوازن هیچ سودو کەڵکیان نییە بۆ کۆمەڵگا بگرە زیانیشیان هەیە وەکو حاجی دەڵێت:

سۆفی بەم ڕەنگە کەوا گۆشتی براکانی دەخوا

حیکمەتە ڕیشی وەکوو جاران درێژ و پر نەبوو[1]

حاجی بەپێویستی دەزانێت کۆمەڵگا لەکار و کردەوەکانیان ئاگادار بکاتەوە. بەهەمان شێوەش بڕوای وایە، دەبێت ڕۆڵی پیاوانی ئاینیی لەژێر ڕۆشنایی سود و زیانیان بۆ کۆمەڵگا بنرخێنرێت، ڕۆڵیان لە پێشخستنی بواری کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و سیاسیدا دەستنیشان بکرێت. بەبڕوای حاجی ئەمانەش هیچ سود و دەستکەوتێکیان بۆ کۆمەڵگا نییە، ئەگەرچی خەڵکی وەکو جەمسەری کۆمەڵایەتی و ئاینیی تەماشایان دەکردن. وەکو دەڵێت:

بەڵێ شێخ قوتبە ئەمما قوتبی ئاشە

بە ناو نیعمەتی خەڵقە گەڕانی

لە بۆ ژن دێ لە کۆڵان وەک سەگی هار

لە ژن هەڵدێ بەمیسلی کەر لە خانی

بڵێ بەو سەرکزۆڵەی کوزپەرەستە

بەچاوی کل دار و ڕیشی پانی

کە نەفعێکت نەبێ بۆ دین و دەوڵەت

بەمن چی نەقشبەندی یانە مانی[2]

---

[1] - دیوانی حاجی قادری کۆی، ل٩٢.

[2] - سەرچاوەی پێشو، ل٢٤٩.

بەتەماشاکردنی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی میللەتی کورد لەسەردەمی حاجیدا، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە بارودۆخی ڕووناکبیری لە ئاستێکی لاوازدا بووە بەهۆی شێخ و مەلاو تەکیەکانەوە، لەبەرئەمەش بووە، حاجی ویستوویەتی ببێتە لەمپەرێک لەبەرامبەر ئەم دەستەڵاتەی شێخ و مەلاو تەکییەکان، کە بووبوونە بەربەستێک لە پێش پرۆژەی ڕووناکبیری کۆمەڵگای کوردی، بەبڕوای حاجی هەر ئەمانە بووبوونە ڕێگر لە بەردەم کرانەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵگادا. ئەگەرچی حاجی خۆی کەسایەتییەکی ئاینی دیار بوو، بەڵام کەسایەتییەکی ڕووناکبیریش بووە، بۆیە ویستوویەتی ئاین و پرۆسەی ڕووناکبیری تێکەڵ بەیەک بکات. وەڵامی شێخ و مەلاو کۆمەڵگاش بە بەڵگەی ئایینی بداتەوەو پێیان ڕابگەیەنێت کە ئەمانە لەڕووی ڕاستی ئایین لایانداوەو هۆکارێکن بۆ داخستنی عەقڵیەتی کۆمەڵگا، حاجیش بە ڕووناکبیری و لێهاتوویی خۆی و بە کەرەستەی ئاینی ڕەخنەی توندی ئاراستەیان کردووە، ئەمەش ئاستی ڕووناکبیری حاجی دەردەخات.

حاجی باوەڕی وایە، ئەگەرچی خەڵکی شێخ و مەلاکان بەسەروەر و ڕابەری خۆیان دادەنێن، بەڵام هەڵەن. پێیان ڕادەگەیەنێت، ئەمانە نەڕابەرن و نەزانا و نەسودبەخشن بۆ کۆمەڵگا، بگرە هەلپەرەستن و هەربۆ فێڵ و ڕیا ریش پان ئەکەنەوە ئیتر لای حاجی هیچ جیاوازییەکیان نییە لەهەر تیرە و تەریقەتێک بن.

دیارە حاجی باش هەستی بەوەکردووە، بۆ بەگژداچوونەوەی شێخ و مەلا و وشکە سۆفی و کۆنە پەرەستەکانی سەردەمی خۆی دەبێت بەشێوەیەکی هۆشیارانە و ڕووناکبیرانە مامەڵە بکات و بە ئایەت و فەرموودە وەڵامی کۆمەڵگا بداتەوە، بەواتایەکی دیکە دەبێت لە بنەما سەرەکییەکانی شەرع لانەدات، بۆئەوەی خەڵکی باوەڕ پێبهێنن و دژایەتی نەکەن و لەو تاریکستانی عەقڵە ڕزگاریان بێت|. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر حاجی بەمشێوەیە مامەڵەی لەگەڵ عەقڵیەتی کۆمەڵگادا نەکردبایە، ئەوا خەڵکی نەیدەتوانی قبوڵی ئەو ڕەخنە و توانجانەی حاجی بکات.

# هەوڵە ڕووناکبیریەکانی سەدەی بیستەم

## دەستپێک

ئاشکرایە لەچارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم و یەکەمی جیهان گۆڕانکارییەکی دیار و بەرچاو لەنێو گەلانی جیهاندا ڕوویدا، ئەم گۆڕانکاریانە گشتگیر و هەمەلایەنە بوون. کە چەندین مەسەلەی گرنگ هاتنە نێو جیهانەوە، لەوانە جەنگی جیهانی یەکەم کە لە ئەنجامدا جیهان دابەشی دوو بەرە بوو، دیاردەی ئیمپریالیزم چەسپا و چەندین میللەت بوونە ژێردەستە هەندێک نەتەوەی دیکە سەربەخۆی خۆیان بەدەستهێنا، لێرەوە خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی لە هەموو دونیادا دەستیپێکرد بە تایبەت دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، کەچەندین پارت و ڕێکخراو کەناڵی ڕاگەیاندن هاتنەکایەوە کە ئەمانەش بەهۆی وڵاتانی دراوسێوەو لەڕێگەی شاعیرانی ڕووناکبیری کوردەووە هاتنە نێو کۆمەڵگای کوردییەوە، توانرا گڕوتینێک لەنێو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا درووست بکات.

شاعیرانی کورد پەیامی شیعری خۆیان ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی کرد و توانیان وەرچەرخانێکی گرنگ و بەرچاو لەنێو کۆمەڵگادا بهێننە ئاراوە،بەپەیامی شیعری داوایان لەکۆمەڵگا دەکرد. بەگڕوتینەوە بەرەوڕووی خوێندن و زانست بچن، هەروەکو چۆن هانی خەڵکیان دەدا بەگژ دیاردەو لێکەوتە دواکەوتوو و کۆنەخوازەکاندا بچن. ئەم قۆناغە قۆناغێکی پڕ بایەخ بوو. لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی شیعری تەواو گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو، بۆیە شاعیران گرنگیان بەژیانی مۆدێرن و شارستانی دەدا، کەئەمەش لەژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکارییە جیهانیەدابوو، کە لە ئەوروپاوە سەریهەڵدا.

## پیرەمێرد(١٨٦٧-١٩٥٠)

پیرەمێرد یەکێکە لە شاعیرە ڕووناکبیرەکانی نێو مێژووی ئەدەبیاتی کوردی. شاعیرێکی دیار و خاوەن ئایدۆلۆجیا و هەڵوێستی پێشکەوتوخوازانە و هاوچەرخ بووە. کاروانی ژیانی ڕووناکبیری شاعیر دەکرێت بەدوو بەشەوە، بەشێکیان لەسەر زێدی و نیشتمانی خۆی بووە، بەشەکەی دیکەشی لە ئاوارەیی و دوورەوەتەن بووە، لە هەردوو ئاراستەکەدا شاعیر هیچ کات لە خەبات و تێکۆشان نەکەوتووە و بە بەردەوامی لە خەمی میللەتەکەیدا بووە و لەهەوڵی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری و خەمی ڕووناکبیریدا بووە.

پیرەمێرد ئەو کاتەی کە لە ئەستەمبۆل ژیاوە. بە گۆڕانکارییەکانی دونیا بەهۆی ئەستەمۆڵ و زمانی توورکییەوە ئاشنابووە، بۆیە بیرو هۆشی دەخاتەکار و هەوڵدەدات ئەم گۆڕانکاریانە بگوێزێتەوە بۆ کوردستان و هەوڵی چارەسەری گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتووری و ڕووناکبیرییەکان دەدات بدات. بۆیە بە بەردەوامیش کاری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا کردووەو لەم مەیدانەدا وەک شاسوارێک بەخێرایی زانیاری بەنێو کۆمەڵگادا بڵاودەکردەوە. لە کوردستاندا لە دەستپێکی کارەکانیدا بەکاری ڕۆژنامەوانییەوە سەرقاڵ بووە، ((ئەتوانین ئەوە بڵێین ڕۆژنامەی (ژیان) و (ژین) کەماوەیەکی زۆر پیرەمێرد سەرنووسەر و خاوەنی بووە، قوتابخانەیەکی زۆر بەنرخ بوون لە قۆناغە تایبەتییەی مێژووی گەلی کورد بۆ گەشەپێدان بە خوێندەواری و زانیاری، بە بەرهەمی شیعر و ئەدەب، بۆ بوژاندنەوەی سامانی نەتەوەیی))[١].

ئەگەر ڕۆڵی ئەم دوو ڕۆژنامەیە هەڵبسەنگێنین، ئەوا دەکرێت ئەوە بڵێین، کە ئەم دوو ڕۆژنامەیە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی مەعریفە و زانست و زانیاری بوون، بەشێوەیەک کە لەو سەردەمەدا بەبەردەوامی لەخەمی کۆکردنەوە و پاراستن و بڵاوکردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیدا بووە. نەک هەرئەوە بگرە سەرچاوەیەکی باش بوون، بۆ لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتە نەتەوەیی و نیشتمانی و سیاسیەکان،

[١]- دیوانی پیرەمێرد، محمد رسول(هاوار)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٧، ل٣٥.

لەبەرئەوە ئەم ڕۆژنامانە ڕۆڵی بڵاوکردنەوە و کۆکردنەوەی دەبینی، پیرەمێردیش وەک کەسایەتیەکی دیار و سەرنوسەری ئەم ڕۆژنامانە بەمەبەست کاری لەسەر ئەو بوارانە دەکرد، کە هۆکارێک بوونە بۆ ڕووناکبیرکردنی کۆمەڵگای کوردی و بەشێکی زۆری دیاردە ناشیرین و دزێوەکانی ناو کۆمەڵگای وێنا دەکردو خەڵکی لێ ئاگاداردەکردن.

دیارە لە کۆمەڵگای کوردیدا ئافرەت ، دووچاری چەندین کێشەو گیروگرفتی جۆربەجۆر بووەتەوە، هەر بۆیە ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوەی ئەدەب و شیعردا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، ئەگەرچی شاعیران لەکۆندا بەبەردەوامی باسیان لەجوانی لەش و لاری ئافرەتان کردووە، کەمتر بەلای کێشە بنەڕەتیەکانی ئافرەتاندا چوون. شاعیرانی بیرمەند و ڕووناکبیر هەوڵیانداوە لە ڕێگەی پەیامی شیعرییانەوە کێشە و گیروگرفتەکانی کۆمەڵگا وێنابکەن.

سەرباری ئەو خەبات و کارکردنەی ئافرەتان، چ لەماڵەوە بێت، یاخود لە دەرەوە، لە خەبات و شۆڕشەکاندا بێت، یاخود کارکردن لە کێڵگەو ڕەزەکاندا. هەر لەبەر ئەم کارانەی ئافرەت بووە پیرەمێرد لەبابەتی (من و تەرەفداری ئافرەتدا) دەڵێت: ((ئەوانەی عالەمی مەدەنیەتی ئەوروپایان دیوە. لێیان ئەپرسم کە ڕێیان کەوتبێتە هەر کیشوەر و شارێک، لەهەموو توجارەتگاە و ڕەنجشگاهێکدا، ئافرەتیان زۆرتر لەکارا دیوە. یان ژنان لەم بازاڕی جیهانەدا، کە سەرتاپای ئەندامیان جلوەی نوری لێ ئەبارێ وەک خونچەی گوڵەباخی بەهەشتن. دیارە ئەوانیش وەک بەشەر هەواو هەوەسێکی زیندەگی و کامەرانیان هەیە، چە ڕەوایە ئەوانە بخەنە چوار دیوارێکی بەندیخانەی ڕۆح و حەیاتەوە و گروپێکی ڕیش بۆزی سەرو سورەت پڕ لە تۆزیان بەسەردا زاڵ بکەن. ئەبێ ئەو نەوەیە کە نا بەدڵ لەوانە پەیدا ئەبێت چ هیوایەکیان پێ بێ. لە هەموو تەحلیل و بەراوردی حیکمەتدا، دەرکەوتووە کە حسیاتی وردو نازک و شعوری بەزەیی و دڵسۆزی ژنان لە پیاوان باڵاترە. بەو بەدەنە لەتیفەو روحە نازکەوە بۆ پەروەرشی منداڵ و خزمەتی نەخۆش و غەمی گوزەران زۆرجار ڕوحی خۆیان خستوەتە تەهلەکەوە. هەندێکیان بە نەختێ خوێندەواری بوونە ئاتەش پارەی شیعر و ئەدەب. هەندێک شیعری ژنان هەیە کەس ناتوانێ ئینکار بکا کە لە شیعری پیاوان باڵاترە. بەڵام ڕوویان نەهاتووە تا ئێستا

بییان خەنە مەیدانەوە. ساڵەهای ساڵە ئێمە ئەڵێین ئەگەر جنسی لەتیف لەدەرەجەی پیاواندا بناسرێن و خوێندن و کۆششیان بێ لە پیاوان دواناکەون))[1]. بۆیە پیرەمێردی شاعیر و ڕووناکبیر هەمیشە ویستوویەتی ئەو بەربەستانە بشکێنێت کە لەبەردەم پێشکەوتنەکانی ئافرەتدا بووە، بۆئەم مەبەستەش ڕۆڵی ئافرەتانی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا باسکردووە، بۆئەوەی کۆمەڵگاکەی هوشیاربکاتەوە لە ڕۆڵ و گرنگی ئافرەتان لە کۆمەڵگادا، بەبەردەوامی هانی کچانی داوە بچنە بەرخوێندن و فێری زانست و هونەر بن، لەم ڕووەوە پیرەمێرد دەڵێت:

ئەی کچینە وەرنە مەکتەب

ئێوە تەسکینی دڵن

زینەتی باغ و تەرەقین

ڕەونەقی دەستەی گوڵن[2]

دیارە لەکۆندا بیروباوەڕێکی کۆنەپەرەستانە هەبووە کە ڕێگر بوون لەبەردەم چوونی ئافرەتان و کچان بۆ خوێندن و کارکردن، پیرەمێردی شاعیر وەک ڕووناکبیرێک بەگژی ئەو بیروبۆچونانەدا چووەتەوە و ڕەتیکردووەتەوە. بۆیە بەبەردەوامی لەناوەڕۆکی شیعرەکانی، یاخود لە کۆبوونەوە و ڕووبەری ڕۆژنامەکانەوە. بانگی ئازادی بۆ ئافرەتانی کورد داوە. بەپەیامێکی ڕوناکبیرانە داوای لە کچان کردووە بچنە بەر خوێندن، بۆئەوەی چرای گەشی نەتەوەکەمان بگەشێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆڵی دایکانی کوردی بەرز نرخاندووە بۆئەوەی ئەو بۆچوونە کۆنانە هەڵبوەشێنێتەوە کە دەیانگوت ئافرەت کاری تەنها لە ماڵدایە، بێئاگابوون لەوەی کە ئافرەتان نەوەیەکی ڕووناکبیری داهاتووی نەتەوەکەمان پەروەردە دەکەن. هەروەک دەڵێت:

---

[1]- محەمەد دلێر ئەمین و هەڤاڵ ئەبوبکر، پیرەمێرد ئەدیب و ڕۆژنامەوان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٢٨ی نیسانی ٢٠١٠، ل١٨٤.

[2]- دیوانی پیرەمێرد، ل٣٠.

تازە ئێمە تێگەیشتووین

دایکی چاکی خوێندەوار

نەسڵی وا دێنێتە مەیدان

قەومەکەی پێ بێتە کار[1]

بە بڕوای پیرەمێرد دایکانی ڕووناکبیر و خوێندەوار هۆکاری پێشکەوتن و سەرکەوتنی داهاتووی نەتەوەن، بۆیە پێوستە ڕۆڵیان لە کۆمەڵگادا بەکەم لەبەرچاو نەگیرێت، چونکە هۆکارێکن بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی ڕووناکبیر و هوشیار، نەک هەرئەمە بگرە پیرەمێرد تاکە سەرچاوەی پێشکەوتنی میللەتەکەی بەستووەتەوە بەخوێندنی کچانەوە هەروەک دەڵێت:

هەر کچانی خوێندەوارە

میللەتی پێ سەرکەوێ

تەربییە منداڵ هیوایە

پێشڕەویمان بەرکەوێ[2]

ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە کار و پیشەی ئافرەتانی لەبەرچاو گرتووە، هەوڵیداوە لەو خزمەت و فەرمانەی کە ئافرەتانی کورد ئەنجامی دەدەن شانبەشانی پیاوان لەکۆمەڵگادا ئاشکرای بکات، تا پیاوان ئەم ڕۆڵەی ئافرەتان فەرامۆش نەکەن و هوشیاری کۆمەڵایەتی بڵاوببێتەوە سەبارەت بەبوونی ئافرەت وەک تاکێکی کۆمەڵگا. هەروەکو دەڵێت:

ژن شەریکی ژینی پیاوە

نەک خەریکی بەرد و دار

---

[1] - دیوانی پیرەمێرد، ل٣٠.

[2] - سەرچاوەی پێشو، ل٣١.

## تەربیەی مێشکی منالی

### بۆ وەتەن بێ و جان نثار[1]

بیری نەتەوەخوازی سۆزی بەدەستهێنانی تاکەکانی کۆمەڵگایە، بۆ ئامانجە باڵاکانی نەتەوە، کە ئەمەش لەئازادی و ماف و نیشتیماندا خۆی دەبینێتەوە، لەم ڕووەوە ڕەفیق سابیر دەڵێت: ((نەتەوەخوازی سیستەمێکی فیکریە، کە لەسەر بارودۆخێکی ئۆبژەکتیڤی بوونی گرووپێکی ئینتیمای نەتەوە، زمان و کلتور و مێژوو و هەستی هاوبەشیان هەیە، سەرهەڵدەدات، تا نرخ و بەرژەوەندی نەتەوەکە لە بەرامبەر نرخ و بەرژەوەندی نەتەوەکەی دیکە، بەرزتر و گرنگتر بگیرێت و بەرژەوەندی بەرزی نەتەوایەتی لەڕێگای سیاسەتێکی سەربەخۆوە دابینبکات))[2]. سەرچاوەی بیری نەتەوەخوازی خودی مرۆڤ خۆیەتی، کەوابوو لەوەتەی مرۆڤ هەبووە، بیری نەتەوەخوازی هەبووە، بەڵام بەشێوەی جیاجیا خۆی نواندووە، لەکات و سەردەمە جیاوازەکاندا، دەکرێت ئەوە بگوترێت بیری نەتەوایەتی لەلای کورد لەسەدەی حەڤدەهەمەوە سەری هەڵداوە، کە ئەمەش لەلای شاعیرانی ڕووناکبیری کوردەوە بووە. بۆ ئەم مەبەستەش لەشیعرەکانیاندا پەیامی ناسیۆنالستیان هەڵگرتووە، هەرلە (ئەحمەدی خانی)ەوە بۆ حاجی قادری کۆی و پیرەمێرد... هتد. پیرەمێردی شاعیر یەکێکە لەو شاعیر و بیرمەند و ڕووناکبیرانەی کورد، کە گرنگییەکی زۆری بەمەسەلەی نەتەوەخوازی داوە و لەشیعرەکانیدا هانی خەڵکی داوە، بۆ خۆشویستنی نەتەوە و کلتور و زمانی کوردی، کە لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا دەردەکەوێت. هەڵگری بیرێکی قوڵی بزوتنەوەی ڕووناکبیریی نەتەوەخوازییە، بۆئەم مەبەستەش چەندین شیعری سەبارەت بە زمان و نەتەوە و کلتوری کوردی داناوە.

زمان ناسنامەی نەتەوەیە، لەم ڕووەوە پیرەمێردی شاعیر و ڕووناکبیر گرنگییەکی زۆری بە مەسەلەی زمانی نەتەوەیی داوە، وەکو هاندانێک بۆ خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوە و زمان، چەندین وێنەی جوانی تێکەڵ بە بنەما ئاینییەکان کردووە، بۆئەوەی

---

[1]- سەرچاوەی پێشو، ل٣٠.

[2]- هیوا عزیز، سەعید، ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی مەکتەبی بیر و هۆشیاری(ی. ن. ک)، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣، ل٥٢.

ئەو بەربەستەش بشکێنێت کەوا پێیان وابووە زمانی عەرەبی زمانیی ئاینە و دەبێت هەموو کەسێک پەیرەوی بکات، کە ئەمەش وایکردبوو کەمتر گرنگی بە مەسەلەی زمانی کوردی بدرێت. هەروەکو دەڵێت:

ئێمە کە کوردین لامان وایە

زوبانی کوردی  زۆر بێ هاوتایە

لاوکی کوردی دەنگی زەبوورە

جنة المأوى لە شارەزوورە[1]

پیرەمێرد لەپاڵ گرنگیدان بەزمانی نەتەوەیی کوردی، ئاوڕێکی جدیی لەبۆنە نەتەوایەتیەکانی میللەتی کورد داوەتە، بۆئەم مەبەستە ئەگەر بەچاوێکی وردبینانەوە لە سرودی (نەورۆز) بڕوانین ئەوا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پیرەمێرد وەک شاعیر و ڕووناکبیرێکی هاوچەرخ بەگیانێکی شۆڕشگێڕانەوە بۆ مەسەلەی دۆزی نەتەوایەتی دەڕوانێت، هەروەک دەڵێت:

ئەم ڕۆژیساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار

هەرخوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار

ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد

مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد

نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە

لاوان بەعیشق ئەچوون بەرەو پیرەی مەرگەوە[1]

---

[1]- دیوانی پیرەمێرد، ل٣٢٦.

ئەم سروودەی پیرەمێرد ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە هاندان و ئاراستەکردنی کۆمەڵگادا بەرەو خەباتی سیاسی و نەتەوەیی بەلایەنە شۆڕشگێریەکەیەوە، بۆیە دەکرێت ئەم سرودەی پیرەمێرد نەک تەنها وەکو هەوڵێکی ڕووناکبیری لێی بڕوانین، بەڵکو دەکرێت وەک گرنگترین پرەنسیپی ڕووناکبیری تەماشای بکەین، بەبڕوای پیرەمێرد خەبات و قوربانیدان ئەوکاتە بەرهەمی دەبێت کە ئامانجی گشتی نەتەوایەتی دیاریکراو بێت، نەک تەنها لەخزمەتی چەند گروپ و تاقمێکدا بێت، لەم ڕووەوە پیرەمێرد دەڵێت:

خەڵکە من بۆ خوا وا پێتان ئەڵێم

ئەمە وەسیەتە وا من لەسەر ڕێم

ئەگەر ئەمجارە لێک بپسێنەوە

ئیتر تا مردن ناحەسێنەوە[٢]

پیرەمێرد یەکێکە لەو شاعیرە ڕووناکبیرانەی کورد کە بەبەردەوامی بانگی یەکگرتنی نەتەوەی دەدا، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین وێنەی جوان و سەرەنج ڕاکێشی خستۆتەڕوو. بەهەمان شێوە، داوای لەکۆمەڵگا دەکرد. بۆئەوەی چیدیکە نەپسێن و ژێردەستە نەبن دەبێت یەکدەنگ ببن و لەهەمانکاتیشدا ئامانجی دیاریکراویان هەبێت هەروەکو دەڵێت:

ئەم قەومی کوردە ئەگەر تێنەگا

کە غایەی چییە؟ ڕوو لەکوێ ئەکا

سەرگەشتەی چۆڵ و بیابان ئەبێ

ناگاتە هەوار، سەرگەردان ئەبێ

تایەک نەکەون ڕێگە دەرناکەن

ئەبێ بەکۆمەڵ وەتەن ئاواکەن[١]

---

[١]- دیوانی پیرەمێرد، ١٠٩.

[٢] - دیوانی پیرەمێرد، ل٢٠١.

پیرەمێرد بە بەردەوامی باوەڕی وابووە، کە سەرکەوتن و پێشکەوتن بەبێ فیداکاری و بەرخودان نایەتە بەرهەم بۆ ئەم مەبەستەش ((گیانی خەبات و بەرخودانی شۆڕشی کوردستانی باکور ئەکاتە شاهیدێکی حاڵی کورد، بانگی نیشتمان ئەکات، کە بییانگرێتە خۆ و پێشوازی لە سەرکردەکانی شۆڕش دەکات و بەرگی خوێناوی ئەکاتە هێمای شەهادەت و پیرۆزی بۆ قیامەت، ئاگرو سووتان و شەهیدبوون ئەکاتە هێمای تۆڵەسەندنەوە))[2]. هەروەکو دەڵێت:

ئەم نیشتمانە دایکە ئەبێ خزمەتی بکەین

ڕزگاری کەین لەژێر دەستی زۆردار بەماڵ و سەر

ڕزگارییەکەی بەخوێندن و عیلم و مەعاریفە

خوێندن چرای سەعادەتە، نورێکە ڕەهبەر[3]

لە پاش کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم، گۆرانکاری لە تەواوی جیهاندا هاتە ئاراوە، بەتایبەتیش لەئەوروپادا، ئەو گۆڕانکارییانە پشکیان بەر کوردستانیش کەوت، لەم ڕووەوە پیرەمێردی شاعیر و ڕووناکبیر بە ئومێد و هیواوە لەم گۆڕانکارییانەی ڕوانیوە، هەروەکو چۆن((چەند دەنگێکی شیعری ناسیۆنالیزمی لە نیوەی دووەمی چلەکاندا برەوێکی دیارو ئاشکرایان بەشیعری سیاسی کوردی دا، ئەگەرچی ئەو دەنگە شیعریانە سەر بەهیچ پارت و ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوون))[4]، بۆ ئەم مەبەستەش پیرەمێرد لەبیرە ناسیۆنالیزمەکەی ئاسۆیەکی ڕوون و فراوانی لەبەرامبەر پێکەوە ژیانی کورد و عەرەبی بکاتەوە. هەروەکو دەڵێت:

---

[1]- دیوانی پیرەمێرد، ل١٤٥.

[2]- محەمەد ئەحمەد سەعید(کەساس جەباری)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی،چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٤٩.

[3] - محمد فازیل مستەفا، دەنگی پیرەمێرد لەبزوتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، ل ١٢١

[4] - سەرچاوەی پێشو، ل١١١.

ئێمە لە خاکی عێراقدا ئەژین

چۆنمان بۆ ئەلوێ لەم خاکە دەرچین

عێراقێک کە خوا دایمەزراندبێ

تۆوی دوو قەومی تێدا چاندبێ

چۆن ڕێی تێ دەچێ کە ڕێی بێگانە

بکەوێتە ناو ئەم جێ و مەکانە[1]

ڕەخنەگرتن یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی ڕووناکبیری، هەربۆیە شاعیران و ڕووناکبیرانی کورد بەهۆی هوشیاریانەوە بە بەردەوامی ڕەخنەی توندیان لە دیاردە و کارە دزێوەکانی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا گرتووە. بەبێ سڵکردنەوە، پیرەمێردی شاعیر و ڕووناکبیر بەپەیامی شیعری خۆی ڕەخنەی توندی لەکلتورو نەریتەباوەکانی کۆمەڵگا گرتووە بەبێ جیاوازی، واتا لەهەرجێگەیەک نالەباری و ناتەواوییەک بێت شاعیر لەوێ ئامادەیی هەبووە و ڕەخنەی توندی گرتووە، بۆئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگاکەی هوشیاربکاتەوە، بۆئەم مەبەستەش ڕەخنەی لە کەسایەتییە سیاسییەکان گرتووە.

[1] - دیوانی پیرەمێرد، ل ١٠٢.

## حەمدی(١٨٧٨-١٩٣٦)

یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە بەشێکی زۆری شیعرەکانی تەرخانکردووە بۆ مەسەلەی پێشکەوتن و ڕزگاربوونی نەتەوەیی و بڵاوکردنەوەی زانست و خوێندەواری، چونکە لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە هەوڵیداوە کۆمەڵانی خەڵک وشیاربکاتەوە لەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە دووچاری میللەتەکەی دەبوون، کە لەسەردەمی شاعیردا سەریان هەڵدابوو، دیارە سەردەمی حەمدی لە سەرووبەندی جەنگی جیهانی یەکەمدا بووە، حەمدی بەهۆی لێهاتوویی و بیرتیژی و بلیمەتیی خۆیەوە توانیویەتی تیشک بخاتەسەر ئەو کێشە و نەهامەتیانەی کە دووچاری میللەتەکەی دەبوونەوە، هەوڵیدەدا کۆمەڵگەیان لێ ئاگادار بکاتەوە. کەوابوو ((حەمدی تا دواهەناسە قەڵەمەکەی بۆ بەرژەوەندی گشتی لەکاردابووە، بۆ سەرفرازی نەتەوەکەیی و گەیشتنی بە ژیانێکی سەربڵند و کامەرانی. هیچ کات کۆڵی نەداوە. وای بەباش زانیوە کورد لەگەڵ سیاسەتی گشتی ئەوسەردەمەدا بڕوات سودێک دەبینێ، هەرنەبێت گەنجەکانی بەفیڕۆ نارۆن، میللەت هۆش و گۆشی زیاتر دەکرێتەوەو ڕاست و چەوتەکانی باشتر بۆ ئاشکرا دەبێت))[1]. مەدهۆش باوەڕی وایە: ((دەتوانرێت بەشانازییەوە باسی ئەم شاعیرە بکرێت، چونکە بەدرێژایی ژیانی چی لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا ڕووی دابیت هۆنیویەتیەوە))[2]

شیعری حەمدی هەڵگری پەیامێکی فەلسەفی و ڕووناکبیری بووە. چونکە تێڕوانین و دنیابینی حەمدی تێڕوانینێکی فەلسەفی قوڵ بووە، ئەمەش لەبەر گرنگی فەلسەفە بووە لای شاعیر، چونکە(( لە لایەک ئەدەب و فەلسەفە لە ناوەوە بەوردی و بەتوندی پێکەوە بەستراون، لەلایەکی تریش هەردووکیان لەگەڵ ژیان کۆدەبنەوە))[3]، هەرئەمەش وایکردووە حەمدی وەک بیرمەند و ڕووناکبیر و شاعیرێک حسابی تایبەتی بۆ بکرێت

---

[1] - عەبدوڵا خدر مەولود، لێکۆڵینەوەیەک لە شیعری حەمدی، چاپخانە بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٧٢.

[2] فەرهاد قادر کریم، بنیاتی وێنە لەشیعرەکانی حەمدی دا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٥٠.

[3] محمد شفیق شي، في الادب الفلسفی، مؤسسة نوفل، بیروت، ١٩٨٠، ص٨٢.

حەمدی وەک ڕووناکبیرێک، خەمی گەورەی ئەوە بووە کە میللەتەکەی هوشیاربکاتەوە لەو کێشە و پلانگێڕییانەی سەبارەت بە نەتەوەکەی لە ئارادابوون، هەمیشە هەوڵیداوە نەتەوەکەی تێبگەیەنێت لە ڕاست و درووستی ڕووداوەکان، هەروەک و دەڵێت:

من بەقەومێ تێنەگەیی چی بلێم تا تێ ئەگەن

پشتی من یا پشتی خۆیی و قەوم و ئەولادی شکاند[1]

یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی ڕووناکبیری ڕەخنەگرتنە، بۆیە حەمدیش وەک ڕووناکبیرێک ڕەخنەی توند لە نەتەوەکەی خۆی دەگرێت و بە تێنەگەیشتوو وەسفی دەکات، هەرئەم تێنەگەیشتن و ناهوشیارییەی بەهۆکاری دواکەوتن و پشت و کەمەرشکاندنی هەمووان دەزانێت، بۆیە ئامۆژگاریان دەکات و لە سیاسەتی نێودەوڵەتی ئاگاداریان دەکاتەوە و دەڵێت:

هەر لەبەر بەرزبوونەوەی ئەم کوردە ژێرپێکەوتوە

دامەنی مەندوبی سامی پەنجەیی(مس بیل) گرین[2]

حەمدی بەهۆی ئەو شارەزاییەی کە هەیبووە سەبارەت بە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە، هەوڵیداوە سەرەنجی خۆی لەمەڕ مەمەڵەکردنی سەرکردەو سیاسیەکانی نەتەوەکەی بخاتەڕوو، بەشێوەیەک ئامۆژگارییان دەکات، بەوەی کە بە وریایی و بەئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ سیاسەت و سەرکەوتنەکانی هاوپەیمانان و ئەو وڵاتانە بکەن کەلە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، دەستیان هەبووە لە ناوخۆی کوردستاندا، بەشێک لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان کەوتووەتە ژێر دەستیانەوە، چونکە ڕووناکبیری و ئاگایی و بیرتیژی حەمدی گەیشتبووە ئاستێک هەرزوو درک بەوە بکات کە سیاسەتی ئەم وڵاتە زلهێز و داگیرکەرانە پڕیەتی لە فرت و فێڵ، هەر لە سەرەتاوە ئەم پێشبینیەی حەمدی هاتەدی و پاش داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، ئینگلیزەکان لە سەرجەمی ئەو بەڵێنانەی

---

[1] - دیوانی حەمدی، ل٢٤٢.

[2] - دیوانی حەمدی، جمال محەمەد محەمەد ئەمین، ل٣٢.

بەکوردیان دابوو پەشیمان بوونەوە. لێرەوە دیسانەوە لەم سیاسەت و پلانگێڕییەی دەوڵەتان خەڵکی ئاگاداردەکاتەوە و دەڵێت:

تێبگەن خەڵقینە توخوا بەس ئیتر تەفرەبخۆن

ئەجنەبی بۆ نەفعی خۆیانە دەکەن دایم حییەل[1]

شاعیر داوا لە کۆمەڵگەکەی دەکات، بەم فرتوفێڵ و پلانگێڕییەی داگیرکەران هەڵنەخەڵتێن و تەفرە نەخۆن و یەکگرتووبن، چونکە حەمدی بەهۆی ڕووناکبیری و بە ئەزموونی خۆیەوە باش لە مەبەست و مەرامی داگیرکەران تێگەیشتووە، هەر بۆیە چاوەڕوانی هیچ سودو قازانجێکیان لێ ناکات لەبەرژەوەندی نەتەوەکەی دابێت، چونکە لەمەرام و مەبەستی داگیرکەران تێگەیشتووە.

حەمدی کاتێک لەسەر هەر تەوەرێک وەستابێت، بەهۆی ڕووناکبیری خۆیەوە حەقی خۆی داوەتێ و هیچ مژارێکی تێکەڵی بابەتێکی دیکە نەدەکرد. پێویستە ئەوەش بگوترێت کە حەمدی لە زۆر بواری ژیاندا کاری کردووە، کێشە و گیروگرفتەکانی کۆمەڵگای خستوونەتەڕوو. سەرباری ئەو هەموو بابەتە ئاینی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و سیاسی و فیکرییانەی کە ئەزمونی شیعری خۆی تێدا خستونەتەڕوو، بەڵام هەستناکرێت خۆی لە قەرەی هیچ بابەتێکی نازانستی و ئەفسانەیی دابێت، ئەوەی ئاشکرایە شاعیر مەودایەکی فراوانی بۆ بابەتە ئاینییەکان تەرخان کردووەو، جیاواز لە هەر ((شاعیرێک وەک ڕووناکبیرێکی پێشکەوتوو و عەقڵانی مامەڵەی لەگەڵ ئاینیدا کردووە، خۆی لە هەر جۆرە بیرێکی خورافیات بەدوور گرتووە))[2]. حەمدی هەوڵیداوە ڕاڤەیەکی پوختی ئاین بکات و ڕەخنەش لەو کەسانە بگرێت. کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئایین بەکاردەهێنن. دەڵێت:

---

[1] - دیوانی حەمدی، ل١٤٠.

[2]- ئارام محمد قادر، ڕۆڵی شیعر لە بزاڤی ڕۆشنگەریی کوردیدا، ل١٨٧.

که بەرماڵی نوێژین و لە نوێ ژینی نەکا زاهید

دەبێ چبکا ڕووی بێ ڕووی لە دەرماڵی تورابین کرد[1]

حەمدی بڕوای وایە کە زاهید و شێخ و مەلاکان دەبێت دووبارە باوەڕیان نوێبکەنەوە بەهۆی ئەو فێڵ و تەفرەدان و بەرژەوەندی خوازیەیان. دیارە لێرەدا بە چاوێکی ڕەخنەیی و بە توانجەوە مەبەستەکەی ئاراستەی زاهیدان کردووەو، لە هەمانکاتیشدا خەڵکی هوشیارکردۆتەوە لەم کارەی زاهیدان.

شاعیر بەشێوەیەکی زانستی و عەقڵانی، تێڕوانینەکانی خۆی سەبارەت بە ئاین ڕونکردوونەتەوە و بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە تێکەڵکردنێکی بۆ بکات، لەگەڵ خورافە و ئەفسانەدا، پوختەی ئاینی لەتێکستەکانی خۆیدا ڕاڤەکردووە. بە بۆچوونی حەمدی پێویست ناکات کتێب و نووسراوی دیکە سەبارەت بە دین بخوێننەوە هەروەکو دەڵێت:

واضیح دەڵێ ئەم شیعرە ئەوانەی لەبەری کەن

بۆ پردی صیراط بەسی یە ، لەجێ ی ئەمرو وەثیقە[2]

دیارە حەمدی بەهۆی ئەو خەمخوارییەی کە بۆ نەتەوەکەی هەیبووە، بەردەوام لە هەوڵ و گەڕاندا بووە بۆ هێنانی زانست و زانیاری، هەربۆیە بەهۆی ئەو زانیارییانەی کە هەیبوون. داوای لە خەڵکی کردووە تا پێڕەوی بکەن و ببێتە مایەی سود و قازانج بۆ هەردوو دنیایان. ئەگەر تەماشای ئەو پەیامە ڕووناکبیرانەیەی شاعیر بکەین، ئەوا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە حەمدی یەکێکە لە شاعیرە ڕووناکبیرەکان.

حەمدی وای بۆ دەچوو، کە ئەم داگیرکارییەی زلهێزەکان بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و باری نەخوێندەواری ئەو سەردەمەی کوردستان دەگەڕێنێتەوە، بۆیە هەمیشە خەڵکی بۆ خوێندن و زانست هاندەدا. هەروەکو دەڵێت:

---

[1]- دیوانی حەمدی، ل٢٤٥.

[2] - سەرچاوەی پێشو، ل١١٠.

ئەمە بۆ دەرسی عیبرەت کافیە ئێوەو خوا، بەخوا

نەخوێنن دێڕی کۆنە سەطری تازە دەرئەخا مەسطەر[1]

حەمدی شاعیر خەمی گەورەی ئەوە بوو، کە پاشەڕۆژێکی گەشاوە و پێشکەوتوو و پڕشکۆ بۆ میللەتەکەی بێتە ئاراوە، بۆیە هەمیشە خەڵکی وریاکردوەتەوە لە سودی خوێندن و داوای لە کۆمەڵگا کردووە کە پەندو عیبرەت وەربگرن و بەس دوای نەخوێندەواری و نەزانی بکەون و هانیان دەدات، کە دەست بکەن بە خوێندنەوەی پەرتووکی کۆن و نوێ، ئەگەر هەوڵێک نەدەن، هەروا بە ژێردەستەیی وماڵوێرانی دەمێننەوە. هەربۆیە داوایەکی ڕووناکبیرانە ئاراستەی کۆمەڵگاکەی دەکات و دەڵێت:

براگەل بێنەوە کوڕگەل دەهەڵسن کۆمەڵێ بگرن

تەغافڵ بەسی یە هەڵبگرن سەری غیرەت لەسەر بوستەر[2]

حەمدی بەهۆی ئەزمون و بیرمەندیی و ڕووناکبیری خۆیەوە باش لەوە تێگەشتبوو، کە کێشەی سەرەکی و بنەڕەتی کۆمەڵگەی کوردەواری، نەبوونی قەوارەیەکی یەکگرتوو بووەو ئەمە هەمیشە هۆکار بووە بۆ ڕاکێشانی دەستی دەرەکی و داگیرکاری کوردستان، هەربۆیە داوا لە ڕۆڵەکانی میللەتەکەی دەکات یەکبگرن و دەردی کوشندەی نەزانی و دووبەرەکی لە ناوبەرن. وازبهێنن لە خەوتن و تەمبەڵی. لێرەوە ڕووناکبیری حەمدی دەردەکەوێت، چونکە خەمی حەمدی سنوری تاک و بەرژەوەندی تایبەتی تێپەڕاندووە و لە هەوڵی ئەوەدایە بەهۆی ئەزموون و شارەزایی خۆیەوە، میللەتەکەی وشیاربکاتەوە.

شاعیر ناچار بووە هەموو هەوڵ و توانای فکری خۆی بخاتەکار بۆ ئەو بوارەی کە کۆمەڵگاکەی پێویستی پێی بووە، بەپێویستی زانیوە تیشک بخاتەسەر ئەو لایەنەی کە کۆمەڵگاکەی پەیان پێی نەبردووە و لێی بێ ئاگابوون، مەسەلەی کشتوکاڵ و بەپیتی خاکی کوردستان جێگەی تێڕوانینی ڕووناکبیرێکی وەکو حەمدی بووە، بەردەوام هانی کۆمەڵگەکە دەدا بۆ سوودوەرگرتن لە بەپیتی خاک و بەرهەمهێنان و درووستکردنی

---

[1]- دیوانی حەمدی، ل٩٣.

[2]- سەرچاوەی پێشو، ل٩٣.

کەرەستەی کشتوکاڵی خۆماڵی. لەم ڕووەوە ئامۆژگاری کۆمەڵگا دەکات و بە پەیامێکی دڵسۆزانە و خەمخۆرانەو ڕووناکبیرانەوە پێیان ڕادەگەیەنێت و دەڵێت:

ئەم ئاوو ئەرض ئێمە هەمانە زەرع کرێ

دەوڵەت ئەبێ بەکۆڵ کەش و شا بەسەپانمان[1]

لەم ڕووەوە حەمدی شاعیر بە سەلیقەی خۆی و بە تێگەیشتنی لە گرنگی بواری پیشەسازی و کشتوکاڵ، هەوڵی وریاکردنەوەی نەتەوەکەی داوە و، هانیانی داوە بۆ بەرهەمهێنانی کەرتی کشتوکاڵ و ئەوەی بەپێش چاوی خەڵکی خستووە، کە چ خاکێکی بەپیت و بەرەکەتیان هەیە ئەگەر بەکاربهێنرێت، ئەمەش ئەوە دەخاتە پێشچاو کە چ کاریگەرییەکی باشی دەبێت بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری، لێرەشەوە کاریگەری دەبێت لە سەر بارودۆخی سیاسی نەتەوەیی.

حەمدی بەشێوەیەکی گشتی تیشکدەخاتە سەر ئەو حاڵەتانەی کە بوونەتە لەمپەر لە بەردەم ئاسودەیی و ئۆقرەیی و ئازادی و سەربەستی خەڵکیدا، هزر و هەستی بە فرتوفێڵی دەوڵەتە زلهێزەکان و بەتایبەتیش ئینگلیزەکان کردووە. بەڕوونی پێشبینی ڕووداوەکانی کردووە، بۆیە بەردەوام خەڵکیشی وریاکردووەتەوە لەم مەسەلەیە. بیری لە دەرخستنی کێشە و گیروگرفتەکانی کۆمەڵگا بووە. ئاوڕی لە کەرتی کشتوکاڵداوەتەوە. هەروەها دژایەتی ئەوانەشی کردووە، کە بەناوی پیرۆزی ئیسلامەوە چاوبەست لە خەڵکی دەکەن.

[1]- دیوانی حەمدی، ل٩٦.

## دڵدار(١٩١٨-١٩٤٨)

دڵدار شاعیرێکی ((هەڵکەوتووی بەرزو بەهرەدار بووە، هەر لەمنداڵییەوە شەیدای شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بووە. شاعیر خاوەنی هەستێکی ناسک و دڵێکی پڕ سۆزو شەیدای کورد و کوردستان بووە، بەچاوێکی ڕۆشنبیری و دووربین سەیری کەم و کوڕی نەتەوایەتی گەلی کوردی کردووە. لەبەرئەوە شیعری کردووە بە چەکی دەستی بۆ مەبەستی بیروڕای کۆمەڵایەتی و سیاسی))[١]. دڵدار شاعیرێکی ڕووناکبیری سەردەمەکەی خۆی بووە، ئەگەرچی بڵاوکراوەی شیعری کەم بووە، بەڵام ناوەڕۆکی شیعرەکانی دەوڵەمەند و هەمەچەشن بووەو هەڵگری تایبەتمەندی ڕووناکبیرانەبووە. شاعیر لەچەند لایەنێکەوە هەوڵی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگەکەی داوە، لەهەمانکاتدا ڕەخنەی لە دیاردە دزێو و نالەبارەکانی کۆمەڵگا گرتووە، بەتایبەتی لاوان و گەنجان. بەهەمانشێوە هانی خەڵکی داوە بۆ خۆشەویستی و پاراستنی نیشتمان و نەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی بێوێنە گرنگی بە پەروەردەی منداڵان داوە و ئومێد و هیوای بە دوارۆژی منداڵانی نەتەوەکەی هەبووە، سەرباری گرنگیدان بەزانست و خوێندن و سەربەخۆیی و ڕزگاری نەتەوەیی.

شاعیر بەردەوام گرنگی زۆری بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان داوەو هەمیشە بە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی زانست و داهینانەکانی داناون، بۆیە لەوەسفی گۆڤاری ڕووناکیدا دەڵێت:

ڕووناکی ناوت چەندەلام خۆشە

عالەم بە سایەت دڵی پڕ جۆشە

وا تاری ڕۆیی دەرکەوت ڕووناکی

بەعیلم و فەن و ڕووخساری پاکی

---

[١] - عبدالخالق علاء الدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد،ل١٦٧.

**شوعلە بەخشی کرد لە کێوو بێستان**

**زیندووی کردەوە عیلمی کوردستان[1]**

ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە، هیواو ئومێدێکی زۆری لەسەر بڵاوبوونەوەو دەرکەوتنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هەڵچنیوە. شاعیر ڕای وایە بەدەرکەوتنی گۆڤاری ڕووناکی چیدیکە تاریکی و نەخوێندەواری لە کۆمەڵگادا نامێنێت، سەرەڕای پێشکەوتنی زانست و خوێندەواری و هونەر، دیارە ئەم گۆڤارە تەنها لە ناوچەیەکدا ناوەستێت و سەرجەمی ناوچەکانی کوردستان دەگرێتەوە، بە بڕوای شاعیر ئەو زانست و پێشکەوتنانەی کە لە ڕابردوودا هەمانبوون و خەفەکراوە، بەهۆی ئەم گۆڤارەکانەوە زیندوو دەبێتەوە و دووبارە کوردستان دەست بە ئاوەدانی و پێشکەوتن و زانست دەکاتەوە، چونکە بە بڕوای شاعیر ئەم گۆڤارە هۆکاری چالاککردنەوەی لاوەکانی کۆمەڵگابوون. هەروەک خۆی دەڵێت:

مژدەبێ وەتەن خاکت ڕووناک بوو

بەسایەی شەوقی لاوت چالاک بوو

نەحسی و شووم ڕۆیی لەسەر کێوانت

ڕووناکی جێی گرت لە ڕووی جوانت

ئومێد پەیدا بوو بڵاوبێتن فەن

بنوێنین خزمەت گوزاری وەتەن[2]

ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆبکەین ئەوەیە، کە شاعیر وەکو ڕووناکبیرێک، ڕزگاربوون لەدەستی نەزانی و دواکەوتوویی دەبەستێتەوە بە بڵاوبوونەوە و دەرکەوتنی گۆڤاری ڕووناکییەوە، هەر ئەمەش بەچاوکرانەوەو چالاک بوونی لاوان دەزانێت، چونکە پێی وایە بەهۆی ئەم گۆڤارەوە نەهامەتی و شومی لەسەر کۆمەڵگا نامێنێت و کۆمەڵگا

---

[1] - عبدالخالق علاء الدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ل ١٩٢.

[2] - سەرچاوەی پێشو، ل١٩٢.

چاوی بەڕووی پێشکەوتنەکانی دونیادا دەکرێتەوە. کەوابوو شاعیر وەکو ئامراز و داینەمۆی پێشکەوتن لەم گۆڤارە دەڕوانێت. ئەم گرنگیدانەی شاعیر بە دەزگایەکی لەم شێوەیە لە چوارچێوەی ڕووناکبیری و زانستی دایەو هەربۆیە پێی وایە ئەم گۆڤارە دەبێتە هۆی ئەوەی لاوان خزمەتێکی زیاتر بەوڵات بکەن، لێرەوە خەمخۆری و وڵاتپارێزی شاعیریش دەردەکەوێت.

مەسەلەی خاک و نیشتمان و دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد لەلای ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە جێگەیەکی پربایەخ و کەم وێنە بووە، دڵدار بەبەردەوامی لەوەسفی خاک و نیشتماندا قەڵەمەکەی لەکاردابووە و بە نەیار و داگیرکەرانی پیشانداوە کەنەتەوەی کورد هەرگیز ژێردەستە نابێت و لەناو ناچێت بۆ ئەم مەبەستەش سرودی (ئەی رەقیب) باشترین وێنەیە کە لە بەردەستدایە، شاعیر بە پەیامێکی شۆڕشگێڕانەو ڕووناکبیرانە بە ناحەزانی میللەتەکەی دەڵێت:

ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زوبان

نایرمێنێ دانەریی تۆپی زەمان

ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سورو شۆڕشین

سەیریکە خوێناویە ڕابردومان[1]

لەشیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی دڵدار بە بەردەوامی درک بە دیدێکی شۆڕشگێڕانەی دەکرێت. لەم سرودەی شاعیردا پەیامێکی توندی ڕووناکبیرانە بە ڕووی داگیرکەرانی نەتەوەکەیدا بڵاودەکاتەوە، کە شاعیر پێیوایە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکە هەرگیز لەناو ناچێت و ناپوکێتەوە، کە ئەمەش هاندانێکی ڕووناکبیرانەی زۆر باش بوو لە ڕابردوو و ئێستاشدا بەهەمان شێوە، چونکە گیانێکی حەماسیانەی بە بەر لاوانی میللەتەکەیدا کرد. لەهەمان کاتدا مێژووی نەژادو قارەمانیەتییەکانی بۆ لاوانی میللەتەکەی ڕوونکردۆتەوە، کە مێژوویەک بووە لێوان لێو بووە. لە خەبات و قوربانیدان

[1] - عبدالخالق علاء الدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ل١٧٤.

له پێناو نیشتمان و نەتەوەدا، شاعیر وەکو ڕووناکبیرێک هەمیشە پێشکەوتن و ڕزگاربوون لەدەستی نەزانی و دواکەوتوویی بەستووە بە مەسەلەی سەربەستی و ئازادییەوە، ئەمەش چەمکێکی بزوتنەوەی ڕووناکبیری بووە. بە بەردەوامی لە خەمی ئەوەدابووە، میللەتەکەی لە خەوی نەزانی و ژێردەستەیی ڕاچەڵەکێنێت و بانگی سەربەستی بدات هەروەکو دەڵێت:

لەساتێکی وەها تەنگ و لەکاتێکی وەها پەستی

کەعالەم گشتی هەستاون ئەبێ کەی تۆش لەخەوهەستی

بەچاوی ڕاستەقینە سەیری خۆت کەیت وبکەی هەستی

کەوا مەحرومی سەربەستی لەژێر دەستانا ژێردەستی

لەگەڵ لاوی نهێنی کورد بڵێی سەربەستی سەربەستی[1]

دڵدار وەک شاعیرێکی ڕووناکبیر سەرنجی بارودۆخی وڵاتەکەی داوەو بەراوردی بەپێشکەوتنەکانی دونیا کردووە، لە هەمانکاتدا هەوڵی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگەکەی داوە، بەوەی کە چاوێک لە پێشکەوتنەکان و داهێنانەکانی دنیا بکەن. هەروەکو چۆن ئاوڕێکیش لە سەرکەوتن و سەربەستیەکانیان بدەنەوە، شاعیر بەپەیامێکی ورد، بە زەنگێکی ئاگادارکردنەوە داوا لەکۆمەڵگا دەکات، ئاوڕ لەو بارودۆخەی کە تێیکەوتوون بدەنەوە، بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشای واقیعی ڕاستەقینەی خۆیان بکەن، ببینن کە لەچ ئێستایەکدا دەژین و وڵاتانی دیکەش چۆن دەژین، ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە داوا لەکۆمەڵگا دەکات بە گوڕوتینەوە بێنە مەیدان و چارەیەکی حاڵی خۆیان بکەن و داوای مافی خۆیان بکەن. وەکو دەڵێت:

بەگوڕ تۆ بێیە مەیدان و حقوقی گشتی داواکەی

بەیادی نەوجەوانانی شەهیدان گیانی بەرپاکەی

[1] - عبدالخالق علاء الدين، دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ل١٩٤.

به تیشکی هەق خوراوی کورد دڵی تاریکی ڕووناکەی

بزانێ سا بەسەر چوو وەختی بەدمەستی و بەدمەستی[1]

دڵدار وەک شاعیرێکی ڕوناکبیر سەرنجی گەلێک لایەنی بارودۆخی کۆمەڵگاکەی داوە. درکی بەوە کردووە کە بۆ دەرچوون لەژێر باری ناهەمواری دواکەوتوویی و بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و دەرکەوتنی تیشکی ئازادی و سەربەستی و هوشیاری، پێویستی بە پەیرەوکردنی بیری هوشیاری و خەبات و تێکۆشانە، کە دەبێتە هۆی بەفیڕۆ نەچوونی خوێنی شەهیدان. شاعیر تەنها تیشک ناخاتەسەر لایەنێکی سەربەخۆی و دەستکەوتنی مافی گشتی، بەڵکو پێی وایە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی سیستەماتیک دەگاتە ئاواتەکانی هەر لەخەبات و تێکۆشانەوە بۆ داواکاری ماف و دوورکەوتنەوە لەبێهۆشی و بەدمەستی، سەرباری یەکگرتن و خزمەت و وردبینی و دووربینی. لێرەدا شاعیر هانی خەڵکی دەدات بۆ ئەوەی بە گوڕوتینەوە بەرەو پیری خەبات و تێکۆشان بچن و قۆڵی مەردایەتی لێهەڵبکەن، نەک بێ هۆشی و بەدمەستی، کە بە بڕوای شاعیر هۆکاری بێ بەشی میللەتی کورد بووە. هەروەک دەڵێت:

تۆ ئەزانی ئەی وەتەن ئیمڕۆکە بۆچی بێ بەشی؟

بۆچی دەستی شەو نیشانی تۆ ئەدا نامەی ڕەشی؟

پێت بڵێم ئەسبابی گەورەی زیللەت و چارەڕەشی؟

گەنجی کوردان هەر لە دەورەی مەی ئەکەن غیرەت کەشی[2]

شاعیر وەکو ڕووناکبیرێکی پێشکەوتووخواز لەهۆکاری دواکەوتوویی و بەدبەختی و نەهامەتییەکان دەدوێت و هۆکارەکەی ئاشکرا دەکات، کە ئەوەش بە بڕوای شاعیر سستی و لاوازی لاوەکانە، کە هەمیشە لەدەوری مەی و مەینۆشی کۆبوونەتەوەو بێ ئاگابوون لە مەسەلەی نەتەوایەتی و ڕزگاری نەتەوەیی. ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە، لەم جۆرەی لاوان

---

[1] - عبدالخالق علاء الدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ل١٩٤.

[2] - سەرچاوەی پێشو، ل٢٠٢.

بەر تیری ڕەخنە و توانج داوەو، بە پەیامێکی ڕەخنەیی و ڕووناکبیرانە پێیان ڕادەگەیەنێت.

عەیبە عەیبە لاوی کوردان سەیری لاوی غەیرەکەن
فکری بێ باکی بەسەر چوون سا لە کەللە تەفرەکەن
دەوری نوستنتان بەسەر چوو سەیری ئەم نەو دەورەکەن
عەیبە چیتر بەس لە دەوری مەی مەکەن عیرەت کەشی[1]

مەسەلەی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی کوردان لەلای ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە جێگەی بایەخ بووە، بۆیە بە بەردەوامی توانجی لە لاوانی وڵاتەکەی گرتووە. بەوەی کە هیمەتێک ناکەن و چاو لە لاوانی نەتەوەکانی دیکە ناکەن کە چۆن سەرکەوتوون و پێشکەوتوون، شاعیر ڕەخنەیەکی توند لەلاوانی نەتەوەکەی دەگرێت و پێیان ڕادەگەیەنێت کە شەرمە چاو لەو نەوە نوێیە ناکەن و هەر خەریکی بێهۆشی و نوستنن، ئەم سستیەی لاوان وایکردووە، کە شاعیر هیوای پێیان نەمێنێت و لەبەرامبەردا وەک ڕووناکبیرێکی هاوچەرخ پشت بە منداڵانی میللەتەکەی ببەستێت و هیوایان لەسەر هەڵچنێت. هەروەکو دەڵێت:

هیوام بەتۆیە ئەی تازە منالْ
بەیانی ببیە نموونەی میسال
ئەم قسانەی من کەوا بۆت ئەکەم
بزرینگێتەوە لە گوێتا هەردەم[2]

---

[1] - عبدالخالق علاء الدين، دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد ، ل٢٠٣.
[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦.

شاعیر بە بەردەوامی ئامۆژگاری منداڵانی کوردی کردووە و هیوای خواستووە ئەم قسانەی بگاتە جێگەی خۆی. بەبڕوای شاعیر ئەگەر بێت و منداڵانی کورد بەدەم ئامۆژگاریەکەیەوە بێن، ئەوا دەبنە نموونەی پێشکەوتن و چرای رووناکی داهاتوو، هەر ئەمەش بووە هیواو ئاواتی دوارۆژی شاعیر، بۆیە بە بەردەوامی وەک شاعیرێکی ڕووناکبیری سەردەمەکەی دەردەکەوت و هانی منداڵانی کۆمەڵگاکەی دەدا، کەوا تێبکۆشن و خەبات بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئایندەیەکی گەش وپێشکەوتوو هەروەکو دەڵێت:

تێکۆشە دایم هەروەکو هەنگ بە

لەمەیدانی ژین ئامادەی جەنگ بە

ئەوا پێت ئەڵێم چاکی بزانە

ژیانی مەردی باری گرانە

نەک وابزانی وەک ژینی دوێنی

دەخۆی و دەنووی لە ناو نوێنێ

ئەوە ژین نییە کە وەک ژن بژیت

ئەبێ هەم ئازاو هەم مەزن بژیت[١]

بەلای شاعیرەوە ژیان سەخت و دژوارە، بۆیە دەبێت لە خەوی نەزانین ڕاپەڕیت و وەکو مەرد قۆڵی مەردایەتی لێهەڵبکەی. بۆیە بەپەیامێکی ڕووناکبیرانە داوا لە منداڵان دەکات هەر وەکو هەنگ بن و بەبەردەوامی خەریکی کارو فەرمانبن و نابێت هەر خەریکی خەو و خۆراک بن، چونکە ئەوجۆرە ژیانە شایانی ژین نییەو سەرشۆڕی و ژێردەستەییە، ئەگەر چی ژیانی ئازادی و ڕزگاری و سەربەخۆیی سەختە، بەڵام نابێت کۆڵی لێ بدەین و دانیشین وەکو ژن کە چۆن دیل بووە لەماڵ داو دەرگای خۆشبەختی و مافەکانی ژیانی لێ زەوت کرابوو. لەلایەکی دیکەوە هانی منداڵانی کوردی داوە گرنگی بە زانست و خوێندن

---

١ - عبدالخالق علاء الدين، دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ل٢١٦-٢١٧.

بدەن، ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە کەم لایەنی ژیان هەبووە، ڕای نەکێشابێتە نێو شیعرەکانیەوە و ئامۆژگاری منداڵانی نەتەوەکەی نەکردبێت. لێرەشەوە ئامۆژگاری منداڵان دەکات بۆ بەدەست خستنی خوێندن و زانست و دەڵێت:

تۆ ئەبێ چرای زانستی هەڵکەی

دەستم داوێنت ڕێگا ون نەکەی

بیر و هۆشی خۆت بەکار بهێنە

ئەم دانەو داوە یەک یەک بپسێنە[1]

شاعیر هەمیشە لە خەمی بڵاوبوونەوەی زانست و خوێندەواریدا بووە، کە ئەمە یەکێک بووە لە پرنسیپەکانی بزوتنەوەی ڕووناکبیریی. بۆیە بە هەوڵێکی ڕووناکبیرانە داوا لە منداڵانی نەتەوەکەی دەکات و تکایان لێدەکات، کە ڕێگەی زانست و خوێندەواری بەرنەدەن و بەهەموو بیرو هۆشیانەوە هەوڵی سەرخستنی پرۆسەی زانست و خوێندن بدەن، کە بە بڕاوی شاعیر سوودو قازانجی نەوەکانی داهاتووی کۆمەڵگای تێدایە.

[1] - عبدالخالق علاء الدين، دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد، ل٢١٧.

## قانع(١٨٩٨-١٩٦٥)

مەسەلەی خوێندن و خوێندەواری لەلای قانع زۆر گرنگ و پڕبایەخ بووە، پێشکەوتن و سەربەستی بە خوێندنەوە گرێداوە، هەروەکو چۆن جەهل و نەزانینی بەهۆکاری دواکەوتوویی و ژێردەستەیی داناوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ((کۆمەڵگای ئەو سەردەمە توشی ئەو دەردە کۆمەڵایەتییە بوو، ئەگەر دەردو بەڵای گەل نەخۆشی و هەژاری و نەخوێندەواری بێت ئەوا بەهۆی خوێندن و زانستەوە ئەتوانین تارادەیەک لە نەخۆشی هەژاریش خۆیان ڕزگار بکەن، وە ژیانێکی خۆشتر بژین بۆ ئەوەی چەوساوەو ژێردەستەو جەور لێکراو نەبن))[1]. شاعیر بە بەردەوامی هانی خەڵکی دەدات بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانیان بخەنەبەر خوێندن و زانست و دەڵێت:

تۆ ، کە بابی کوڕەکەت عیلمێ بخوێنێ چاکە

عالەمی جەهل لەلای من ، بەمەسەر خاشاکە

وەرە بنواڕە لەکوردان ، ئەوە واعیلمی نی یە

حاملی کوولەکەوو ، زەرگ و دەف و ماشاکە[2]

دیارە بایەخی خوێندن و زانست بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی زرنگ و هۆشیار و ڕووناکبیرو کارامە، لە لای قانع گرنگییەکی زۆری هەبووە و بۆیە داوا لە باوکان دەکات ڕۆڵەکانیان بخەنە بەر خوێندن، تاوەکو لەژێر باری زانستدا پەروەردەبن و لە ئایندەشدا نەبن بە نۆکەر و نەزان و خاشاک. لەبەرئەوەی بەبڕوای شاعیر نەزانین هۆکارێکە بۆ ژێردەستەبوون و پاشکەوتنی وڵات، هەربۆیە لەڕێگەی وەسییەتکردن بۆ وریای کوڕی دیسانەوە هانی خەڵکی دەدات بۆ زانست و خوێندن و پێمان ڕادەگەیەنێت و دەڵێت:

---

[1] - طاهیر محمد علی، قانع ژیان و بەرهەمی(لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل٤٥.

[2] - بورهان قانع، ل٢٢٥.

رۆڵەکەم! خوێندن بخوێنە مەکتەبە دەرمانی کورد

تێگەیشتن مەرهەمە ، بۆ زامی بێ سامانی کورد[1]

بەشێکی زۆری ناوەڕۆکی شیعرەکانی قانع هاندانە بۆ ڕووکردنە خوێندن و زانست، چونکە بە بڕوای ئەو هەر خوێندنە دەبێتە هەتوان بۆ سارێژکردنی برینی نەزانی و دواکەوتوویی. تێگەیشتنە دەبێتە چرایەک بۆ ڕوناک کردنەوەی ڕێگای تاریکی نەزانی و هەژاری. هۆکاری ماڵوێرانی و نەگبەتی کورد بەبڕوای شاعیر چوارشتن هەروەکو خۆی پێمان ڕادەگەیەنێت و دەڵێت:

چوارشتن ئەمڕۆکە بوونە ، نەگبەتی کوردی هەژار

جەهل یەک ، بێ عەقڵی دوو ، دڵ پیسی سێ ، داوا چوار[2]

ئاشکرایە لە بیروباوەڕی کۆنی کوردەواریدا وێنەیەکی خراپیان بۆ زانستی سەردەم کێشابوو. ئەمەش بۆ درێژەدانی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و دواکەوتوویی کۆمەڵگا بوو، بۆ ئەوەی کۆمەڵ هەر لەژێر باڵی ئاغا و دەرەبەگدا ژیان بەسەر ببات، شاعیر بە بیرو ئایدۆلۆژیایەکی ڕووناکبیرانە و، هەوڵی تێکشکاندنی ئەو گوتارە نا عەقڵیانەی داوەو، خەڵکی هوشیاردەکاتەوە لە زانست و پێشکەوتنەکانی جیهان و دەڵێت:

بەسحری تێمەگەن عیلمی زەمانە

بخوێنن ، بخووێنن چونکە خوێندن پشتیوانە

نەجاحی ئەجنەبی وائەچنە کەوکەب

بەهێزی خوێندنە ، چاکی بزانە

شاعیر لەڕێگەی باسکردنی دەستکەوتەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان، سوود و گرنگی خوێندن و زانست دەردەخات، بەڵام ئامۆژگاری کۆمەڵگاش دەکات لەچۆنیەتی مامەڵەکردن

---

[1] - بورهان قانع، ژیان و بەرهەمی قانع ل٥٠.

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥.

**به زانستەوە، لە بەرئەوەی خراپ بەکارهێنانی، دەبێتە دەردێکی کوشندە و کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر دەبات. هەروەکو دەڵێت:**

**هەر تۆش ئەسبابی خوێن ڕژاندنی**

**هەر تۆش ئەسبابی مێشک پژاندنی**

**هەر تۆش واسطەی ژن قیژاندنی**

**هەرتۆش واسطەی خاک بێژاندنی[1]**

**بە وردبوونەوە لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و کلتوری و فەرهەنگییەی کورد، لە ساڵانی پاش جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ئافرەتی کورد لە ژێر باری نالەباری پیاوسالاریدا بووەو، لەلایەن پیاوانەوە ڕووبەڕووی زۆرداری و زوڵم و ستەم بووەتەوە، هەمیشە بەچاوی کەم تەماشا کراوەو ڕۆڵ و گرنگییەکەی لەکۆمەڵگەدا نە نرخێندراوە.**

**کەمال مەزهەر ڕای وایە: ((ئافرەت تەنها لەسەردەمێکی کۆنی مێژوودا نەبێت کە کۆمەڵێکی زۆر سادەو ساکاربووە، لەوەو دوا ئافرەت هەر زەلیلی ماڵ و ژێردەستەی پیاوان بوونە، هەربۆیە ئافرەتانی کوردیش بێبەش نەبوون لەم زوڵم و ژێردەستەیییە))[2].**

**ئەگەر بەشێوەیەکی وردتر لەبارودۆخی ژیانی ئافرەتی کورد بڕوانین، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ئافرەتی کورد سەرباری ئەو زوڵم و چەوساندنەوانەی کە ڕووبەڕووی دەبوونەوە، دووچاری گەلێک ستەمی دیکەش بوونەتەوە، لەوانە جیاوازی ڕەگەزی و بێبەش بوون لەخوێندن و زۆر مافی تری مرۆڤایەتی.**

**قانعی شاعیر وەک ڕووناکبیرێک و خەمخۆرێک، لە شیعرەکانیدا باسی لەو ئازارو خەم و زوڵم و ستەمانە کردووە، کە لەبەرامبەری ئافرەتی کورددا ئەنجامدراون، وێنەیەکی پڕ لە ئێش و ئازاری شاعیرانەی خۆیمان بۆ دەکێشێت. ئەم مامەڵەکردنە نا تەندروستە**

---

[1] - بورهان قانع، ژیان و بەرهەمی قانع ،ل١٤٧.

[2] - کمال مەزهەر، ئافرەت لەمێژوودا، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨١، ل ٥.

کۆمەڵایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاتنە دونیای کچانەوە، کە چۆن هەر لەو ساتەوە تەم و خەم ئەو ماڵە دادەگرێت کە کچیان بووە. لەم ڕووەشەوە شاعیر دەڵێت:

کچی بەستەزمان دەوری ژیانی

سینەماییکە ئەگەر بزانی

کەلەدایک بوو، ئاهەنگی نیە

ئەڵێن: ئای کچە! فائیدەی چیە؟

پێ پیرۆزانەی کەس بۆ ناهێنێ

هیچ کەس بەچاکە هەرگیز نایدوێنێ[1]

قانع بەبیری ڕووناکی خۆی دەکەوێتە وێناکردنی ئەو واقیعە تاڵەی کۆمەڵگەی کوردی، کە چۆن دەڕواننە ئینسانێک لەڕەگەزی (مێ) یە. دەیەوێت لە ڕێگەی گێڕانەوەی وەها بابەتێک خەڵکی لەو ڕەفتارە قێزەونە هوشیاربکاتەوەو پێیان ڕابگەیەنێت کچیش وەک کوڕ هەمان دروستکراوی خودان و، ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان هەیە لەکۆمەڵگەدا. لەهەمان کاتدا باسی ئەو دواکەوتوویەیی کۆمەڵگادەکات کە لە چ ئاستێکی دواکەوتوویدا و زوڵم و ستەم لە ڕەگەزی مێ دەکەن، هەروەکو چۆن ڕەخنەیەکی جدییە لە بیری پاشکەوتووی کۆمەڵگای کوردی، بەتایبەت لە لادێدا، شاعیر لەسەر زاری کیژۆڵەیەکەوە دەڵێت:

هەتا مناڵین زەلیل و خوارین

عاجز و مەلول، دایم خەمبارین

گا زەبرو لێدان گا بەڕووت و قووت

چڵکن و پڵکن وێنەی مەڵکەمووت[2]

---

[1] بورهان قانع، ژیان و شیعرەکانی قانع، ل٣٠٨.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٢.

قانع وەک ڕووناکبیرێک دەستنیشانی ئەو دیاردە ناشیرینەی کۆمەڵگای کردووە، کە بەچاوی کەم تەماشای ئافرەتیان کردووە و بوونەتە مایەی دڵتەنگی و هێنانە ئارای کەشێکی نالەبار بۆ کچان، شاعیر لەڕێگەی دیالۆگێکەوە ئەو وێنە ناشیرینە دەخاتەڕوو، لەهەمانکاتدا ڕەخنەیەکی بنچینەییە لەو دیاردە دواکەوتووەی کۆمەڵگا و کەویستوویەتی کۆمەڵگای لێ هوشیاربکاتەوە، لە بەشێکی زۆری هۆنراوەکانیدا ئەم دیاردەیەی داوەتەبەر ڕەخنەو توانج تا دەگاتە ئەوەی کە بڵێت:

ڕۆڵەگیان بەڵێ ، قانعم ناوە

بۆخۆم و بۆتۆ جەرگم سوتاوە

مامۆستا ئێمە گشت بەش خوراوین

بەلام لەلادێ تەواو فەوتاوێن[1]

دیارە باری هوشیاری و ڕووناکبیری لادێ زۆر خراپتر بووە وەک لەشار بۆیە کچان بەو شێوەیە دادی خۆیان گەیاندووەتە لای شاعیر و دەڵێن: (( داوات لێ دەکەین کەتۆ وەکو پاڵپشتی ئێمەی بەش خوراو، زۆرجار کۆمەڵت بەئاگا هێناوەتەوەو لەشیعرەکانتدا ناوت بردووین کەچۆن چەوساوین، بۆ جارێکی تر داوا دەکەین لێت تەواوهاوارمان بۆبکە و دەنگمان بەرزکەرەوە بۆئەوەی لەو کۆت و پێوەندەی کە کۆمەڵ کردووینی و تیایدا دەژین ئەو ژیانەی کەخۆت ئاگات لێ یەتی کە چۆنە))[2]، تەنانەت شوکردن و بەشودانی کچ وەک کالایەک مامەڵەی پێوە دەکرا، کچان بەهیچ شێوەیەک نەیاندەتوانی هاوژینی داهاتووی خۆیان هەڵبژێرن و لەمافە ڕەواکانی خۆیان بێبەش کرابوون.

بەشێکی گرنگی ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە تەرخانکراوە بۆ مەسەلەی چینایەتی، بەبیری تیژ و بە ئەزموونی عەقلانی خۆی و بە زمانی سادە، هەمیشە هەوڵی داوە کۆمەڵگا بخاتە سەر ڕێچکەی خەبات و تێکۆشان بۆ نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و، سەربەست و ئازاد، بەبێ

---

[1]- بورهان قانع، ژیان و شیعرەکانی قانع، ل٣٠٢.

[2]- طاهیر محمد علی، قانع ژیان و بەرهەمی،(لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە)، ل٧٠.

ئەوەی چینێکی کۆمەڵگا لە خۆشگوزەرانیدا بژین و بەشێکی دیکەش وەک دەوڵەمەندو ئاغا و دەرەبەگەکان لەوپەڕی پلەی خۆشگوزەرانیدا بن. جیاوازی چینایەتی لەو سەردەمەی شاعیردا زۆر زاڵبووە، هەربۆیە شاعیر زۆر گرنگی بەم مەسەلەیە داوە. قانع دەڵێت:

چونکە وا نارێکە کۆمەڵ ، تا ئەبەد سەرناکەوون

دەوڵەمەند گوێ شل نەکا بۆ ناڵەوو فەریادی لات

تۆ لەدنیادا نەجاتی چوار کەسی وەک من نەدەی

پێم بڵێ ڕۆژی قیامەت چیتە ئەسبابی نەجات

تۆ پزیشکی حاڵ زان و ، من نەخۆش و دەردەدار

چاکە ئینسافت ببێ ، کاتێ کە خۆم خستە پەنات[1]

لەم پەیامەی شاعیردا، کە ئاراستەی کەسانی دەوڵەمەند و چینی باڵای کۆمەڵگای کردووە، ڕەخنەیەکی جدییان لێدەگرێت و بەتێکدەری کۆمەڵگا و مرۆڤایەتیان دادەنێت، بەوەی کە دەستی کۆمەک و هاوکاری بۆ چینی کەمدەرامەت و نەدارو نەخۆش و هەژار درێژ ناکەن، لەهەمانکاتدا یەکسانی چینەکانی کۆمەڵگەش لەبەرچاو ناگرن، بەبڕوای شاعیر ئەم کارەیان وایان لێدەکات لەڕەحم و سۆزی خوداش بەدووربن لەڕۆژی دوایدا، بۆیە هەمیشە لەژێر تیشکی ڕوانینیڕووناکبیرانە و ئەزموونی تایبەتی خۆیەوە هەوڵی هوشیارکردنەوەو بەئاگاهێنانەوەی خەڵکی داوە، لەم دیاردە ناشیرین و خراپەی کۆمەڵگاو ئامۆژگارییان دەکات و، دەڵێت:

با سێ قات نەبێ خانوو سەراکەت

پارەی قاتێکیان بدە براکەت

تابیدا بەنان بۆ بەچکەکانی

[1] - بورهان قانع، ژیان و بەرهەمی قانع، ل٤٩-٥٠.

ئەویش بەش ببا لە زیندەگانی

چونکە ئەو فەوتا تۆیش هەر ئەمریت

ببی بە ئاگر گون کەس ناگریت

چەند خۆشە برسی تێر بکەی لەنان

خۆت بۆ بەکوشت دا لە ڕۆژی مەیدان

دەوڵەمەند مەڵێ هەوڵی بۆ خۆیە

نەبونی هەژار نەبونی تۆیە[١]

شاعیر پەیامێکی ڕووناکبیرانەی ئاراستەی دەوڵەمەندو خاوەن سامانەکان کردووەو، داوای یەکسانی و برایاتییان لێدەکات. بەبیری وردو تیژی خەمی هەژاران و چینی پرۆلیتار و کەمدەرامەتەکان دەخاتە پێش چاوی دەوڵەمەندو ئەرستۆکراتەکان، پێیان ڕادەگەیەنێت، بەم یەکسانی و دادپەروەرییە دەرفەتی ژیان بۆ کەسێکی هەژار فەراهەم دەکەین. ئەم تێڕوانینەی قانع دیدێکی ڕووناکبیری مرۆڤایەتییە، هەڵبەتە ئەم تێڕوانینەش بێ بنەما نەبووە و شاعیر باش ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانە بووە، کە لە دونیادا ڕوویان دەدا، ئەمەش لەژێر بیری سۆشیالیستیدا بووە، چونکە ((سۆشیالیزم ڕێبازێکە بۆ نەهێشتنی هەژاری و پیادەکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا بەشێوەیەک هەموو ئەندامانی کۆمەڵ بە یەکسانی پێکەوە بژین و هەژار و دەوڵەمەند، نەمێنێت ئاستی ژیانی خەڵکی بۆنەبوونی یەکسانی دەگەڕێنێتەوە، ئۆباڵی ئەو هەژارییەش بەپاڵ ئەو چینە چینەدارەکان دەدرێت، بۆیە سۆشیالیزم دەتوانێت دەستی ئەو چینانە ببڕێتەوەو کۆمەڵ بە هەموو چینەکانیەوە لەسایەی ئەم جۆرە سۆشیالیزمەدا بەختیار بن و هەژاری بنە بڕ بکرێت))[٢].

---

[١] - دیوانی قانع، برهان قانع، چاپخانەی دالاهۆ، سنە، ١٣٨٦، ل٤٣٤.

[٢] - طاهر محمد علی، قانع ژیان و بەرهەمی، لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە، ل٢٢١.

دیاره لەسەردەمی شاعیردا، ئاغا و دەرەبەگ بەهۆی ئەو زوڵم و ستەمەی کە بەرامبەر بەهەژاران ئەنجامیان دەدا، بوو بوون بە چینی سەرەوەی کۆمەڵگا و هەمیشە چینی هەژار و پرۆلیتاریان دەچەوساندەوە، قانعیش وەک ڕووناکبیرێک بەپەیامێکی ڕوناکبیرانەی ئاراستەی چینی برسی هەژارەکان دەکات بۆ تێکۆشان دژی زوڵم و ستەمی ئاغا و دەرەبەگ و دەڵێت:

ئەی گرۆهی برسی! ئەمڕۆ ، ڕۆژی تێکۆشینتە

ڕۆژی تۆڵەسەندنی ، خوێن خواردنی دێرینتە

باڵی لێ هەڵماڵە وەک شێر ، بێرە مەیدانی خەبات

ڕووکەرە ئاغا ، کە ئاغا دوژمنی خوێنینتە

لێدە نەعرەی دەنگ دلێری ، ڕووبەڕووی زوڵم و ستەم

هەر بڵێ ئەی کاکی مالک بۆچ ئەمە ئایینتە

تابەکەی! زۆرداری یو چەوساننەوەی چینی هەژار

خوێن مژینی کۆمەڵی بێ دەستەڵاتان دینتە!![1]

دیارە ئەم پەیامە توندەی شاعیر بۆ هاندانی چینی هەژار و برسی بۆ ڕاپەڕین لە دژی ئاغا و دەرەبەگ، بەهۆی ئەو زوڵم و ستەمەوە دێت کە بەرامبەر چینی خوارەوەی کۆمەڵگا پێرەوکراوە لەلایەن ئاغا خوێن مژەکانەوە. ئەم هەڵوێستە ڕووناکبیریەی شاعیر بەهۆی ئاگابوونیەتی لەو گۆڕانکارییانەی کە لە جیهاندا هاتبوونە گۆڕێ، ئەم گۆڕانکارییەش دەگەڕێتەوە بۆسەرەتاکانی سەرهەڵدانی یاسای سۆشیالیزم، کە هەڵگری بیری ئازادی و یەکسانی بووە. هەر زوو شاعیر کەوتە شیکردنەوەی مانفێستی سۆشیالیزم کۆمەڵگایی لەبەرئەنجامە باشەکانی هۆشیارکردەوە.

[1] - بورهان قانع، ژیان و بەرهەمی قانع، ل٢٥٥.

دیاره دروشمی سۆشیالستی بریتی بووه لە یەکسانی و دادپەروەی، کە ئەم بزوتنەوەیە وەک شۆڕشێک بوو لە دژی چینی سەرەوەی کۆمەڵگا، داوای عەدالەتی کۆمەلایەتی دەکرد، بۆیە بەزوویی لە کوردستاندا بڵاوبووەوە، شاعیران و نووسەران بەگرنگییەوە لێیان دەڕوانی و، کەوتنە ژێرکاریگەریی ئەم ڕەوتەوە. پەیامی شیعری شاعیران، ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرت، کە بریتی بوو. لە دژایەتیکردنی ئاغاو دەرەبەگ و پشتگیری و هاندانی جوتیاران بۆ یەکگرتن و بەرپاکردنی شۆڕش لە دژی زوڵم و ستەم. بەزوویی گوتاری شیعری قانعیش شکڵێکی دیکەی وەرگرت و چووە خزمەتی چینی جوتیاران و هەژارانەوە. شاعیر بڕوای وایە، ئەو هەوڵ و یەکگرتنیان دەبێتەهۆی نەهێشتنی دەرەبەگایەتی و ئاواکردنی ڕۆژی زوڵم و ستەم.

قانع بڕوای وایە، داس و پاچی دەستی جوتیار، کە چەندین ساڵە دەچەوسێنەوە، دەبێتەهۆی لەناوبردنی ئاغاو دەرەبەگ و هێنانەئارای ژیانێکی ئازاد و سەربەست. لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە شاعیر ئومێد و هیوایەکی زۆری بە یاسای سۆشیالیستی هەبووە، لە چارەسەرکردنی کێشەکانی یاسای زەوی و زار و کشتوکاڵ. لەهەمانکاتدا باوەڕی بە هێزی یەکگرتنی جوتیار و شوان و سەپان و ڕووناکبیر بووە، بۆ دەرپەڕاندن و لەناوبردنی چینی دەرەبەگ و، دەڵێت:

با هەموو جوتیاران پاڵە و ڕەنجبەران

یەک گرن تا دەبنە هێز و پشتیوان

هەڵگرن یەکسەر دروشمی هاوبەشی

بێ جیاوازی لەسەر ڕەمز و نیشان

هەڵگرن پاچ و چەک و بێڵ و قەڵەم

هەرلە ڕۆشنبیر ، هەتا شوان و سەپان

هەڵتەكێنن ئەم نیزامە بۆگەنە

دابڕێژن كۆشكی یەكسانی ژیان[1]

شاعیر بە پەیامێكی توندی ڕووناكبیرانە داوای هێزی یەكگرتنی جوتیار و ڕەنجبەران ڕووناكبیران دەكات، بە قەڵەم و پاچ و بێڵەكانیان بەبێ جیاوازی و بەیەكسانی بكەونە خەبات لە دژی یاسای كۆن كە جیاوازی لەنێوان چینەكانی كۆمەڵگادا دەكرد و دانانی یاسایەكی نوێ بۆ هێنانەدی یەكسانی و ئازادی. دیارە ئەم یەكسانییەی بەبێ پاڵپشت نەبووە، بەبڕوای شاعیر هێز و وزەیان لە یاسای سۆشیالیستەوە وەردەگرت. هەربۆیە بانگی سۆشیالیستی دەدات و. دەڵێت:

ئێوە شۆڕشگێڕبن، پێشڕەوتان هەیە

یەكێتی چەن كۆشكی شاهانەی ڕمان

كۆمەڵی سۆشیالیزم بنیات بنێن

تاوەكو ببنە نموونە بۆ جیهان[2]

شاعیر بە بەردەوامی هەوڵیداوە ئەو دیاردە دزێو و ناشیرینەی بەشێك لە شێخ و مەلا و سۆفییەكان باس بكات و پەردە لەسەر ئەو دیوە شاراوەیەی ناخیان هەڵبداتەوە، كە چۆن لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ئایین بەكاردەهێنن و هیچ زانیارییەكی تەنانەت سەرەتایشیان لەسەر دین نییە، بەڵكو هەمیشە هەوڵی كۆكردنەوەی زەكات و سامان و سەرفترەن، ئەم كارەش لەلای شاعیر كارێكی ڕیسوایی و سەرشۆڕانەیە بۆیە وەسیەت بۆ وریای كوڕی دەكات، كە لەم كارە خۆی بەدووربگرێت و دەڵێت:

ڕۆڵە ! سەد دەخیل مەلای مەكە

ئیشی چاوشۆڕی و ڕیسوایی مەكە

---

[1] - بورهان قانع، ژیان و بەرهەمی قانع، ل١٧٤.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤.

درۆ و دەلەسەی خۆڕایی مەکە

خۆت بە مەحکومی ئاوایی مەکە[1]

ڕوونە لەسەردەمی ژیانی شاعیردا، مەلا و شێخ هەر خەریکی کۆکردنەوەی زەکات و سەرفترە بوون، بەم کارەشیان خۆیان لەپێش چاوی خەڵکی سوک و ڕیسواکردبوو. بۆیە شاعیر ڕۆڵەکەی ئامۆژگاری دەکات و پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەم کارە دەبێتە هۆکاری سەرشۆڕیت و خۆتی لێ بەدووربگرە. نەک هەر ئەمە بەبڕوای شاعیر ئەم کەسایەتییە ئاینیانە بەدەر لە درۆ و دەلەسە شتێکی دیکەیان تیادا بەدیناکرێت بۆیە دەڵێت:

مام حاجی ئەتۆش لادە کەشیدەی فروفێڵت

تێرنابێ بەهیچ چشتێ یەقین دیدەی لێڵت

بابەس بێ سەلەم کردنی ناو هۆبەو و خێڵت

ڕاستی کەرەوە فیکری دڵی چەوت و چەوێڵت[2]

لێرەدا قانع ڕەخنەیەکی توند ئاراستەیی سۆفییە ڕیشپان و، ڕیاکارەکان دەکات و پەردە لەسەر ڕووی شاراوەیان هەڵدەداتەوەو، ئامۆژگارییەکی ڕووناکبیرانەیان ئاراستەدەکات و پێیان ڕادەگەیەنێت کە ئەم کارەتان زۆر قێزەونە و خاوەنی بیرێکی چەوت و چەوێڵ و خراپن، هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدەن و زانست فێربن، کەهیچ لە زانست و زانیاری نازانن، لێرەوە دەڵێت:

بێ قەزابێ ، مامە سۆفی .. تا بێ ڕیشی پان ئەکا

قل بە فل حاڵی بووە ، چی ئیدیعای وژدان ئەکا؟

خەڵکی گەییە جەلبی ڕوح و ، ئەو خەریکی شانەیە

حەز لە تەزبیحی گڵین و ، خرنووک و قەزوان ئەکا[1]

---

[1] - بورهان قانع، ژیان و بەرهەمی قانع ، ل٣٧٤.

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

قانع ئەگەرچی لە سەرەتاکانی ژیانیدا، یەکێک بووە لەمەلاکان و خوێندنیشی هەر لە حوجرە و تەکێکاندا خوێندوویەتی، بەڵام بە پێگەیشتنی ئەقڵی و کامڵ بوونی ئاوەزی و ئەزمونی زۆری لە بوارەکەدا، هەر زوو تێگەیشت ئەم کارە هیچ خزمەت بە کۆمەڵگا ناکات لەڕووی کۆمەلایەتی و زانست و پێشکەوتنەوە، بۆیە دەستی لەم کارە هەڵگرت و تەنانەت کەوتە ڕەخنەگرتن لەکەسایەتییە ئاینیەکان و کۆمەڵگای لەکارە ناڕەوا و ناشرینەکانیان ئاگادارکردەوە.

قانع بەهۆی ئەو شارەزاییەی، کە لە شارو لادیکانی کوردستاندا هەیبووە، ئەزموونێکی باشی لەگەڵ چۆنیەتی کشتوکاڵ و بەروبوومەکانی کوردستاندا هەبووە. هەرئەمەش وای کردبوو شاعیر ئاوڕێکی جدی لەم مەسەلەیە بداتەوە و هانی خەڵکی بدات بۆ بایکۆت کردنی بەرهەمی دەرەکی. هەروەکو دەڵێت:

مەنعی بکەن کەلوپەلی بێگانە بۆ وڵات

تا، پیشەسازی وڵاتت ، بەهێزبێت و دەرکەوێ

بۆ بەرهەمی وڵات و ، لەبۆ دەفعی لازمات

هیوام بە عێلی (هەجیج)ە ، خەریک بیت و نەسرەوێ[٢]

شاعیر بڕوای وایە، هێنانی کەلوپەلی بیانی دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی بەروبوومی ناوخۆیی و لەهەمانکاتدا، دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بێکاری، هەربۆیە بە پەیامێکی ڕووناکبیرانە خەڵکی لە مەترسییەکانی هێنانی بەروبوومی بێگانە ئاگاداردەکاتەوە، داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی دەکات بایکۆتی بەروبوومی بێگانەبکەن، بۆئەوەی پیشەسازی ناوخۆیی گەشەبکات و بەهێزدەبێت.

---

[١] - بورهان قانع، ژیان و بەرهەمی قانع، ل٣٣.

[٢] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٨.

خستنەڕووی ئامێری دەستی و ڕستن و چنین، یەکێک بوون لە پیشەسازییە خۆماڵیەکان و شاعیریش زۆر گرنگیپێداوەو، هەوڵی کۆکردنەوەی تواناکان و پەرەپێدانیان بووە و، دەڵێت:

شاربەدەری وڵاتی بکەن ، دەستکردی ئەجنەبی

تاکو ، تەوژمی بەرهەمی ئەم خاکە سەرکەوێ

بۆ ، بەرگەکەت لەقوماشی گەبەردین و پەشمەکەی؟

چەن خۆشە سەربەسەر ، کە هەمو شاڵی بەرکەوێ

شانازی یە کە جل و بەرگەکەت لەشاڵ و جاو

چون بەرهەمی وڵاتەکەتەو ، باوی بەرکەوێ[١]

دیارە لە سەردەمی شاعیردا کەرەستەی سەرەتایی هەبووە بۆ بەرهەمهێنانی پیشەسازی، بەڵام بەشێوەیەکی کەم بووە، یاخود پچڕپچڕ و کەم بایەخی پێدراوە. بەهۆی زۆری هێنانی کەرەستەی بیانی، یاخود بەکەم تەماشاکردنی بەرهەمی دەستی خۆماڵی، بۆیە شاعیر وەک ڕووناکبیر و کەسایەتییەکی دیاری کۆمەڵگا، هەوڵی وشیارکردنەوەی خەڵکی داوە بۆ گرنگیدان بە کەرەستە خۆماڵییەکان، تا ناو ناوبانگ دەربکەن. هەر لەڕێگەی خوری و موی ئاژەڵەوە جل و بەرگی دەستکردی خۆمان بپۆشین و لەهەمانکاتدا شانازیشە کە ئێمە خاوەنی زانیاری و کاری خۆ بەڕێوەبەرین، بە بڕوای شاعیر گرنگی نەدان بە پیشەسازی ناوخۆی دەبێتە هۆی ماڵوێرانی ژێردەستەبوونی خاکەکەمان لەلایەن وڵاتانی بێگانەوە.

قانع هەر لە سەرەتاوە ڕۆڵ و بایەخی سامانی ژێر زەوی زانیوە و هەوڵیداوە سودی لێوەر بگیرێت، هەروەکو دەڵێت:

سەرچاوە نەوتەکەت ، کە ئەگەر بەرهەمی نەکەی

---

[١]- بورهان قانع، ژیان و بەرهەمی قانع، ل٢٧٨.

زۆر زەحمەتە کەچاوت ، بەخێر و فەڕ کەوێ

نەوتت هەیە و وڵاتت بەتاریکی مایەوە

کورد چاوەڕوانە کە ڕۆژێ ، لەسەرکەل بەدەرکەوێ..[1]

دیارە شاعیر بەهۆی ڕوناکبیری و ئەزموونی تایبەتی خۆیەوە، باش ئاگاداری ئەوە بووە، کە خاکی کوردستان پڕ لەکانزا و گەوهەرە، بۆیە داوا لە کاربەدەستانی وڵات دەکات سود لەو نەوتەی ژێر خاکەکەیان وەربگرن، بۆئەوەی وڵات لە تەنگانە و هەژاری دەربچێت و لە تاریکیدا نەمێنێتەوە. شاعیر هیوای بەوە هەیە، کە ڕۆژێک لەڕۆژان کورد بە ئاگابێتەوە و ئەم هەلە لەدەست نەدات.

[1] - بورهان قانع، ژیان و بەرهەمی قانع، ل١٧٩.

## فایەق بێکەس(١٩٠٥-١٩٤٨)

فایەق بێکەس یەکێک بووە لە شاعیرە ڕووناکبیرەکانی سەردەمی خۆی. بە بیری وردو هزری کراوەی، سەرنجی بارودۆخی کۆمەڵگەکەی داوەو، بەباشی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری هەڵسەنگاندووەو، ئەگەرچی لەبەشێکی زۆری ناوەڕۆکی شیعرەکانی باس لەجوانی و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگای کوردی دەکات. بەلام لەپاڵ ئەمەشدا سەرنجی لەسەر ئەو دیاردەو بارە ناهەموارەی نەتەوەکەی داوەو ڕەخنەی لە دیاردە دزێو و ناهەموارەکان گرتووە، کەبوونەتە هۆکار و بەربەست لەبەردەم پێشکەوتن و ڕزگاری نەتەوەکەییدا، بۆ ئەم مەبەستەش گەلێک پێشنیار و بەرچاو ڕوونی بۆ چارەسەر کردنی ئەو بارە ناهەموارەی ئەوکاتەی کۆمەڵگاکەی کردووەو داوای لە کۆمەلانی خەڵکی کردووە، پەیڕەوی بکەن. شاعیر کەم بواری ژیانی مرۆڤایەتی هەبووە سەرنجی نەدابێت و هەوڵی شیکردنەوەی نەدابێت. بێکەس وەکو زۆربەی شاعیرانی سەردەمی خۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەی بەپێشکەوتنی خوێندن و زانستەوە گرێداوە.

بێکەس یەکێکە لەو شاعیرە ڕووناکبیرانەی سەردەمەکەی کە گرنگییەکی زۆری بە مەسەلەی خوێندن و زانست داوە. لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا، ئەم بابەتانە سەرەکیترین بابەتن، بۆیە ئەوە دەردەکەوێت کەشاعیر سەرکەوتن و پێشکەوتنی بە مەسەلەی زانست و خوێندەوارییەوە بەستووە، بۆیە بە بەردەوامی ڕەخنەی توندی لە کۆمەڵگاکەی گرتووە. کاتێک کە گرنگیان بەخوێندن نەدەدا، لێرەشەوە بەشێوەیەکی توندو سەرزەنشتکردن هانی خەڵکی داوە برۆنەبەر خوێندن و زانست، بۆئەوەی وەکو میللەتانی دونیا بەسەربەستی و وەکو مرۆڤ بژین نەک هەر بەهەژاری و دیلی و سەرشۆڕی بمێنێتەوە، شاعیر باش ئاوڕی لە بارودۆخی سەردەمەکەی و کۆمەڵگاکەی داوە، پێی وابووە ئەم سەردەمەی ئێستا سەردەمی زانست و خوێندەوارییە و میللەتەکەشی گرنگی بەم مەسەلەیە نادەن، لێرەوە ڕەخنە و توانج و ئامۆژگارییەکانی شاعیر دەردەکەوێن، و داوا لە کۆمەڵگاکەی دەکات غیرەت بنوێنن و، برۆن بەرەو زانست و خوێندن، هەروەکو دەڵێت:

سەدەی بیستەمە، کوردە غیرەتێ

لە خەو ڕاپەرە، هەوڵێ هیممەتێ

بەسیە نەزانی، علم و سەنعەتێ

سوکی هەتا کەی؟ ناوێ، حورمەتێ

هۆش و بیرت بێ پیاوی ژیرت بێ

لە جێی سەربەستی بۆچ زنجیرت بێ؟[1]

بێکەس لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی خۆیدا، بەبەردەوامی ڕەخنەی لە کەسانی نەخوێندەوار و نەزانگرتووە. هەمیشە هەوڵیداوە لەڕێگەی توانج و سەرزەنشتکردن و نەخشاندنی وێنەی ناشرینی نەخوێندەوارانەوە، ئەوە بە کۆمەڵگاکەی بڵێت، کە نەخوێندەوار بەکەسانی ژێردەستەو سوک و بێحورمەت تەماشا دەکرێن. بۆیە لێرەدا ئەو ڕاستیە بەدی دەکەین کە شاعیر وەک ڕووناکبیرێکی هاوچەرخ و دیاری سەردەمەکەی خۆی گرنگییەکی زۆری بەمەسەلەی خوێندن و زانست داوەو تەنانەت بەهۆکاری سەربەستی و ئازادی زانیوە، بۆیە بەردەوام ئامۆژگاری تاکەکانی کۆمەڵگاکەی دەکرد لە خەوی غەفڵەت و نەزانی ڕاپەڕن و ڕووبکەنە خوێندن و زانست و بیرو هۆشیان بێتەوە سەرخۆیان و ببینن کە لەچ زەمانێکدان و، ئاستی خوێندن و خوێندەواری و پێشکەوتنەکانی دونیاش لە چ ئاستێکدایە، هەر ئەمەش وای کردبوو شاعیر بڵێت:

نیوەڕۆیە هەستە ئیتر بەرگی سستی داکەنە

زووڵمەتی شەو وا بەسەر چوو وەعدەی هۆشیارییە

ڕێی نەزانی بەر بدە و ڕێگەی مەعاریف بگرە بەر

نیشتمانت زۆر کەساسە و ژینی هەر غەمبارییە[2]

---

[1] - دیوانی بێکەس، ئومێد ئاشنا، چاپی یەکەم، سنە، ٢٠٠٨، ل٧٣.

[2] - دیوانی بێکەس، ل٥٩.

دیاره بێکەس بڕوای وابووە، کە گەورەترین بەربەست لە بەردەم گەشە کردن و پێشکەوتنی نەتەوەی کورددا، نەخوێندن و نەزانین بووە. بۆیە وەکو ڕووناکبیرێکی سەردەمی خۆی هەوڵی هوشیارکردنەوەی نەتەوەکەی داوە تاوەکو ڕێگەی نەزانی و دواکەوتوویی بەربدەن و ڕووبکەنە خوێندن و زانست، تاوەکو نیشتیمان لەژێر باری دواکەوتووی و هەژاری دەربچن و وەکو میللەتانی دونیا بگاتە ئاستی گەشەسەندن و پێشکەوتن، لەبەرئەوە شاعیر بڕوای وابووە هەر میللەتێک لە خەوی غەفڵەت و نەزانیدا بێت، ئەوا بێناوبانگە، بۆیە شاعیر وەکو ڕوناکبیرێک و خەمخۆرێکی نەتەوەکەی پەیامی ڕووناکبیرانە و ڕەخنەگرانە ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵگاکەی دەکات، تا هوشیار ببنەوەو هەوڵێک بدەن، هەروەکو دەڵێت:

لافی میللەت بەدەم لەم عەسرەدا کەڵکی نییە

ڕۆژی هەوڵە هەر بەهیمەت گۆی هونەر ئەبڕێتەوە[1]

بە بڕوای ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە، سەرکەوتن و پێشکەوتن تەنها بە وتاف و لاف لێدان نابێت، بەڵکو پێویستی بە هەوڵ و ماندوبوون و تێکۆشان و یەکگرتنە، سەرباری ئەوەی کە پێویستە بەکردار ئەم کارە بکرێت و خەبات و قوربانی لەپێناویدا بدرێت. هەروەکو دەڵێت:

داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ

سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ[2]

تادەگاتە

قەت مەڵێن دوژمن بەهێزەتۆپ و تەییارەی هەیە

ئیتفاقتان گەر هەبێ زۆر زەحمەتە خۆی ڕاگرێ[3]

[1] - دیوانی بێکەس، ل٦٠.

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧.

[3] - سەرچاوەی پێشو، ل٨٧.

بێکەسی شاعیر و ڕووناکبیر، هەوڵیداوە چەندین وێنەی جۆربەجۆر لەپێش چاوی تاکەکانی کۆمەڵگادا بخاتەڕوو بۆئەوەی میللەت نیشتیمانەکەیان خۆش بوێت و بەرگری لێ بکەن و لە ژێردەستەیی و داگیرکاری بیپارێزن. شاعیر بە بەردەوامی هانی خەڵکی داوە بۆ یەکگرتن و ڕاپەرین هەروەکو دەڵێت:

فیکری سەرکەوتن بەبێ شک، ئەی ڕەفیقان، غیرەتە

فەوز و ئیقباڵ و تەعالی هەر بەسایەی هیممەتە[1]

لەم دێڕەدا بێکەس ئاماژە بە پرەنسیپی سەرکەوتن و ڕزگاری نەتەوەیی دەکات. بەبڕوای شاعیر، سەرکەوتن و پێشکەوتن هەر بە کردار و هیمەتکردنە بۆ یەکگرتن و کۆدەنگی، هەرئەم نەبوونی کۆدەنگی و یەکنەگرتنە بووە بە هۆکاری دواکەوتووی میللەتی کورد. هەروەک دەڵێت:

قەومی کورد ئەمڕۆکە دایم وا لەحالی حەسرەتە

باعیسی فیتنە و فەساد و دودڵی ناو میللەتە[2]

بێکەس سەرباری ئەوەی کە ئاوڕێکی جدی لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوری و فەرهەنگی سەردەمەکەی داوە، هەربۆیە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگە چارەی بۆ ئەو بارە ناهەمواری نەتەوەکەی داوەو، سەرەنجام گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە خۆخۆری و ناتەبایی نێوان ڕیزەکانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی هۆکاری سەرەکیی بووە بۆ ئەم بواری دواکەوتوویی و هەژارییە، بۆیە داوا لە ڕۆڵەکانی میللەتەکەی دەکات لەم خەوی خەفڵەتە بەئاگابێنەوە و ئاوڕی جدی بدەنەوە لە نیشتمان و نەتەوەکەیان لەمبارەیەوە دەڵێت:

کوردە تاکەی بێ خەبەری ؟ نوستنت بێ عارییە

واسیتەی دواکەوتنت ئەمڕۆکە هەر بێ کارییە

---

[1] - دیوانی بێکەس، ل٥٨.

[2] - سەرچاوەی پێشو، ل٥٨.

سەیری ئەم قەومانەکە چۆن بوون و ئێستا بوون بەچی

حەیفە بۆ تۆ وا ئەسیری بوویتە عەبد و جاریە[1]

بەبڕوای ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە هۆکاری دواکەوتنی کۆمەڵگا، میللەت خۆیەتی، بۆیە بەشێوەیەکی توند ڕەخنە لە تاکەکانی کۆمەڵگا دەگرێت و ڕووی دزێویان بەر تیشکی ڕەخنە دەدات لەمبارەیەوە دەڵێت:

کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە

دوو دڵن پیسن لەگەڵ یەک، بۆیە وا بێ لانەیە

میللەتێکن بۆ نەمانی یەکتری هەر هەوڵ ئەدەن

داخەکەم ورد و درشتی شێت و شەیدای ئانەیە

سەنعەت و عیلم و مەعاریف زەڕڕەیەک باوی نیە

پیاوەتی لایان بەتەنها چەفتە و جامانەیە[2]

بەڵام بەهۆی ئەو هەستە نەتەوایەتییە بەرزەی کە هەیبوە نەیتوانیوە لە هاندان و ئامۆژگاری ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی بوەستێت. بۆئەمەش دەڵێت:

عالەم ئەمڕۆ هەر خەریکە

هەوڵ ئەدا بۆ بەرزی ژیانی

یەکگرن، پێشکەون،

ڕاپەرن، سەرکەون[3]

---

[1] - دیوانی بێکەس، ل٥٩.

[2] - دیوانی بێکەس، ل٧١.

[3] - سەرچاوەی پێشو، ل٢٣٧.

دیاره لەکۆمەڵگای کوردیدا، ئافرەت دووچاری چەندین کێشەو گیروگرفتی جۆربەجۆر بووەتەوە، هەربۆیە ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوەی ئەدەب و شیعردا، پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە. ئەگەرچی شاعیران لە کۆندا بە بەردەوامی باسیان لە جوانی لەش و لاری ئافرەتان کردووە، کەمتر بەلای کێشە بنەرەتیەکانی ئافرەتاندا چوون، هەربۆیە شاعیرانی بیرمەند و ڕووناکبیر هەوڵیانداوە لە ڕێگەی پەیامی شیعرییانەوە کێشەو گیروگرفتەکانی کۆمەڵگا وێنابکەن. ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە ((ژن لەدێر زەمانەوە ڕووبەڕووی چەوساندنەوە بووەتەوە، زانایانی زانستی کۆمەڵناسی سەرهەڵدانی چەوساندنەوەی ژن ئەبەنەوە سەردەمی پەیدابوونی ڕژێمی دەرەبەگایەتی، لەم سەردەمەدا تەنها پیاو بەرهەمهێنەری بنجی ئەسڵی بووە وە لەوکاتەدا ژن بووە بەدیلی چوار دیواری ماڵەوەکارو پیشەی زاوزێ و بەخێوکردنی منداڵ و جێبەجێکردنی هەموو کارێکی نێو ماڵ بووە لەڕژێمی کۆیلایەتی ژن سەربەست و ئازاد، لەگەڵ پیاودا نێچیرڤان و شەڕ کەری دەرەوە بووە، ئافرەت سەرباری کاروپیشەی سروشتی خۆی کەرەستە ئامرازی ڕاو و نێچیر و شکار و شەڕی دروستکردووە))[1]. بێکەسی شاعیر و ڕووناکبیر هەمیشە ویستوویەتی ئەو بەربەستانە بشکێنێت کە لە بەردەم پێشکەوتنەکانی ئافرەتدا بوون. بۆئەم مەبەستەش ڕۆڵی ئافرەتانی لەن اوەڕۆکی شیعرەکانیدا باسکردووە. بۆئەوەی کۆمەڵگاکەی هوشیاربکاتەوە لەڕۆڵ و گرنگی ئافرەتان لەکۆمەڵگادا. لەمڕووەوە دەڵێت:

نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە

گیرۆدەی بەندی، ژیانت زوڵمە

وا من پێت ئەڵێم چونکە لەسەرمە

هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێدە کەی وادەی شەرمە[2]

---

[1] - د.کوردستان موکریانی، هۆنراوەی ئافرەتی کورد، ل٥.

[2] - دیوانی بێکەس، ل١١٨.

لە سەردەمی ژیانی بێکەسدا، ئافرەتان لە بارێکی نالەبار و ناخۆش و لەژێر ستەمدا ژیانیان دەگوزەراند. بۆیە ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە، هەوڵیداوە کێشەکانی ئافرەتانی کورد لە پانتایی شیعرەکانیدا باس بکات و، بانگەوازی سەربەستی و ئازادی بۆ ئافرەتانی کورد بکات. هانیان بدات کە لەو ژیانەی تێیدان ڕزگاریان بێت ئەمەش بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دەبێت، شاعیر بڕوای وایە، دەبێت ئافرەتان سەرپۆش فڕێ بدەن و دەستبدەنە تێکۆشان بۆئەوەی لەم بەندی و دیلیە ڕزگاریان بێت. ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە دیارترین شاعیرە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەبێ پەردە، لەگەڵ ئافرەتان بدوێت و ئامۆژگاریان بکات بۆ خەبات و تێکۆشان لە دژی ژێردەستەیی و ستەم، نەک هەرئەوە، بگرە داوای لێکردوون. هاوشانی پیاوان لەخەباتدا بن و خۆیان جیانەکەنەوە. لە پیاوان بۆ ئەوەی ڕۆڵیان بە کەم تەماشانەکرێت. لەلایەکی دیکەشەوە ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێدەکەن هەروەکو دەڵێت:

وەکو خوشک و برا ئەبێ هەردوکمان

قۆڵی لێ هەڵکەین بچینە مەیدان

تا کورد بەرینە ریزی میللەتان

هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە

مەڵێ من کچم، تۆش وەکو منی

موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی

مەجبوری ئیش و خزمەت کردنی

هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە[1] ...هتد.

---

[1] - دیوانی بێکەس، ل١١٨- ١١٩.

## بەشی سێیەم: بزوتنەوەی ڕووناكبیری لە ئەدەبی كوردیدا بە نموونەی شاعیران (ئەسیری و ئەحمەد موختار جاف)

دەروازە

پاری یەكەم: كورتەیەک لە ژیان و بەرهەمی ئەسیری شاعیر

پاری دووەم: ڕۆڵی شیعری ئەسیری لە بزوتنەوەی ڕووناكبیری كوردیدا

پاری سێیەم: كورتەیەک لە ژیان و بەرهەمی ئەحمەد موختار جاف

پاری چوارەم: ڕۆڵی شیعری ئەحمەد موختار جاف لە بزوتنەوەی ڕووناكبیری كوردیدا

**دەروازە**

ئەسیری و ئەحمەد موختار جاف، دوو شاعیری ڕووناکبیری کوردن، کە لەهەمان سەدەدا ژیاون، بۆیە تاڕادەیەکی زۆر نزیکی لەناوەڕۆکی شیعرەکانیاندا بەدیدەکەین، کە هەڵگری پەیامی ڕووناکبیری سەردەمەکەی خۆیان بوون. بە ئامۆژگاری و هاندان و ڕەخنەگرتن هەوڵیانداوە کۆمەڵگا هوشیاربکەنەوە. لەهەر پێشهات و ئەگەرێکی نەخوازراو و نالەبار، دەربارەی ڕوونکردنەوەی ئەو ناتەواوی و کەموکووڕتیانەی کە لەو سەردەمەدا کۆمەڵگای کوردی پێوەی دەناڵاند.

هەر لە نەزانین و نەخوێندەواری و کێشەی چینایەتی و دووبەرەکی و هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی، سەرباری هاندانیان بۆ یەکگرتن و سەرکەوتن و ڕزگاری و پێشکەوتنەکانی دونیا، سەرەڕای ڕەخنەگرتن لە چینەجیاوازەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەت چینی ئاغا و دەرەبەگ و شێخە هەلپەرست و بەرژەوەندی خوازەکان. لەلایەکی دیکەشەوە گرنگیان بەمافی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەدا. لەبەر ئەم هەڵوێستانەشیان دووچاری چەندین کێشە و گیروگرفت و تانە و تەشەر دەبوونەوە. لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا هەوڵماندا وە ژیانی هەردوو شاعیر و خەسڵەتی ڕووناکبیری و ڕۆڵی هەردوو شاعیر لەبزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردیدا دەستنیشان بکەین.

## بەشی سێیەم:

### پاری یەکەم: کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمی ئەسیری(١٨٩٠-١٨٦٢):

ئەسیری نازناوی شاعیر و ڕووناکبیری دیاری و لێهاتووی کورد، ((عەبدالخالقی کوڕی حوسێنی کەرکوکییە، لەساڵی ١٨٩٠ زاینی لەگەڕەکی (ئەخی حسین)ی شاری کەرکووک لەدایک بووە))[١]، لە سەردەمی ژیانی شاعیردا، خوێندن لە مزگەوت و خانەقاکاندابووە، بۆیە ئەسیری سەرەتای خوێندنی لە مزگەوتەوە دەستپێکردووە و بۆ ئەم مەبەستە ((لە مزگەوتی حاجی ئەحمەد ئاغای مستەفا ئاغا لەلای مەلا محەمەدی وەستا فەتاح بووە، بۆ تەواوکردنی پرۆگرامەکانی خوێندنی ئاینی لەساڵی ١٩١٣ڕووی کردۆتە هەڵەبجەو ناوچەی جوانرۆو بانەو سەقزو سنەو چوڕ. لەدواییدا گەڕاوەتەوە کەرکووک و لای مەلا علی حیکمەت و دواقۆناغی خوێندنی تەواو کردووەو ئیجازەی دوازدە زانستەکەی ئاینی ئیسلامی وەرگرتووە))[٢].

ئەسیری لە پاش وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی ((وەکو مامۆستایەکی ڕووناکبیر سەرەڕای بەجێهێنانی ڕێنمایی ئاینی ئەرکی فێرکردن و پەروەردەکردنیش دەبینێت))[٣]. لەدوای ئەم گەشتانەی بە ناوچەکانی کوردستاندا شاعیر ((کەوتوەتە ژێر کاریگەریی جوانی سروشتی کوردستان و سۆزی خەڵکی وڵاتەکەی، ئەمە نەک هەر لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵکو هۆکاریش بووە بۆئەوەی ئەسیری هەستی شاعیرێتی ببزوێ))[٤]، لەم ڕووەوە مامۆستا "ڕەفیق حیلمی" لەشیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا ڕای وایە: کە ((وادەردەکەوێت عیشقی وڵات

---

[١] - کەریم شارەزا و جەبار جەباری، ئەسیری شاعیرێکی شۆڕشگێری قۆناغی دوای حاجی قادری کۆییە، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، ١٩٧٤، ل١٥.

[٢] - مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، ساڵ١٩٤٥-١٩٧٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦، ل٣٠١.

[٣] - ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەثیری شاعیری نەتەوە خوازی کورد، چاپخانەی ئارابخا-کەرکوک، چاپی دووەم، ٢٠٠٦، ل٩٣.

[٤] - سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

ئەوی کردووە بەشاعیر، ئەگینا لەبەرئەوە نییە کە شاعیر بێ و ویستبێتی پەیڕەوەی شاعیرانی عەسری بکاو شیعری نیشتمانی بڵێ))[1].

ئەسیری پاش ئەوەی ئەچێتە ئەستەمبوڵ بۆ دیدەنی "نجمەدین ئەفەندی" برای ((لەوێ چاوی بەشێخ عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵای نەهری کەوتووە. بەو جموجۆڵ و چالاکی سیاسی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی ئەوێ دڵشاد بووە کەلەلایەن دەستەیەکی خوێن گەرم و ڕووناکبیرانی کوردەوە لەوشارەدا بەڕێوە براوە. هەرئەم هەڵوێست و دۆخەش کاری کردووەتە سەری و لە دڵ و دەروونیدا چەکەرەی کردووە. ئیتر عەشق و خۆشەویستی و نیشتمان پەروەری لە کەللەیدا جۆشی خواردووەو چووەتە ڕیزی ئەو دەستەیەوە، بووە بەهاوکار و هاوڕێیان. ئەو کۆمەڵەیەش "کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کوردستان" بووە، لەپێناو سەربەخۆیی و ڕزگاری کوردستاندا تێکۆشاوەو خەباتی کردووە))[2].

کاتێک کە شاعیر دەچێتە تورکیا، لەوێ لە ((ئەستەمبۆڵ و لە بەیروت و لەئەزمیر، کە چاوی بە کاروکردەوەو ڕێک و پێکی خۆرئاواییەکان دەکەوێت، بە چ جۆرێک بڵندبوون، گەل و نیشتمانەکەی خۆی دێتەوەیاد و بەیەکجار بیری دەگۆڕێت، کە لەئەستەمبۆڵ دەگەڕێتەوە هەرچەنێ هەڵبەستی خۆی هەیە کۆی دەکاتەوەو دەیسووتێنێ ئەمیش وەک شاعیرانی تر شیعری خۆشەویستی و ستایشی و بەربەرەکێی وتووە، لەپاش سوتاندنی شیعرەکانی سەودای گەل و نیشتمان کەوتۆتەسەری و دڵی گڕ دەگرێت))[3]، بەتایبەت لەپاش سالآنی (("١٩٢١" بەدواوە ڕووی کردۆتە ڕێکخستنی شیعری نیشتمانی))[4].

ئەسیری شاعیر لە پاش مردنی باوکی، لەساڵی (( "١٩١٨" ئەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک و خەریکی بەڕێوەبردنی کار و ئەرکی خانەقاکەیان ئەبێ، لەگەڵ کاری جوتیاریدا، بەڵام هەر بە قەڵەمەکەی لە خەبات و تێکۆشاندا بووە. لەساڵی "١٩١٩" دا دەبێت بە جێنشینی باوکی بەکاری ئاینییەوە خەریک بووە، پاشان لەساڵی "١٩٣٠" بە نووسەری یەکەم

---

[1] - ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووە، مطبعة التعليم العالی، اربيل، ١٩٨٨، ل٤٤.
[2] - محەمەد ئەحمەد سعید( کەساس جەباری)، کەرکوک و بزاڤی شیعری کوردی، ل٢٩٨-٢٩٩.
[3] - ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، مطبعة التعليم العالی، اربيل، ١٩٨٨، ل٤٤.
[4] - ئارام محمد قادر، ڕۆڵی شیعر لە بزاڤی ڕۆشنگەریی کوردیدا، ل٢٠٦.

لە دادگای شەریعەی کەرکوک دامەزراوە، هەتا ساڵی "١٩٥٨" ماوەتەوە. هەر ئەو ساڵە خانەنشین ئەبێ ئیتر بەیەکجاری سەروکاری ئاینی و فەلاحەتی ئەکەن، بەوجۆرە ژیانی بردوەتەسەر لەڕۆژی(١٨-٦-١٩٦٢) کۆچی دوایی ئەکات))[1].

## ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی ئەسیری شیعری تێدا بڵاوکردوونەتەوە:

بەشێوەیەکی گشتی ئەسیری لە هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمەکەیدا شیعری بڵاوکردوونەتەوە، کە دیارترینیان ئەمانەن:

- ڕۆژنامەی کوردستان، ڕۆژنامەی ژیانەوە، گۆڤاری دیاری کوردستان، گۆڤاری زاری کرمانجی، گۆڤاری پەیژە، ڕۆژنامەی ژیان، گۆڤاری هاوار، گۆڤاری گەلاوێژ[2]

ئەسیری شاعیر، بەشێکی زۆری شیعرەکانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە، بە شێوەیەک کە(("٤١"پارچە شیعری لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە، ئەم ژمارەیەش زۆرترین ژمارەیە لەچاو هەموو شاعیرەکانی دیکەی ماوەی ساڵانی " ١٩٢٠-١٩٣٢": هیچ شاعیرێکی دیکە ئەوەندەی ئەم شیعری لەو ماوەیەدا بڵاونەکردووەتەوە))[3].

ئەسیری جگە لەزمانی دایک، شارەزاییەکی باشی لەزمانی عەرەبی و تورکی و فارسیدا هەبووە. شیعری پێ وتوون. کە ئەمەش لە چوارچێوەی دیوانەکەیدا دەردەکەوێت، بەڵام زیاتر بەرهەمە شیعرییەکانی بەزمانی کوردی نووسیوون.

---

[1]- محەمەد ئەحمەد سعید( کەساس جەباری)، کەرکوک و بزاڤی شیعری کوردی، ل٢٩٩.

[2]- ئیسماعیل ئبیراهیم سەعید، ئەثیری شاعیری نەتەوە خوازی کورد،ل١٢-٢٣.

[3]- فەرهاد پیربباڵ، شیعری نوێی کوردی(١٨٩٨-١٩٥٨)، ل٢٠٧.

**بەرهەمەكانی ئەسیری بریتین لە:**

((- شیعرە بڵاونەكراوەكانی ئەسیری تاساڵی "٢٠٠١"، كە ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، كۆیكردووەتەوەو ڕێكیخستووەو پێشەكی بۆ نووسیوە، لەساڵی "٢٠٠٨" لەلایەن چاپخانەی پەیوەندەوە بڵاوكراوەتەوە))[1].

((- دوو دیوانی شیعری بەرگی یەكەم چاپی یەكەم ساڵی "١٩٨٧" لەلایەن مستەفا عەسكەریەوە چاپكراوە. بەرگی دووەمیش لەساڵی "٢٠٠٠" بڵاوكراوەتەوە.

- فەرهەنگێكی كوردی بە پێی پیتەكانی ئەبجەدی تەواونەكراوە، دەسنووسە.

- فەرهەنگێكی "٣٩" لاپەڕەیی مێژووی ژیانی مرۆڤ "١٩٣٣" دەسنووسە.

- نامیلكەیەك بەناوی (ژمارەو نووسین) "نامیلكەیەكی "١٥" لاپەڕەیی، دەربارەی ژمارەو دابەشكردن و لێدەركردن و لێكدان))[2].

---

[1]- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، شیعرەبڵاوكراوەكانی ئەسیری تاساڵی ٢٠٠١، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٨.

[2]- محەمەد ئەحمەد سعید( كەساس جەباری)، كەركوك و بزاڤی شیعری كوردی، ل٣٠٠.

## بەشی سێیەم: پاری دووەم: ڕۆڵی شیعری ئەسیری لە بزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردیدا:

ئەسیری یەکێک بووە لەو شاعیرانەی نەتەوەکەمان کە لەسەردەمەکەی خۆیدا، بەشدارییەکی بەرچاوی هەبووە لە بزوتنەوەی ڕووناکبیری و چاوکرانەوەی میللەتەکەمان، لە هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگادا، شاعیر ڕووناکبیر و دڵسۆزی نیشتمان و نەتەوەکەی بووە، ناوەڕۆکی شیعرەکانی هەڵگری پەیامێکی ڕووناکبیرانە و زانستخوازانە بووە، بەردەوام لە هەوڵی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگادا بووەو بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە، وریایان بکاتەوە لە سەرجەم ئەو پێشهاتانەی کە ڕووبەڕووی میللەتەکەی بوونەتەوە، بەتایبەت لەو قۆناغە هەستیارەی کەشاعیر تێیدا ژیاوە. ((ئەسیری چەند نیشتمانپەروەر و نەتەوەپەروەر بووە ئەوەندەش زانستخواز بووە، بابەتی زانستی و فێرکردن جێگەیەکی دیاری شیعرەکانی داگیرکردووە، واتا لە دوو لایەنەوە هانی لاوانی داوە لایەنی نیشتمانی و بیری نەتەوایەتی، لایەنی بەرەو پیری زانست ڕۆیشتن))[1].

ئەسیری شاعیر و ڕووناکبیر بووە، یەکێک بووە لەو شاعیرانەی، کە گرنگییەکی باشی بەلایەنی ڕۆشنبیرکردنی لاوانی نەتەوەکەی داوە. بۆئەم مەبەستە لەڕێی شیعرەکانیەوە هەوڵی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەی داوە، لەم ڕووەشەوە دوو مەبەستی سەرەکی بەجێ گەیاندووە، لەلایەک پەیامی ڕووناکبیری خۆی گەیاندووە بەکۆمەڵگاکەی.

ئەسیری یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لە دەرگای زۆر بابەتی داوە و، بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ ڕۆڵەکانی میللەتەکەی ڕوونکردوونەتەوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکەی بە ئاسانی تێیی بگەن. بەپێی تایبەتمەندی سەردەمەکەی خۆی.

---

[1]- محەمەد ئەحمەد سەعید (کەساس جەباری)، کەرکوک و بزاڤی شیعریی کوردی، ل٢٩٩،

## تایبەتمەندی و پرنسیپە دیارەکانی ڕووناکبیری لای ئەسیری شاعیر:

### یەکەم: ڕەخنەگرتن لە دیاردە دزێو و دواکەوتووەکان:

تایبەتمەندییەکی دیاری بزوتنەوەی ڕووناکبیری ڕەخنەگرتنە لە دیاردە دزێو و دواکەوتووەکان. ئەو دیاردە نەریتی و کەلتوریانەی کە بوونەتە بەربەستێک لەبەردەم پرۆسەی ڕووناکبیری و کرانەوە بەڕووی پێشکەوتنەکانی دونیادا، شاعیران و ڕووناکبیران لەم بارەدا بە ئەرکی خۆیانی دەزانن. ڕووبەڕووی هەر دیاردەیەکی لەم شێوەیە ببنەوە، بەبێ ئەوەی سڵ بکەنەوە، ڕەخنەدەگرن و خەڵکی هوشیاردەکەنەوە، کە ئەمەش خەسڵەتێکی ڕووناکبیرییە، چونکە((پێگەی ڕۆشنبیربوون دەخوازێت ڕووناکبیران بەجۆرێک بوێربن، کە سڵ لە ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی و دواکەوتوویی نەکەنەوە. ئەگەر لە هەر کایەیەکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان ئابووری، یان پەروەردەیدا بێت. ئەم بوێرییە دەبێت بەهێز و متمانەوەو ئارگومێنت و بەڵگە ڕەنگرێژ بکرێت، ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت ئەوها لەهاوارێکی بێ سوود و بێکەڵک زیاتر هیچ نییە))[١].

ئەسیری شاعیر بەهۆی ئەو گەڕان و پێگەیەی کە هەیبووە. لەناو کۆمەڵگای کوردیدا ئاشنایەتییەکی زۆری هەبووە بەدیاردە و نەریتەکانی کۆمەڵگاکەی. ئەو دیاردەو نەریتانەی، کە هۆکاری دواکەوتنی کۆمەڵگابوون کەوتوونەتە بەر ڕەخنەی شاعیر و هوشیارانە سەرزەنشتی کردوون، وەک دەڵێت:

کوردە چ فایدەی هەیە ئەم خەنجەرە

ئەم فیشەک و ئەسلیحەو وەروەرە

باری مەکە ئاسن و باروت لە خۆت

باری گران لایق گاوو کەرە[٢]

---

١- صلاح جزر، صور المثقف والتغير، قراءات فى المشهد الثقافى المعاصر، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، لبنان- بيروت الطبعة الاولى، ٢٠٠٣، ١٨.

٢- دیوانی ئەسیری، مستەفا عەسکەری، ل١٠٥.

**ئەسیری شاعیر و ڕووناکبیر و دڵسۆزی نیشتمان و نەتەوە، ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە، لەبواری گەشەسەندن و دەوڵەمەندکردنی شیعر و ئەدەبیات و بزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردیدا، هەوڵیداوە لە چوارچێوەی شیعردا پەیامی ڕووناکبیری خۆی ئاراستەی میللەتەکەی بکات، هەر لە ڕێگەی شیعرەوە گیانی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لەنێو کۆمەڵگەکەیدا بڵاوکردوەتەوە. ((بەزەوق و ئارەزوویەکی فراوانەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ئەسپی شیعری لەو مەیدانەدا تاوداوەو بەگیانێکی کوردپەروەرییەوە، چاکی خزمەتکردنی ڕاستەقینەی لێبەلادا کردووەو چەمکی مەردایەتی لێهەڵماڵیوە و شانبەشانی هەموو کوردپەروەران لەپێناو سەربەخۆیی و ئازادی نەتەوە ئاوارەکەی و نیشتمانە پارچەکراوەکەیدا چووەتە ڕیزی خەبات و تێکۆشانەوە))[1]، لەو ڕۆژگارەی کە تێیدا ژیاوە، ئەزموونی ئەو زوڵم و ستەمەی داگیرکەرانی سەفەوی و عوسمانی و ئینگلیزەکانی کردووە.**

**دووەم: بیری نەتەوەیی و سەرفرازی نەتەوەیی و نیشتمانی:**

**هەر لەم ڕوانگەیەوە، ((خولیای نیشتمانپەروەری لەبیر و مێشکیا بنج دابکوتێ. سەودای کوردپەروەری بەجۆرێک کاری کردۆتە بیرو مێشک و خەیاڵی فراوانی کەبەتوندی بچێت بەگژ ئەو هۆیانەی کەبوونەتە مایەی دەردیسەری و پاشکەوتنی گەلی کورد))[2]، بێگومان ئەم بیری نەتەوە و نیشتمانپەروەرییەی هەر لەسەردەمی منداڵییەوە هەبووە، لەم ڕووەوە ئەسیری دەڵێت:**

**ئەی وەتەنی خۆشەویست ناوتم ئەوجاکە بیست**

**مناڵێکی ساوابووم دەبوومە قوربانی تۆ**

---

**[1]- دیوانی ئەسیری، مستەفا عەسکەری، کۆکردنەوە و لەسەر نوسین،چاپی یەکەم،بەرگی یەکەم، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٨٧، ل٢٠.**

**[2]- کەریم شارەزا و جەبار جەباری، ئەسیری شاعیرێکی شۆڕشگێڕی قۆناغی دوای حاجی قادری کۆییە، ل٢١.**

وتەی وڵاتی کوردە لەلای تۆ هەروەک ویردە

ئەسیری ئەم حاڵەتە دەلیلی ئیمانی تۆ[1]

ئەسیری سەرنجی ڕۆڵەکانی میللەتەکەی ڕادەکێشێت بۆئەوەی کە پێویستە هەوێنی خۆشەویستی خاک و نەتەوە لەدڵ و دەروونیاندا بچێنێت، چونکە لەو سەردەمەی شاعیردا نیشتمانمان لەژێر داگیرکاری وڵاتانی زلهێزدا بووە، ئەمەش بەئاگایی شاعیر بەدەردەخات لەمەسەلەی سیاسیی و نەتەوایەتیدا.

سێیەم: هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی نەتەوە، تا خاک و نەتەوەکەیان خۆش بوێت:

ئەسیری شاعیر ویستویەتی ئەو واقیعەی کومەڵگا بخاتەڕوو کە هەر لە منداڵییەوە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانیان نادەن. بۆ خەبات و تێکۆشان و ڕزگاربوون لەژێر دەستەیی، لێرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەسیری هەرزوو بیری ڕووناکبیری لە دڵ و مێشکیدا چەکەرەی کردووە، بەپێی قۆناغەکانی ژیانی ئەم هەستەی گەورەبووە و بە بەردەوامی هەوڵی هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەکەی دەدات و تۆوی خۆشەویستی خاک و نەتەوە لە نێویاندا دەچێنێت و ئامۆژگارییان دەکات بۆ ئازادی و ڕزگاربوون لە پاشکەوتوویی و ژێردەستەیی، بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان، هەروەکوو دەڵێت:

لاوی عەزیزم وەکو کوردی شیمال

گیان بدە بۆ گەل و کۆمەڵ ئەتۆش

بەسیە (ئەسیری) چ دەڵێی بێ خەبەر

غیرەتی میللەت ئەوە هاتۆتە جۆش[2]

[1] - ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەسیری شاعیری نەتەوە خوازی کورد، ل٢٢١.

[2] - دیوانی ئەسیری، ئامادەکردن و پێشەکی د. کوردستان موکریانی، ل١٠٦.

خەسڵەتێکی دیاری ڕووناکبیری، ئاوات و خەون بینین و ئومید نەبڕاوەییە بۆ داهاتوو. کۆڵنەدان و خەباتکردنە بۆ ئایندەیەکی گەش و سەرفرازن. هەربۆیە ئەسیری ڕووناکبیر و شاعیر لەدوو ئاراستەوە، ڕووناکبیری و بیرمەندییەکەی دەردەکەوێت، یەکەمیان: پەیامێکی ڕووناکبیری لە ڕێگەی ئامۆژگارییەوە ئاراستەی میللەتەکەی دەکات و هانیان دەدات بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و خەباتی بزوتنەوەی ڕزگاری، دووەم: لە ڕێگەی مۆنۆلۆگ (خۆدواندن) ەوە، دەکەوێتە ڕەخنەگرتن لە خودی خۆی و ئەو ئازایەتی و لێهاتووییەی میللەتەکەی بەبیری خۆی دەهێنێتەوە، کەوا هەرگیز بە ژێردەستەیی و پاشکەوتووخوازی ڕانەهاتوون و لە ئێستاشدا، لەوپەڕی جۆش و خرۆشدان بۆ یەکگرتن و یەکڕیزی نێوماڵی کوردی. ئەمەش بۆ ئەو خۆشەویستی و سۆزەی بۆ نیشتمان و نەتەوەکەی دەگەڕێتەوە. ئەسیری شاعیر، هەمیشە کۆمەڵگەکەی هۆشیارکردووەتەوە لەوەی کە تەماشای حاڵی خراپی خۆیان بکەن، کە چۆن لە دونیادا. هیچ نەتەوەو وڵاتێک نییە وەکو کورد بەژێردەستەیی و بێ دەوڵەتی مابێتەوە. وەکو دەڵێت:

ئەی نەوەی کورد ڕۆڵەی شیرین

بەسیە بێهۆشی و خەوی سەنگین

تێ بنۆڕین لە میللەتانی دی

چۆن دەژین سەربەخۆ لە ڕووی زەوی

خێوی سەرباز و دەوڵەتانی قەوی

بێجگە لە کورد کێ لە پاش و خوار و نەوی[1]

---

[1] - دیوانی ئەسیری، ئامادەکردن و پێشەکی د. کوردستان موکریانی، ل١٥٢.

**چوارەم: سەرکەوتن و ڕزگاری و دەرچوون لەباری ژێردەستەیی:**

سەرکەوتن و ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی، ئامانجی دیاری ڕووناکبیرییە. لێرەوە ئەسیری هەوڵیداوە مەسەلەی سەربەستی میللەتانی دونیا ڕابگوێزێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردەواری، ئەمەش لە ڕێگەی ئامۆژگاریی کردنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی، بەوەی کە داوایان لێدەکات چیدیکە واز لە خەو و بێئاگایی بهێنن و چاوێک لە خەبات و سەرکەوتن و داهێنانی ولاتانی زلهێز بکەن و، سوود لەو پێشکەوتنانەیان وەربگرن، بەهەمان شێوەش لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە کە ئەمەش دیسانەوە خەسڵەتێکی دیکەی ڕووناکبیرییە، ئەو بارە ناهەموار و خوارو خێچەی نەتەوەکەی وەک توانجێک ڕووبەڕووی ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەکەی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی پەندی لێوەربگرن، تاوەکو وڵاتانی دونیا، ببن بە قەوارەیەکی سەربەخۆ و خاوەن وڵات، هەربۆیە هەمیشە هانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی داوە بۆ ڕزگاری نەتەوەیی. لەم ڕووەوە ئەسیری دەڵێت:

ڕۆژی پێویست خۆت بکە قوربانی گەل

گەر لە کۆمەڵ کەوتە بەر تۆ ڕێز و دەر

پف لە کوورەی سینەی لاویت بکە

ڕۆژهەڵاتی گەل بلێ گۆرانی ئەو

لەم هەوارگەی باو و باپیرت مەڕۆ

دابمەزرێ وەک چیا ، زۆر تاڵە ڕەو[1]

ئەسیری بەشێوەیەک خۆشەویستی بۆ گەل و نیشتمانەکەی هەبووە، بەردەوام لەبیری ئەودا بووەو ئامۆژگاری ڕۆڵەکانی میللەتەکەی کردووە، بۆئەوەی لەچوارچێوەیەکی سەربەست و ئازاددا بژین و مافەکانیان بە دەستبهێنن، هەربۆیە بە بەردەوامی هانی کۆمەڵگەی داوە کە بەڕۆژ و شەو تێبکۆشن لەپێناو ئامانجە ڕەواکانیان، بۆئەم مەبەستەش

[1]- دیوانی ئەسیری، ل١٨٥،

شاعیر بڕوای وایه بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکەت پێویستت بەخەبات و قوربانیدانە، هەروەکو دەڵێت، نابێت مرۆڤ کۆڵبدات و بنەوێت، پێویستە لەم وڵاتی باوباپیرانمان نەڕۆین و قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵبکەین و دروشمی سەرکەوتن هەڵگرین و وەک چیا دامەزراو و پشت ئەستوربین، ڕووناکبیری و بیرمەندی ئەسیری لەوەدا بووە، کە هەرگیز بە ژێردەستەیی و دواکەوتن و هەڵهاتن لە نیشتمان و نەتەوە ڕازی نەبووەو، لەو پێناوەشدا خەباتی کردووە، ئەو کێشە و دەردی سەرییانەش کە بەسەری هاتووە. هەمووی بەهۆی خەمی نەتەوەکەیەوە بووە. هەروەکو دەڵێت:

دایم لەفیکر و زیکری خەیاڵاتی میللەتم

بۆیە وا کز و مەلوول و بەسۆز و حەسرەتم

ئەی ڕۆڵە دەردی تۆ بەندی جگەرمی بڕی

تەئسیری داغی حاڵی تووە من بەعیللەتم[1]

ئەسیری شاعیر، وەک خەمخۆر و ڕۆشنبیرێک ئەو بارە ناهەموارەی کە میللەتەکەی تێیکەوتووە. لەسەردەمی ئەودا، بە تەواوی تووشی نائارامی و نەخۆشی و دەردی سەریی کردووە. هەروەکو خۆی ئاماژەی بۆ کردووە. لێرەدا ئاستی بیرمەندی و ڕووناکبیری شاعیر دەردەکەوێت، چونکە ئەو تەنها لە خەمی خۆیدا نییە و سەرکەوتن و ڕزگاری نەتەوەیی دەوێت. ئەم پەیوەست بوونەی شاعیر بە نەتەوە و نیشتمانەکەیەوە، وایکردووە سەبارەت بە ناوەڕۆکی شیعری ئەسیری (ڕەفیق حیلمی) ئاماژە بۆ ئەوە بکات ((تائێستا ئێمە تووشی شیعرێکی غەرامی نەبووین و لەمەشدا دەرئەکەوێ عیشقی وڵات ئەوی کردووە بە شاعیر))[2].

[1] - سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤.

[2] - ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ل٤٤.

**پێنجەم: گرنگیدان بەخوێندن و خوێندەواریی و هاندان بۆ گەشەپێدانی پرۆسەی خوێندن:**

خوێندن و خوێندەواری بنەمایەکی گرنگی بزوتنەوەی ڕووناکبیریە، تاکە سەرچاوەی پێشکەوتن و ڕزگاربوونە لە ژێردەستەیی و هۆکاری سەرکەوتن و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە، هەربۆیە شاعیرەکەمان، ((وەکو کەسێکی هۆشیار و خوێندەوار و ڕۆشنبیرێکی لێهاتووی گەل، هەمیشە هەوڵی ئەوەی دابوو کەمیلەت خوێندەوار بێت))[1]، شاعیرانمان چینی ڕووناکبیری کۆمەڵگابوون هەوڵی ئەوەیانداوە، کە پرۆسەی خۆێندن لەناو کورددا برەوی پێبدرێت و، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو هەوڵ و توانای خۆیان خستبووە کار بۆ کردنەوەی قوتابخانە و فێرگە لە تەواوی گوند و شارەکانی کوردستاندا، ئەسیری ڕووناکبیرێکی سەردەمەکەی خۆی بووە. بەوپەڕی ئازایەتیەوە بانگەشەی بۆ خوێندن و خوێندەواری کردووە، لەو پێناوەشدا تووشی چەندین ڕەخنەو تەنگ و چەڵەمەبووە، لەلایەن مەلاو کەسانی نەریتی و تەنانەت لەلایەن دەسەڵاتیشەوە.

ئەسیری شاعیر، گرنگییەکی زۆری بەپرۆسەی خوێندن و خوێندەواری داوە، بەتاکە سەرچاوەی سەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ڕووناکبیری نەتەوەیی زانیوە، بە بەردەوامی هانی خەڵکی داوە کە نەوەکانیان بخەنە بەر خوێندن و خوێندەواری، هەروەکو دەڵێت:

ڕۆڵەیی ساوات لە بۆ مەکتەب بەرە

کوردە ئەو جێگایە ئەمڕۆ بەفەرە

خوێندەواری پێگەیشتووی مەکتەبە

بۆ هیوای گەل، ئەو بەکار و ڕەهبەرە

ئەو کەسەی مژگی لەوێ ڕۆشن بووە

ڕوو لە هەرچی دەوڵەتێ کا سەروەرە

---

[1] طاهر محمد علی ، قانع ژیان و بەرهەمی (لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە)، ل٤٥.

سەیری نووسراوانی عیلمانم کە کرد

هیچی وام تیا نەدی بێژم شەڕە[1]

دیارە ئەسیری وەک شاعیر و ڕووناکبیرێک بەتێروانینێکی پڕ بایەخەوە لە گرنگی خوێندن و خوێندەواری دەڕوانێت. بڕوای وایە سارێژکردنی هەموو برینێک تەنها خوێندن و خوێندەوارییە هەتوانەکەی. بۆیە بە بەردەوامی ستایشی ئەو کەسانە دەکات کە ڕووناکبیر و مێشک کراوەن و، بە دۆست و ڕزگارکەر ناویان دەبات، پێی وایە تەواوی ئەو پەرتووک و نووسراوانەی کەلەلایەن ڕووناکبیران و زانایانەوە بەرهەمهاتووە، لەچاکەو خێر زیاتر هیچ شتێکی دیکەی تێدا نییە کە ببێتە مایەی کێشە و دواکەوتن، لە هەمان کاتدا بەتاکە ڕێگەی سەرکەوتن و ئازادی و پێشکەوتنی میللەت ناوی دەبات، هەروەکو دەڵێت:

مەدرەسە زۆر چاکە فەننی تێدا هەبی

پێگەیشتوانی ئەوێ جێی سەرسەرە

خوێندنی تێدا نەبێ وێران بووە

خۆ خەریککردن لەوێدا بێ بەرە[2]

شاعیر وەک ڕووناکبیرێک، ئاماژە بە سوود و زیانی قوتابخانە دەکات و پێی وایە، هەر قوتابخانەو فێرگەیەک ببێتە شوێنی بڵاوبوونەوەی فەن و زانست، ئەوا دەبێتە هۆکاری سەرخستنی ئەوکەسەی تێیدا دەخوێنێت و فێردەبێت. لەهەمانکاتدا ڕای وایە، ئەو فێرگەیەی نەبێتە شوێنی بڵاوکردنەوەی ڕووناکبیری و فێربوون، ئەوا هیچ سوودی تێدا نابێت و، تەنها خۆخەریک کردن نەبێت هیچ شتێکی تێدا نابێت. دیارە مەبەستی ئەسیری لەوە بووە کە پێویستە ڕۆڵەکانمان بخەینە ئەو فێرگانەی کە چاویان لەسەرە و بوونەتە کانگەی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و ڕووناکبیری، چونکە شاعیر پێی وایە هەر

[1] - ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، شیعرە بڵاونەکراوەکانی ئەسیری، ، ل٨٤.

[2] - سەرچاوەی پێشو، ل٨٤.

بەخوێندن و خوێندەواریەوە ڕووبەڕووی نەزانین و تاریکیەکانی دەبینەوە، بۆیە هانی خەڵکی دەدات بجوڵێن و کۆششێک بکەن بۆ بەدەستهێنانی خوێندن

بۆخۆت بجوڵێ بەگورجی لەخوێندن و کردەت

کۆشش بکە شەو و ڕۆژ ، لاق و دەستەکەت هەڵکە[1]

ئەسیری شاعیرێکی ڕووناکبیرە یەکێکە لەو شاعیرە بیرو هزر فراوانانەی کە ڕۆڵێکی زۆر و کاریگەری بینیوە لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگادا، شاعیر زۆر بە زیرەکی و هوشیارییەوە توانیویەتی تیشک بخاتەسەر برینەکانی کۆمەڵگاکەی و هۆکاری دواکەوتنی کۆمەڵگاکەی دەستنیشان بکات، لە ئەنجامدا، شاعیر پێی وابووە کە نەخوێندەوارییە، بۆیە بەبەردەوامی هانی خەڵکی دەدا قۆڵی لێ هەڵکەن و بەرەو ڕووی خوێندن و خوێندەواری بڕۆن و هۆگری خوێندن و زانیاری ببن. وەکو دەڵێت:

هۆگر ببن هەموو گەل خوێندەوار و زانابن

ئەوجا مەبەستی میللەتی کورد بێتە جێ بەڵکە

ئەوجا کە دەرکەوێ ئومێدی گەلی بەد خواه

خووی کوردە لە هەرچی هەرایێ بێ سەرپەلکە[2]

یاخود دەڵێت:

عیلمە ژوورت ئەخا، جەهلە وەتەن بەرباد ئەکا

تووشی ئەربابی جەهل بی حەق وەیە لێی لاکەو

[1] - دیوانی ئەسیری، ل٢٠٣.

[2] - سەرچاوەی پێشو ل٢٠٣.

رۆحت ئالودەی عیلم بێ جوانە عەقڵ و فیکری تۆ

گەر(ئەثیری) تووشی عیللەت بی لەبەر غەم داکەوی[1]

زانست یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ڕووناکبیری. ئەم بابەتە خەسڵەتێکی دیاری شیعری ئەسیرییە. دیارە زانست و زانیاری لای ئەسیری گرنگییەکی زۆری پێدراوە، بەشێوەیەک کە بە گەنجینەیەکی پڕ لەگەوهەری مەعریفی وەسف کراوەو ڕۆڵ و گرنگییەکی بێئەندازەی هەیە، چونکە زانستە دەبێتەهۆکاری سەرکەوتنی میللەت و ڕزگاربوون لەدەردی نەزانین.

**شەشەم: خستنەڕووی مەترسییەکانی نەزانی و هاندان بۆ دوورکەوتنەوە لە کەسە نەزان و نەخوێندەوارەکان:**

شاعیر مەترسییەکانی نەزانینی خستۆتەڕوو، بەماڵ وێرانکەر داناوە، هەربۆیە ڕۆڵەکانی میللەتەکەشی لە مەترسییەکانی نەزانی هۆشیارکردۆتەوە و بەپەیامێکی ڕووناکبیرانە پێیان ڕادەگەیەنێت لە کەسانی نەزان و نەخوێندەوار بەدووربن، بۆ ئەوەی ڕۆحتان ئاسودە و سەرفرازبن. لەم ڕووەوە ئەسیری دەڵێت:

مانیعی سەرکەونت هەر موشکلێکت هاتەبەر

خۆتی تێخە ، قەت مەترسە ، وانەبی دەر ناکەوی

عیلمە میللەت بەرز ئەکا ، جەهلە وەتەن بەر باد ئەکا

توشی ئەربابی جەهل بی حەق وەیە لێی لاکەوی[2]

---

[1] - دیوانی ئەسیری، مستەفا عەسکەری، ،ل٨٣.

[2] - سەرچاوەی پێشو، ل١٠٨.

ئەسیری بە ئەندازەیەک پەیوەستی زانست و خوێندەواری بووە، کە بەبەردەوامی ڕۆڵ و گرنگیەکەی وەک سەرچاوەیەکی ڕووناکبیری ئەژمار کردووەو نەوەکانی داهاتوویی لەسوودو گرنگی زانست ئاگادارکردووەتەوە، لەهەمان کاتیشدا مەترسیەکانی نەزانینی خستۆتەڕوو.

پاش ئەوەی ئەسیری شاعیر و ڕووناکبیر چووەتە ئەستەمبۆڵ و پێشکەوتنەکانی ئەوروپا و تورکیا و جیهانی بینیوە، تێڕوانین و ئاسۆی بیری فرانتر بووە و لەپاش گەڕانەوەی، بیری شیعری ئەسیری گۆڕانی بەسەردا دێت و، ناوەڕۆکی شیعرەکانی دەگۆڕێت و وەک نوێبوونەوەیەک گرنگییەکی زیاتر دەدات بەزانست و زانیاری، کە ئەمەش بۆ بەرژەوەندی و سوودی میللەتەکەی بووە، دیارە ئەم دیدەی شاعیر سەبارەت بە ڕۆڵی زانست و داهێنانەکان، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە ((ئەسیری چووەتە ئەستەمبوڵ و تێکەڵ بە ڕۆشنبیرە کوردەکانی ئەوێ بووە چاوی بەو پێشکەوتنە کەوتووە، کە هاتۆتەوە هەرچی شیعری غەزەل و دڵداری هەبووە لەناوی بردوون و لە شیعرێکا ئاماژە بەوە دەکات و بە بەرامبەرەکەی ئەڵێ کە ئەو جۆرە شیعرانە ڕەت بکاتەوە))[1]، ئەسیری شاعیر، ڕەخنەیەکی ڕووناکبیرانە ئاراستەی شاعیرانی سەردەمەکەی خۆی دەکات و پێیان ڕادەگەیەنێت:

گەر ئەدیبی و ئارەزووی سەرکەوتنی کوردت هەیە

تەرکی ئەشعاری عیشقبازی کە گەر بیرت هەیە

شیعری تەئریخی بڵێ بۆ ئینتباهی میللەتت

مورشیدی عیلم و مەعاریف بە ئەگەر عەقڵت هەیە[2]

---

[1]- محەمەد ئەحمەد سعید(کەساس جباری)، شیکاری دەق، ل١٠٢.

[2]- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، شیعرە بڵاوکراوەکانی ئەسیری، ل٥٥.

**حەوتەم: ڕەخنەگرتن لە شێخ و سۆفی و بەشێک لەکەسایەتی ئاینی:**

ئەسیری شاعیر و ڕووناکبیر، تەنیا ڕەخنەی لە تاکەکانی کۆمەڵگە نەگرتووە، کە ناخوێنن و هەوڵی زانست و داهێنان نادەن، بەڵکو ڕەخنەی توندی لە سۆفی و شێخ و کەسایەتییە ئاینییەکانیش گرتووەو، کە لەژێر پەردەی ئاینەوە مەرامی خراپی خۆیان بڵاوکردووەتەوە، بۆیە وریایان دەکاتەوە لەوەی، کە ناگەن بەهیچ مەبەست و ئەنجامێک، ئەگەر هەوڵی زانست و خوێندەواری نەدەن. وەکو دەڵێت:

سۆفییەک عیلمی نەبێ دایم لە باتین بێ بەشە

سیحرە ئێستا، هەرچی دەیدات، جاهیلێ بفرێ بەباڵ[1]

کەواتە سەرجەمی ئەو هەوڵ و خوداناسییەی ئاینزاکان، کە ژیانی تایبەتی خۆیان لە پێناویدا تەرخانکردووە، بەبڕوای ئەسیری هیچ سوود و کەڵکێکی نابێت، ئەگەر زانستێکی لەگەڵدا نەبێت، لەهەمانکاتدا ناگەن بەو ئامانجە دیاریکراوەی، کە لەپێناویدا تێدەکۆشن. ڕەخنەگرتن لە کەسایەتییە ئاینییەکان و بەرهەڵستیکردنیان لەو کارە دزێوو هەلپەرەستانەیان، تایبەتمەندییەکی دیاری ڕووناکبیری و هۆشیاری ئەسیری دەردەخات و لەهەمانکاتیشدا، هەوڵیداوە بە فەرموودە و ئایەت بۆ کۆمەڵگای ڕوونبکاتەوە، کە خوێندن و زانست فەرزە بۆ مرۆڤ، ئەمەش لەو باگراوندە ئاینییەوە دێت کە ئەسیری شاعیر هەیبووە. هەروەکو حاجی قادری کۆیی هەمان فەرموودە بەکاردەهێنێت بۆهوشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو دەڵێت:

فێری عیلم بە لە هەرچی جێ ببێ

گەرچی لە چین، گوفتەی پێغەمبەرە[2]

لە ڕوانگەیەکی ئاینییەوە شاعیر سەرنجی ڕووناکبیرانەی لەنێو میللەتەکەیدا بڵاوکردوەتەوەو، هەوڵیداوە هەر بە ئامرازی ئاینی هانی خەڵکی بدات بڕۆنە بەر

---

[1]- دیوانی ئەسیری ، ل٧٩.

[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣.

**خوێندن و زانست. تەنانەت ئەگەر لە جێگەیەکی دوور و بێ دینیشبن. ئەم خەمخواری و گرنگیدانەی شاعیر بە مەسەلەی خوێندن و زانست، هەوڵێکی ڕووناکبیری بووە لە شیعری ئەسیریدا، هەر ئەمەشە دەکرێتە دەسپێک بۆ بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە شیعری ئەسیریدا.**

**هەمیشە ئەسیری هانی خەڵکی داوە بۆ فێربوونی زانست و زانیاری، چونکە باوەڕی وابووە، کۆمەڵگا هەر بەخوێندن و زانست پێش دەکەوێت، بۆیە بەشێکی زۆری ناوەڕۆکی شیعری ئەسیری بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە، شاعیر خوێندن و زانستی وەک ئامرازی ڕزگارکەر وێناکردووە و بەبەردەوامی هانی خەڵکی داوە تاوەکو ڕوو لەم دوو چەمکە مەعریفییە گرنگە بکەن، هەروەک دەڵێت:**

**عیلم و عیرفان و سەعادەت کەوتە هەرچی جێگەیەک**

**ڕوولەوێ کە، زوو بەزوو فێری بە هەروەک مەنگەنە[1]**

**دیارە سەرچاوەی نەهامەتی و دەردی کوشندەی کۆمەڵگا نەخوێندەوارییە، بۆیە شاعیر بەهەموو سەلیقەو ئەزموونی خۆیەوە کەوتۆتە ئامۆژگاری تاکەکانی کۆمەڵگا بۆئەوەی فێری زانست و زانیاری ببن**

**بۆ خۆت بجوولێ بەگورجی لە خوێندن و کردەت**

**کۆشش بکە شەو ڕۆژ، لاق و دەسکەوت هەڵکە**

**لاوت بنێرە ، حەکیمی لە ئەوروپا فێر بێ**

**هۆگر بە پیاوی کە، سستیە لەجێ کۆمەڵگە[2]**

**شاعیر بە پەیامی ڕووناکبیرانەی خۆی هانی خەڵکی دەدات بەگورجی و بەکردەوە و بەدڵ گەرمییەوە بچنەبەر خوێند و خوێندەواری، هەوڵی فێربوونی خوێندەواری بدەن، بەبەردەوامی داوا لەکۆمەڵگا دەکات ڕۆڵەکانیان بخەنە بەرخوێندن و بیان نێرنە دەرەوە،**

---

**[1] - دیوانی ئەسیری، مستەفا عەسکەری، ل٣٥.**

**[2] دیوانی ئەسیری، ل٢٠٣.**

بۆ ئەوروپا بۆئەوەی فێری زانست و خوێندەواری بن، لەهەمانکاتدا ئامۆژگاریان دەکات هۆگری کەسانی سست و نەخوێندەوار نەبن، چونکە شاعیر بڕوای وایە ئەم جۆرە مرۆڤانە سەرچاوەی نەهامەتی و دواکەوتنی کۆمەڵگان. ئامانجێکی دیاری شیعری ئەسیری هەڵگری پەیامی ڕووناکبیری جیهانیی بووە، بەوەی کە هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە باسی پێشکەوتنەکانی جیهان بەکاربهێنێت بۆ کۆمەڵگاکەی، بۆئەوەی میللەتەکەی وەک وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان پێش بکەوێت.

## هەشتەم: هاندان بۆ پشتبەستن زانست و داهێنانی ناوخۆ:

پشت بە زانست و داهێنانە ناوخۆیەکان ببەستن، لەهەمانکاتدا ڕەخنە لە تاکەکانی کۆمەڵگاش دەگرێت بەوەی کە هەوڵی پێشکەوتن نادەن و پێشناکەون، ئەگەرچی مێژوویەکی پڕشکۆو دێرینیان هەیە، بەڵام لەڕووی داهێنانەوە پاشکەوتوون، دیارەئەمەش لەهاوخەمی شاعیرەوە دێت، هەروەکو لەبەشێکی زۆری ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا دەردەکەوێت کە خەمی دواڕۆژی میللەتەکەیەتی، شاعیر بەم هەڵوێستانەی سنووری بەرژەوەندی تاک تێدەپەڕێنێت و دەچێتە چوارچێوەیەکی گشتییەوە، کە ئەمەش هەوڵێکی ڕووناکبیرانەی ئەسیری یە، لەم ڕووەوە دەڵێت:

سەرکەوە تاکو لە عالەم دەرکەوی وەک ماهتاب

هەر وەکو ئەجدادی کەونت دەوڵەتی ئالامیان*

ڕۆڵە ئەم دەوری تەرەققی وا لە ئەوروپا هەیە

ئەورووپای فێرکردووە غەرناتەوو ئیشبیلییان[1]

بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە کۆمەڵگا دەکات، گەنجەکانیان بنێرنە دەرەوە بۆئەوەی داهێنانێک فێر ببت و دواتر خزمەتی کۆمەڵگاکەی پێ بکات، هەروەک دەڵێت:

---

[1]- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، شیعرە بڵاوکراوەکانی ئەسیری، ل٨٢.

* وشەی (ئالامیان ) مەبەست لێی دەوڵەتی عیلامی کۆنی کوردە.

سواری سیلاحی خۆ دەبن ئەوروپا

سەیری تەیارە بکە عیبرەت گرە[1]

**نۆیەم: ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگا لە نیکۆتین و مادە کحولییەکان:**

دیارە نیکۆتین یەکێکە لەو مادانەی کە هۆکارێکە بۆ تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان. بەگوێرەی توێژینەوەی زانستی، ئەوە ڕوونبووەتەوە کە ئەم مادەیە یەکێکە لەو ئامرازانەی، کە ژیانی مرۆڤ لە مردن نزیک دەکاتەوە. واتا دەبێتە هۆی مردنی مرۆڤ، ئەسیری شاعیرش هەر زوو درکی بەم مەترسیانەی ئەو مادانەکردووە، هەوڵی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگای داوە لەم بوارەدا. ئاشکرایە ئەم هاوخەمی و دڵسۆزییەی شاعیر باری ڕووناکبیرێتی شاعیر دەردەخات بەوەی، کە بەرژەوەندییەکانی شاعیر سنووری کەسیەتی تێدەپەڕێنێت و دەچێتە چوارچێوەیەکی گشتی و خەمی ئایندەی کۆمەڵگا. لەم ڕووەوە ئەسیری شاعیر دەڵێت:

بۆچی ڕۆڵە تاڵ ئەکەی بە مژینی تنباکۆ دەمت

سست ئەگەی بەو دووکەڵە بونیادی شیرینی لەشت

ماددەییکی زەهری تیایە ناوی نیقۆتینە ئەو

دەتچروسێنێتەوە، بێفەڕ ئەکا ڕەنگی گەشت

سیو و جەرگت پێ ئەکا ژاری، نەفس تەنگاوەیی

کۆکە وو سیل و سەراسی فرتە، کەم هێزی بەشت[2]

ئەسیری شاعیر و ڕووناکبیر دەیەوێت ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی لەو کێشەو نەخۆشیانە ئاگادار بکاتەوە، کە بەهۆی نیکۆتینەوە دووچاریان دەبێت. دیارە یەکێک لەو دەردە

---

[1]- دیوانی ئەسیری، ل١٠٦.

[2] - دیوانی ئەسیری، ل٥٨.

کوشندانەی کە لە کۆمەڵگای کوردیدا لە سەردەمی ژیانی شاعیردا بڵاوبووەوە، کێشانی نیکۆتین و خواردنەوەی مادە الکهولیەکان بووە، کەئەمەش گەنجان و لاوانی بێئاگا دەکرد لە مەسەلەی سەربەخۆیی و ڕزگاری نەتەوەیی. شاعیریش وەک ڕووناکبیرێک و کەسایەتییەک هەوڵیداوە کۆمەڵگا لەو دەردە کوشندەیە بەئاگا بێنێتەوە، بە پەیامی ڕووناکبیرانەی خۆی و لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە، شاعیر وەکو ڕووناکبیرێک خەمی داهاتوویی کۆمەڵگاکەیی بووە. بۆیە هەمیشە ئاوڕی لەو فاکتەرانە داوەتەوە کە لەئایندەدا دەبنە هۆی داگیرکردنی بیر و هۆشی تاکەکانی کۆمەڵگا و، کەئەمەش هۆکارێکە بۆ ژێردەستەیی و، دواکەوتوویی هەروەکو شاعیر دەڵێت:

ترسنۆکی و گێژ و وێژی شەونخونیش بەرتەرەف

ئاخری ڕۆژێک ئەبێ نامێنێ بیر و هیممەتت[1]

شاعیر وەک ڕووناکبیرێک ئەو مەترسیانەی کە بەهۆی نیکۆتینەوە تووشی تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێت، ڕووندەکاتەوەو دەیخاتەبەردەستی لاوانی میللەتەکەی. ئایندەی خۆیانیان پێشچاو دەخات. خەمی گەورەی شاعیر تەنها کێشانی نیکۆتینەکە نییە وەک مادەیەکی زیانبەخش، بەڵکو خەمی گەورەی ئەوەیە کە بەهۆی ئەم مادانەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیەکانیش تێک دەچن و ئەمەش زیانی گەورەی دەبێت بۆ ئایندەی میللەت. هەر بۆیە بە پەیامێکی ڕووناکبیرانە داوایان لێدەکات و، دەڵێت:

پێت دەڵێم ڕۆڵە مەنۆشە جامی مەی

بەو مەیە هێزی لەشت بەرباد ئەکەی

سست ئەبێ، هەرچەند ڕەگ وڕیشەت هەیە

دەرد ئەچێنی، خۆت لەدەست و پێ ئەخەی[2]

[1] - دیوانی ئەسیری، ل٥٨.

[2] - دیوانی ئەسیری، ل٢٥٩،

شاعیر پەیامێکی ڕووناکبیرانە ئاراستەی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەکات و داوایان لێدەکات، کە چیدیکە مەی نەنۆشن و خۆیان دووچاری نەخۆشیی و دەردنەکەن، چونکە ئەم مادەیە دەبێتە هۆی شێواندنی لەش و کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر بیر و مێشکی مرۆڤ، دەر ئەنجامەکانی لەئایندەدا لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا دەردەکەوێت، بۆیە ئەم پەیامەی وەک ڕەخنەیەکی بونیادنەرانەیە کە ئاراستەی کۆمەڵگای کردووە و لەهەمان کاتدا داواکارییەکی ڕووناکبیرانەو ژیرانە و خەمۆرانەیە، هەروەکو چۆن ئاوڕدانەوەیەکە لەداهاتووی میللەتەکەی، چونکە بەبڕوای شاعیر هەرمیللەت و نەتەوەیەک مەیل بداتە ئەم ماددانە پاشەڕۆژێکی خراپ و وێرانکەر چاوەڕێی دەکات، ئەمە ئەو مەترسیانەیە کە ئەسیری شاعیر ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی لێ هوشیاردەکاتەوە، و دەیەوێت بەبەڵگەی ئاینی وا لە کۆمەڵگا بکات دەست هەڵگرن لەم ماددانە وەکو دەڵێت:

سێنزدە عەسر و نیوە دینت مەنعی کرد

تۆ خەریکی تازە فێربوونی ئەمەی[1]

دیارە شاعیر بەهۆی ئەو باگگراوندە ئاینییەوە کە هەیبووە، ویستوویەتی ئامۆژگاری ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی بکات و پێیان ڕابگەیەنێت کە ئاینی ئیسلام ئەم ڕەفتار و خۆگێژکردنەی ڕەتکردۆتەوە و نەهیی لێ کردووە، کەچی تازە بەتازە کۆمەڵێک لەگەنجان و لاوان دەستیان داوەتێ و مەی دەنۆشن. نەک هەرئەمە، بگرە شاعیر باش ئاگای لە ڕێنماییە نێو دەوڵەتیەکانەو، بۆیە چەندین نمونەی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکی دەهێنێتەوەو خەڵکی لێ ئاگاداردەکاتەوە، داوا لە کۆمەڵگەکەی دەکات، کە چۆن ئەوان هوشیاربوونەتەوە و دەستیان لێ هەڵگرتووە پێویستە ڕۆڵەکانی میللەتی کوردیش وەک ئەوان بکەن و دەستی لێ هەڵبگرن. لەم ڕووەوە ئەسیری دەڵێت:

ئەمریکایی خرستیانن هەموو

تەرکیان کرد تێگەین چۆنە لەکەی

---

[1]- دیوانی ئەسیری، ل٢٥٩.

ئەمڕۆ ئەوروپایی وا کۆمەڵ ئەکەن

بۆ ئەوەی ڕزگار بکەن گەلیان لە مەی[1]

ئەسیری شاعیرو ڕووناکبیر باش ئاگای لە گۆڕانکارییەکانی دونیا هەبووەو، هەوڵیداوە کۆمەڵگای کوردی لەو گۆڕانکارییانە ئاگاداربکاتەوەو، پەیامی ڕووناکبیرانەی خۆی پێگەیاندوون. ئەمەش ڕوناکبیری و بیرمەندی شاعیر دەردەخات. لە هەمانکاتدا شاعیر ویستوویەتی لاوانی وڵاتەکەی لەم ماددانە بپارێزێت، بۆ ئەوەی بیریان سست نەبێت و بکەونە چارەکردنی حاڵی میللەتەکەیان، دەربچن لەژێر باری نالەباری دواکەوتووی و داگیرکاری و ڕوو لەزانست و پێشکەوتنەکانی دونیا بکەن، دیارە ئەم خەمخۆری و بەئاگابوونەی شاعیر لەپێشکەوتنەکانی دونیا خەسڵەت و تایبەتمەندی شیعری ئەسیرین، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵە ڕووناکبیریەکانی ئەسیری دەردەکەوێت، کە بەرژەوەندییەکانی سنووری تاک دەبەزێنێت و چوارچێوەیەکی گشتی وەردەگرێت، دەڵێت

ژنانی کوردی ئێمە زۆر بەکارن

لە ڕۆژی جەنگ و هاوارا سوارن[2]

دەیەم: خستنەڕووی ڕۆڵی ئافرەتان و خەباتی ژنان:

لە کۆمەڵگای کوردیدا، ئافرەتان چەندین ئەرکی گرنگ و پڕ بایەخیان لەسەرشانە، بەڵام ئەم گرنگییەیان بەهەند وەرنەدەگیراو زۆرجاریش لەلایەن پیاوانەوە هەوڵی دیلکردنی ژنان دەدرا لەماڵەوە. ئەمەش وایکردبوو کە ئافرەتان ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەدا سنوردار بکرێت و کەمتر بە ئەرکی سەرشانیان هەستن، لەهەمانکاتدا بە گوێرەی پێویست مافیان دەستەبەر نەدەبوو. ئەمەش بەهۆی ئەو باری دواکەوتویی و نەخوێندەواریی و کلتورەی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای کوردی بوو. بۆیە شاعیرێکی ڕووناکبیری وەک ئەسیری

---

[1]- دیوانی ئەسیری، ل٢٥٩.

[2] - دیوانی ئەسیری، ل١٤١.

هەوڵیداوە ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی ئافرەتان وێنا بکات لە شیعرەکانیدا، بۆئەوەی کۆمەڵگەش بەخۆیدا بچێتەوە و جیاوازی نەکەن لەنێوان ئافرەت و پیاواندا، چونکە بە بڕوای ئەسیری، پیاوان بەبێ ئافرەتان هیچ نین و ناتوانن بە ئەرکی سەرشانیان هەستن. شاعیر دەیەویت ئەوە بڵێت، کە ئافرەتان لەسەرجەم بوارەکاندا کار و خەبات دەکەن و هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە. بێگومان قسەکردن لەسەر ئەرک و مافی ئافرەتان تایبەتمەندییەکی ڕووناکبیرانەی شیعری ئەسیرییە، لە ڕوانگەی شاعیرەوە ئافرەتان یارمەتیدەری پیاوانن لە ڕۆژی خەبات و تێکۆشاندا و پارێزگاری لە کوردستان دەکەن، هەروەک دەڵێت:

گەر هەرایێ بێ لەناو کوردستان

یاریدەی پیاوان ئەدەن کیژ و ژنان

سەنگەر ئەگرن، شەڕ ئەکەن، مێرد و کوڕان

نان و ئاویان بۆ دەبەن دایک و کچان

یەک لە پیاوان لێی درێ، ژن زوو بەزوو

دەیفڕێنن، دەیخەنە سەر کۆڵ و شان[1]

ئەگەر سەرنجێکی ناوەڕۆکی شیعری ئەسیری بدەین، ئەوا دەبینین ناوەڕۆکی بەشێک لەشیعرەکانی، باسی ئافرەت و خەباتی ئافرەتانە شان بەشانی پیاوان، چ لەجەنگ و چ لە کارکردنی دەرەوەدا بێت. شاعیر ویستوویەتی ئەوە بۆ کۆمەڵگا ڕوونبکاتەوە کە ئافرەتان لەشۆڕش و خەباتی نەتەوەی. هاوشانی پیاوانن و بگرە زیاتریش. لێرەوە پەیامی ڕوناکبیرانەی شاعیر دەردەکەوێت. بەوەی کە هەمیشە دەیەوێت یەکسانی لە کۆمەڵگادا بەرقەرار بکات، ئەمەش لەڕێگەی پیشاندانی وێنەی یەکسانی نێوان ئافرەتان و پیاوان، لەلایەکی تریشەوە شاعیر دەیەوێت میللەتەکەی هوشیاربکاتەوە لەبەرامبەر ماف و ئەرکی ئافرەتی کورددا، لە کاتێکدا ئافرەتان سەرباریکاری ماڵەوە کاری دەرەوەش

---

[1] - دیوانی ئەسیری، ١٣٠.

ئەنجام دەدەن، ئیتر بۆچی لە ماف و ئەرکدا یەکسان نەبن، شاعیر وەک هەوڵێکی ڕووناکبیری هەوڵیداوە ئەم مەسەلەیە لە شیعرەکانیدا وێنا بکات، بۆئەوەی کۆمەڵگا دەست لەو زوڵم و ستەمە هەڵگرێت کە بەرامبەر بە ئافرەتان دەکرێت و، دیلی دەکەن لەماڵەوە و هەرخەریکی ئیشی ماڵ بێت و بێبەشی دەکەن لەخوێندن و چەندین مافی سەرەتایی دیکە. لەم ڕووەوە شاعیر دەڵێت:

کیژی ئاغا و دەرەبەگ بەلەنجە و لارەوە

خۆی لە ناچاری دەبێتە باغەوان

وا کناچەی، ڕیش سپیی گوند و مەلا

یەک لەسەر بێستانە، یەک ساوە لەوان

هەرچی کاری کوڕبێ، کچ سازی ئەکا[1]

ئەسیری وەک شاعیرو ڕووناکبیرێک دەستنیشانی کارو چالاکی کچان و ئافرەتانی کردووە، ئەوەی بۆ کۆمەڵگا ڕوونکردووەتەوە کە ئافرەتانیش وەک پیاوان خەریکی فرمانی جۆربەجۆرن لە دەرەوە و ئیتر بۆ دەبێت ئەرک و مافیان لێ زەوت بکرێت و بێبەش بکرێن لەژیانی شایستە. شاعیر هەمیشە هەوڵی داوە یەکسانی لەناو کۆمەڵگادا بەرقەرار بکات، بۆیە هەمیشە لەپاڵ وەسفی پیاواندا، باسی لە قارەمانێتی ئافرەتانیش کردووە، هەروەک دەڵێت:

خوێش و خەڵک مێرد و خێزان پێکەوە

تێدەکۆشن هەروەک و خوشک و برا

تاوەکو دوژمن شکست ئەخوا تەواو

شەڕ ئەکەن بڕ بڕ هەوڵ و دەوان[2]

---

[1] - دیوانی ئەسیری، کوردستان موکریانی، ل ١٣١.

[2] - دیوانی ئەسیری، ل١٣١.

ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە هەمیشە هەوڵیداوە وێنای یەکسانی ئافرەت و پیاوان بکێشێت، بۆ ئەوەی یەکسانی لەکۆمەڵگادا بەرقەرابێت، دیارە بە بڕوای شاعیر هەر بەیەکسانی و هاوخەباتی لەنێوان ئافرەت و پیاواندا کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و خەباتگێڕ دێتەکایەوە، کە ئەمەش سوودی بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتن و ڕزگاری نەتەوە و نیشتمان دەبێت. خەمخواری و هاندان بۆ یەکسانی خەسڵەتێکی دیاری ڕووناکبیرییە، کە ئەم خەسڵەتەش لەناوەڕۆکی شیعری ئەم شاعیرە ڕووناکبیرەدا بەدیدەکرێت، دەکرێت وەک هەوڵێکی رووناکبیری ئاوڕی لێ بدرێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، چونکە هەر لەکۆنەوە تاوەکو سەردەمی ژیانی ئەسیری و بگرە پاش تریش مەسەلەی زوڵم و ستەم لە ئافرەتان و زەوتکردنی مافە سەرەتاییەکانیان، لەکۆمەڵگایی کوردیدا وەک دیاردەبووە، شاعیریش بە ئەزموون و لێهاتووی خۆی هەوڵیداوە کۆمەڵگا لەم ڕەفتارە دزێوە هوشیار بکاتەوە و پەیامی ڕووناکبیرانەی خۆی لەم مەیدانەدا بخاتەگەر، لەم ڕووەوە دەکرێت ئەسیری وەک ڕووناکبیرێکی سەردەمی خۆی هەژمار بکرێت.

**یازدەیەم: گرنگیدان بەکشتوکاڵ و سامانی سروشتی:**

ئەسیری شاعیر لەزۆر دەرگای ژیانی داوەو کەم مەسەلە هەبووە، ئاوڕی لێ نەدابێتەوە، بۆیە بەوریاییەوە ئاوڕی لە کەرتی کشتوکاڵ و سامانی نەتەوەیی داوەتەوە و نەتەوەکەی لێ هوشیارکردووەتەوە، لەوەی کە خاکێکی بەپیت و سامانێکی سروشتی زۆری هەیە و پێویستە سوودی لێوەرگیرێت و بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکاربهێنرێت، لە هەمانکاتدا ڕەخنەیەکی توند لە تاکەکانی کۆمەڵگا و کاربەدەستان دەگرێت، کەوا هەوڵی بەدەستهێنان و بەکارهێنانی ئەم سامانە بەنرخ و گرنگەی ژێر خاکەکەیان بدەن، لەم بارەیەوە ئەسیری دەڵێت:

گەڕۆکت بۆنییە؟ کانی خەڵووز و ئاسن لەژێر پێتە

دەستی بۆ تێوەنادەی؟ ڕۆڵە ئەم کانە لە بۆ کێتە؟

فڕۆکەت بۆنیە؟ لام وایە ئومێدت نییە بتبێ

ئەوا ئاوریشم و لۆکە، ئەوا نەوت، ئاسنە، وێتە[1]

شاعیر هەوڵدەدات کۆمەڵگاکەی وریابکاتەوە لە ئاوڕدانەوە لە سامانی سروشتی، کە ئەگەر بەکاربهێنرێت ئەوا دەبێتە هۆی بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوریی و بێگومان کاریگەری لەسەرجەم بوارەکانی سەرخانی ئابوری کۆمەڵگا بەجێدەهێڵێت، بەڵام ڕەخنەی توندی شاعیر لێرەدا ئەوەیە کە کۆمەڵگا گرنگی بەم بوارە نادەن و هەوڵیشی بۆ نادەن، بە بڕوای شاعیر دیارە هیچ ئومێدێکیان بەپێشکەوتن نییە، ئەگەرنا ئەو هەموو کانەخەڵوز و ئاسن و ئاوریشم و لۆکە و نەوتە، ئامرازێکن بۆ بوژاندنەوەی کەرتی ئابوری، بۆیە شاعیر بە داوایەکی ڕووناکبیرانە بانگی ڕۆڵەکانی نیشتمان دەکات بۆ دەستخستنی ئەم سامانە و کەڵک لێوەرگرتنی، هەروەکو دەڵێت:

کوڕە چاوت کەوە بۆ کاری خۆت، هەرچی بکەی چاکە

ئەوە وا پاشتی ختووە، برا سستیە، شەرمیتە

دراو و ئامەدت کانە لەشاخ و دەشت و کێوانە

ئومێدت مێگەل و باغە، خرید و کێڵگەیی دێتە[2]

شاعیر وەکو ڕووناکبیرێک، هەمیشە سنووری بەرژەوەندییەکانی خۆی تێپەڕاندووە و لە خەمی بەرژەوەندی گشتیدایە. بۆیە بەردەوام هانی خەڵکی داوە بۆ ئەوەی لە سستی و دواکەتوویی هوشیاربینەوەو داوایان لێدەکات، چاویان بکەنەوەو هەوڵی بەدەستهێنانی پیشەسازی و بەرهەمی ناوخۆیی بدەن. وەکو زەوی ناسێک دەستنیشانی یەک بەیەکی کێوەکانی کوردستان دەکات، بەرهەمی کانزایی و کشتوکاڵی و باخداری و ئاژەڵداری دەستنیشان دەکات و، وەک ڕووناکبیرێک ئامۆژگاریان دەکات کە دەستی بدەنێ و سوودی

[1] - دیوانی ئەسیری، ل١٨٦.

[2] - سەرچاوەی پێشو، ل١٨٦-١٨٧.

لێوەر بگرن. بۆئەوەی چیدیکە لە ژێردەستەیی و هەژاریدا نەمێننەوە، لێرەوە ڕووناکبیری ئەسیری دەردەکەوێت لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا، کەهەڵگری پەیامی ڕووناکبیرانەن.

**دوازدە: هەوڵدان بۆ گرنگیدان بە زمانی نەتەوەیی و هاندان بۆ پاراستنی:**

زمان ناسنامەی هەر نەتەوەیەکە، لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسەیەوە، ڕۆڵ و گرنگی زمان دەردەکەوێت. دیارەنەتەوەی کورد، زمانی تایبەت بەخۆی هەیە، کە ئەویش زمانی کوردییە، بەڵام بەهۆی داگیرکاری و نەبوونی فەرهەنگێکی یەکگرتوو و بە هێزەوە زمانی کوردی لەژێر هەڕەشەی پوکاندنەوەو لاوازبووندا بووە. ئەمەش بەهۆی زاڵبوون و کاریگەری زمانی وڵاتانی دراوسێوە بووە. لەسەردەمی ئەسیریدا، شاعیران و ڕووناکبیران، زیاتر گرنگیان بەزمان و ئەدەبیاتی وڵاتانی بێگانە دەدا، ئەمەش هۆکارێک بوو کە شاعیرانی ڕووناکبیر ئاوڕێک لەم بابەتە بدەنەوەو هانی خەڵکی بدەن بۆ خۆشویستنی زمانی کوردی، ئەسیری وەک ڕووناکبیرێکی سەردەمی خۆی گرنگییەکی زۆری بە مەسەلەی زمان داوە و هانی خەڵکی داوە بۆ پاراستنی زمانی کوردی ئەمەش وەک هەوڵێکی ڕووناکبیرانەی شاعیر هەژمار دەکریت، چونکە شاعیر زیندوومانەوەی نەتەوەو ناموس و پیاوەتی، بە زیندوومانەوەی زمانەوە گرێدەدات و دەڵێت :

مانی میللەت بە پارێزی زوانە

شایەنی ئەم ووتانە مانی کوردانە

زمانە نامووس و پیاوەتی میللەت

زیندەوەکردنی ناوی کۆنانە[1]

[1] - دیوانی ئەسیری، مستەفا عەسکەری، ل٥٤.

## پاری سێیەم: کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمی ئەحمەد موختار جاف:

ئەحمەد موختار، یەکێکە لە شاعیرە دیار و بەهەڵوێستەکانی نەتەوەی کورد. ناوی تەواوی ((ئەحمەد کوڕی وەسمان پاشا کوڕی محەمەد پاشا کوڕی کەیخوسرەو بەگی جافە))[1]. هەرچەندە ڕای جیاواز لەبارەی هاتنە دونیای ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە هەیە، بەڵام بەشێکی زۆری سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ((شاعیر لەساڵی ١٨٩٨ز لە شاری هەڵەبجە هاتۆتە دونیاوە))[2].

بەپێی سەرجەمی ئەو سەرچاوانەی باسیان لە شوێنی لە دایکبوونی ئەحمەد موختار جاف کردووە، هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە شاعیر لە ناوچەی شارەزوور و بە دیاریکراوی لەشاری هەڵەبجە. هاتووەتە دونیاوە.

ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە، لە بنەماڵەیەکی ناودار و خانەدان چاوی بەدونیا هەڵهێناوە ((وەسمان پاشای باوکی و مەحمود پاشای مامی هەردووکیان لە سەرۆک هۆزە بەناوبانگەکانی عشایری جاف بوون. لەلایەن سلطانی عثمانیەوە رتبەی پاشایەتیان درابوویەو لەهەڵەبجەدا حاکمیەتی و قایمقامییان کردووە))[3]. دایکی شاعیر ناوی (("عادیلە خانم" بووە، بەخانم یا خانمی وەسمان پاشا ناوبانگی دەرکردووە، یەکێک بووە لە ژنە هەڵکەوتوو و دیار و بەدیمەنەکانی کورد))[4].

ئەحمەد موختار، وەک هەر منداڵێک لە خێزانێکی خوێندەوار، ((لەسەردەمی منداڵیدا دەستی بەخوێندن کردووە. لە قوتابخانەی میری یا حوجرەی مزگەوت دەستی بەخوێندن و نووسین کردووە، جگەلەوە مامۆستای تایبەتی بۆ گیراوەو دوور نییە زیاتر لەمامۆستایەک وانە زانستیەکانی ئەو سەردەمەی پێ وتبێتەوە، لەبەرئەوە شاعیر ئارەزووی خوێندنەوەی لە پلەیەکی بەرزدا بووە، لەڕووی خوێندەواریەوە خۆی خۆی پێگەیاندووە))[5].

---

[1]- مارف خەزنەدار، مێژزووی ئەدەبی کوردی، بەرگە پێنجەم، ل٤٧٥.

[2]- لوقمان ڕەئوف، ئەدەب و ڕەخنەی نوێ سەرەتایەک بۆ ڕەخنەی ئەکادیمی، چاپخانەی بینایی، ٢٠١١، ل٩٠.

[3]- ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، ل١٤.

[4]- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، عیزەدین مستەفا رەسول، چاپخانەی الادیب - بەغداد، ١٩٨٦، ل٨.

[5]- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگە پێنجەم، ل٤٧٦.

مامۆستا عەلائەدین سجادی پێی وایە ئەحمەد موختار لە قوتابخانەی منداڵانەوە دەستی بەخوێندن و چوونە ناو دونیای خوێندنەوە کردووە. هەروەک دەڵێت: ((ئەحمەد موختار وەکو هەر منداڵێکی تر لە تەمەنی حەوتساڵیدا ئەخرێتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی منداڵان لە هەڵەبجە، قورئان و کتێبە وردەڵەکانی تەواو دەکات و لەپاش ئەمە دەستدەکات بەگوڵستان و خوێندنەوەی فارسی، لە پاشاندا دەستدەکات بە خوێندنەوەی عەرەبی و دواتر دەستی لێهەڵدەگریت)[1].

ئەم شاعیرە بلیمەتە، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و خوێندەوار و ڕووناکبیر و سیاسەتمەداردا بووە، براو کەسەکانی زمانی جیاوازیان زانیوە، بۆیە دەکرێت شاعیریش چەند زمانێکی زانیبێت، بۆیە حەزی بە خوێندنەوە و نووسین کردووە. لەبارەی زمانزانی ئەحمەد موختارەوە مامۆستا عەلائەدین سجادی ڕای وایە: (( ئەحمەد موختار شتێکی وای نەخوێندووە، لەگەڵ ئەوەشدا تاپۆیەکی زیرەکی بووە، زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی زانیوە، تۆزە تۆزەیەکیش زمانی ئینگلیزی، تەنانەت بەزمانی فارسیش گەلێک شیعری نووسیوە))[2].

لەبواری چالاکی و ئەزموونی ژیاندا ((لە منداڵیەوە مەشقی سوارچاکی و تفەنگچیەتی کردووە، لەدوایدا هەوەسی ڕاو و شکار و سەیران و ڕابواردن و خواردنەوەو نەستی بووە، جارجارەش بۆ ڕابواردن قوماری کردووە))[3].

ئەحمەد موختار وەکو هەر پیاوێکی ئاسایی ژنی هێناوە، لەپاش ژن هێنانی ((زیاتر لە کاروبارو جموجۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆردا بەشداری دەکات و لەو کۆڕەدا سەرقاڵ دەبێت. بۆ چەند جارێک دەبێتە قایمقامی هەڵەبجە و یاریدەدەری حاکمی سیاسی

[1]- عەلاءالدین سجادی، مێژووی ئدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٧١، ل٥٤٥.
[2]- سەرچاوەی پێشو، ل٥٤٦.
[3]- مارف خەزنەدار، مێژوی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، ل٤٧٦.

و ماوەیەک لە بەندیخانەی شێخ مەحمود دا دەباتەسەر. هەروەها لە ئەنجومەنی دامەزرێنەری عێراقدا دەبێتە ئەندام و نایب لە پەرلەمانی ئەوسای دەوڵەتی عێراقدا))[1].

بەڵام ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە ئەم پلەوپۆستانە کار ناکەنە سەر بیرکردنەوە و تێروانینی بۆ مەسەلەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و سەربەستی و یەکسانی لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا. بگرە بەبەردەوامی مەحکومی سیاسی و پلەدار و کاربەدەستان دەکات و دەیانداتە بەر تیری ڕەخنە. لەم لایەنەوە حسێن عارف دەڵێت: ((بەڕای من ئەحمەد موختار هەرچەندە ئەو کاربەدەستە گەورەیەی ڕژێم و ئەو بەچکە دەرەبەگ و (شازادەی کوردان) بوو، بەڵام ئەدیبێکی ڕووناکبیرو خاوەن هەست و ویژدانێکی پاک بووەو لەدڵ و دەروونیدا دژی زوڵم و زۆری کاربەدەست و ئاغا و دەرەبەگە خوێنمژەکان بووەو بیروباوەڕ و کردارو نەریتی کۆنەپەرەستانەی لا ناپەسەند بووە. هەروەکو لەبیرو باوەڕی و کوردایەتیشدا، ڕاستگۆ و سەرڕاست و دڵسۆز بووە، بۆیە ئەو ئەگەرچی لە ناخی بیر و هۆشیدا باوەڕی پێی هەبووە بۆی نەلواوەو بەکردار پێی لەسەر داگرێ و ڕاستەخۆ کۆششی بۆ بکات، بەڵام بە ئەدەب و بەشێوەیەکی تایبەتی لە چیرۆکەکەیدا بە ئاشکراو لەڕوو ئەو ئەرکەی بەجێ هێناوە))[2]. لێرەوە دەکرێت ئەوە بڵێین، کە شاعیر وەک ڕووناکبیرێک و ئەدیبێکی دڵسۆز و مرۆڤدۆست ڕەفتاری کردووە، نەک وەک کاربەدەستێکی ڕژێم و بەچکە دەرەبەگێک.

ئەحمەد موختار لەبواری شیعر نووسیندا، لەسەرەتای دەستپێکردنیەوە لەسەر شێوازی کلاسیکی ڕۆشتووەو زمانێکی تێکەڵ لەزمانی عەرەبی و فارسی و کوردی هەبووە. دواجار هاتووەتە سەر ئەو بڕوایەی، کە ئەم شێوازی نووسینە، هیچ خزمەتێک بە دۆزی کورد و زمانی کوردی ناکات، بۆیە هەوڵیداوە بە شێوازێکی پڕ ماناو بەوشەی کوردی پەتی پەیامی خۆی بگەیەنێت، لەم ڕووەشەوە ئەگەر بە چاوێکی ورد و ڕەخنەگرانەوە تەماشای

---

[1] - عەبدالکریم حەمید عەبدالکریم، ئەحمەد موختار بەگی جاف(شاعیر و مرۆڤ)، چاپی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠، ل٤٤.

[2] - حسێن عارف، چیرۆکی هونەری کوردی، بەغدا، ١٩٧٧، ل٣٧.

ناوەڕۆکی شیعری ئەحمەد موختار جاف بکەین، ئەوا دەبینین چەند زانایانەو دڵسۆزانە هەوڵی پاراستنی زمانی نەتەوەی کوردی داوە.

ئەحمەد موختار جاف یەکێکە لە شاعیرە دەگمەن و کەمتەمەنەکان. ئەگەر ئەو تەمەنە کورتەی نەبوایە، دەکرێت زۆرترین و جوانترین بەرهەمی شیعری هەبوایەو، ڕۆڵێکی زیاتری هەبوایە لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگادا، ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە، ((ئەحمەد موختار تا بڵاوبوونەوەی (مەسەلەی ویژدان) لە ساڵی ١٩٧٠دا، هەر بە شاعیر ناسرابوو، بەسۆز و ڕاستگۆیی و خوێنگەرمی شیعرە نیشتیمانیەکانی گوێی چەند نەوەو پشت ئەزرنگایەوەو ئەو شیعرانەی لەبەرئەکران و ئەوترانەوە، کە ئەو چیرۆکە چاپکرا ناوی ئەحمەد موختاری لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بە تاقە چیرۆکێک بردە ڕیزی سەرئامەدانی چیرۆکی کوردی و ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەگریی کوردییەوە)).[١]

دەربارەی کۆچی دوایی ئەم شاعیرە دڵسۆز و بەهەڵوێست و شیرین زمان و ڕووناکبیرەی کورد، مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەڵێت: ((لەدوای ژیانێکی ناکامەوە، لە ساڵی ١٩٣٤ی میلادی و لەسەر ئاوی (سیروان - دیالە) لەلایەن دەستێکی نەفامی کوردەوە کوژراوە.)).[٢]

ئەحمەد موختار جاف لەپاش خۆی، دوو بەرهەمی بەجێهێشتوون، ئەوەی کە ئێستا بەردەستهن ئەوانیش:

١- دیوانێکی شیعری، کە کۆی بەرهەمە شیعریەکانیەتی.
٢- چیرۆکێک بەناوی (مەسەلەی ویژدان).

---

[١]- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، عیزەدین مستەفا رەسول، ل٤٠.
[٢]- ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ل١٣.

## پاری چوارەم: ڕۆڵی شیعری ئەحمەد موختار جاف لەبزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردیدا:

ئەحمەد موختار یەکێکە لە شاعیرە ڕووناکبیر و دڵسۆزەکانی گەل و نەتەوەکەی. ناوەڕۆکی شیعرەکانی هەڵگری پەیامی ڕووناکبیرانە بووە. شاعیر وەکو ڕووناکبیرێکی دیار و چالاکی سەردەمەکەی خۆی بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە، بە پەیامی شیعری گەلەکەی ئاگادار و هوشیاربکاتەوە لە هەموو پێشهات و ئەو ڕووداوانەی کە لەسەردەمی شاعیردا ڕوویاندەدا، دیارە لەسەردەمی ژیانی شاعیردا چاپەمەنی و ڕۆژنامەکان کەم بوون بۆ بڵاوبوونەوەی بابەتە زانستی و نیشتمانی و نەتەوەییەکان، سەرباری زۆری نەخوێندەواری و دواکەوتوویی. بۆیە شاعیر لەڕێگەی شیعرەکانییەوە بانگی سەرکەوتن و هاندان بۆ یەکگرتن و بڵاوبوونەوەی هوشیاری دەدا. ئەمەش بوو بە ئەرکی ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە.

بۆیە دەکرێت ئەوە بگوترێت، کە ئەحمەد موختار یەکێکە لەشاعیرە ڕووناکبیرەکانی سەردەمی خۆی. بەشێکی زۆری دیاردەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی ئەزموون کردوون، هەوڵیداوە لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە کۆمەڵگای لێ هوشیاربکاتەوە، شاعیر بەهۆی ئەو خەمخۆری و بە دەنگەوە هاتنەی بۆ مەسەلەی دۆزی ڕەوای میللەتەکەی هەبووە، دووچاری چەندین کێشەوە گیروگرفت بووەتەوە، بەڵام هەر کۆڵی نەداوە و بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەی هوشیاری نەتەوەیی، سەرەڕای ئەو ناکۆکییەی کە تووشی دەبوو، بەهۆی ڕەخنەگرتن لەنەریتە دزێوەکانی کۆمەڵگا، شاعیر بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە هەوڵی چاکسازی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و نەتەوایەتییان، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە ئەم ئەرکە مرۆڤانەیەی لە سەرشانی بوو بەجێی دەگەیاند، کەئەمەش تایبەتمەندییەکی ڕوناکبیرانە بوو.

خوێندن چەمکێکی سەرەکییە لە بنیادنانی کۆمەڵگاداو هۆکاری بنەڕەتیە لە فراوانکردنی ئاسۆی بیرو ڕووناکبیری تاکەکانی کۆمەڵگادا، بنەمایەکی سەرەکی و گرنگی پێشکەوتن و ڕووناکبیری و شارستانیەتە. هۆکاری ڕزگاری نەتەوەیی و دواکەوتوویی و کرانەوەی بیر و هزری خەڵکە، لەبەرئەوە ((بابەتی خوێندن یەکێک بووە لەو

بابەتە گرنگانەی شیعری کوردی، کە شاعیران درکیان بەوە کردووە کە هەر کۆمەڵگاو میللەتێک نەخوێندەواری و جەهل و نەزانین باڵی بەسەر کۆمەڵگادا کێشا، ئیتر ئەوسا تواندنەوەی ئەو گەلەو ژێر دەستەکردنیان دەبێتەکارێکی ئاسان و پرۆسەی داگیر کردنمان توشی هیچ کێشەو گرفت و تەگەرەیەک نایەت))[1]. ئاشکرایە، تەنها میللەتی کورد نەخوێندەوار نەبوون، بەڵکو بەشێکی زۆر لە میللەتانی دونیا نەخوێندەواریان تێدابووە و تاکەکانی میللەتە جیاوازەکان ((گرنگیان بەخوێندن و بە دەستهێنانی نەداوە و هەستیان بە بایەخی ئەم لایەنە و ڕۆڵی لە پێشخستنی باری شارستانی و ڕووناکبیری و ئابووری و سیاسی و هەموو لایەن و کونجی ژیان نەکردووە))[2]. شاعیرانی ڕووناکبیر زوو هەستیان بەم کەلێنە کردووە، بۆیە پێیان وابووە، کە ((دێوەزمەی نەخوێندەواری هۆکاری سەرەکی بووە، لەبەردەم خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریدا)). شاعیران هەوڵیانداوە ببنە وەسیلەیەک بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵکی و هاندانیان بۆ خوێندن و خوێندەواری، بەمەبەستی بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی ڕووناکبیر و هوشیار، چونکە کۆڵەکەیەکی گرنگی ڕووناکبیری خوێندنە.

## یەکەم: گرنگیدان بە زانست و خوێندن و زانیاری شارستانیانەی نوێ:

شاعیر ئەحمەد موختار جاف بەوپەری تواناو ڕووناکبیری خۆیەوە، هەوڵی ئەوەی داوە، هانی خەڵکی بدات ڕۆڵەکانیان بخەنە بەر خوێندن و خوێندەواری و پێی وابووە قوتابخانە گەنجینەی پڕ مرواری و گەوهەری زانست و پێشکەوتنە. لە هەمانکاتدا هانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی داوە، بڕۆنە قوتابخانەو هەوڵی خۆ ڕووناکبیرکردن بدەن، چونکە شاعیر باوەڕی وابووە تاکە سەرچاوەی ڕزگاربوون لەژێر دەستەیی و دواکەوتووی و دەردی گرانی هەژاری خوێندنە، چونکە کۆمەڵگای ئەو سەردەمە تووشی ئەو دەردە کۆمەڵایەتییە بوون، ئەگەر دەردو بەڵای گەل نەخۆشی و هەژاری و نەخوێندەواری بێت ئەوا بەهۆی

[1]- تاهیر محەمەد علی، ڕوانین لەدەق، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١١، ل٨٩.

[2]- نەسرین ڕەوف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا سالانی (١٩٢٠-١٩٥٨)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٥٦.

خوێندنەوە خۆمان لەو دەردە کوشندەیە ڕزگار بکەین))[١]، بۆیە بە بەردەوامی گرنگی بەم بوارە دەدات، وەک لە بەشێکی زۆری ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا دەردەکەوێت.

بەشێک لە شاعیرە ڕووناکبیرەکانی ئەو سەردەمەی ئەحمەد موختار ((دانغەو کەنکەنەی زەین و بیری مرۆڤی سەردەمن و خاوەن قوڵایی و ناوەڕۆکێکی فەلسەفین، بەشێکی ئەم ڕوانینە ئەزمونی دەروونی، کۆمەڵایەتی و هزری ئەم شاعیرانەیە، بۆ واتاگەلی مرۆڤ، جیهان و ژیان، ئەمەش سازکردنی سوژەیەکی نوێی کوردییە کە بە پشت بەستن بەگەڕان و خوێندنەوەو گومانی ئەم شاعیرانە لەسەر دەسەڵاتی شێخ و مەلاو ئاغاو دەرەبەگ دامەزراوە))[٢]، ئەمە بەو مانایە نایەت، کە خودی شاعیر لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خێڵ و دەرەبەگدا نەبووە، بۆیە دەکرێت ئەوە بڵێین. گوتاری ئەحمەد موختار هەڵگری پەیامێکی فیکری و مەعریفی ڕووناکبیرانەیە، کە شاعیر لەم قۆناغە پێداگری لە گۆڕینی سیستەمی خوێندن و زانست کردووە، لەبەر ئەمەش داوای کۆتایی هێنان بەسیستەمی کۆنی خوێندن  لە کوردستان دەکات. بەجۆرێک کە زانست و خوێندن لە پاوانی حوجرەو فێرگە ئایینییەکان بهێننە دەرەوە و تێکەڵ بە پێشکەوتنەکانی دونیای بکەن، شاعیر هەرچی هۆکاری پێشکەوتن و ڕزگاری نەتەوەیی و داهێنانە بە پێشکەوتنی زانست و خوێندنەوە گرێی دابوو، بۆیە بە بەردەوامی هانی کۆمەڵگای داوە ڕووبکەنە خوێندن وخوێندەواری.

هاندانی خەڵکی بۆ زانست و خوێندەواری، لە بەشێکی زۆری شیعرەکانی شاعیرانی کورددا ڕەنگیداوەتەوە. واتا شاعیران گرنگیەگی پتری پێدەدەن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و گەیشتن بە مافە ڕەواو سەرەتاییەکانی هەر تاکێکی کۆمەڵگا، بە شێوازێک بەشێک لە شاعیران تاکە ڕێگە بۆ دەربازبوون لە دواکەوتووی و زوڵم و ستەم و ژێردەستەیی، دەبەستنەوە بە پێشکەوتنی زانست و خوێندەوارییەوە، ئەمەش لەژێر کاریگەی پێشکەوتنەکانی دونیادا بووە. واتا شاعیرانی ڕووناکبیری کورد ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانە بوون، کە لە دونیادا ڕوویاندەدا، کە ئەم بارەش خەسڵەتێکی دیاری

---

[١]- مصطفی نەریمان، هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری تەوزیمی، چاپخانەی عەلاءة بەغداد، ١٩٧٩، ل١.

[٢]- بەیان کەریم، پێشەنگای ڕۆشنگەری شیعریکلاسیکی کوردی، ئاماژە، ل٥-٦.

ڕووناکبیرییه، لەبەر ئەوەیە دەکرێت بڵێین شاعیر ((خاوەنی هەڵوێستی ڕۆشنبیری بەرپرسانەیە بەرامبەر بەنەتەوەکەی لە هەمووی گرنگتر هۆشیاری زانست و پێشکەوتن خوازی بەبناغەی پێشخستنی کۆمەڵگاکەی دەزانێت و تەنها نەزانین و دواکەوتن بەدوژمن و لەمپەری سەرەکی دەزانێت))[1]، لەم ڕووەوە لەبەشێکی زۆری شیعرەکانی ئەحمەد موختار بەگی جاف ئەم حاڵەتانە بەدیدەکەین. بەئەندازەیەک، شاعیر بۆ چارەسەرکردنی زۆر مژاری وەک ( ئاین، سیاسی، ئابووری، نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی) زانست و خوێندەواری هەڵبژاردووە. لێرەوە ئاستی ڕووناکبیری ئەم شاعیرە دەردەکەوێت:

غەیری مەکتەب بۆ تەداوی ئێمە هیچ دەرمان نییە

هیچ سلاح چاتر لە عیلم و سنعەت و عیرفان نییە[2]

شاعیر زۆر بەڕوون و ڕەوانی باسی لەگرنگی زانست و داهێنان دەکات، بە شێوەیەک کە تاکە ڕێگە و باشترین چەک زانست و داهێنانە، گرنگیدان بە زانست و پێشکەوتنی داهێنانەکان بنەمایەکی دیار و سەرەکی ڕووناکبیرییە، شاعیر قوتابخانە دەکات بەهەتوان بۆ سارێژکردنی سەرجەم ئەو بوارانەی کە ڕێگرن لەبەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەدا، لەلایەکی دیکەشەوە. دەیەوێت ئەوەمان پێ ڕابگەیەنێت کە هیچ میللەتێک بەتایبەیش میللەتی کورد، بە شۆڕش و شەڕ سەرناکەوێت، ئەگەر بنەمایەکی نازانستی و عەقڵیەتێکی دواکەوتووی لەگەڵدا بێت، چونکە نەزانین وەک زنجیرێک وایەو دەست و چاوی خەڵکی دەبەستێتەوە بەڕووی گرفتەکاندا، لەم ڕووە ئەحمەد موختار دەڵێت:

دەمێکە ئەم وڵاتە وا ئەسیری پەنجەیی جەهلە

لەسایەی عیلمەوە ئیمرۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە[3]

شاعیر وەک ڕووناکبیرێکی شارەزا، مێژووی دواکەوتویی و شکستەکانی وڵاتمان بۆ دەگێڕێتەوە، مێژوویەک لێوان لێو لە دواکەوتووی و ژێردەستەیی، ئەم بارەش دەخاتە

---

[1]- لهۆن قادر، وەک چەشنێک لەڕۆشنبیر، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، بەشی دوو، ژمارە ٤، سالی ٢٠١٦، ل ٣٥٥.

[2]- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل١٠٦.

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

ئەستۆی نەزانین، کە بووەتە هۆی ئەوەی میللەت لەسەردەمێکی دەستەو دامانی و نەبینینی چارەسەرێکدا ژیانی گوزەراندووە. بەڵام لە ئەمڕۆدا کە ڕۆژێکی پڕ بایەخە، ڕۆژی زانست و زانیارییە، ڕۆژی فرسەت و تۆڵەیە، ئیتر دەبێت میللەت ئەم هەلە لەدەست نەدات و بیکاتە داردەستێک بۆ ڕزگاربوون لە جەنگی دواکەوتوویی و دیلیی و ژێردەستەیی.

بەشێک لە شیعرەکانی ئەحمەد موختار تەرخانراون بۆ هاندانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ خوێندن و زانست، لەبەرئەوە وەکو کەسێکی دیار و ڕووناکبیرێکی کارامەی سەردەمی خۆی ئەزموونی بەشێکی زۆری لە خەباتی کۆمەڵگاکەی کردووە و ترووسکەی پێشکەوتنی یەکجاری تێدا بەدی نەکردووە. بەشێوازێکی ڕوونتر شاعیر بەشێک لەخەباتی شۆڕشگێری و نەتەوایەتی ئەزموون کردووە، بەڵام خەباتی زانست و خوێندەواری لەم شۆڕشانەدا نەبینیوە. بە مانایەک ئەو شۆڕشگێڕ و سیاسیانەی ئەو سەردەمەی کورد زیاتر چینی نەخوێندەوار و شێخ و ئاغاکان بوون، لە ڕێگەی ((شیعری (لەخەو و هەڵسن)ەوە کە سروودێکی وریابوونەوە و ڕاپەرینی کوردایەتی و بانگدانی خوێندەواری و ڕووناکبیریە))[1]، هەوڵیداوە پەیامی ڕووناکبیری خۆی بە میللەتەکەی بگەیەنێت، داوای ڕابوون و بێدار کردنەوەی کۆمەڵگاکەی دەکات، بۆیە ڕووی دەمی لەخەڵکی دەکات و دەڵێت:

بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان

هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سۆپەرتانە[2]

شاعیر خوێندن و زانست، بەشا ڕێگەی بەرگریکردن ناوزەد دەکات. بەرامبەر بە دوژمنان، لە هەرکات و سەردەمێکدا بێت، خوێندنە وەک قەڵغان و سیستەمی بەرگرییە بەرامبەر بەدوژمنان، بۆیە هانی خەڵکی و قەومی کورد دەدات بۆ بەدەستهێنانی خوێندن و زانست. شاعیر تەنها تیشکی نەخستۆتەسەر لایەنێکی ژیان و ئیتر ئەو بابەتانەی کەهۆکاری پێشکەوتن و بڵاوکردنەوەی ڕووناکبیری بن فەرامۆشی کردبن، بەڵکو لەپاڵ گرنگیدان بە زانست و خوێندەواری.

---

[1]- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، ل ٣٨٧.

[2]- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل ١٤٦.

دووەم: گرنگیدان بەرۆژنامە و گۆڤارەکان:

شاعیر گرنگی بە رۆژنامەو گۆڤارەکانداوە. چونکە هەرچی هۆکاری پێشکەوتن و زانیاری بێت شاعیر دەیخاتە بەرتیشکی ئاماژە و کۆمەڵگای لێ ئاگادار دەکاتەوە، سەبارەت بە رۆژنامە و گۆڤارەکانداوە و بەتایبەت گۆڤاری (بانگی کوردستان) دەڵێت:

(بانگی کوردستان)ە وادنیای ئیحیا کردووە

زامی قەلبی کوردی بێچارەی موداوا کردەوە

باعیسی پێشکەوتنی ئەم قەومەیە ئەو مەتبەعە

ئەلحەق ئەمڕۆ خاکی کوردستانی زێبا کردەوە[1]

ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ئامرازێکن بۆ بڵاوبوونەوەی ڕووناکبیری، لەبەرئەوەی بابەتە زانستی و فەرهەنگییەکان زۆر بە ئاسانی بە دەستی خوێنەران دەگات. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە، خەڵکی ئاگاداری ڕووداوەکانی ناوخۆو جیهان دەبین کە ئەمیش هۆکارێکە بۆ بڵاوبوونەوەی ڕووناکبیری. ئەحمەد موختار دەکەوێتە ستایش کردنی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) و بەهۆکاری پێشکەوتنی قەومی کوردی دەزانێت و دەڵێت هۆکاری جوان کردنی خاکی کوردستانە، گرنگیدان بەپەرتوک و گۆڤار و ڕۆژنامەکان، کاری ڕووناکبیرانە،. لەبەر ئەوەشە دەبێت شوێنکەوتەی نووسەران و ئەدیبانی ئەم بوارانە بکەوین، چونکە هەر ئەوان دەرمانیان پێیە بۆ سارێژکردنی دەردی نەزانین. لێرەوە ئەحمەد موختار دەڵێت:

کوانێ خەڵقینە لە کوێن فیرقەی مونەوەر تینەتان

چونکە ئەو فیرقە ئەزانن دەرد و ئازاری وەتەن[2]

ئەحمەد موختار لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە، دەکەوێتە پرسیارکردن لەو دەستە خوێندەوارە ڕووناکبیرەی کە بوونەتە هۆی پێشکەوتن و ئازادکردن لە دواکەوتووی و ژێردەستەیی.

---
[1] دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل ١٤٤.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

ئەو چینە ڕووناکبیرە بە سارێژکەری دەرد و ئازاری وەتەن دەزانێت شاعیر هەمیشە گرنگی بە خوێندن و کەسانی ڕووناکبیر داوە و بەسەرچاوەی سەرکەوتن و پێشکەوتن و ئازادی دەزانێت، ئەمەش خاڵی ڕووناکبیری شاعیر دەستنیشان دەکات.

**سێیەم: ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگا لە مرۆڤی نەزان و نەخوێندەوار:**

ئەحمەد موختار وەک شاعیرێکی خاوەن زانست و ڕووناکبیر هەمیشە هانی خەڵکی داوە بۆ زانست و زانیاری و لە هەمانکاتدا کۆمەڵگای لە مرۆڤی نەخوێندەوار و نەزان ئاگادارکردۆتەوە و لە زۆر کاتدا، خۆیشی وەک نموونە پیشانداوە، کە هەمیشە خۆی لە کەسانی ئەحمەق و نەخوێندەوار دەپارێزێت، هەروەکو دەڵێت :

نزیکی پیاوی ئەحمەق باعیسی فەوتانی ئینسانە

هەتا عومرم ببێ قەت من ڕەفیقی پیاوی کەر ناکەم

کە من مائیل بە خێرم خیلقەتەن (ئەحمەد) بەخۆڕایی

وەکو ئینسانی جاهیل مەیلی فیتنەو شۆڕ و شەڕناکەم[1]

لێرەدا شاعیر پیاوی ئەحمەق و نەزانی خستۆتە بەر ڕەخنە و بەشێوەیەک بەمەترسی داناوە کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئینسانی عاقڵ و ڕووناکبیر. لەبەرئەوە مرۆڤی نەزان بەردەوام حەزی لە فیتنە و شەڕوشۆڕە، کەوابوو کەسێکی ڕووناکبیری وەک ئەحمەد موختار بەشێوەیەک پەروەردە کراوە، بەردەوام حەز و ئارەزووی لە چاکە و خێرە. ئەمەش ڕەفتاری کەسی ڕووناکبیرە، بەپێچەوانەوە کەسی نەزان، کە هەمیشە ڕوو لە چاکە و ئاشتیخوازی ناکات بەشێوەیەک کە تەنیا هەوڵی بەدەستهێنانی دەستکەوتی تاکەکەسی خۆیان دەدەن. کە وەکو شاعیر دەڵێت:

[1]- ئەحمەد موختار جاف، ل٩٢.

جاهیلان بۆ ئیستفادەی زاتی خۆیان ڕۆژ و شەو

لەم موحیتە مەنعی عیلم و سنعەت و عیرفان ئەکەن[1]

کەسی نەزان و جاهیل هەمیشە بەر لێشاوی ڕەخنەی ڕوناکبیران دەکەوێت. ڕووناکبیرێکی وەکو ئەحمەد موختار. هەمیشە هێرشی ڕەخنەیی کردۆتە سەر مرۆڤی نەزان و جاهیل، بە ڕێگر لە بەردەم بڵاوبونەوەی زانست و داهێناندا دایناوە، ئەمە زیاتر ڕووناکبیری شاعیر دەردەخات و تارادەی نزا لێکردن دەچێت و نزایان لێ دەکات. هەروەکو دەڵێت:

ڕوو ڕەشی دنیا و قیامەت ئەو نەفامانەن کەوا

هەجووی قەوم و میلەتی خۆیان بە پارە و نان ئەکەن

ئاسمان ئێستا وەها چەرخاوە جاهیل غاڵبە

گوربە و ڕێوی خەیاڵی مەرتەبەی شێران ئەکەن[2]

شاعیر گلەیی لە ئاسمان و زەمانە دەکات. کەوا گۆڕاون و ڕێگەیان بۆ کەسانی نەزان و هەلپەرست خۆشکردووەو سەرکەوتوویانی کردووە بەسەر کەسانی ڕووناکبیر و نەتەوەییدا. ئاشکرایە لە سەروبەندی سەردەمی شاعیردا، هەستی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی ڕێژەیی نەبووە، ئەگەر هەشبووبێت تەنها لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بووە، لەو ناوچانەش خەڵکی هەلپەرست بوون بەداردەست و نۆکەری بێگانە و داگیرکەران تەنها بۆ وەرگرتنی هەندێک پارە و پول.

[1]- ئەحمەد موختار جاف، ل ١٠٤.

[2]- ئەحمەد موختار جاف، ل١٠٤.

**چوارەم: خستنەڕووی دیوی ئەو دیوی سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی لێیان:**

هەروەک دەردەکەوێت، شاعیر شارەزاییەکی باشی لە سیاسەت و فەرمانڕەوایدا هەبووە، بەو پێیەی کە لە چەند کایەیەکی سیاسیدا ئەزموونی هەبووە و بەشدارییەکی بەرچاوی هەبووە. بەهۆی ئەو ئەزموونەیەوە، هەوڵی وریاکردنەوەی خەڵکی داوە لە سیاسەتە ناوخۆیی و هەرێمیەکان. لەبەرئەوەی ئەو بەدیدێکی ڕەخنەگرانەوە دەیڕوانییە هاوکێشە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان بەجۆرێک، کە لەکاتی بانگەوازی ئازادی و یەکسانی لەجیهاندا، بە هۆی شۆڕش و دەستکەوتەکانیەوە، شاعیر دیوێکی دیکەی ئەم دروشمانەی دەخوێندەوە و بەرئەنجامەکەی لەناو کوردستاندا تاوتوێ دەکرد و، خەڵکی لێیان ئاگاداردەکردەوە. لەم بارەیەوە. شاعیر دەڵێت:

لانەواز و بێکەس و مەزڵوومن ئێستە قەومی کورد

گا بە دەستی تورکەکان و گا بە دەستی ئێرانەوە

ئیسمی ویجدان و عەدالەت بێ موسەممایە و درۆ

بۆ سیاسەت ئەم قسە کەوتۆتە سەر لێوانەوە[1]

لێرەدا ئەحمەد موختار بەهۆی ئەو ڕووناکبیرییەی کە لە سیاسەتدا هەیبوە، پەیامێکی ڕووناکبیرانە ئاڕاستەی قەومی کورد دەکات و پێیان ڕادەگەیەنێت، کە ئەم دروشم و وتافانەی، کە لەمەڕ یەکسانی و دادپەروەرییەوە دەگوترێت هەر هەمووی قسەیە و شتێکی لێ سەوز نابێت بۆ میللەتی کورد و هەمووی درۆیە، هەروەها بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە و دەڵێ، ئەی ئەگەر ڕاستە بۆچی میللەتی کورد هەرجارەی دەکەوێتە ژێردەستی نەتەوەیەکی داگیرکەری وەک (تورک و فارس) ئەی بۆ میللەتی کورد هێندە لانەوازن؟ بۆچی ئەم دادپەروەرییە نایەت ببێتە پاڵپشت و پشتیوانیان؟ دیارە شاعیر زۆر بەڕوون و ئاشکرا ڕەخنە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەرێمی دەگرێت و بە درۆیان دەخاتەوە، ئەم بیری

---

[1]- دیوانی ئەحمەد موختار، ل١٣٤.

ڕەخنەییە خۆی لەخۆیدا بنەمایەکی گرنگی ڕووناکبیری شاعیر بەدەردەخات و، زیاتر لەم بارەیەوە چاوکراوەمان دەکات.

دەڵێت:

ڕاستە گەر ئیسمی عەدالەت بۆچی منداڵانی کورد

وێڵ و سەرگەردان بسووڕێنۆ بەسەر کێوانەوە

هێندە حیزە بەختی کورد بۆ کوشتن و تاڵانیان

کۆمەڵی هاتوون بە سواریی وشتری پێ پانەوە[1]

لێرەدا شاعیر هاوکێشەیەک دەخاتە ڕوو لە نێوان ئاوارەبوونی منداڵانی کورد و ناوی دادپەروەریدا. دواتر ڕەخنە لەدروشمەکانی دادپەروەری دەگرێت و پێی وایە، ئەو دروشمانە هیچمان بەرهەممان نابێت و، ئەگەر وا نەبێت ئەی بۆچی؟ میللەتی کورد هێندە بە دبەختە هەر بەشی کوشتن و تاڵانییە؟ ئەم دادپەروەرییە نایەت بە هانایەوە، ئەم گریمانەو پرسیارانە بۆ وریاکردنەوەیەکی ڕووناکبیرانەی میللەتە، کە شاعیر بەهۆی لێهاتوویی و ڕووناکبیری خۆیەوە پەی بەناوەڕۆک و مەبەست و درووشمەکانی دادپەروەری بردووەو لە ئەنجامدا بە بەراورد کردنی هاوکێشەکان گەشتۆتە ئەو بڕوایەی کە ئەم درووشمانە هیچی ڕاست نییەو قسە زیاتر هیچی دیکە نییەو هیچی لێ سەوز نابێت. هەر بۆیە دەڵێت:

حاڵی کورد ئێستا لە بەینی تورک و ئێران و عەرەب

بێچوە تەیرە کەوتووەتە داوی منداڵانەوە

ئەم قەراری عوسبە وا خەڵقی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ

هەر قسەی ڕووتە و قسە ناچێتە ناو گیرفانەوە[2]

---

[1]- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل١٣٤.

[2]- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل ١٣٤.

**دیسانەوە ئەحمەد موختار وەک ڕووناکبیرێک دەردەکەوێتەوە، کاتێک زۆر ڕوون و ڕاشکاوانە نەک تەنها ڕەخنە لە دروشمی دادپەروەری دەگرێت. بەڵکو ڕەخنەش لەو کەسانە دەگرێت کەوا بیردەکەنەوە ئەم دروشمانە بەقازانجی کورد دەبێت، بەڵام شاعیر هەر زوو درک بە ناڕاستی ئەم بۆچوونانە دەکات و میللەت لە بەرئەنجامە خراپەکانی ئاگاداردەکاتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی حاڵی میللەتەکەی دەبینێت لەبن دەستی تورک و فارسدا و هیچ وڵات و نەتەوەیەک بەدەنگ نایەن، تەنیا لە خەمی فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیانن لە کوردستاندا.**

## پێنجەم: چاندنی خۆشەویستی خاک و نەتەوە:

**خاک و نەتەوە دوو تەوەری سەرەکین لەنێو شیعردا، کە بەرهەمی قۆناغێکی دیاریکراوی مرۆڤایەتین. بیری شیعری نیشتیمانی بەوە پێناسەدەکرێت، کە ((شیعری نیشتمانی بۆ خۆی خۆشەویستی ئەو نیشتمانە و هەستکردن بەو پەیوەندیە دەروونیە ئەگەیەنێت، کەهاوڵاتی دەبەستێت پێوەو وای لێدەکات خۆشی بوێ، شانازی پێوە بکات و لە پێناویدا قوربانی بدات))[1]. تایبەتمەندییەکی دیاری شیعری ئەحمەد موختار مەسەلەی خۆشەویستی خاک و نەتەوەیە. شاعیر وەکوو هەوڵێکی ڕووناکبیری مەسەلەی خاک و نەتەوەی لەچوارچێوەی شیعردا باسکردووە. ئەرکی وریاکردنەوە و هوشیارکردنی کۆمەڵگای لەم مەسەلەیەدا لەئەستۆ گرتووە، شاعیر وەک ڕووناکبیرێک، ئاوڕی لە کێشەی نیشتمانەکەی داوەتەوەو پەیامی ڕووناکبیرانەی خۆی ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵگاکەی کردووەو لە چەند لایەنێکەوە باسی لە گرنگی نیشتمان و نەتەوەکەی کردووە. بۆ ئەوەی خۆشەویستی نیشتمان لە دڵ و دەروونی خەڵکیدا بچێنێت، ((لەشیعری نیشتمانیدا بەتاسەو پەرۆش و سۆزێکی ئاگراویەوە لەشیرینی و خۆشەویستی نیشتمان ئەدوێت و وەک**

---

[1]- محمد فاضل مستەفا، زێوەر ژیان و بەرهەمی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩، ل٧٠.

**جگەرگۆشەیەکی نازدار تەماشایی ئەکات و بەسەرچاوەی چالاکی و ژیانی زیندەگی دا ئەنێت))[1].**

**شاعیرانی ڕووناکبیری کورد بەشێوەی جۆراوجۆر گوزارشتیان لە خۆشەویستی خاک و نیشتمان کردووە، تاوەکو تۆوی خۆشەویستی خاک و نیشتمان لەدڵ و دەروونی خەڵکدا، بەڕێگای جیاواز و بەئامرازی تایبەتی بچێنن، بەشێک لە شاعیرانی وەکو (پیرەمێرد و بێکەس و دڵدار و .......) بەشێوەی حەماسی و شۆڕشگێڕانە هەستی خۆیان دەربڕیوە، بەشێکی تری شاعیرانی وەکو (حاجی و ئەسیری و .....)، بەهۆی ئاگاداربوون لە پێشکەوتنەکانی دونیا و پاشان بەراوردکردنیان بەدواکەوتوویی و هەژاری کوردستان هەستی خەڵکیان بزواندووە بۆ بەرگریکردنی لە خاک و نیشتمان. بێگومان شاعیران لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە پەیامی خۆیان بە خەڵکی گەیاندووە، ئەحمەد موختار وەک شاعیرێکی ڕووناکبیر و دڵسۆزێکی خاک و نیشتمان، بە بەردەوامی هانی خەڵکی داوە بۆ لەخەوهەستان و هوشیاربوونەوە لەبەردەم پێشهاتە نەخوازراوەکاندا. دیارترین شیعرێک لەم مەیدانەدا نوسیبێتی لیریکای (لەخەوهەستا)یە، کە بەبڕوای مارف خەزنەدار ((سرودی وریا بوونەوەو هەڵمەتی ڕاپەڕینی کوردایەتی و بانگدانی خوێندەواری و ڕۆشنبیری بوو لە سییەکانی سەدەی بیستەم لە باشوری کوردستاندا))[2]. لەم ڕووەوە دەڵێت:**

**لەخەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە**

**هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە**

**دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبی بێکەس و مەزڵووم**

**بەگورجی بیبڕن ئەوڕێگە دوورە وا لەبەرتانە[3]**

---

[1]- عەبدوڵڵا ئاگرین، شیعری سیاسی کوردی لەباشوری کوردیتان، لەیەکەم جەنگی گێتییەوە تاڕاپەرینی شەشی ئەیلولی بەر دەرکی سەرای سلێمانی (١٩١٨-١٩٣٠)، چاپی یەکەم، بەبێ ناوی چاپخانە، ١٩٩٦، ل٤٨.

[2]- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، ل٤٨٧.

[3]- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل ١٤٦

ئەم شاعیرە ڕووناکبیرە تەنها لە زەمەنی نووسینەکەدا نەوەستاوەو، وەک شارەزایەک ئەو مێژووە پرشکۆیەی ڕابردوو، بەبیری ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەهێنێتەوەو داوایان لێدەکات چاو لە مێژووی خۆیان بکەن. هەروەکو چۆن لە ڕابردوودا خاوەنی کەسانی تێکۆشەر و شۆڕشگێر بوون و سەرکەوتن و قارەمانیەتیان تۆمار کرد، بەو شێوەیەش ئێستا پێویستە قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵبکەن و دەستبدەنە خەبات، بۆ ئەوەی بە ئازادی بژین. لێرەوە داوایەکی ڕووناکبیرانەو دڵسۆزانە ئاراستەی کۆمەڵگاکەی دەکات و داوایان لێدەکات. هەروا بە ئاسانی دەستهەڵنەگرن لەو خاکە بەپیت و جوانەی، کە جێگەی شانازی باوباپیرانیان بووە. هەروەک دەڵێت:

بەخۆڕای لەدەستی بەرمەدەن ئەم خاکە مەحبووبە

کە تۆزی وەک جەواهیر سورمەوو کوحلی بەسەرتانە

بەسەر خاکا ئەگەر نازیش بکەن حەقتانە کوردینە

تەماشای سێبەری ئەو شاخ و کێوە وا لەسەرتانە[١]

شاعیر لەم پەیامەیدا داوا لە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەکات، لەپێناوی نیشتمان و خاکەکەیاندا، یەکگرتووبن و ئەو سەروەرییەی کە هەیانە دەستی پێوەبگرن و دیارەشاعیر ئەم بیرە ڕووناکبیرانەی بۆ گرنگی و بایەخی نیشتمان و خاک دەگەڕێتەوە. لەبەرئەوە نەبوونی خاک و نیشتمان هۆکاری دواکەوتوویی و ژێردەستەییە سەرەڕای نەبوونی ئازادی، بۆیە شاعیر بە پەیامی زۆرگرنگ داوای پاراستنی خاک و نیشتمانەکەی دەکات لەلایەن ڕۆڵەکانی کۆمەڵگاکەیەوە، کە بە درێژایی مێژوو لە پێناویدا خەباتیان کردووە و خوێنیان ڕشتووە. لێرەدا دیوێکی دیکەی مەبەستی شاعیر ڕووندەبێتەوە، کە دەڵێت: (حەقتانە ناز بەسەر خاکدا بکەن) واتا مەبەستی ئەوەیە کە ئێوەو باوباپیرانی ئێوە لەو پێناوەدا گیانیان بەختکردووە، کەواتە دەبێت ئێوەش بە هەمان ڕێچکەدا بڕۆن و بیپارێزن و هەوڵی پێشخستنی بدەن. لەم مەیدانەدا، وێنەی جوانی ڕازاوەی شاخ و کێوانی وڵات بۆ ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی دەکێشێت. بۆئەوەی زیاتر حەماسەتی شۆڕشگێری و گیانی نیشتمانپەروەری لەنێوان ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیدا بڵاوبکاتەوە.

---

[١]- سەرچاوەی پێشو، ل١٤٦.

ئەحمەد موختار یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە بە بەردەوامی ڕەخنەی لە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا گرتووە بەبێ جیاوازی، واتا لە هەر جێگەیەک کاری دزێو و نامرۆڤانە بووبێت شاعیر لەوێ ئامادەیی هەبووەو ڕەخنەی گرتوەو گۆمەڵگای لێ ئاگادارکردووەتەوە.

**شەشەم: ڕەخنەگرتن لە شاعیران، تاوەکو دوربکەونەوە لە شیعری دڵداری و ڕوو لە بواری ڕووناکبیری بکەن و خەریکی وریاکردنەوەی خەڵک بن:**

شاعیرانی کلاسیکی وەکو (نالی و کوردی و ...) بەشێکی زۆری شیعرەکانیان تەرخانکراوە بۆ مەبەستی عیشق و دڵداری، ئەحمەد موختاریش وەک شاعیرێکی کلاسیک، بەهەمان ڕێچکە کاری کردووە، بەڵام لەکاتی ناخۆشی و کارەسات و مەترسیەکاندا، دەستی لە مەسەلەی عیشق هەڵگرتووە و هەوڵی وریاکردنەوەی کۆمەڵگای داوە، نەک هەرئەمە بگرە ڕەخنەی لە شاعیران گرتووە و بە پەیامێکی ڕووناکبیرانە، پێیان ڕادەگەیەنێت کە واز لە مەسەلەی عیشق و دڵداری بهێنن و هەوڵی چارەسەرکردنی دۆزی نەتەوەیی بدەن.

لادە شاعیر تۆ لە باسی عەشقبازی و سەیری کە

چۆن خەریکن چەن کەسێ ئێستا وەتەن وێران ئەکەن[1]

ئەحمەد موختار، پەیامێکی ڕووناکبیری گرنگ ئاڕاستەی شاعیران دەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە لەوەی، کە چۆن چەند کەسێکی سیاسی وەختە وەتەن بەرەو هەڵدێر و وێران کردن دەبەن. کەچی ئەمانیش سەرقاڵی عیشق و عیشقبازین. لێرەوە ڕووناکبیری شاعیر دەردەکەوێت، کە ئاگاداری هاوکێشە سیاسییەکانە و دەیەوێت بەو ڕووناکبیریەی خۆی بەر بەو لێشاوە خراپەی بەشێک لە سیاسیەکانی ناو دەزگای دەوڵەت بگرێت. کە ڕێگە نەدات وەتەن بەرەو هەڵدێر ببەن. لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

---

[1] دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل ١١٢.

**شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زوڵف و چاو بکەن**

**کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵووزاو بکەن**

**لا بدەن کەم باسی سونبول و یا لقی لاولاو بکەن**

**ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵ سووتاو بکەن**

**زووبەزوو تا ئیش لە دەست دەرنەچوە سا هەوڵێ بدەن[١]**

**شاعیر ڕووی دەمی لە هاوپیشەکانی خۆی دەکات، کە ئەوانیش شاعیرن. پێیان ڕادەگەیەنێت، کە حاڵی میللەت لەبارێکی خراپ و ناهەموار دایە، وەختە بکەوێتە ژێر دەستی داگیرکارییەوە، کەچی ئەمانیش هەر خەریکی یار و خاڵ و پەرچەمی یارن، لێرەوە پەیامێکی ڕووناکبیری بەدیدەکەین ئەویش ئەو خەمخۆری و هۆشمەندییەی شاعیرە، سەبارەت بەو پلان و خراپەکارییەی بەرامبەر بەمیللەتەکەی لە ئارادایە. هەر ئەمەشە ئەرکی شاعیری ڕووناکبیرو شیعر،. شاعیر دەیەوێت بە لێهاتوویی و ڕووناکبیری خۆی چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، بۆئەوەی میللەتەکەی بە سەربەستی بژیت. ئەحمەد موختار دەڵێت:**

**ئێوە تەعریفی مەی و پیاڵە و گوڵ و سەهبا ئەکەن**

**دائیما هەر باسی لەنجە و قامەتی ڕەعنا ئەکەن**

**سەرخۆشی خۆشە، وەیا سەربەستی؟ بۆچی وا ئەکەن**

**تاکو کەی ئێوە قسەی وا پووچ و بێ مەعنا ئەکەن**

**زوو بە زوو تا ئیش لە دەست دەرنەچووە سا هەوڵێ بدەن[٢]**

**دیسانەوە پەیامێکی ڕووناکبیرانەو ژیرانە ئاڕاستەی شاعیران دەکات لەڕێگەی پرسیارێکەوە کە ئەویش دەڵێت ئایا سەربەستی باشە یاخود سەرخۆشی؟ بێگومان وەڵامی کەسی ڕووناکبیر سەربەستییە بۆیە شاعیر پرسیارێکی لەو شێوەیە دەهێنێتە گۆڕێ، لە**

---

**[١]- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل ١٠٦.**

**[٢]- سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٦.**

لایەکی دیکەوە هەموو ئەو هۆنراوانەی ئەوان لەم کاتانەدا کە کاتی خەبات تێکۆشانە بە قسەی پڕوپوچ ناوزەند دەکات، وەک خۆی دەڵێت: (واز لەمەسەلەی لاوەکی بهێنن کە مەسەلەی عیشق و دڵدارییە و بێنە سەر مەسەلەی سەربەستی و تێکۆشان). ئەمەیە ڕووناکبیری ئەحمەد موختار لەبەرئەوەی کەسی ڕووناکبیر بە ژێردەستەیی ڕازی نییە و هەمیشەش لە هەوڵ و گەڕاندایە، بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ کێشەکانی سەردەم. زۆر جاریش لەڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە ئەم کارە دەکرێت، کە ئەمەش خاڵێکی گرنگی بزوتنەوەی ڕووناکبیرییە،

شاعیر بە بەردەوامی ڕەخنەی لە دیاردە و ڕەفتارە نامرۆڤانەکانی کۆمەڵگاکەی گرتووە. کۆمەڵگای لەو تاکە هەلپەرەست و ناهوشیارانەی ئاگاداردەکاتەوە. لەبەرئەوەی خۆی ئەزموونی ئەو جۆرە کەسانەی کردووە. واتە لە ڕێگەی ڕووناکبیری و هزر کراوەییەوە دەستیکردووە بەڕەخنەگرتن. تەنانەت بە سەرسوڕمانەوە لەو جۆرە کەسانە دەڕوانێت و دەڵێت:

خەڵقە بەعزێ کەس لە ئینسانی چیبیان دیوە زەرەر

وا هەمیشە مەشقی وەحشی و پەیڕەوی حەیوان ئەکەن[1]

ئاشکرایە کە کەسی ڕووناکبیر و پێشکەوتووخواز، هەمیشە هەوڵی باشکردنی ڕەوشی کۆمەڵگاکەیان دەدەن و، وەکو مرۆڤ مامەڵە دەکەن. ئەحمەد موختار، بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت: (چ شتێک هەیە مرۆڤ، مرۆڤ بوونی خۆی لە دەست بدات؟ و وەک وەحشی و ئاژەڵ ڕەفتار دەکەن)، بەو جۆرە تەماشا کردنی مرۆڤی نەزان و هەلپەرست تەنیا کاری ڕووناکبیرانەیە لەم چوار چێوەیەوە دەکرێت ئەوە بگوترێت کە ئەحمەد موختار شاعیرێکی ڕووناکبیر و هزر کراوە و داهێنەر بووە.

ڕەخنەگرتن لە کەسانی نەزان و هەلپەرەست، سیمایەکی دیاری شیعری ئەحمەد موختار بووە، شاعیر بە هەموو ڕوناکبیری خۆیەوە، بەرهەڵستی کەسانی نەشارەزا و

[1]- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل ١٠٤.

هەلپەرەستی کردووە و داونییەتە بەر تیری ڕەخنەو توانج. دیارە دەبێت ئەم کەسانە ((کاربەدەست و خاوەن دەسەڵات و کەسانی تر و دەرەبەگ و بازرگان و پیاوانی بەردەست و تاقمە جیاوازەکانی ئەو سەردەمەبن، کەلەو کارانەدا هەموویان هاوبەشن و لە بەرژەوەندیدا یەک دەگرنەوە))[١].

## حەوتەم: ڕەخنەگرتن لە کەسایەتیە ئاینیەکان:

ڕەخنەگرتن لە کەسایەتییە ئایینیەکان تایبەتمەندییەکی شیعری شاعیر بووە، شاعیر بە بەردەوامی ڕەخنەی توندی لە شێخ و مەلاو زاهید... هتد گرتووە، بەهۆی ئەو ڕیاو ڕەفتارە نائاینیانەوە کە لە کۆمەڵگادا دەیاننواند، شاعیر کاتێک باسی خوڕەوشتی ناپەسەند و پڕوپوچ و چەوت دەکات، هێرش دەباتە سەر ((ئەوانەی کەلەسەر ئایین دەژمێردرین، واتا ئەو کەسانەی کەخۆیان کردووەتە پیاو و نوێنەری ئاینی، بەڵام لەگەوهەرو بنچینە ڕاستیەکەی ئاین لایان داوەو دەستیان کردووە بەفڕوفێڵ و قۆڵبڕین و تەڵەکەبازی و لە خشتەبردنی خەڵک و لەژێر ئەو پەردەیەداو، هەروەها بەچەوتیش مەسەلە ئاینییەکەیان بەخەڵک گەیاندووە))[٢]، بۆیە هێرشی توند دەکاتە سەر زاهیدان و ڕەخنەیان لێدەگرێت، بەهۆی ئەو ڕیا و فرتوفێڵەیانەوە. دیارە لە کۆمەڵگای کوردیدا، لە سەردەمی ژیانی ئەحمەد موختاردا، کۆمەڵگا دابەشکرابوو بەسەر چەند چینێکدا، کە دیارترینیان چینی مەلاو شێخ و سۆفی و خەڵکانی ئاسایی و کاربەدەستان بوون. بە بەردەوامی ململانێی ئەم دوو چینانە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەستیان پێدەکرا، ((شێخەکان بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان و مانەوەیان وەک یەکەیەکی سەربەخۆ و نەتوانەوەیان لە بۆتەی کۆمەڵ و چین و توێژەکانی تردا، پەیوەندی خزمایەتی و خێزان درووستکردنیان تەنیا لەنێو خۆیاندا بوو، ئەمەش وای لێکردن وەک چینێکی کۆمەڵایەتی

---

[١]- عەبدالکیم حەمید عەبدولکەریم، ئەحمەد موختار بەگی جاف (شاعیر و مرۆڤ) -، کۆمپیوتەرو چاپی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ، ل١٥٨.

[٢]- سەرچاوەی پێشو، ل١٥٦.

سەربەخۆ و جیاواز لە چینەکانی تر دەربکەون))[1]، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی بۆ بە دەستهێنانی دەسکەوتی ماددی و مەعنەوی بووە، کە ((بەشێکیان توانیویانە سودێکی باشی لێوەربگرن))[2]، بۆیە شاعیر، هەمیشە ڕەخنەی کردبوو بە ئامرازی دەستی بۆ بەربەرەکانی کردنی ئەو چینەی کۆمەڵگا، بەمەبەستی هوشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوە،

ئەحمەد موختار جاف بە تیشکێکی ڕووناکبیرانەوە، ڕەخنەی ئاراستەی چینی مەلاو شێخەکان و سۆفی دەکات و، پێی وایە کە ئەمانە سەرچاوەی نەهامەتی و بڵاوبوونەوەی فرت و فێڵ و دواکەوتنی کۆمەڵگان، بۆیە بە بەردەوامی ڕووی دەمی لەوانەو، هەوڵیداوە خەڵکی لەکارە دزێو و ناشارستانیەکانیان هوشیاربکاتەوە، کە لە سەرچاوەی دینەڕاستییەکەیان لایانداوە و خەریکی فریودانی خەڵکین بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێک ئامانجی تایبەتی خۆیان شاعیر ((بەشێوەیەکی کۆمیدیانە باسیان دەکات و وێنەی کاریکاتێریان دەکێشێت))[3]، وەکو دەڵێت:

وشکە سۆفی هاتبوو ئەیووت بەهەشت هەر بۆ منە

ریشی خۆی جووڵان وەکو سابرێن کە شەو کاوێژ ئەکا[4]

دەڵێت:

زاهید وەرە ناو بەزمی حەریفانی خەرابات

لادە لە ڕیا سەرزەنشتی قۆڕ و خەرافات[5]

---

[1]- یوسف ئەحمەد محەمەد، شیعری کوردی لەژێر چەمکی ڕیالیزمدا(١٩٠٠-١٩٥٠)، ل٩٢.

[2] - مارتن فان برونە سن، و. کوردۆ عەلی، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، بەرگی دووەم، لەبڵاو کراوەکانی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٠٥.

[3]- عەبدالکیم حەمید عەبدولکەریم، ئەحمەد موختار بەگی جاف (شاعیر و مرۆڤ)، ل١٥٦.

[4]- دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف، ل٥٥.

[5]- سەرچاوەی پێشو، ل٦٣.

شاعیر وەک شارەزایەک لە بوارە ئایینییەکاندا، بە باشی لە ناوەڕۆکی دەقە ئایینیەکان تێگەیشتووە. ئەمەش بەهۆی ئەو ژێرخانە مەعریفیەی کە هەیبووە. سەبارەت بە ئاین، دیارە ڕێگە بە هیچ جۆرە پرنسیپێک نادات. نزیک بێت لەو هەڵسوکەوتانەی کە کەسایەتییە ئاینیەکان بانگەشەی بۆ دەکەن و خەڵکی فریو دەدەن. شاعیر بە بیری ڕووناک و لێهاتووی خۆی ڕەخنەی توندیان ئاراستەدەکات و کردەوەو هەڵسوکەوتەکانیان بە ڕیاو درۆو دەلەسە وێنادەکات و، لەپێشچاوی خەڵکی ڕیسوایان دەکات، بۆ ئەوەی خەڵکی فریو نەخۆن بەو گریان و پاڕانەوەیان. هەروەکو دەڵێت:

گریانی درۆی سۆفی یو لێهاتنی حاڵی

دەروێش بەفیدای زەمزەمەیی نەعرەتی مەستان[1]

ئەحمەد موختار بەپەیامێکی ژیرانەو بە بیرێکی ڕووناکەوە، وەک ڕووناکبیرێک، داوا لە خەڵکی دەکات بەوجۆرە گریان و حاڵ لێهاتنەی سۆفیەکان، هەڵنەخەڵەتێن و، باوەڕیان پێنەکەن. بەئامۆژگارییە خوار و خێچەکانیان هەڵنەخەڵەتێن. بۆیە بێزاری و بێتاقەتی شاعیریش بۆ ئەو ڕەفتارە درۆینانەی ئەم کەسایەتییە بەناو ئیسلامانە دەگەڕێتەوە. هەروەک خۆی ئاماژەی بۆ کردووە.

ئەحمەد دڵی بێزارە لە ئەتواری ڕیا کار

ساقی قەدەحێ تێکە بە ئاهەنگ و مەقامات[2]

## هەشتەم: گرنگیدان بە گوتاری نەتەوەیی و بەگەشبینینەوە ڕوانینە ئایندە:

شاعیر و ڕووناکبیر بە بەردەوامی ((تێڕوانینەکانیان وەکو گوتار گەڵاڵە دەکەن و نەک تەنها وەک هەوڵێک بۆ وێناکردنی داهاتوو))[3]. ئەحمەد موختاری شاعیر

---

[1]- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل٩٦.

[2]- سەرچاوەی پێشو، ل٦٣.

[3] - Richrd A. posner: public lntellectuals Study of Decline, p129,135.

به بەردەوامی گرنگی بە ڕێکخستنی گوتاری نەتەوەیی داوە و هەمیشە بە چاوی گەشبینانەوە لە ئایندەی نەتەوەی ڕوانیوە. مامۆستا (هێمن)ی شاعیر بە گەشبینییەوە سەیری ڕوانین و هەنگاونانەکانی شاعیری کردووە و پێی وابووە، ئەگەر ((هەوڵ بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی ئەحمەد موختار بدریت، یان درێژە بە ڕێباز و ئایدیاکەی بدرێت، ئەوا کورد ئەگاتە ئەو مەبەستەی کە خۆی دەیەوێت))[1]، شاعیرانی ڕووناکبیر، هەرگیز هیوابڕاو نەبوون و بەچاوی گەشبینیەوە لەپاش هەرشکست و شۆڕشێکەوە، دەیانڕوانیە ئایندەی وڵات. ئەحمەد موختار وەک ڕووناکبیرێک لەسەر ئەم مەسەلەیە وەستاوەو، و باوەڕی وایە ئەگەرچی کورد ئەمڕۆ ژێردەستەیە، بەڵام ڕۆژێک دێت ئەم ژێردەستەییە نامێنێت و ڕۆڵەکانی یەکدەگرن و تێدەکۆشن. هەروەک دەڵێت:

ئەمڕۆ باوا بێ بەڵام ڕۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد

دێنەوە مەیدان بەعیلم و سەنعەت و عیرفانەوە

نەوجەوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە

هەر لە کرماشان هەتا ورمێ و سنە و بۆکانەوە[2]

دیارە تایبەتمەندییەکی شاعیرانی ڕووناکبیر ئومێد نەبڕاوبوون و هەبوونی دنیابینیەکی فراوان. بە بەردەوامی لەبەرامبەر پێشهاتە نەخوازراو نالەبارەکاندا، ئەحمەد موختار بە بیری وردو فراوانی وێنەی ئەو بارە ناهەموار و ناخۆشەی سەردەمەکەی خۆیمان بۆ دەکێشێت کە سەردەمێکی ناخۆش بووە. بەهۆی ئەو داگیرکاری و شەڕو شۆڕەی کەلە کوردستاندا هەبووە، بەڵام شاعیر بە ئومێدەوە دەڕوانێتە هەوڵ و خەباتی نەوجەوانانی نەتەوەکەی و چاوەڕوانی یەکگرتن و بە دەستهێنانی زانست و داهێنانیان لێدەکات، لە هەمانکاتدا چاوەڕوانی بوژاندنەوەی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان دەکات، شاعیر هیچ کات نەسرەوتووە و بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەی بیری ڕووناکبیرانەی خۆی، ئەمەش هەوڵێکی ڕوناکبیرانەی شاعیرانمان بووە لەوسەردەمەدا.

---

[1]- لوقمان ڕەوف، ئەدەب و ڕەخنەی نوێ(سەرەتایەک بۆ ڕەخنەی ئەکادیمی)، چاپخانەی بینایی، ٢٠١١، ل ٩٩.

[2]- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل١٣٤.

جیاوازی ئەحمەد موختار لەگەڵ شاعیرانی دیکەدا ئەوە بووە هەمیشە باسی لە یەکگرتن کردووە بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان و لەم پێناوەشدا هەوڵی بەردەوامی داوە. هەروەک خۆی دەڵێت:

کوردم و بۆ کوردی(ئەحمەد) سەعی ئەکەم تا بەم زووە

ئیتتیحادی کوردی خۆمان و سنەو بۆکان ئەکەم[1]

**نۆیەم: بیرکردنەوە لە بوژاندنەوەی وڵات و نیشتمان کردنە سەیرانگا:**

شاعیر بەردەوام لە خەمی ئاوەدانکردنەوەی خاک و وڵاتەکەیدا بووە. هەوڵی بۆ دەستنیشان کەموکورتیەکانی داوە. چارەسەریشی بۆ ناتەواوییەکانی داناوە، لە هەمانکاتدا داوای لە کۆمەڵانی خەڵکی کردووە تاوەکو بیپارێزن و ئاوەدانی بکەنەوە. لەم ڕووەوە دەڵێت:

پاش قرانی مودەعی، دەست پێ ئەکەن تەعمیری موڵک

ڕێگەی ئاسن ئەچێتە شاخی هەورامانەوە

کێو و کەژ گشتی ئەبێتە باغ و جادە و قەیسەری

بۆ تەماشای دەستە دەستە دێن لە ئینگلستانەوە[2]

ئەم شاعیرە، ڕووناکبیرە تەنها لە زەمەنی ڕابردوو و ئێستادا ناوەستێت، بەڵکو وردبینانەو دوربینانەو گەشبینانە بۆ بارودۆخی دوای یەکگرتن و ڕزگارکردنی نەتەوەکەی لە دەستی دواکەوتوویی و داگیرکەران و نەیارەکانی دەڕوانێت. پێی وایە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەست دەکەنە ئاوەدانکردنەوەی وڵات و بە ئەندازەیەک جوان و نۆژەنی دەکەنەوە، کە لەوڵاتانی دونیاوە خەڵکی بۆ گەشت و بینینی وڵات دێن.

---

[1]- سەرچاوەی پێشو، ل٨٨.

[2]- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل١٣٥.

له جێگەیەکی دیکەدا، حاڵی ناخۆشی و گریانی خۆی بۆ شاعیر و خەڵکی ڕووندەکاتەوە و دەڵێت:

حەقمە من شەو تا بەیانی ئارەزووی گریانمە

شێت نەبووم وا دایما هەر مەیلی قوڕ پێوانمە

ڕۆڵە مردوو نیم بزانن شیوەنی کوردانمە

بێت و تەحلیلی بکەن دیجلەش قنگاوی وانمە

زووبەزوو تا ئیش لەدەس دەرنەچوە سا هەوڵێ بدەن[١]

ئەم شاعیرە ڕووناکبیر، لەناو پلە و پۆستی حکومیدا بووە. لەپلانەکان و کێشەکان ئاگاداربووە. هەمیشە مەترسییەکانی لەبەرچاو بوون و هەوڵیداوە خەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە، بە زمانێکی ڕووناکبیرانەو هزرمەندانە، ویستوویەتی پێیان ڕابگەیەنێت، کە ئەو گریان و شیوەنەی بۆ خەڵکی کوردستانە، نەک بۆ شتێکی تایبەت بەخۆی. ڕوو لە خەڵک و شاعیران دەکات و دەڵێ، ئەگەر شیکردنەوە بۆ دیجلە بکەن ڕەنگە وەک فرمێسکەکانی من بێت، شاعیر هەمیشە هەوڵی ڕوونکردنەوەی کێشەکانی داوە، کە ئەمیش خەسڵەتێکی ڕووناکبیرانەیە، هەمیشەش بێ ئومێد نەبووە، بۆیە دەڵێت ئێستاش هەل ماوە، ئەو هەلەش لەدەست مەدەن، کە ئەمەش لایەنێکی دیکەیە لە تایبەتمەندییەکانی ڕووناکبیر کە هیوا بڕاو نەبیت. ئەم خەسڵەتەش لە شیعرەکانی ئەحمەد موختاردا بە ڕوون و ئاشکرایی بەدی دەکرێت.

وەک قەڵاییکی تەبیعی وایە شاخ و داخمان

قەت لەبن نایە بە خواردن میوەی ناوباخمان

جەننەتن شاری سلێمانی و سنەو سابڵاخمان

---

[١]- سەرچاوەی پێشو ل ١٠٧.

ئیتتیفاقێ با بکەین لابدەین لە دڵدا داخمان

زوو بەزوو تا ئیش لە دەس دەرنەچووە سا هەوڵێ بدەن[١]

ئەحمەد موختار جاف وەک ڕووناکبیرێکی هاوچەرخ و بیریارێکی گەورە خۆی نواندووە. ئەمەش بەهۆی ئەو شارەزایی و ئەزموونەی بووە، کە تەواوی بنەماڵەکەیان کەسایەتی دیار و نیشتمانپەروەری نەتەوەی کورد بوو، کەم بوار هەیە شاعیر وەک ڕووناکبیرێک پەی پێ نەبردبێت و لەهەمانکاتیشدا خەڵکی لێ هۆشیار نەکردبێتەوە. ئەوەی لێرەدا دەرکەوێت، شاعیر گرنگی بە پیت و بەرەکەتی خاکی کوردستان داوەو هەوڵیشی داوە وا لەخەڵکی بکات کە نیشتمانەکەیان بپارێزن و خۆشیان بوێت. ئەمەیە شیعری پەیامدار و شاعیری ڕووناکبیر. لەم سۆنگەیەوە دەکرێت، ئەحمەد موختار بە شاعیرێکی ڕووناکبیر و لێهاتووی نەتەوەکەمان ناوزەند بکەین، کە ناوەڕۆکی شیعرەکانی هاوچەرخێتی پێوە دیارە و هەڵگری پەیامی ڕووناکبیرانەیە.

[١]- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، ل١٠٧.

# ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتووین بە چەند دەرئەنجامێک کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١- بزوتنەوەی ڕووناکبیری بزوتنەوەیەکی پڕپایەخ و گشتگیر و هەمەلایەن بوو، بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، سیاسی ، ئاینی، کلتوری، ئەدەبی... هتد) گرتەوە.

٢- بزوتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەوروپادا، لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمەوە سەریهەڵدا و لە سەدەی هەژدەهەمدا گەیشتە لوتکەی گەشەسەندنی. ئەم بزوتنەوەیە لە ئەوروپا دەستی پێکرد، لە ڕێگەی تورک و فارس و عەرەبەوە، پەیامی ئەم بزووتنەوە ڕووناکبیریە گەیشتە نەتەوەی کورد، کە ئەمەش بەشێکی هەرە زۆری لەڕێگەی شاعیرانی ڕووناکبیری کوردەوە بووە.

٣- لە کۆمەڵگای کوردیدا بەهۆکاری سیاسی و جوگرافی و داگیرکاری و نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆ و سەرەڕای نەبوونی دەزگا و ناوەندی زانستی و درەنگ دەرکەوتنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان وایکرد، کە شیعر ببێتە بەدیلی ئەو دامەزراوانە و ڕۆڵێکی مێژووی بگێڕێت لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگادا، بەپەیامداریتی کاریگەرییەکی باشی کردەسەر کۆمەڵگا و تاڕادەیەکی بەرچاو توانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا بکات، هەرئەمەش وایکرد لەڕێگەی دەقە شیعریەکانەوە هەوڵی دەست نیشانکردنی قۆناغەکانی مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردی بدەین.

٤- مێژووی بزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (ئەحمەدی خانی) ئەمەش لەو هەوڵە ڕووناکبیریانەی کەلە (مەم و زین)دا بەدی دەکەین، دواتریش کە قۆناغێکی نوێ دەست پێدەکات کە چەند شاعیرێکی دیکە پێشڕەوییان کردووە ،دیارترینیان حاجی قادری کۆییە و پاشانیش لە دوا قۆناغی ئەم ڕەوتەدا، بەهۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک فاکتەری گۆڕانکارییەوە دیسانەوە چەند شاعیرێک لە ڕێگەی پەیامی شیعری خۆیانەوە برەویان بەم بزوتنەوەیەدا، لەوانە شاعیران (پیرەمێرد و بێکەس و زێوەر و قانع و حەمدی و ئەسیری و ئەحمەد موختار جاف و دڵدار و ...هتد)، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەم مەیدانەدا.

٥- شاعیران توانیان بەشێکی کەم لەو کەلێنەی کە لەبواری ڕووناکبیریدا هەبووە، پڕی بکەنەوەو کاریگەریەکی بەرچاو لەسەر کۆمەڵگا دابنێن و بیرو هۆشی کۆمەڵگا بورژێنن و تاکەکانی کۆمەڵگا بەرپرسیار بکەن لە بەرامبەر هەموو پێشهاتەکانی پەیوەندیدار بە خوێندەواری و بەرژەوەندی نەتەوەی کوردەوە.

٦- بزوتنەوەی ڕووناکبیری لەناو کورد و شاعیرانیش وەک ڕابەر و دەستەبژێری ئەو ڕەوتە ڕووناکبیریە، بەهەوڵ و کۆششی تاکەکەسی هاتە بەرهەم و هەر بەو شێوەیەش درێژەیان بەخەباتی ڕووناکبیری داوەو نەبوەتە کۆدەنگی و پێکەوە کارکردن لە شێوەی ڕێکخراوێکدا، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئەم بزووتنەوەیەی کە شاعیرانی کورد هەڵگری مەشخەلەکەی بوون نەیتوانیبێت کاریگەریەکی بنەڕەتی لەبوارە جیاوازەکانی زانست و خوێندن و کلتوری و کۆمەڵایەتی و ئاینی نیشتمانی و نەتەوەیی و ڕەخنەیی و فەرهەنگیدا دابنێت، توانیان هەڵوێستێک بۆ ئەو ڕۆژگارە و ئایندە تۆمار بکەن.

٧- هەردوو شاعیر ئەسیری و ئەحمەد موختار جاف لەشاعیرە ڕوناکبیرەکانی میللەتی کوردن، بە شاعیرانی نەتەوەیی و نیشتمانی ناوبانگیان دەرکردووە، گرنگییەکی زۆریان بەبواری خوێندن و زانست و خوێندەواری داوە، بەبەردەوامی ڕەخنەی توندیان لە مرۆڤی هەلپەرەست و بەرژەوەندیخواز گرتووە، بە بەردەوامی میللەتیان لە سیاسەتی هەرێمی و جیهانی ئاگادارکردووەتەوە، بەچاوی ڕەخنەوە ڕوانیویانەتە دروشمەکانی ئازادی و دادپەروەری، ئەم دوو شاعیرە ڕووناکبیرە ناوەڕۆکی شیعرەکانیان هەڵگری پەیامێکی قوڵی ڕووناکبیری و نەتەوەیی و نیشتمانی بووە، بەچاوی ئومێدەوە ڕوانیویانەتە ئاسۆی گەشی نەتەوەکەمان.

٨- ئەحمەد موختار جاف هەرچەندە لەبنەماڵەیەکی خانەدان و بەگزادە بوو. بەڵام بەهۆی ئاستی ڕووناکبیری و خوێندەوارییەوە، ئاسۆی فیکری فراوانبووە و ناوەڕۆکی شیعرەکانی هەڵگری پەیامێکی ڕووناکبیری هاوچەرخ بووە. بەردەوام ئەو پەیامە ڕووناکبیریەی ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵگاکەی کردووە، بۆئەوەی لەنەهامەتی و ژێردەستەیی ڕزگاریان بێت.

٩- ئەسیری شاعیر لەبنەماڵەیەکی شێخ و خانەدان و خاوەن تەکییەبوو. ماوەیەک لەئەستەمبۆڵ ژیاوە. ئاگاداری پێشکەوتنەکانی تورکیا و ڕۆژئاوابووە، ئەو پێشکەوتنانە کاریکردووەتە سەری و ئاسۆی هزر و بیرکردنەوەی گۆڕیوە، کاتێک گەڕاوەتەوە کوردستان هەرچی شیعری دڵداری و خۆشەویستی هەبووە سوتاندوویەتی و دەستی داوەتە شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی، هەوڵیداوە بەهۆی ئەو زانیاریانەی کە هەیبووە و وەریگرتووە. میللەتەکەی پێ هۆشیار و ڕووناکبیر بکاتەوە.

# سەرچاوەکان


**قورئانی پیرۆز**

**ئینجیلی پیرۆز**

## یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان

### کتێبەکان

١- ئازاد عبدالواحید کریم، ڕەنگاڵەکانی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک، ٢٠١١.

٢- ئازاد عەبدلواحید کەریم، نوێگەری لە شیعری کوردیدا (لە ڕووناکبیرییەوە تا ڕوانگەییەکان)، چاپخانەی دەزگای ئاراس- هەلێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.

٣- ئازاد عەبدالواحید کریم، نوێکردنەوە لەشیعری کوردیدا(لە جەنگی جیهانی یەکەم تا ساڵی ١٩٧٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک، ٢٠٠٦.

٤- ئازاد عەبدلواحێد کەریم، سۆسیۆلۆژیای ئەدەب لەڕوانگەی پێوەرە ئاکاری و ئاینیەکانەوە(شیعری کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە بەنمونە، چاپی دووەم، چاپخانەنی کارۆ، کەرکوک، ٢٠١٣.

٥- ئامر طاهر، نیما یوشیج و عەبدالله گۆران نوێکردنەوە و دابڕان، چاپا ئێکێ، چاپخانەیا حەجی هاشم،هەولێر، ٢٠٠٦.

٦- ئاوارە کەمال سالح، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.

٧- ئەبوبکر خۆشناو، لێکچون و جیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای گۆران و نیما یوشیج، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٨.

٨- ئەحمەد تاقانە، تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەدە، هەولێر.

٩- ئەحمەد قەرەنی، شیعری فێرکردن لەئەدەبی کوردیدا لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٠- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەثیری شاعیری نەتەوە خوازی کورد، چاپخانەی ئارابخا-کەرکوک، چاپی دووەم، ٢٠٠٦.
١١- پەروین عەبداللە، ڕەگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکی کوردیدا کرمانجی خوار ١٩٨٠-ڕاپەرین، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
١٢- تاهیر محەمەد علی، ڕوانین لە دەق، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١١.
١٣- تیزڤیتان تۆدۆرف، ڕۆحی ڕۆشنگەری، و. چنور فەتحی، چاپی یەکەم چاپخانەی موکریانی( هەولێر)، ساڵ ٢٠١٠.
١٤- جان ئام دان، سەردەمی ڕۆشنگەری، وەرگێڕانی، محمد وەلی کاکەیی و جیهانگیری غەفاری، چاپی یەکەم" بڵاوکراوەی خانەی چاپ و وبڵاوکردنەوەی چوار چرا، سلێمانی ٢٠٠٨.
١٥- حجی جعفر، چەند ڤەکولین ل دۆر مەم و زینا خانی، چاپا یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٩.
١٦-حسێن عارف، چیرۆکی هونەری کوردی(١٩٢٥-١٩٦٠)، چاپی یەکەم، دارالحریە، بەغدا، ١٩٧٧.
١٧- حەمە نوری عومەر کاکی(د)، شێوازی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوەڕاست ١٩٢٠-١٩٧٠، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠١٢.
١٨- حەمید عەزیز، فەلسەفەی نوێ لە ئەوروپا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەلێر، ٢٠١١ .
١٩- حوسێن غازی کاک امین، نوێکردنەوەی شیعری کوردی (لەساڵی ١٩٣٢ تاکۆتای ١٩٤٩ لەکوردستانی عێراق، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢٠- د.دڵشاد علی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ١٩٩٨ .
٢١- د. دڵشاد عەلی، دیلان و تاڤیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی ،٢٠٠٧،
٢٢-ڕامین جەهانبەگلو، مۆدێرنەکان، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٢٣- ڕەحیم سابیر، ئامادەکردن و وەرگێڕان، مێژووی فەلسەفە، لەمیکیاڤیللی یەوە تا کارل مارکس، فەیلەسوفانی سەردەمی هاوچەرخ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، شوێنی چاپی لەسەر نییە، چاپی یەکەم، ٢٠١٥.

٢٤-ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، مطبعة التعليم العالی، اربیل، ١٩٨٨.
٢٥-ڕۆی پۆرتەر، پێشەکییەک بۆ ڕۆشنگەری،و:ڕێبین هەردی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،چاپی یەکەم،کوردستان –سلێمانی ،ساڵ ٢٠١٦.
٢٦- سامان حوسێن ئەحمەد، ڕەهەندەکانی ڕیفۆرمی ئاینی لە ئەوروپا، چاپخانەی حەمدی، چاپی سێیەم، ٢٠١٧، سلێمانی.
٢٧- سیدنی دارک، مێژووی ڕێنسانس، وەرگێڕانی : ئەبوبکر خۆشناو، چ١، چاپخانەی داناز،٢٠٠٢.
٢٨- طاهیرمحمد علی، قانع ژیان و بەرهەمی،(لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە) چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.
٢٩-عبدالقادر محەمەد ئەمین، وێنەی شیعری لەڕێبازی ڕۆمانسی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢
٣٠-عبدالقادر حمە أمین محمد (د)، ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەوروپی - کوردی، چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەکەم، سلێمانی ، ٢٠١٢.
٣١-عەبدالکریم حەمید عەبدالکریم، ئەحمەد موختار بەگی بجاف(شاعیر و مرۆڤ)، چاپی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠، ل٤٤.
٣٢-عەبداللە ئاگری، شیعری سیاسی کوردی لەباشووری کوردستان، لەیەکەم جەنگی گێتییەوە تا ڕاپەرینی شەشەی ئەیلول بەردەرکی سەراس سلێمانی ١٩١٨-١٩٤٩، چاپی یەکەم، ١٩٩٦.
٣٣-عەبدوڵلا ڕەحمان عەولا، شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا( باشوری کوردستان ١٩٢٥- ١٩٦١)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.
٣٤-عەلاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٧١، ل٥٤٥.
٣٥- عەلی باپیر، سۆزی نەتەوایەتی، چاپخانەی شەهیدانی گردی ڕەمکان، ١٩٨٩.
٣٦- عومەر مەعروف بەرزنجی، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٦.
٣٧- عوسمان ئاشقرا، کورتەیەک لە هزری ڕۆشنگەری، وەرگێڕان: ئەحمەد فاتح محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٢.

٣٨- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، شیعری کوردی و ژیان و بەرهەمی شاعیرانی، بەشی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٨٠،
٣٩-عیزەدین مستەفا ڕەسول، ئەحمەدی خانی شاعیرو بیرمەند، فەیلەسوف و سۆفی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٤٠- عەبدوڵا خدر مەولود، لێکۆڵینەوەیەک لە شیعری حەمدی، چاپخانە بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤.
٤١- د. فازیل مەجید مەحمود، سروشت لە شیعری گۆران دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.
٤٢- فەرهاد پیربال، عەبدالرەحیم ڕەحمی هەکاری – تازەکردنەوەی شیعری کوردی و داهێنانی شانۆ نامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، دەزگەها سپێرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆک، ٢٠٠٢.
٤٣-فؤاد حسین احمد، ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٩٠.
٤٤- فەرهاد پیربال، شیعری نوێی کوردی ( ١٨٩٨-٩٥٨)، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای (کوردستان)، هەولێر، ٢٠٠٥.
٤٥- فەرهاد قادر کریم(د)، بنیاتی وێنە لەشیعرەکانی حەمدی دا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.
٤٦- فەهمی شوکری عەبدوڵلا(د)، نەتەوەو دەوڵەت و ئایین لە هزری ئەحمەدی خانی(١٦٥٠-١٧٠٧)دا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٠ .
٤٧-کمال مەزهەر ئەحمەد، رینسانس، وەرگێران فوئاد میسری، چاپخانەی الحوادث بەغداد، ١٩٨٤.
٤٨-کمال مەزهەر، ئافرەت لەمێژوودا، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨١.
٤٩-کەریم دەشتی، ئەدەب و فەلسەفە،چاپخانە: شەهاب، چاپی دووەم، هەولێر/ کوردستان، ٢٠١٣.
٥٠- کەریم شارەزا و جەبار جەباری، ئەسیری شاعیرێکی شۆڕشگێری قۆناغی دوای حاجی قادری کۆییە، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، ١٩٧٤.
٥١-کەیوان ئازاد، ئەوروپا لە هەردوو سەردەمی بووژانەوە و ڕۆشنگەریدا، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٥٢-کوردستان موکریانی، هۆنراوەی ئافرەتی کورد، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٨٠.
٥٣-کۆمەڵێک نوسەر،ڕۆشنگەریی سەرددەمی عەقڵانیەت، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧.
٥٤-کۆمەڵێک نووسەر، ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧.
٥٥-لوقمان ڕەوف، ئەدەب و ڕەخنەی نوێ سەرەتایەک بۆ ڕەخنەی ئەکادیمی، چاپخانەی بینای، سلێمانی، ٢٠١١ .
٥٦- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، ساڵ١٩٤٥-١٩٧٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.
٥٧-مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولیر، ٢٠١٠.
٥٨- محمد فازیل مستەفا، دەنگی پیرەمێرد لەبزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.
٥٩-محمدی مەلا کریم، خەباتی شیعری کوردی لەپێناو ئافرەتاندا، گۆڤاری بەیان، ژمارە ٢٥مایسی ١٩٧٠.
٦٠- محەمەد محەمەد سالح، و/ لەعەرەبییەوە : مستەفا سەعید عەلی، مێژووی ئەوروپا لەسەردەمی ڕێنسانسەوە تاوەکو شۆڕشی فەرەنسا (١٥٠٠-١٧٨٩)، چاپ و بلاو کردنەوەی: چوار چرا، ٢٠١٢.
٦١-محەمەد ئەحمەد سەعید(کەساس جەباری)، کەرکوک و بزاڤی شیعری کوردی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٦٢- محەمەد ئەحمەد سەعید(کەساس جەباری)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی، ٢٠١٥.
٦٣- محەمەد ئەحمەد سەعید ( کەساس جەباری)، شیکاری دەق، چاپخانەی تەژنە، ٢٠١٦.
٦٤-مەریوان وریا قانع، دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و ڕۆشنگەری. چاپ و بڵاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٢.

٦٥- نەسرین ڕەئووف، ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا(١٩٢٠-١٩٥٨)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠.
٦٦- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ساڵ ٢٠١١.
٦٧- نوخشە عەبداللە، ڕۆڵی ژن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی باشوری کوردستاندا (١٩١٨-١٩٤٥)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٦٨- هاشم ساڵح، فەلسەفە. ڕۆشنگەری. فێندەمێنتالیزم، و: شوان ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ،چاپی دووەم ، ٢٠٠٧.
٦٩- هاشم ساڵح، شەڕی ڕۆشنگەرەکان و فێدەمێنتالیستەکان لە ئەوروپا، وەرگێڕان: شوان ئەحمەد، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٧.
٧٠-هاشم ساڵح، فیکری ڕۆژئاوا، و: شوان ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم،سلێمانی –کوردستان، ساڵی ٢٠٠٦.
٧١-هاشم صالح، ڕۆشنگەری، وەرگێڕان: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٧.
٧٢- هاشم صاڵح، لەمۆدێرنەوە بۆ جیهانگیری(گەشتێک بەناو هزری ڕۆژئاوایی و کاری گەریەکانی لە هزری عەرەبیدا)، و:عیرفان ئەحمەد،ئەرسەلان ئێناخ، چاپخانەی گەنج، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی،هەڵەبجەی شەهید،سلێمانی، ٢٠١٢.
٧٣- هیمداد حسین، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چابخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵ ٢٠٠٧،
٧٤-هیوا عزیز، سەعید، ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی. ن. ک)، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٣.
٧٥-هەڤاڵ ئەبوبکر، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە شیعری کوردیدا،چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٠.
٧٦- یادگار ڕەسوڵ باڵەکی، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی، ١٨٩٨-١٩٣٢، چاپا ئێ، چاپخانا وەزارەتا پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

## نامەی زانکۆیی


٧٧-   ئارام محمد قادر، ڕۆڵی شیعر لە بزافی ڕۆشنگەریی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠.

٧٨-   عادل مەجید محەمەد گەرمیانی، وێنەی بابەتی لە هۆنراوەی گۆران و سەیابدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی ئیبن ڕوشد، ٢٠٠٠.

٧٩-   محەمەد ئەمین محەمەد نوری ئەمین، شەقڵی نوێ خوازی لە شیعری کوردی و فارسی سەدەی بیستەمدا (١٩٠٠-١٩٧٥)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤.

٨٠-نەورۆز فاروق ئەحمەد، گۆران و کاریگەری ئەدەبی بێگانە، نامەی ماستەر زانکۆی سەلاحەدین کۆلێجی بەروەردە و زانستە مرۆڤایەتیەکان، ٢٠٠١.

٨١-هێرۆ عەبدولەتیف یونس مەحمود، دڵدار و نوێکردنەوەی شیعری کوردی، کۆلێجی زمان، نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی،٢٠٠٨.

٨٢-   یوسف ئەحمەد محمد، شیعری کوردی لەژێر چەمکی ڕیالیزمدا(١٩٠٠-١٩٥٠)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، سلێمانی، ٢٠١٤.


## فەرهەنگ


٨٣-   محمد چیا، فەرهەنگی فەلسەفی، چاپی سێیەم، چاپخانەی: مەهارت-تاران، ٢٠٠٥.


## گۆڤارەکان


٨٤-ئاسۆ عومەر مستەفا، خوێندن و زانست لە شیعری کوردیدا(کرمانجی خواروو١٨١٦-١٩٧٠)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ساڵی چوارەم ژمارە(١٣)، کانونی یەکەمی (٢٠١٧).

٨٥-ئاوات محەمەد، ئاستەنگییەکانی ڕۆشنگەری لەناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێمەدا، گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژمارە ١٢،ساڵ ٢٠٠٣.

٨٦- ئیزاک کارمینک، بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕۆشنگەری، و. ئاوات ئەحمەد، گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژمارە ١٥.

٨٧- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، ڕۆمانسیەتی هەردی و کۆمەڵەی ئەپۆلۆ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B ، ژمارە ١٦، کانونی یەکەمی ٢٠٠٥ .

٨٨- عومەر سەرگەتی، دەربارەی ڕۆشنگەری، گۆڤاری ڕوانگە و ڕەخنە،ژ. (٤،٥)، سلێمانی، ساڵی دووەم هاوین و پایزی (٢٠٠١).

٨٩- عەبدالرزاق بیمار، دانشتنێک لەگەل گۆراندا، گۆڤاری بەیان، ژمارە(٢)، بەغدا، شوباتی ١٩٧٠.

٩٠-عەبدالله زەنگەنە، ژین سەردەمی سەرەتای ڕاچەنینەکانی کورد، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە ٦-٧، هەولێر، زستانی ٢٠٠١.

٩١-کەمال میراودەلی، گۆڤاری نوسەری کورد، ژمارە ٩، ١٩٧٣.

٩٢- لهۆن قادر، وەک چەشنێک لەڕۆشنبیر، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، بەشی دوو، ژمارە ٤، ساڵ ٢٠١٦.

٩٣-لوسیان گوڵدمان، بونیادی ڕۆشنگەری،و: ڕاسان موختار، گۆڤاری روانگە و ڕەخنە، ژمارە (چوار و پێنج)، سلێمانی، ٢٠٠١ .

٩٤-محمەد فازیل مستەفا، پێشبینی لەشیعری گۆراندا، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارە (٥٢)، زانکۆی سەلاحەدین، هەلێر ساڵی ٢٠١٢ .

٩٥-د. محەمەد دلێر ئەمین و هەڤاڵ ئەبوبکر، پیرەمێرد ئەدیب و ڕۆژنامەوان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٢٨ی نیسانی ٢٠١٠.

٩٦- د. محەمەد دلێر، د. فازیل مەجید مەحمود، حاجی قادری کۆیی لە بازنەی ڕۆشنگەریدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٤) ، ساڵی ٢٠١٤.

٩٧- هیوا محەمەد حەمە عەلی قۆناغی ڕۆشنگەریی لە فەرەنسا، گۆڤاری کانگە،ژمارە ٣، ساڵ ٢٠٠٤.

**ديوانەكان**


٩٨- ئازاد عەبدالواحيد، ديوانی شێخ نوری شێخ ساڵح كۆكردنەوە و ساغ كردنەوە، ب١، بەشی دووەم، چاپخانەی (الجاحظ)، بەغداد، ١٩٨٩.

٩٩-ئيسماعيل ئيبراهيم سەعيد، شيعرە بڵاوكراوەكانی ئەسيری تاساڵی ٢٠٠١، چاپخانەی پەيوەند، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٠٠- ديوانی بێكەس، ئومێد ئاشنا، چاپی يەكەم، سنە، ٢٠٠٨.

١٠١- ديوانی پيرەمێرد، محمد رسول(هاوار)، چاپی يەكەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٧.

١٠٢- ديوانی حاجی قادری كۆيی، سەردار حەميد ميران، كەريم مستەفا شارەزا، بڵاوكردنەوەی سنە، شارەكتێبی ميديا، ٢٧٠٧ك.

١٠٣- ديوانی حەمدی، جەمال محەمەد محەمەد ئەمين، چاپخانەی سەركەوتن، سلێمانی، ١٩٨٤.

١٠٤- ديوانی قانع، برهان قانع، چاپخانەی داڵاهۆ، سنە، ١٣٨٦.

١٠٥- ديوانی قانع، بورهان قانع، ژيان و شيعرەكانی قانع، چاپخانەی ئۆفسێتی ( الوسام)، بەغدا، ١٩٨٤.

١٠٦- ديوانی ئەسيری، مستەفا عەسكەری، كۆكردنەوە و لەسەر نوسين،چاپی يەكەم،بەرگی يەكەم، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٨٧.

١٠٧- ديوانی ئەسيری، ئامادەكردن و پێشەكی د. كوردستان موكريانی، چاپی يەكەم، بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٠٨- ديوانی بەختيار زێوەر، مەحود زێوەر،چاپخانەی (الزمان)، چاپی يەكەم، بەغداد، ١٩٨٩.

١٠٩- عبدالخالق علاء الدين، دڵدار شاعيری شۆڕشگێری كورد، طبع فی دار أفاق عربيه للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٥.

١١٠- مەم و زينی ئەحمەدی خانی، شرۆڤەكرن و ڤەكۆڵينا ئەمينێ ئوسمان، چاپا ئێكی، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٩٠.

**وانەی دکتۆرا:**

**١١١- موحازەرەکانی دکتۆرا، پ. د. فازیل مەجید مەحمود، لە بابەتی ئەدەبی نوێ، خوێندنی باڵا، دکتۆرا، ٢٠١٥-٢٠١٦.**

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

**١- ابراهيم الحيدري ،النقد بين الحداثة بين الحداثة وما بعد الحداثة، دار الساقي،الطبعة الاولى،٢٠١٢م**

**٢- امال الدين احسان، من الادب التركى الحديث، الهيئة العامة للتأليف والنشر، ٩٧٠.**

**٣- اتيلا اوزقرملى، التيارات الادبيه فى فى الادب التركى، ترجمه: اشرف جميل، مجله الادب الاجنبيه العدد، ١١٨، ١١٨، ص٢٩.**

**٤- بول هازار، الفكر الاوروبي في القرن الثامن عشر، من مونتيسكو الى ليسنج ، ترجمة: محمد غلاب ، مراجعة:ابراهيم مدكور، دار الحداثة ،بيروت - لبنان ،ط٢، ١٩٨٥.**

**٥- بيار-ايف بوروبير، أوروبا التنوير ، ترجمة :د.محمد علي قلد،ط١،دارالكتب /بنغازي-ليبيا، ٢٠٠٦.**

**٦- جون كوتنغهام، العقلانية: فلسفه متجددة،بترجمة: محمود منقذ الهاشمي، مركز الانماء الحضاري، حلب، ١٩٩٧.**

**٧- رونالد سترمبورط، تأريخ الفكر الآوربى الحديث، ترجمة احمد الثيبانى، دار القايئ العربى، القاهرة، مصر، ط٣، ١٩٩٤.**

**٨- الزواوي بغوره (د)، ما بعد الحداثة والتنوير ،موقف الانطولوجيا التأريخية- دراسة نقدية- دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ط١، ٢٠٠٩.**

**٩- سامر فاضل عبدالكاظم، مفاهيم حداثة الشعر العرقبى فى القرن العشرين، نشر دار الرضوان، عمان، ٢٠١٢.**

**١٠- صلاح جزر(د)، صور المثقف والتغير، قراءات فى المشهد الثقافى المعاصر، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، لبنان- بيروت الطبعة الاولى، ٢٠٠٣.**

**١١- طراد الكوبيسى، الغابة والفصول الحجرى، مطبعة دارالحرية، بغداد، ١٩٧٩.**

١٢-عبدالطيف بندر ئۆغلۆ، اشارات اولية فى الشعر التركى، منشورات دار الجاحز للنشر، بعداد، ١٩٨٣.
١٣-عبدالعزيز بن التويجري، مفهوم التنوير في التصور الاسلامي، منشورات المنظمة الاسلامية للتربية والعلوم والثقافة – ايسيسكو، الرباط – المملكة المغربية، ط٢، ٢٠١٥م.
١٤- عبداللطيف الشيخ توفيق الشيرازى الصباغ. مصطلع التنوير واتجاهاته فى العالم الاسلامي الحديث، ٢٠٠٥
١٥-عبداللطيف بندر ئۆغلۆ، قصائد مختارة من الشعر التركى المعاصر، بغداد، دارالشؤن الثقافى، ١٩٨٦.
١٦-عبدالمنعم الحفني(د)، موسوعة الفلسفة والفلاسفة،مكتبة مدبولي،ج١، القاهرة، مصر، ١٩٩٩م .
١٧-عبدالمنعم الخفاجى، الادب العربى الحديث، الطبعة الأولى، مكتبة كليات الازهرية، قاهرة، ١٩٩٨.
١٨-عزالدين اسماعيل، الشعر عربى المعاصر، دار العوده، بيروت، ٢٠٠٧.
١٩-عزالدين مصطفى رسول(د)، الواقعية في الادب الكردي، دار المكتبة العصرية، صيدا، بيروت، ١٩٦٦.
٢٠-علي عباس علوان، تطور الشعر العربي الحديث في العراق، منشورات وزارة الاعلام – الجمهورية العراقية، بغداد، ١٩٧٥.
٢١-قاسم امين، تحرير المراة، مطبعة روز اليوسف، الطبعة الثانية، القاهرة، ١٩٤١.
٢٢-د. مراد وهبه، مدخل الى التنوير،الناشر: دار العالم الثالث- مصر، دار النهج الجديد- الكويت، ١٩٩٤م.
٢٣-محمد ابراهيم الشوقى، الوان من الادب الحديث فى سودان، الهيئة المصرية العامة الكتاب، ١٩٦٢.
٢٤-محمد حسێن هيكل، مقدمه ديوان شوقيات، دارالعودة، بيروت، ٢٠٠٠.
٢٥-محمد شفيق شي، في الادب الفلسفى، مؤسسة نوفل، بيروت، ١٩٨٠.
٢٦- محمد مصطفى هداره، بحوث فى الادب العربي الحديث، دار النهضة العربى، بيروت، ١٩٩٤.

٢٧- محمد مندور، المصرح النثرى، معهد الدراسات العربية العالهمية، مصر، ١٩٥٩.
٢٨- معجم الفاظ القران الكريم، ج٦، ص١٧٢،معجم اللغة العربية، القاهرة، الهيئة العامة لشؤن المطابع الاميرية، ١٩٩٦م.
٢٩-المعجم الوسيط، مجمع اللغة العربية، القاهره—مصر، مكتبة الشروق الدولية ،ط٤، ٢٠٠٤م.
٣٠-نذير العظمة (د)، فضاءات الادب المقارن"دراسة في تبادل الثيمات والرموز والاساطيربين الاداب العربية والاجنبية"، منشورات وزارة الثقافة، سوريا، ٢٠٠٤،ص٦٥-٦٦.
٣١-هاشم صالح، مدخل الى التنوير الاوروبي، دار الطليعة للطباعة والنشر ،بيروت-لبنان، ط١، ٢٠٠٥م.

المجلات :

٣٢-عمر دقاق، المسرحية الشعرية فى سورية، المجلة (المعرفة)، العدد (٩٦)، شباط، ١٩٧٠.

سێیەم: سەرچاوەی فارسی

١- احمد كسروى، تاريخ مشروطهى ايران،انتشارات نگاه، تهران، ١٣٨٥.
٢- احمد مجد الاسلام كرمانى، سفرنامهى كلات: گوشه اى از تاريخ مشروطيت ايران، مقدمه و حاشيه محمود خليل پور، دانشگاه اصفهان، ١٣٥٦.
٣- انور ضياء قارال، تنظيمات اول غربلى لاشما حركتلرى، استنول، ١٩٤٠.
٤- باكنر تراويك ،تاريخ ادبيات جهان ،ترجمه، ترجمه : عربعلى رضايى،چاپ دوم ،نشر فرزان،تهران،١٣٧٦.

٥- جان. ام. وان، عصر روشنگری، ترجمه مهدی حقیقت خواه، تهران، ققنوس، چاپ سوم، ١٣٨٤.
٦- حجت الله اصیل، مفاهیم سیاسی و اجتماعی در شعر مشروطیت، انتشارات کویر، تهران، ١٣٩٠.
٧- حسن جوادی، تاریخ طنز در ادبیات ایران، انتشارات کاروان، تهران، ١٣٨٤.
٨- حلمی ضیاء اولکن، اویانیش دورنده ترجمنین رولو، استانبول، ١٩٣٥.
٩- حمید عینایەت، سیری در اندیشهء سیاسی عرب، چاپ پنجم، امیرکبیر، تهران، ١٣٧٦.
١٠- حسینعلی نوزری، صور تبندی مدرنیته و پست مدرنیته، بسترهای تکوین تاریخی و زمینەهای تکامل اجتماعی تهران ، انتشارات نقش جهان،تهران سال ١٣٧٩.
١١- راس.ئی دان و دیگران، تمدن و فرهنگ جهان، پیوندهای فرانسوی زمان و مکان، ترجمه عید حسین اذرنک، بەرگی سێیەم، ١٣٨٢ هەتاوی.
١٢-رضا براهنی، قصه نویسی، انتشارات اشرفی، تهران، ١٣٦٩.
١٣-ژانت اڤاری، انقلاب مشروطەی ایران، ترجمەی رضارضايي، نشر بیستون، ١٣٨٥.
١٤-شهریار زرشناس، مبانی نظري غرب مدرن، انتشارات کتاب صبح، تهران، ١٣٨١.
١٥-متین پیمان، انقلاب مشروطیت، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٨٢.
١٦-محسن ثلاثي، جهان ایران و ایران جهانی، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٦.
١٧-محمد کاظم حاج ابراهیمی(د)، تاریخ الادب العربي الحدیث، انتشارات، دانشطاه اصفهان، چاپ دووەم، چاپخانەی دانشگاه اصفهان، ١٣٨٥.
١٨- یحیي أرین پور، از صبا تا نیما تاریخ ١٥٠ سالەی ادب فارسی، انتشارات زوار، تهران.١٣٨٢.
١٩-یحي مهدي، شکاکان یونان، انتشارات خوارزمي، تهران، ١٣٧٦.

## پێنجەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان


1- Arthur. P. Watts, Op.Cit, P.45: E.E. Kellett, Op. Cit, P.305.Preface Martin Luther, Previous Web Page.

2- Georges Gosdorf, Le Romantis ME, tom1, P592, Payot.

3- MACHALASKI, F., La Literature de l Iran contemporin, vol. I, Krakow, Drukania, Uniwersytu, 1965.

4- Poul. Henri Thmas D. H otbech. Systeme de le Nature ou des lois du monde Physqueet du monde monral( PARIS. 1969).


## شەشەم: سەرچاوەی ئەلکترۆنی


١- ئەیوب زادە، چەمکی سەروەری و مەسەلەی دەخالەتی مرۆڤدۆستانە httpLLauoub-ayoubzadeh.blogspot,com, 2013.

٢- د.بەیان کەریمی، پێشەنگەکانی ڕۆشنگەری شیعری کلاسیکی کوردی http:// www. Amazha.com\ enlightenment- in- classical- Kurdish- poems

٣- د. نازلی اسماعیل ، حرکة التنویر. http://ar.wikipedia.org/wiki

٤- .Httpll www.ahewar. Org l debatl nr. Asp

٥- .www.arbysoft.com

٦- www.ahewar.org/dedbat/show.art.asp?aid=15777.

٧- www. Alhawali.comindex. cfm? Methodhom

٨- www.amazhe.com/enlightenment-in-kurdsh-poems/

٩- المدرسه الواقعیه www. Google serch. Com

# ملخص الأطروحة


هــذه الأطروحة المــوسوم بـ ( حركة التنويــر في الأدب الكُردي ـ الشــاعران أســيري وأحمد مختار جاف أنموذجاً ـ ).

إنَّ التنوير حركة شاملة وعامة، الهدف منه بيــــان دور الشعر كفن رئيـــــسي من فنون الأدب، الذي من خلاله استطاع الشعراء الاعتماد عليه بغية توعية المجتمع في مختلف مجالات الحياة، وعلى وجه الخصوص من حيث التفكير الثقافي الواعي للأفراد في المجتمع الكُردي نحو الموضوعات الثقافية والدينية، والحرية وأهمية الدراسة والعلم وغيرها ... .

وفي هذا الإطار فقد اخترنا كلّاً من الشاعرين ( أسيري وأحمــد مختار جاف ) كأنموذج لهـــــذه الدراسة، إذ كان لهذين الشاعرين دور بارز في توعية الفرد الكُردي، مع إيجاد الحلول الناجعة والمنطقية للمشكـــــلات التي يعاني منها المجتمع الكُردي.

وقد اعتمدنا في هذا البحث على المنهج التأريخي، الوصفي، التحليلي.

وتتألف الأطروحة من مقـــدمة وثلاثة فصول رئيـــسة وخاتمة تعقبها قائمة للمصادر والمراجع. على النحو الآتي:

الفصل الأول: وكان بعنوان ( الحركة التــنويرية )، وقد تمّ تقسيمه إلى ثلاثة مباحث: ففي المبحث الأول سلّطنا الضوء على مصطلح ومفهوم وتعريف الحركة التنويرية، وفي المــبحث الثاني أوضحنا تأريخ ظهور الحركة التنويرية الأوربية، وفي المبحث الثالث تمّ الحديث عن ظهور الحركة التنويرية في الأدب العربي والفارسي والتركي.

الفصل الثــاني: جــاء بعنوان ( الحركة التــنويرية في الأدب الكُردي ) وقد قسّمــناه ـ على شاكلة الفصل السابق ـ إلى ثلاثة مباحث. إذ تحدّثنا في المبحــث الأول عــن تأثــير الــحركة التنويرية للشعــوب المجاورة ( العرب والفرس والترك ) في الشعراء والأدب الكُردي. وفي المــبحث الثاني بيّننا مميزات وخصائص الحــركة التنويرية في الشعر الكُردي. أمّا المبحث الثالث فقد خصّصناه لعرض المحاولات التنويرية في القرن السابع عشر والثامن عشر والتاسع عشر والعشرين.

الفصل الثالث: حمل عنوان (دور الشعر في الحركة التنويرية الكردية ـ الشاعران: أسيري وأحمد مختار جاف أنموذجاً ـ)، وقد قسمّناه إلى أربعة مباحث كالآتي: المبحث الأول كان للحديث عن حياة الشاعر (أسيري) ونتاجه الشعري، والمبحث الثاني أوضحنا فيه دور أشعار (أسيري) في الحركة التنويرية الكُردية. والمبحث الثالث سلّطنا فيه الضوء على حياة (أحمد مختار جاف) ونتاجه الشعري، وأمّا المبحث الرابع والأخير فقد تحدّثنا فيه عن دور وتأثير أشعار (أحمد مختار جاف) في الحركة التنويرية الكُردية.

وفي الخاتمة عرضنا أهمّ النتائج التي تمّ التوصل إليها من خلال هذه الأطروحة.

# Abstract

This thesis is under the title (The Movement of Enlightenment in the Kurdish Literature: Modeled by Poets Asiri and Ahmed Mukhtar Jaf ).

Enlightenment is a comprehensive and organic movement; its goal is to clarify the role of poetry in literature, and through it, poets could have taken the Kurdish literature forward in the different disciplines of life. Especially, regarding the importance of studying science and other majors of life.

So, for that reason the researcher has chosen two significant figures in the Kurdish poetry: (Asiri and Ahmad Mukhtar Jaf) to shed lights on the movement .In this research we may rely on the historical, descriptive, and analytical approaches. The thesis consists of an introduction, three main chapters and a conclusion followed by a list of sources and references. as follows:

Chapter I: It is entitled (Enlightenment movement), and its divided into three main sub chapters, starting with some definitions about the term enlightenment, followed by a brief history on the movement in Europe, ending with the appearance of the movement in the Turkish and Persian literature.

Chapter II: The title (The Movement in Kurdish Literature). Like the previous chapter, this one is divided into three sub chapters. The first one explains the movement impact on surrounding countries. The second sub chapter, shed lights on the characteristics of the Enlightenment movement in Kurdish poetry. The third topic was devoted to the presentation of enlightenment attempts in the seventeenth, eighteenth, nineteenth, and twentieth century.

Chapter III: The title of the role of poetry in the movement of the Kurdish Enlightenment poets: Asiri and Ahmad Mukhtar Jaf

Anqa), and we divided it into four sections as follows: Asir's biography, and his poetry. The second section is devoted to explain his role in the Kurdish Enlightenment movement. Whereas the third section has a focus on (Ahmad Mukhtar Jaf') biography and poetry along with his poetic production, while the fourth and final subject subtracts his role in and the influence of his poetry on the Kurdish Enlightenment movement.

In conclusion we offered the most important outcomes we have reached to.